# هەنار


گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، ڕووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٨٨
ساڵی هەشتەم
جۆزەردان ٢٧١٣ی کوردی
مایو ٢٠١٣ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی



سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەمال

مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:

مونا عەبدوڵڵا

ئاشنا جەمال

مۆنتیف:

ئاریان ئەبوبەکر

تیراژ

٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ئاماژەکانی چەمکی شوێن لە یادەوەریی شیعری... | عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) | ٧ |
| رووبەڕوو لەگەڵ شیعر... | ناڵە حەسەن | ٢٢ |
| رۆمانی (سەرەتایەکی روون) خوێندنەوە و رانان... | ئەحمەد قادر سەعید | ٤١ |
| چەمکی ئیستاتیکا لای فەیلەسوفە یۆنانییەکان... | رەوەند حەمە جەزا | ٥١ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| راوکردنی چاو بە وشە... | لەتیف هەڵمەت | ٦١ |
| پێکەوەڕا... ١٩٧٧... | ئاری عەبدوللەتیف- زانا سامان | ٦٩ |
| خەفەتی تاکسی و شەفاعەتی ئاسمان... | هاوڕێ یوسفی | ٧٢ |
| بەس بڕۆ... | کەژاڵ عەلی | ٧٤ |
| سەیرمکە... | حەیات مەجید پەرخی | ٧٧ |
| ورتەورتی مردن... | رزگار جەباری | ٧٩ |
| سێ پۆستەهەستی خەیاڵ... | هێمن بەرزنجی | ٨٢ |
| کچی ئیبلیس... | سیروان کەریم | ٨٤ |
| دەروازە... | بەرهەم ئەنوەر | ٩٠ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| خوێنەری باش و نووسەری باش... | سەروەر عومەر | ١٠٥ |
| ئاوێنە... | ئەرسەلان حەسەن | ١١٣ |
| مۆتەکەی مەرگ... | یوسف عەلی پور | ١١٩ |
| دوو پارچە هۆنراوەی شاعیرێکی یاخی... | سۆران محەمەد | ١٢٧ |
| "باسکردن لە مێشەکان قەدەغەیە"... | جەواد حەیدەری | ١٢٩ |
| بەلقیس... | موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی | ١٣٩ |


---

## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند باسم ڕەسام... | سازدانی: ستار قادر | ١٥٥ |
| دیدار لەگەڵ عەلی پێنجوێنی... | سازدانی: وشیار حەمە | ١٥٩ |
| دیدار لەگەڵ سەفین ئیسماعیل... | سازدانی: هەنار ئەلسراج | ١٧٤ |
| ئەمێ ڕۆژانی خۆش ببینین کۆکردنەوەی وێنە... | سیروان ڕەحیم | ١٧٧ |
| ئۆپێرا... | ئا: فەرمان عەلی نوری | ١٨١ |
| ماخۆلیای وێنەگری... | و. وەلید عومەر | ١٨٩ |
| چاوخشاندنێک بە فیلمی دۆکیۆمێنتی "سەنتراڵ... | و. ئازاد بەهین | ١٩٦ |

# لێکۆڵینەوە

- ئامێرەکانی چەمکی شوێن لە یادەوەریی شیعری... — عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
- رووبەڕوو لەگەڵ شیعر — ناڵە حەسەن
- رۆمانی (سەرەتایەکی روون) خوێندنەوە و رانان و سەرنج — ئەحمەد قادر سەعید
- چەمکی ئیستاتیکا لای فەیلەسوفە یۆنانییەکان — رەوەند حەمە جەزا



# ئاماژەکانی چەمکی شوێن
# لە یادەوەریی شیعری
# سەلام محەمەدی شاعیردا

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)



شوێن لە دەقی ئەدەبیدا، ئەو پانتاییەیە لە رووبەر کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئینسانی لەسەر دامەزراوە و تەواوی هەڵسوکەوت و چالاکی ئینسانەکانی تیا دەگوزەرێت. رەگەزێکە لە رەگەزە هەرە دیار و بەرجەستەکانی ژیان. ئەگەر گۆی زەوی وەک شوێنێکی سەرتاپاگیر و ناسراو و دیار ببینین، ئەوا هەر لەناو هەناوی ئەو شوێنە ناسراو و دیار و گشتگیرییە چەشنەها شوێنی تر هەن بە چەندین جۆری جیاجیا وەکو شوێنی راستەقینە، کە ئەو شوێنە واقیعییەیە بە چاو دەیبینین و دەتوانین وەسفی وردی دوورییەکانی بکەین. شوێنی خەیاڵ کە لە ئەندێشەی نووسەر و ئەدیب و شاعیرەوە دروست دەبێت. یان شوێنی کراوە شوێنێکە تایبەت نییە بە کەسێک، بەڵکو هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاری بهێنێت وەک نەخۆشخانە و باخچەی گشتی و کتێبخانەی گشتی. شوێنی داخراویش بەو شوێنە دەوترێت کە تایبەتە بە کەسێک، یان چەند کەسێک وەک ماڵ. هەروەها شوێنی ئاشنا شوێنێکە کە لەگەڵ ناوهێنانی هەست دەکەین زانیاریمان لەبارەیەوە هەیە و بەپێچەوانەشەوە شوێنی نائاشنا

شوێنێکە زانیاریمان لەبارەیەوە کەمە، یان هەر نییە. هەرچی ئەندامە شوێن، یان جەستەشوێنە بەو شوێنانە دەوترێت کە لە جەستەی مرۆڤدا جێیان بووەتەوە وەک باوەش و ناو دڵ[١]. ئەگەر ئەم جیاکارییەی شوێن بۆ ژانرەکانی رۆمان و چیرۆک بەوردیی پێکەوە بەکاربهێنرێن، ئەوا لە شیعردا رەنگە بەو شێوەیە بەکار نەیەن، یان جیاجیا و کەمتر بەکار بهێنرێن. چونکە "شوێن کاریگەریی لەسەر تێکست و نووسەر هەیە"[٢]. من دەکارم لەم چەمکی شوێنە گشتییە، واقیعییە، ناسراوە، ئاشنایە، لە شیعری سەلام محەمەدی شاعیر ورد ببمەوە و دوو قسەی لەسەر بکەم. من لەم هەوڵە بچکۆلانەیەم تێدەکۆشم تەنها جۆرێک لە شوێن بخوێنمەوە و دەکرێت کەسێکی تر سەرجەم جۆرەکانی تری شوێن لە شیعری کاک سەلام بخوێنێتەوە، ئەمە جگە لەلایەنە شیعرییەکانی دی.

**ئەو شیعرانەی کە منیش ساڵەهایە کەنایانووسمەوە و**
**هەموو ژوور و سەردابەکانی نوگرەسەلمانی دڵمیان پڕکردۆتەوە و**
**تەنیا هەر بۆنی کەرکووکیان لێدێت**
**بۆنی نەوتەکەی کەیوان و خانووە کۆنەکانی حەسیرەکە و**
**مزگەوتەکەی رەحیماوە و**
**ئاوارەکانی فەیلەق و**
**بۆنی میمی ئامین و میمی فەخریان لێدێت**
**بۆنی چایخانەکەی شۆڕیجە و بازاڕی میوەکەی ئازادیان لێدێت[٣].**

رەگەزی شوێن لە پانتایی یادەوەریی شاعیر بە تۆخی رەنگیداوەتەوە. شاعیر لێرە شوێنی گشتگیر و ناسراو و گەورەی کەرکووکی لە ئەندامە شوێن (دڵ) جێ دەکاتەوە. ئەو بەهیچ شێوەیەک لەسەر ئەگەرەکانی جێگۆڕکێی شوێن ناوەستێت، ئەو، ئەگەرچی بەهۆی پیشەی باوکییەوە کە مامۆستا بووە، زوو زوو باریان کردووە و بنە و بارگەیان پێچاوەتەوە و لەم دێیەوە بۆ ئەو دێ و لەم ناوچەیەوە بۆ ئەو ناوچە گواستوویانەتەوە، بەڵام ئەم پارچە لەتوپەتانەی دونیای منداڵی شاعیر کە دواتر خۆی لەپێکهاتەیەکی گەورەتردا دەنوێنێت و شوێنێک دەکاتە سێنترالّی لێوە هەستانی شیعر و ژیان. لێرەوە شاعیر بێ دوودڵی مەنزڵی شوێن لە یادەوەریی خۆیدا دەستنیشان دەکات، یان وردتر بڵێین شوێن خۆی لە یادەوەریی ئەم شاعیرە دەچەسپێنێت. سەلام محەمەد "کەرکووک" دەکاتە چەقی قورسایی سەفەرەکانی خەیاڵی و سەرجەم هاوکێشە نۆستالیژییەکانی خۆی، ئەمەش لە شیعرەکانیدا بەئاشکرا دیارە. شاعیر گەرچی دەستی بە هەردوو شوێنی گەورە

(کوردستان) و شوێنی بچووک (کەرکووک) گرتووە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای رامانی شاعیرە شوێنی بچووکە. ئەو گەرچی ئایدێندتی خۆی لە شوێنی گەورەوە وەردەگرێت، بەڵام مۆری ئەو ناسنامەیە شوێنی بچووکە. "شوێن وەک چۆن خاڵی دەستپێکی کاری ئەدەبییە، بەهەمان شێوەش شوێن سێنتراڵی تێگەیشتنە لە کاری نووسەر"[٤]. بۆیە رەهەندێک لە رەهەندەکانی تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی سەلام محەمەد بریتییە لە بینین و خوێندنەوەی شوێن.

شوێن لای کاک سەلامی شاعیر هەر تەنها یەک شوێن نییە. ئەو ئەگەر چی شار (کەرکوک) چەقی شوێنی ئەوە، بەڵام دەورووبەری ئەو چەقە و نێو پانتایی شوێنی گەورە بەشێکن لە ناسنامەی شوێنی ئەو. ئەو لە دێی کارێزەی خاڵخاڵانکە شوێنی لەدایکبوونی شاعیرە، کەرکوک، تەوەکەڵ، هەشەزینی، کەرکووک، حەویجە، دوبز، کەرکووک، تاران، سوریا، ئەڵمانیا، تا دەگاتە شاری ڤێستەرۆس لە سوید شوێنی ئەون. ئەو شوێنانە هەر یەک هەڵگری ئاماژەی جیاجیان و پەیوەندییان بە شاعیرەوە هەیە و ئەویش رایەڵەی پەیوەندییەکانی ژیانی خۆی بەو شوێنانەوە لەرێگەی شیعرەکانییەوە دەخاتە روو.

**شوناسی شوێن**

**شوێن وەک جێگای لەدایکبوونی خەون- وەک جێگای تاقیکردنەوەی ئومێد**

**شوێنی بچووک- شوێنی گەورە**

چەمکی شوێن هەر تەنیا پنتکێکی جوگرافی نییە تا قژی یادەوەریی تیا بهۆنرێتەوە، بەڵکو جێگای لەدایکبوونی خەونەکانیشە. ئەو خەونانەی شاعیر بە شوێنیانەوە عەوداڵە و بێهەدادان بە سۆراخی بەدیهاتنیانە. "شوێن تەنها خۆڵ و بەرد و شاخ و رووبارێکی رووتی چەسپاو نین لەلای مرۆڤدا، بەڵکو بەشێکە لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوە و پۆترێتەکانی مرۆڤ"[٥]. تەمەنی خەون بەندە بە تەمەنی مرۆڤ و تەمەنی مرۆڤیش بەندە بە شوێنەوە. ئەوەی من لە شیعرەکانی شاعیر سەرنجمداوە، ئەوەیە تەواوی هیوا و ئاواتەکانی شاعیر لە چەقی قورسایی شوێن قەتیس دەمێنن و تەنانەت شوێن لە دیدی شاعیرەوە ئەو جوانی و قەشەنگییەی جارانی سیحراویتر خۆی دەنوێنێت. شوێن لە شیعرەکانی سەلام محەمەد "لەوە دەردەچێت کە تەنها چوارچێوەیەک بێت بۆ فەزای شیعر، بەڵکو بەشێکی گرنگی دەقەکەیە و وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی راگرتنی ئاسمانی دەق لێکدانەوەی بۆ دەکرێت"[٦]. ئەگەرچی شوێن لە دەقی ئەدەبیدا زیاتر زادەی

خەیاڵی نووسەرە، بەڵام شوێنەکانی کاک سەلام محەمەد شوێنگەلی واقیعین و لە دنیای واقیعدا بوونیان هەیە و ئینتمای بەکۆمەڵیش هەیە بۆ ئەو شوێنە. لیۆنارد لیتواک پێی وایە شوێن بە دوو جۆر دەچێتە ناو ئەدەبەوە، یان وەک بیرۆکە، یانیش وەک شێوە، چونکە "شوێن بەشێکە لە جەستەی دەقی ئەدەبییەکان"(٧). هەوڵیش دەدەم زیاتر گرنگی بەم جۆرەیان بدەم.

شوێنی بچووک (کەرکووک) بەشێکی جیانەکراوەیە لە شوێنی گەورە (کوردستان)، بەڵام شوێنی بچووک زیاتر بەرجەستە کراوەتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو شوێنە بچووکەی شاعیر لە هەموو بەشەکانی تری جەستەی شوێنی گەورە زیاتر کەوتووەتە بەر بەرداشی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی وڵاتانی عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران. لێرە شوێنی گەورە خۆی گەرچی لە ویژدان و باوەڕی هەموو کوردێکی بەشەرەف بوونی هەیە، بەڵام لەت لەتکراوە و دابەشبووەتە سەر چەند شوێنێکی بچووکتر.

**یەکەمجار کە هاتمە سوید هەر لە فڕۆکەخانەوە**
**پۆلیسێک چەند پرسیارێکی ئاراستەم کرد**
**ناوت چییە و لەکام وڵاتەوە هاتووی؟**
**وتم ناوم سەلام محەمەد ئەمینە**
**وڵاتەکەمیش کوردستان**
**وتی ئاخر کامە بەشیان؟**
**تورکیا؟ عێراق؟ سوریا؟ ئێران؟**
**وتم هیچیان**
**لای خۆت بنووسە کەسێکی بێ وڵاتی ناوچەی گەرمیان(٨).**

ئەم دابەشکردنەی شوێن لەسەر حیسابی نەتەوە و خاکێک لای بەشە هۆشیارەکەی میللەت و تاکە بەئاگاکان دەبێتە هۆی چوونە سەر کێرڤی رق و تووڕەیی، تووڕەیی لە قەدەر و چارەنووسی میللەتێک. شوناسی شوێنی گەورە گەرچی لە دەقێکی هونەری شیعریی جوان وەلا دەنرێت، بەڵام هەر ئەو تووڕەبوونە ساڵانێک زووتر هەر لە کلاوڕێژنەی هونەرەوە و لەڕێگەی دەقێکی شیعرییەوە شاعیر ویستوویەتی شوناسی شوێنی گەورە بکاتە ناسنامەی پەڕینەوە لە سنوورەکانی خەون و هێنانەدی واقیعییانەی خاکێکی یەکپارچە بۆ کورد.

**من کوردێکم لە پێغەمبەرێک ئەگەڕێم**
**تەختی خوایەکم نیشاندات راپۆرتەکانم وەرگرێ**
**من کوردێکم نامەوێ شا**
**بەخشتی دیوار بمکرێ(٩).**

هێناننەدی ئەم خەونە لەلایەکەوە وەک شاعیر دەڵێت لەرێگەی تفەنگەوە دەکرێت، واتە شۆڕش و لەهەمان کاتدا دڵسۆزیی و وەفاداریی دەبێت لەئارادا بێت و خۆیان بە خشتی "شا" نەفرۆشن. ئەگەر شوێنی گەورە، شوێنی هێنانەدی خەونەکان و تاقیکردنەوەکانی ئومێدی شاعیرە، بەڵام شوێنی بچووک زیاتر کەڵەکەبوونی خەونەکانە و کارگەیەکە خەونی تێدا لەدایک دەبێت و شاعیر دەبێت خەمی ورد و درشتی ئەو شوێنە بخوات.

**مەڕۆ**
**مەڕۆ**
**ئەگەر بڕۆی کێ لەشەوانی تاریکا**
**چراکانی**
**کۆڕنیشە جوانەکەی کەرکووک داگیرسێنێ(١٠).**

ئاخر ئەو خەمەی لە دڵی شاعیر رووەوە، سەرچاوەکەی ناگەڕێتەوە بۆ رێکەوت، یان فێربوونی ناو کتێب. سەرچاوەی ئەم خەمی رۆیشتنی شیرینە لەگەڵ زمان پژانی شاعیر سەرهەڵدەدات و لەگەڵیدا گەورە دەبێت. شوێن لێرە ئاماژەیەکی دیمان نیشان دەدات، ئەویش دیاریکردنی چوارچێوەی ژیان و بیرکردنەوەی شاعیرە. شاعیر کە زمان دەگری زمانی شوێن دەگری. ئەو لە شوێنەوە (شوێنی کۆن) فێری دڵداری دەبێت و کلتووری ژیان قەبوڵ دەکات و چیرۆکەکانی بەر ئاگردان و مەتەڵەکانی ناو ئەفسانەکان لە یادەوەریی خۆیدا دەنووسێتەوە.

**بەپرسیار و چییە و چۆنە زمانم گرت**
**لەناو خوێنا**
**چاوی ئاواتم هەڵهێنا**
**کۆڵانەکانی "کارێزە" و "پیرەڕەز" و**
**گۆمەشینەکەی "قەرەوناز"**
**فێری دڵدارییان کردم**

**"مام فەتاح"یش فێریکردم**
**بیر لەمەتەڵی جنۆکە و دیو و درنج بکەمەوە[١١].**

شاعیر لە کەلێن و قوژبنەکانی شوێنەوە خەیاڵ دەکات بە هێلانەی وشە و هۆنینەوەی هەست و ئینتمای بۆ شوێنکات نییە وەک دووانەی لێکگرێدراوی هەر رووداوێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەو تەنها وابەستەی شوێنە و کات هەر گوزارشتە لە ساتی دەربڕین. ئیتر لەم سۆنگەیەوە کات ئەو بایەخەی کە هەیەتی، لەدەستی دەدات، یان دەتوانین بەجۆرێکی تر بڵێین شاعیر لەپێناو پیرۆزکردنی شوێن لە بەهای کات کەم دەکاتەوە. ئەم پرۆسەیە ئاگایانە بێت، یان بێئاگایانە خزمەتی دەقە شیعرییەکان دەکات و خۆیشی بەشێکە لەو تەکنیکەی کە شوێن لەسەر حیسابی کات بەرجەستەتر دەبێتەوە.

**باڵەخانەکانی هەولێر**
**شوقەکانی سلێمانی**
**راستە بەرزن وەک بورج وان**
**بەڵام لەوانیش بەرزتر**
**عیمارەی غەمی کەرکووکە**
**وا چۆتە حەلحەلەی ئاسمان[١٢].**

رەهەندەکانی شوێن لە گۆشەنیگای شاعیرەوە لە دوو ئاستدا تەوزیف کراوە. ئاستێکیان بریتییە لە بینینی شوێن وەک ئاماژەی بوون. ئاستی دووەمیان بینینی شوێنە وەک ئاماژەی عەشق. ئەم هاوکێشەیە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی شاعیر خۆی یەکسان دەکات بە شوێن. ئەم یەکسانبوونە بە شوێن سەرێکی لەناو ئەفسانەکانی دروستبوونی مرۆڤە لە خۆڵ و خاک و هەوا و ئاگر و سەرێکی تریشی وا لەناو دنیای جەنجاڵی سیاسەت و خەبات و هەڵوێست نواندنە.

**من نە پارتیم نە یەکیەتیم**
**نە گۆڕان و نە بزووتنەوەی ئیسلامیم**
**نە مارکسیم و نە بەعسیم**
**من کەرکووکیم**
**هەموو شتێکم هیچیش نیم[١٣].**

لەلایەکی ترەوە، شاعیر لە گۆشەنیگایەکی دوورەوە دەڕوانێتە شوێن وەک

ئاماژەی عەشق و ئیتر لەو خاڵەوە ڕەهەندە جوگرافی و کلتوورییەکانی لەدەست دەدات و لە شارێک کە هەڵگری کۆمەڵێ دەلالەتی بوونییە، دەگۆڕێت بە شارێک، یان شوێنێک لە دەرەوەی تواناکانی، هەر پەرچەکردارێک سەبارەت بە خراپی بارودۆخی شوێن. بۆیە لە سۆزی بڵێسەی عەشقەوە پەنا دەباتە بەر پانتاییە بێسنوورەکانی خەیاڵ و لە دەرەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی بەسەر شوێندا داوا لە هێزێکی سەرووی سروشتەوە (خوا) دەکات فریای شوێن (کەرکووک) بکەوێت.

**لەو ئۆقیانووسە بێکۆتاییە پڕ لە هیدایەتەی**
**ئایا ناکرێت**
**بە کون فەیەکونێک**
**دڵۆپەیەک لە ئارام و**
**دڵۆپەیەکیش لە ئاسوودەیی**
**بخاتە دڵە ئاگرەکەی کەرکووکەوە[١٤].**

لەم ئاماژەیەدا شاعیر سەرباری بە دەربەستی بۆ شوێن، کەچی ئەو خەمییەتی، چونکە کەرکووک، یان شوێن لە دەرەوەی توانا و ویست و دەسەڵاتەکانی وشەوە پێناسەی خۆی دەکات، بەڵام هەرچی ئاستی یەکەمە کە ئاماژەی بوونە تۆختر و نزیکتر بە دەقەکانەوە دەبینرێت. ئاماژەی بینینی شوێن وەک بوون بوعدێکی تا ئەندازەیەک سیاسییانەی هەیە. لێرەوە دەتوانین دەرهاویشتەکانی ئەم هاوکێشەیە ببینین لە چەشنی خۆشەویستی خاک و نیشتمان و قوربانیدان لەپێناو خاک و مەسەلەی پێشمەرگایەتی و دواجاریش تاراوگە و هاتنە قسەی نۆستالیژیا. نۆستالیژیای شوێن ڕەنگە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات جیاواز بن. ڕەنگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت. هەرچی نۆستالیژیای شوێنە لای شاعیر گشتییە و بەشێکە لە نۆستالیژیای زۆر کەسی تر کە لەهەمان ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هاتوون، یان سەر بەهەمان شوێن و پێگەی جوگرافی و کلتوورین. ڕەنگە قەدەری هاوشوێنی هۆیەک بێت بۆ لێکچوون و هاوبەشبوونی یادەوەریی مرۆڤەکان لە شوێنێکی دیاریکراو.

**چوومەتەوە ئەو ڕۆژگارە**
**کە ماڵمان لە ڕەحیماوە بوو**
**هەموومان لەژێر کلاوڕۆژنەکانی**
**دارمێوی حەوشەکەدا**

**دادەنیشتین و**
**بۆن و بەرامەی چایەکەی دایکم،**
**کولێرە گەرمەکەی جەوهەری نانەوا،**
**ماستە قەیماخدارەکەی مەلا مەحمود و**
**رادیۆ گەورەکەی باوکم**
**پێشوازی رۆژێکی تازەیان لێ دەکردین[١٥].**

بەڵام شوێن بە یەک ئەندازە و بە یەک ئاست لە رەهەند، لە یادەوریی شاعیر جێی نابێتەوە و بەدیار ناکەوێت، بەڵکو لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدایە. ئەگەر شیعرەکانی سەرەتای حەفتاکان تا کۆتایی هەشتاکان کەمتر رۆڵی بەرجەستەکردنەوەی شوێن بن لە یادەوەریی، ئەوا شیعرە نوێیەکانی شاعیر کێرڤی شوێن روو لەسەرە. شاعیر ئەگەرچی خۆی پێیوایە شیعرە تازەکانی لەڕووی زمان و تەکنیکەوە لاوازترن لە شیعرەکانی حەفتاکان و هەشتاکان، بەڵام لە بواری تەوزیفی چەمکی شوێن لەسەر حیسابی کات تۆڵەی ئەو لاوازییەی تەکنیکی کردووەتەوە.

### شوێنی دڵخواز و شوێنی بێزەوەر

گۆشەیەکی تر لە پەیوەند بە شوێن لە شیعری سەلام محەمەد، بینینی شوێنە وەک ئاماژەی ویستن و دڵخواز و ئاماژەی رق و بێزەوەری. ئەگەر لە ئاستێکی باڵاتردا بڕوانینە ئەم لایەنە، دەتوانین ئەم شوێنانە بەئاسانی لە ژیانی رۆژانەماندا ببینین. باخچە شوێنێکی دڵخوازە و زبڵخانانە شوێنێکی بێزەوەرە. قاوەخانە وەک شوێنێکی ئاشنا و گشتی شوێنێکی دڵخوازە و زیندان شوێنێکی بێزەوەرە. هۆڵی سینەما شوێنێکی دڵخوازە و قەسابخانە شوێنێکی بێزەوەرە. سروشتی مرۆڤ بەجۆرێکە زوو لەگەڵ بارودۆخی نوێ هەڵدەکات و زۆرجاریش پرتەوبۆڵە و نارەزایی سەبارەت بە شوێن دەردەبڕێت. عێراق گەرچی لەوەتەی دروستکراوە، هەرگیز شوێنێکی دڵخواز نەبووە بۆ ژیان بەتایبەتی بۆ کورد، بەڵام کوردستان بە هەموو دواکەوتوویی و نقوومبوون لە پەیوەندییە کۆن و دۆخی ژێردەستەیی، کەچی بۆ کورد و شاعیری کورد مایەی دڵخوازییە. شوێنی دڵخواز لەگەڵ خۆیدا ئاماژەی عەشق و ئەڤینی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. من لە گۆشەجیاجیاکانی ئەم نووسینە بەگشتی ئاماژەم بە لایەنە داوە وەک ئاماژەی عەشق، بەڵام لێرە و لەم بەشە هەوڵ دەدەم رۆشنایی بخەمە سەر لایەنی پێچەوانە و شوێنی بێزەوەر

وەک ڕەتکردنەوەی تەواوی دراوەکانی شوێن. شوێن وەک ئاماژەی بێزەوەر بریتییە لە بینینی عەشقی شوێن لە ئاستێکی تر و بەجۆرێکی تر کە مرۆڤ هەوڵ دەدات ژیانی نۆرماڵی لە دەرەوەی ئەو شوێنانە بباتە سەر. یانی شوێنێک کە شایانی ژیانی مرۆڤ نەبێت. عەشقی شوێنی بچووک و گەورە لە هاوکێشەیەکی پێچەوانە خۆی دەردەخات، کاتێک ئاماژەی ڕق و بێزاری (کراهیە) لە شوێن لە هەست و دڵی مرۆڤ دەگاتە چڵەپۆپە. ئەم شوێنەی کە شاعیر ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی، لە ئەنجامی بارودۆخی سیاسی، یان ئابووری ئەم ئەڤینەی شوێن کاڵ دەبێتەوە و مرۆڤ دەگەیەنێتە پلەیەک لە پەرچەکردار لە بەرامبەر ئەو دۆخە نالەبار و بێزارهێنەرە. کاڵبوونەوەی ئەڤینی شوێن و گۆڕانی بە ڕق و نەفرەت، یان بە وشەیەکی تر ئاماژەی ڕق دەرهاویشتەیەکی سیاسی گەورە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە دەرەوە، ئەویش بەنەفرەتکردنی شوێنە و کۆچکردنە لەو شوێنە بەرەو شوێنێکی نادیار.

**ئەمڕۆ دڵەکەم بیابانێکە**
**تەنیا بە ئاوی کانیاوی کوێستان ئەبووژێتەوە**
**سبەینێ لەسەر**
**شۆستە و شەقامی شارێکی دوورا**
**وەکو پاشایەک بێ یار و هاوڕێ**
**بێ خاک و وڵات**
**سەر ئەنێمە سەر پەرداخی ئاڵو**
**شیعری تەنیایی و لەدایکبوونی بۆ ئەخوێنمەوە**
**نیوەشەویش هات ئەخزێمە نوێنی گەرم و تامەزرۆی**
**سۆزانیەکی دەربەدەرەوە[١٦].**

ئەمە چییە وا لە شاعیرێک دەکات لە جەرگەی خەبات و پێشمەرگایەتی و لەسەر لووتکەی زینۆی سوور لە ناوزەنگەوە نەفرەت لە شوێنی گەورە وکۆن (کوردستان) بکات و خەون بە باوەشی سۆزانییەکی شارێکی دوورەوە ببینێت؟ ئەی چی وای لە هەزاران هەزار کەس کرد بەلێشاو کۆچ بکەن و شوێن جێبێڵن و بڕۆن بەرەو داهاتوویەکی نادیار. ئەی چەند کەس لەو ڕێیەدا بوونە قوربانیی و کەوتنە کەمینی جەندرمە، یان بوونە خۆراکی دەریاکان؟ دەبێت چی وا لە مرۆڤ بکات ئازیزانی جێبهێڵێت و غوربەت هەڵبژێرێت، جگە لە بێ ئومێد بوون لە ژیان

لە شوێنی کۆن. لە بیست ساڵی رابردوودا ئەم بێزاریی و رق و نەفرەتە لە شوێنی کۆن بە ئەندازەیەک روو لەسەر بوو، تەنانەت بەلای هەندێکەوە جیابوونەوە لە شوێن و رۆیشتن بەرەو نادیار بە مانای دۆزینەوەی شوێنێکی نوێ (بەهەشت)ێکی سەوزی پڕ لە لەزەت و خۆشی بوو، بەڵام بۆ شاعیری لەمەڕ خۆمان کە بێماڵئاوایی سەرهەڵدەگرێت و خۆشەویستی شوێن (کوردستان)ی لەدڵدایە و دەڕوات.

**بێ ماڵئاوایی دوورئەکەومەوە**
**منی بێ یار و بێ هاوڕێ و وڵات**
**سەری خەواڵووم هەڵئەگرم ئەڕۆم وڵاتەو وڵات**
**ئەزانم هەرگیز خۆشەویستی تۆم بیر ناچێتەوە**
**بەڵام دڵنیام نایەمەوە لات[١٧].**

ئەم سەرهەڵگرتن و نەگەڕانەوەیە لەدڵشکانی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە. شاعیر کاتێک گوڵی ئومێدەکانی بە خەبات و پێشمەرگایەتی دەوەرێت. ئەویش ئەڵتەرناتیڤێکی دی نادۆزێتەوە جگە لە هەڵاتن و سەرهەڵگرتن، بەڵام ئەم هەڵاتن و سەرهەڵگرتنە هەر لە کوردستان و خەبات و پێشمەرگایەتی بەدەرناکەوێت. شاعیر هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە، نەک هەر بەشێک لە شوێن، بەڵکو تەواوی شوێنی وەک رەگەزی ژیان رەتکردۆتەوە و بڕوای بە ژیان نەماوە.

**کاتێ بێداریش بوومەوە**
**عیسام بینی چڵێ ئاگری بۆ هێنام**
**هەواڵی زەوی لێپرسیم**
**وتم زەوی؟**
**یا سێدارە و زیندان و ئەتۆم و دڵە نەگریسەکان**
**کاکە عیسا**
**دەستم بگرە و بمگەیەنە ((حزووری خوا))**
**من لەو زەوییە بێزارم**
**من نامەوێ جارێکی تر بۆ سەر زەوی بگەڕێمەوە[١٨].**

شوێنی گەورە (گۆی زەوی) بەهەموو جوانی و دڵڕفێنییەکانییەوە شوێنی بێزاریی و قێزلێبوونەوەیە. شوێنێکە جێگای ژیانی تیا نابێتەوە. مرۆڤ هەموو

جوانییەکانی شوێنی ناشرین کردووە و دەستکاری سەرجەم بەهاکانی ژیان کراوە. لێرە شوێنی دڵخواز (گۆی زەوی) کە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە دەستبەرداری بێت، بەڵام شاعیر بەپێچەوانەی یاسای بوون ئەو شوێنە دەداتە بەر نەفرەت.

**شوێنی کۆن- شوێنی نوێ**

کاریگەریی گۆڕینی شوێن وەک دەرئەنجامی هەلومەرجێکی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لای شاعیر، نابێتە هۆی گۆڕانی ئینتمای شاعیر بۆ شوێن، چونکە یادەوەرییە تازەکان ناتوانن جێ بە یادەوەرییە کۆنەکان لێژ بکەن. ئەم یادەوەرییە نوێیانە بەزەحمەت جێی خۆیان لە پانتایی خەیاڵی شاعیر دەکەنەوە. شوێنی تازە پێناسە و ناسنامەی شوێن لای شاعیر بەجێگیریی دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەوەندە سوودی بۆ شاعیر هەیە کە ئازادە و دەتوانێت لەدوای بەرەسمی ناسینی شوێنی نوێ ئیتر دەتوانێت بڕوا و بێت. شوێنی کۆن ئاماژەی شوناسە و شوێنی نوێ ئیش لەسەر تێکشکاندنی ئەو شوناسە دەکات. یان بە زمانێکی تر شاعیر لە شوێنی نوێ یاخییە و بەجەستە لە شوێنی نوێیە و بەهۆش و یادیش لە شوێنی کۆن دەژێت.

**بەیانییەک ئەچووم بۆ کار**
**ڕەوە باڵندەیەکی زۆر**
**وڵات وڵات هەڵفڕیبوون**
**بەرەو سوید**
**بینیم حەوشە و سەردیوار و باڵەخانە و**
**درەختەکانی میگراشوون**
**هەموو پڕ بوون**
**لەپاساری و پەڕەسێلکە و سوێسکە و کۆتر**
**دەنگی گمەگم و زیقە و جریوەیان**
**دڵی هێنابوومە گریان**
**سێ سێ، دوو دوو**
**سەریان بەیەکەوە نابوو**
**هەموو بەسەرهاتی خۆیان**
**بۆ یەکتری باس ئەکرد چۆن**
**لە کەرکووکدا بێ هێلانە و**

**لە سلێمانی و هەولێریش بە ئاوارە ناونووس دەکرێن**
**هاتوون بەڵکو، لێرە ئیقامە وەربگرن**
**ئەوسا بەئارەزووی خۆیان بڕۆن و بێن[١٩].**

مەنفا، یان تاراوگە، یان نیشتمانی دووەم، یان وەک من لەم نووسینەمدا ناوم ناوە شوێنی نوێ لە ململانێدایە لەگەڵ شوێنی کۆن. ئەم ململانێیە بێئەوەی هیچ یاسایەک بەڕێوەی ببات بۆ شاعیر و نەوەی شاعیر دەرهاویشتەی جیاواز و ئەنجامی جیاوازی هەیە. بۆ شاعیر و نەوەکەی شوێنی کۆن شایانی بەراوردکردن نییە بە شوێنی نوێ. شوێنی نوێ هەرچییەک ببەخشێتە شاعیر وەک ئاسایش و خۆشگوزەرانی و بردنەسەری تواناکانی سەفەر و هاتوچۆ و ئایدێندتی نوێ، هەر لە پلەی دووەم دەمێنێتەوە.

هەرچی شوێنی کۆنە چونکە شوێنی لەدایکبوونی خەونەکانی شاعیرە، سەرباری نالەباریی ئەمنی و بەردەوامی تەقینەوە و بێ خزنەتگوزاری و داهاتووی نادیار، کەچی لە پلەی یەکەمدایە و ئاماژەی ئینتما لە پلەیەکی باڵادایە. هەرچی نەوەی دووەمە ئینتمایان بەتەواوەتی بۆ زمان کلتوور و ئایدێندتی نوێ هەیە و خۆیان زیاتر بە هاوڵاتی شوێنی نوێ دەزانن و من نامەوێت لەم نووسینەمدا لا لەو مەسەلەیە بکەمەوە.

خاڵێکی تر سەبارەت بەشوێن لە یادەوەریی شیعرەکانی کاک سەلام ئەوەیە، کە شوێن جێگای تاقیکردنەوەی ئومێدە. لەمەشدا شاعیر لەگەڵ هەر دەربڕینێک کە گوزارشت بێت لە شوێنی کۆن و داهاتووی شوێنی کۆن، خەریکی دەسکەنەکردنی هیوا و ئومێدەکانییەتی کە چەند لەو شوێنە جێیان دەبێتەوە. ئەو ئاواتانەش گشتین و پەیوەستن بە کۆمەڵگەوە. لێرەوەیە لەگەڵ شەقار شەقاربوونی شوێن و هەر درزتێکەوتنێک لە جەستەی شوێن شاعیر، چاوی ئومێدەکانی کاڵتر دەبێت و خۆری هیوای زیاتر دەکەوێتە ئەودیو کەلەکانی ژیانەوە. ئەمەش تراژیدیایەکە کە شوێنی شاعیر دەرگیری بووە و بەشێک لەم تراژیدیایەش بەرۆکی یادەوەریی شاعیری گرتووە.

**لەم وڵاتی ڤایکینگەدا**
**زستان وەرزی کارکردن و نیگەرانی و**
**بەفر و تاریکی و سەرمایە**
**زۆربەی ماڵان نیگەرانێ، دوانی تیایە[٢٠].**

شاعیر پێداگرە لەسەر وەدیهاتنی خەونەکانی و تاقیکردنەوەکانی ئومێد لە شوێنی کۆن، هەرچەندە شوێنی نوێ زەمینەسازیی گونجاوی سازکردووە تا ئومێدەکانی شاعیر باڵا بکەن، بەڵام چونکە ئینتمای شاعیر بۆ شوێنی نوێ نییە. بۆیە دەبینین جۆرە بێزارییەک وەک تەنکە تەمێک سەر رووی یادەوەرییەکانی شاعیر دادەپۆشێت.

ئاماژەیەکی تر لە ئاماژەکانی شوێن کە وەک دەرئەنجامێک دەردەکەوێت و خۆی لە ژیانی مرۆڤەکان هەڵدەسوێت، نامۆییە. ئەم نامۆییە "کە مانای لەدەستچوونی دەسەڵات و گۆشەگیرییە و تووڕەیی و رق هەستان و پچڕان و تێکشکانە لە واقیعی ژیان"[٢١]، ئەویش بەهۆی "گواستنەوەی تەواوی مافەکانی ژیانی تاکەکەسێ بۆ کەسێ، یاخود جێگایەکی تر"[٢٢]. لەوەش واوەتر شوێنی نوێ شوێنی نا سەنتەر و پەراوێزخراوە و شاعیر بەرەو راڕایی و گومڕایی دەبات. ئەو پەیوەندییەی نێوان شاعیر و شوێنی نوێ کە دەبێت بەشێوەیەکی نۆرماڵ و ئاسایی دیارکەوێت پێچەوانە دەبێتەوە و شاعیر لەو حاڵەتەدا هەوڵ دەدات خۆی لە شوێنی نوێ دەرباز بکات. پرۆسەی دەربازبوونیش، یان سەفەرکردنی پێچەوانەیە کە پێشتر هەریەک لە شێرکۆ بێکەس و شێرزاد حەسەن ئەزموونیان کرد و لە سوید و فینلەندەوە گەڕانەوە کوردستان وەک دەرئەنجامی نەبوونی دڵنیایی نووسەران لە شوێنی نوێیان. شوێنی نوێ نابێتە هۆی فەراهەمکردنی ئەو دڵنیاییە وەک بەشێک لە کەش و فەزا، کە داهێنانی تیا ئەنجام بدەن. بۆیە دەچن بەدوای نیشتمان، یان شوێنێکی تر دەگەڕێن تا ئەو دڵنیاییە بەدەست بێنن. بەر لەوانیش هێنری جەیمس و ت.س. ئیلیۆت لە ئینگلتەرا و ستیوارت میریل و فرانسیس فیلْ گریفین لە فەڕەنسا لەبەر نەبوونی ئینتمایان بۆ نیشتمانیان، یان شوێنەکانیان وڵاتەکانیان جێهێشتووە[٢٣]. یاخود هەوڵدانە بۆ سەندنەوەی مافی ژیان لە خۆ، وەک هەر سێ هەوڵەکەی کاک سەلام محەمەد کە بۆ خۆکوشتن دابووی.

لەم کورتە نووسینەمدا لەسەر ئاماژەکانی چەمکی شوێن لە یادەوەریی کاک سەلام محەمەدی شاعیردا، ئەگەمە ئەو خاڵەی کە بڵێم چەمکی شوێنی کۆن چ وەک ئاماژەی بوون، هەروەها چ وەک ئاماژەی عەشق سینتراڵی کار و چەقی بیرکردنەوەی شاعیرە. شوێنی کۆن و (شوێنی گەورە و بچووک) شوێنێکی واقیعی و ناسراو و گشتی و دیارە و جێگایەکە بۆ لەدایکبوونی خەونەکان و تاقیکردنەوەکانی ئومێد و شوناسی شاعیرە. شاعیریش وەک مرۆڤێکی ئاسایی کارتێکراوی پاڵەپەستۆی هەلومەرجی سیاسی لەسەر نوێڵی عەشقی شوێن

بەهەردوو جەمسەرەکەیەوە دڵخواز و بێزەوەر لە هاتوچۆدایە. هەروەها رۆحی شاعیریش باڵندەیەکە و دەیەوێت لە شوێنی نوێوە بفڕێت بۆ شوێنی کۆن، بۆ ئەو جێگایەی کە خەونەکانی شاعیری تیا لەدایک بووە و ئومێدەکانی تیا تاقیکردووەتەوە.

## ژێدەرەکان:


١-شوێن لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، مستەفا ساڵح مستەفا، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٢٢٠ی ساڵی ٢٠٠٠، لاپەڕە٧.

٢-شوێن لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەسدا، مەحموود نەجمەدین، گۆڤاری گزنگ، ژمارە ٨٨، لاپەڕە-٧٤.

٣-دیوانی سەلام محەمەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٧٨-١٧٩.

4- The Use of Place in Writing and Literature

Milford A. Jeremiah

Language Arts Journal of Michigan

Volume 16 2000 Page 23

٥-شوێن و مانەوە، نەجات حەمید ئەحمەد، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە ٥٢، لاپەڕە-٤٦.

٦-شوێن لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، مستەفا ساڵح مستەفا، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٢٢٠ی ساڵی ٢٠٠٠.

7- The Role of Place in Literature

Leonard Lutwack

First Edition

New York 1984 Page 37

٨-دیوانی سەلام محەمەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩، چاپی یەکەم، لاپەڕە-١٦١.

٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧٥.

١٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٧.

١١-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٦.

١٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥٩- ١٦٠.

١٣-شیعرێكی بڵاونەكراوەی سەلام محەمەد، كە خۆی تایبەت بۆی ناردم.

١٤-دیوانی سەلام محەمەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، چاپی یەكەم، ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٩٤.

١٥-دوو روخساری یەک پێغەمبەر، سەلام محەمەد، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٥٣.

١٦-هەڵۆ سوورەكانی قەندیل، سەلام محەمەد، لە بڵاوكراوەكانی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان- شاخ، ژمارە ٦، لاپەڕە ٣٥ و ٣٦.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٦.

١٨-دیوانی سەلام محەمەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، چاپی یەكەم، ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٠١.

١٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٦٢.

٢٠-شیعرێكی سەلام محەمەد لە تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووكەوە وەرگیراوە.

٢١-شێوە و ناوەڕۆک، ئومێد ئاشنا، دەزگای جاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٧، لاپەڕە ٥.

٢٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥.

**٢٣-التجربة الخلاقة، تألیف: البروفسور س.م.بورا، ترجمة: سلافة الحجاوي دار الشؤن الثقافیة العامة، ص٣٥.**

# ڕووبەڕوو
# لەگەڵ شیعر

## مانیفێستی
## شیعری

**هەموو دەرگاکانی گەردوونم بەڕوو داخەن**
**من لەنێو خەون و هاواری شیعر**
**دێمە نێو ژیانەوە...!**

**● ناڵە حەسەن**

### (١)
### شیعر و (پرسیار و گومان)

دیارە ئەوە زۆر روونە کەوا، "ژیان پڕیەتی لە شتی پێچەوانە و هاودژ و ناماقووڵ. شیعریش لە ڕێگەی بەدواداگەڕان و خولقاندنی کۆد و هێمای نوێوە، دەکرێت هەموو ئەو شتە هاودژ و پێچەوانە و ناماقووڵانە لەنێو هەناوی کۆد و هێماکانیدا لەخۆبگرێت". چونکە شیعر نووسینەوەی ژیانە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە...! بۆیە ئاساییە کۆد و هێماکان هەڵگری پرسیار و گومانی جۆراوجۆر بن... بە بڕوای من، ئەم پرسیار و گومانانەش سەرچاوەکەیان لە

بەردەوامبوون و نوێبوونەوەدایە...! چونکە شیعر ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر خۆی نویێ نەکاتەوە، لێرەدا نەک تەنها شیعر، بەڵکو سروشتی ژیانیش هەروایە... بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین شیعر بە مانای "ژیان" دێت...! بۆیە هەر کاتێک دەقێکی شیعری، چەندین پرسیار و گومانی هەمەجۆر لە لای خوێنەر جێدەهێڵێت، ئەمە نیشانەی بوونی داهێنان و دیدگای نوێیە لەنێو دەقەکە و لە چوارچێوەی سیستمێکی ئیستاتیکدا. یان باشترە بڵێین، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زماندا...! ئەوەتا "ئەراگۆن" بە پێی ئەزموونی خۆی بەوە گەیشت بوو کەوا "فەرهەنگەکان مانای تەواو بۆ وشەکان دەستەبەر ناکەن...!"، واتە مانای راستەقینەی وشەکان بەپێی سروشتی وێنە و بڕگەکان دەگۆڕێن...! لێرەدا بەوە دەگەین کە زمانی شیعر خۆی نابەستێتەوە بە، مانا باو و تەقلیدییەکانی وشە... شاعیر لە ئاکامی بەدواداگەڕان و کەشفکردنەکانی کاتێک، پەیکەر و وێنە شیعرییەکانی بە لیکی وڕێنەکانی رەنگ دەکات...! یان لە رێگەی کۆدەکانەوە، هەموو ئەو شتە ناماقووڵ و ناتەبا و هاودژ و تەنانەت خەون و شتە ترسهێنەکانیش دەنووسێتەوە... کەواتە شاعیر لە دواجاردا، لە رێگەی قووڵبوونەوەکانی بە پێگە و رووبەری نویێ دەگات، لەوێدا ناوکۆکەی پرسیار و گومانەکان، گومان لە خود، لە دەوروبەر، لە داهێنان، لە ژیان لە هەموو شت، خۆیان دەخزێننە نێو هەناوی کۆد و هێماکان، یان مانا نوێیەکانی وشە و دەستەواژەکان...! هەر لێرەشە پرسیار و گومانەکان لەدایک دەبن...!

## (٢)
## شیعر و (نۆستالیژیا)

بەپێی ئەوەی شاعیر لە چرکەساتی نووسینی شیعر لە رووبەرێکی نادیار کار دەکات، ئەم رووبەرە نادیارەش رەگەکانی لەنێو خەون و خەیاڵدایە... خەونیش لە بەرگە گشتییەکەیدا، هێنانە گۆی، یان بە کاراکتەرکردنی ئارەزووە لاشعورییەکانە... بۆیە شاعیر ناتوانێت دەستبەرداری رابردوو بێت. دەتوانین بڵێین هونەر بە گشتی، وەڵامدەرەوە، یان تێرکردنی ئارەزووە لاشعورییەکانە لە بارێکی ئاگایی و نائاگاییدا...! لە رووبەری نۆستالیژیاش "منداڵی" جوانترین و ناسکترین توحفەیە بۆ شاعیر...! نووسینی شیعر بەبێ ئاوڕدانەوە لەم توحفەیە مانایەکی نییە...! وا پێویست دەکات ئەوەش بڵێم، شاعیر نابێت تەنها رووی لەدواوە بێت...! بە مانای تەنها ئاوڕ لە دواوە بداتەوە و دوێنێی خۆی

بنووسێتەوە... وا پێویست دەکات دوێنێی خۆی، بە ئێستا و هاوکات بە ئایندەش گرێبدات. "(رۆبەرت فرۆست)" گەورە شاعیری ئەمریکی، کە بە شاعیری سەدەی بیستەمی ئەمریکا ناوی دەبەن... یەکێک لەو رەخنەیەی کە لێی گیراوە، ئەوەیە، کە هەمیشە ئیشی لەسەر رابردووی خۆی کردووە، واتە تەنها خەمەکان و ئارەزووە چەپێندراوەکانی دوێنێی خۆی نووسیوەتەوە. دیارە هیچ لارییەکمان لەوە نییە کەوا، زمان بڕبڕە پشتی شیعر و نووسینە...! هەموو بەدواداگەڕان و کەشفکردن و داهێنان و ستایلە نوێیەکان، لە رێی زمانەوە دێنە بوون... دیارە دەمێکە "جاک لاکان" باوەڕی وابووە کە زمان وەک کلیلێک وایە بۆ کردنەوەی هەموو دەرگاکان... بەتایبەت لە نووسینی شیعر دەبێت زمان ئەم رۆڵە ئاکتیڤەی خۆی ببینێت... دەربارەی ئەوەش، کە دووبارەبوونەوەی وشە و دەستەواژەکان، یان جێگۆڕکێ پێکردنیان، کە زۆرکەس بە گەمەی پەیڤەکان ناویان دەبەن، ئەمە لەنێو شیعرەکانی منیشدا زۆر دەبینرێن. من پێموایە ئەوە پەیوەندی بە باری دەروونی منەوە هەیە لە ئانوساتی نووسینی شیعرەکەدا...! هۆکارێکی تر، پەیوەندی بە ئیستاتیکای شیعرییەوە هەیە...! چونکە ئیستاتیکای شیعر، راستەوخۆ رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە تێرکردنی ئارەزووە لاشعورییەکان. بە مانایەک، هەرچەندە تۆ لەنێو رووبەرێکی نادیاریش کار بکەیت و بۆ نێو قووڵاییەکانی خەون و خەیاڵ بڕۆیتە خوارەوە، مەبەستمە ئەوە بڵێم، کە ئیستاتیکای شیعر هەر کاریگەری خۆی دەبێت بەسەر باری دەروونی و بەتایبەت ئارەزووە لاشعورییەکانەوە! بەمانایەک ئیستاتیکای شیعر سەرچاوەیەکی لەزەتبەخشە لە پڕۆسەی نووسینی شیعر...! بۆیە دەتوانین بڵێین کە زمانی دەق راستەوخۆ پەیوەندی بە دەروونی شاعیرەوە هەیە...! ئەمە بۆ ژانرەکانی تریش هەروایە، ئەگەر لە هونەری نیگارکێشان بڕوانین، ڤانکوخ کاتێک تابلۆی "شەوە پڕ ئەستێرەکانی" کێشا، ئەوکاتەدا لە نەخۆشخانەی دەروونی بووە، لەم تابلۆیەیدا، شێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ رەنگەکان و بەکارهێنانی فڵچەکەی، پەیوەندی بەم بارە دەروونییەی هەبوو، کە خۆشی لە زۆر شوێندا ئەمەی باسکردووە! لێرەوە بەوە دەگەین کە لەنێوان زمانی دەق و ئارەزووەکانی مرۆڤ حەقیقەتێکی جاویدانی هەیە، یان زمان لە رێگەی ئەم دەسەڵاتە خوداوەندییانەی کە هەیەتی لەنێو فەزای دەقدا، دەتوانێت سیما و خەسڵەتێکی جاویدانە بە ئارەزووەکان و رەهەندە مرۆییەکان ببەخشێت...! کەواتە زمان دەتوانێت نەمریی بە شتەکان ببەخشێت لەنێو رووبەری دەقدا، بۆیە دەتوانین بڵێین، یادەوەریی لەنێو هەر دەقێکی شیعری بوونێکی جاویدانی هەیە، یان بوونێکی گشتگیر و رەها...!

## (٣)
## شیعر و (ڕەخنەی کوردی)

دیارە بۆ هەموو لایەکمان مەعلومە کەوا، ڕەخنەی کوردی لە چ ئاستێکدایە...! بە مانایەک ئەو داهێنان و پێشڕەوییانەی لە شیعر و ڕۆمان و ژانرەکانی تری ئەدەب و هونەری کوردی کراون، لە ڕەخنەدا نەکراون... ئێمە نالێین ڕەخنەی کوردیمان هەر نییە، بەڵام ئێمە قسە لەسەر تواناکان و ئاستی داهێنان دەکەین...! بۆیە لێرەدا بە دڵنیاییەوە دەڵێین (ڕەخنەی کوردی لە ئاستی پێویستدا نییە...!). من پێموایە، ڕەخنە نەک هەر دەبێت کەلێنەکان پڕ بکاتەوە، یان دەستنیشانیان بکات، بەڵکو دەبێت نەوەیەکیش بخاتە سەر پڕۆسەی نووسین! من پێموایە، ڕەخنەگرەکانمان دەبێت هێندە پڕ مەعریفە و بەرچاو ڕۆشن و پێشڕەو بن، نەک تەنها کاریگەرییان بەسەر پڕۆسەی نووسینەوە هەبێت، بەڵکو دەبێت کاریگەرییان بەسەر گۆڕانی کۆمەڵگەشەوە هەبێت...! ڕەخنەگران وا پێویست دەکات هەمیشە هەڵگری دیدگای پێشڕەو و نوێخوازانە بن... زۆر بە ڕۆشنی و بە دروستی ڕەخنە لە دابونەریتی دواکەوتووانە و لە هەموو ئەو هۆکار و فاکتانە بگرن، کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تەنانەت چەمکە ئازادییەکانیش...! بە بڕوای من، ڕەخنە ناتوانێت تەنها خۆی ببەستێتەوە بە زمان و ڕەگەزەکانی نووسین و بەس، ئەگەر پێویست بکات وا دروستە ڕەخنەگر لە چوارچێوەی دەقەکەدا، ڕەخنە لە بیرکردنەوە و ڕوئیاکانیش بگرێت... بەتایبەت ڕوئیای ئەو نووسەرانەی دەست بە بیرۆکە دواکەوتووەکان دەگرن لەنێو دەقەکانیاندا... یان ئەو ڕوئیایانەی کە ناتوانن ڕەوتی پێشکەوتن و مەدەنییەتی کۆمەڵگە و ئازادیی مرۆڤەکان هەزم بکەن...! بەڵام ئەوەش گرینگە کەوا، ڕەخنەکان لە چوارچێوەی دەقەکان دەرنەچن... واتە کارمان بەسەر ئەوەوە نەبێت کە نووسەرەکە لە چ خانوویەک ژیان دەگوزەرێنێت؟! یان سەر بە چ لایەنێکی سیاسییە؟! مەبەستمە ئەوە بڵێم، بۆ نموونە لە دەقێکی شیعری پێویستە ڕەخنەی شیعری بگرین لە هەمانکات بە زمانی شیعریش...! لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکە دەکرێت، ڕەخنە لە هەرشتێک بگرین، جا ئەو شتە زمانی شیعری بێت، یان ستایل و ڕەگەزەکانی تری شیعر، یان ڕوئیای دواکەوتووانە، یان هەر شتێکی تر...! بە پێویستی دەزانم لێرەدا باسی "جۆلیا کریستۆفیا"ی ڕەخنەگر و بیرمەندی هەنگاری بکەم. جولیای ڕەخنەگر ئیشە سەرەتاییەکانی لەنێو چوارچێوەی فیمینیزم و مەسەلەی ژنان و گرینگی دەدا بە زمانی دەق و ڕەخنەی لە زمانی پیاوسالارانە دەگرت لەنێو دەقەکاندا...

ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە بیری مۆدێرنیزم و فیمینیزمدا... هەروەها تیۆرە ڕۆشنبیرییەکەی چڕکردبووەوە لە دەوری کۆمەڵگە و دابونەریت و پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت و زۆر شتی تر، پشتی بەستبوو بە ڕوانگە و تیۆرە سایکۆلۆژییەکەی فرۆید. ئەگەر لە هەوڵەکانی ئەم خانمە بیرمەندە بکۆڵینەوە، دەبینین لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی و نووسین و لێکۆڵینەوەکانی، ئیشی لەسەر مەسەلەی ژنان و بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگە و زۆر شتی تر کردووە...! من پێموایە ڕەخنەگر دەبێت لەم ئاستە بەرین و فراوانە کار بکات... نەک تەنها کەلێنی دەقەکان پڕ بکاتەوە، بەڵکو بەرچاوی نووسەر و شاعیرەکان ڕۆشنتر بکاتەوە و کارێکی وا بکات، لەژێر کاریگەرییەکانی ئەم داهێنان و نوێخوازیی بچنە ئاستێکی سەروو تر... نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێت، لەنێوەندی ڕۆشنبیری و هاوکات لە ڕاستای بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگەش...! ئەم ئاست و جۆرە لە ڕەخنە لە ئێستادا، لە ڕەخنە و ڕەخنەگرانی کوردی نابیندرێت، دیارە ئومێدی ئەوەش دەخوازین کە ڕۆژێکدا بێ، ڕەخنەی کوردی بگاتە ئەم ئاستە بەرزەی لە پێشکەوتن و داهێناندا...!

## (٤)
## شیعر و (سایکۆلۆژییەتی دەق)

بە بڕوای من، دەبێت ئەوەمان لەلا ڕۆشن بێت کە (نووسین قسەکردنە لەگەڵ پەیکەرە بێدەنگەکانی نێو بازنە چەپێنراوەکانی ڕووبەرە بێئاگاییەکان...!)، بۆیە ئیشکردن لەسەر زمانی دەق و کردنەوەی کۆد و هێماکان، کۆمەکی زۆرمان دەکات بۆ نزیکبوونەوە لە کرۆکی دەقەکە و تێگەیشتن لە مانا و دەلالەتەکان، چونکە لە پشتی کۆد و هێماکان باری دەروونی نووسەر دەخوێنینەوە... واتە لە ڕێگای زمانەوە دەتوانین لە سایکۆلۆژییەتی دەق بکۆڵینەوە، یان تێبگەین... چونکە بەپێی بیرکردنەوەکانی "کارل یەنگ" (هێماکان لە هونەردا، بۆ دەربڕینی بیر و شێوازی باری دەروونیی بەکار دەهێندرێن...!) لێرەدا دەکرێت ئەوە بڵێین، لەنێو هەر دەقێکی شیعری پێکهاتە و باری دەروونی شاعیرەکە لەوێدا ڕاکشاوە...! بۆ نموونە لە وردبوونەوە لە زمان و هێماکانی دەقی هاملێت بەر لە هەر شتێک بەوە دەگەین کەوا، دەقی هاملێت باس لە هەرچییەک بکات، دەتوانین شێوازی دەروون و باری بیرکردنەوەی شکسپیر بخوێنینەوە...! بۆ دەقێکی شیعریش بە هەمان شێوە. دیارە ڕووبەر و توانای دەسەڵاتی زمان زۆر لەوەش زیاترە

کە ئێمە بۆی دەڕوانین... ئەوەتا لای "بونیادگەراکان" هەر لە ڕێگەی ئیشکردن لەسەر زمان و هێماکانەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگە و سیاسەت و باری ئابووریی کۆمەڵگە و لەم ڕێگەیەوە ئیشیان لەسەر زۆر شتی تر و ڕەهەندی تر دەکرد. بۆیە لە ڕێگەی فۆکەسکردنە سەر زمان و پێکهاتەکانی سایکۆلۆژییەتی دەق بە بڕوای من، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین تا ئاستێکی باش، کڕۆکی دەقەکە بە شێوەیەکی جوان و ڕوون پێشانی خوێنەران بدەین.

## (٥)
## شیعر و (زمانی شیعری)

-زمانی شیعر لە رابردووەوە تا ئیمڕۆ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە، زمانی شیعر لە سەردەمی سومبولیستەکان و قوتابخانەکانی پێش خۆیان بە شێوەیەکی تر بووە ئەوکات شاعیر زیاتر دەرەی خۆی دەنووسییەوە. لێرەدا دەکرێت زیاتر قسە لەسەر زمانی شیعر و پەیوەندی نێوان شاعیر و کۆمەڵگە بکەین... بەر لە هەرشتێک حەزدەکەم ئەوەش بڵێم/ رەنگە منیش رۆژێک لە رۆژان ئەو بیرکردنەوەیەم هەبوو بێت، کە دەبێت زمانی شاعیر زمانی کۆمەڵگە بێت، بەو پاساوەی کە شاعیر زمانحاڵی کۆمەڵگاکەیەتی...! رەنگە ئەوجۆرە بیرکردنەوانە تا ئاستێک، کاریگەرێتی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایان لە پشت بێت. یان بیرکردنەوەیەکی ریالیستانە بێت، بەڵام بەوپەڕی قەناعەتەوە، ئەوە را دەگەیەنم کە باوەڕم بەم جۆرە بیرکردنەوانە نەماوە...! من ناڵێم شاعیر هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵگە و دەوروبەرەکەی نییە، بەڵام دەکرێت شاعیر بوونێکی ئایرۆنیکی بێت... یان یاخی و نامۆ بێت... یان جیا لە دەوروبەرەکەی بیر بکاتەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ و یان لەژێر کاریگەری دەوروبەرەکەی نەبێت...! زمانی شاعیر دەبێت زمانی شیعر بێت...! شاعیر وا پێویست دەکات "کە لەپێناو شیعر، شیعر بنووسێت...!" زمانی شاعیر دەبێت زمانی ناوەوەی شاعیر و زمانی غەریزەکان و خەون و خەیاڵی شاعیرەکە خۆی بێت... من لە ڕێگای شیعرەکانم، غەریزە بێئاگاییەکانم و خۆم و ژیانی خۆم دەنووسمەوە... لەنێو خەون و خەیاڵی خۆمدا، کە ئیش لەسەر خەونەکانم دەکەم دەمەوێت "حەقیقەتی ژیان رەسم بکەم...!" من دەکرێت هیچ پەیامێکم پێ نەبێت...! چونکە بە بڕوای من شاعیر کەسێک و ئاکتڤیستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیست نییە...! مەبەستمە پێ لەسەر ئەوە دابگرم (دەکرێت شیعر هیچ پەیامێکی پێ نەبێت و بێ پەیام بێت،

بەڵام ناکرێت شیعر هیچ ئامانجێکی پێ نەبێت و بێ ئامانج بێت...!)، کەواتە پەیام و ئامانج دوو شتی جیاوازن...! ئامانج لە شیعرەکانی من ئەوەیە (ژیان بە هەموو جوانییەکانییەوە پێشانی خوێنەران بدەم!) مەبەستمە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر شیعرێکم، دڵ و رۆحی خوێنەرانم ئارام بکەمەوە... یان زەردەخەنەیەک بهێنمە سەر رووخساریان، یان ئەگەر بکرێت پرسیاریان لەلا دروست بکەم... یان پڕیان بکەم لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ! بەڵام من هیچ پەیامێکم بۆ خوێنەرەکانم پێ نییە! خوێنەرەکانم لە ئاکامی بەدواداگەڕان و رامانی قووڵ و چەندین خوێندنەوە، وا پێویست دەکات خۆیان شتێک هەڵکرێنن و خوێندنەوەیەکیان دەست بکەوێت، نەک چاوەڕوانی پەیام بن لە منەوە! هەروەک "ئەندرێ بریتۆنی" سوریالیست دەڵێت (پێویستە خوێنەر لەژێر کاریگەرییەکانی دەق ببێتە جۆگەلەیەک لە بیری شاعیرەکە و بەشداری بکات لە بەدواداگەڕان و کەشفکردنی مانا و دەلالەتەکان!)، بە بڕوای من لێرەدا شتێک نییە ناوی پەیام بێت! لەو بۆچوونەی بریتۆن ئەوە دەبینین، کە پەیوەندی خوێنەر و دەق چەندە گرینگە، هاوکات سەلیقە و مەعریفەکەشی...! چونکە سەلیقە و مەعریفەی خوێنەر رۆڵ دەبینێت لە کەشفکردن و کردنەوەی هێما و ماناکان... رۆڵ دەبینێت کە وەک جۆگەلەیەک بڕژێتە نێو پانتایی دەقەکە و بە نێو هەموو درز و کەلێنێک و قوژبنەکانی شۆڕببێتەوە و بۆ قووڵایی نێو رووبەرە نادیارەکانی دەق بڕوات... دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین کەوا، دەقی زیندوو و پڕ داهێنان خوێنەری بە سەلیقە دەگەیەنێتە ئاستی ئەو جۆگەلەیە و لەگەڵ خۆیدا دەیبات!

## (٦)
## شیعر و (ناوچەگەرێتی)

ئەدەب و هونەر بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو چەمکانە کار دەکەن کە سیما و رووخسارێکی گەردوونییان هەیە. وەک (عەشق، خەون، رەنگ، با، ئاو، رووناکی ...)، هەموو ئەو چەمکانە رەگەزی گەردوونین لە ئەدەب و هونەردا، بەتایبەت لە شیعر... زمانی ئەدەب، یان زمانی شیعر، ناتوانێت خۆی لەو رەگەزە گەردوونیانە بێبەری بکات... بەمانایەک، ئەدەب ناتوانێت خۆی قەتیس بکات لەنێو بازنەیەکی تەسکی ناوچەگەرێتی... یان ئەدەب رەنگڕێژ بکرێت بە دیدگایەکی دواکەوتووانەی خێڵەکی، یان ململانێی ئایدیۆلۆژیا و حیزبایەتی، ئەمجۆرە بیرکردنەوە ناوچەگەرێتییانە یان خێڵەکی، یان هەر شتێکی تر، کە

دەنگە گەردوونییەکەی ئەدەب دەخنکێنێت و ناتەبا و هاودژ دێتەوە، هەم لەگەڵ ئەدەب بەگشتی و هەم لەگەڵ تێگەیشتن بۆ داهێنان... دەنگی ئەدەب دەنگی غەریزەکان و دەنگی ناوەوەی مرۆڤە... رووخسارەکەشی، رووخساری رەنگە جوانەکانی سروشت و ژیانە... هەر جۆرە هەوڵ و بیرکردنەوەیەک، لە دەرەوەی ئەم مانا و دەنگە گشتگیرییەی ئەدەب دەبێتە هۆی کپبوونی دەنگی ئەدەب و شێواندنی رووخسارە گەردوونییەکەی! لەلایەکی ترەوە، ئەو نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانەی لە ئاستێکی بەرز داهێنانیان کردووە، ئەوانە بوونەتە موڵکی مێژوو و بوونەتە بەشێک لە شارستانییەتی ژیان... ژیان بەوانەوە مانایەکی هەیە. ئەوان موڵکی شارێک و ناوچەیەک و تەنانەت وڵات و کیشوەرێکیش نین...! ئەوان لەنێو دڵە گەورەکەی مرۆڤایەتی راکشاون و بۆ هەتا هەتا لەوێدا دەمێننەوە! قەیرانەکەش لە هەرچییەکەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی رۆڵی سەرەکی و بەرچاوی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئەمجۆرە قەیرانانە، یاخود لە دابەشکردنی شارەکانی کوردستان بەسەر رەنگی جیاواز و خێڵ و حیزب و دەسەڵاتی جیاوازدا...! دەسەڵاتی کوردی رۆڵی سەرەکی هەیە لە دەستەمۆکردنی قەڵەمەکان و جیاکردنەوەی ئازادی لە قەڵەم و خنکاندنی دەنگە گەردوونییەکەی ئەدەب و هونەری کوردی. ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە تەسلیم بە خواست و ئەم حەقیقەتەی دەسەڵاتی کوردی دەبن، بەر لەوەی غەدرێک و گوناهێکی گەورە لە مانا و رەنگ و رووخساری ئەدەب و هونەر بکەن، من پێموایە، غەدرێک و گوناهێکی گەورە لە نووسەربوون و هونەرمەندبوونی خۆیان دەکەن! تەنانەت گوناهێکی گەورە لە پێکهاتە و کەسایەتی و لە بوونی خۆشیان دەکەن... ئیتر پاساوەکەیان هەرچییەک بێت، بۆ نموونە سەروەت و سامان پلەوپایە و یان هەرشتێکی تر، ئەم پاساوانە ناتوانن لە گوناهەکانیان پاکیان بکەنەوە...!

## (٧)

## شیعر و (ئەدەبی سیاسی)

لەوەتەی کورد هەیە و ئەدەبی هەیە، ئەدەبی سیاسیشی هەیە... بەتایبەت لە رۆژانی دوێنێماندا. شاعیر و نووسەرانی کورد لە ئاستێکی زۆر بەرین و فراوان، ئیشیان لەسەر سیاسەت کردووە و ئەدەبی سیاسیان نووسیوە. دیارە سیاسەتیش وەک هەر بابەتێکی تر لەنێو ئەدەبدا جێگای دەبێتەوە و نابێت، لەم بارەیەوە هیچ نیگەرانییەکمان هەبێت... چونکە دونیای ئەدەب هێندە فراوانە

جێگای هەموو بابەتێکی تیا دەبێتەوە... بەڵام گرینگ ئەوەیە، دەبێت زۆر وریا بین لەوەی، کە ئەدەب و هونەرەکەمان نەخەینە خزمەت بە لایەنێک و فیکرەیەکی دیاریکراوەوە. نووسەر ئازادە لەسەر هەرچییەک دەنووسێت، بەڵام هەروەک "ئێریش فرێد" دەڵێت (گرینگ ئەوەیە جوان بنووسیت)، من پێموایە لەنێو شیعر و نووسینەکانی هەر یەکێک لە ئێمە سیاسەت بە ڕێژەیەک بوونی خۆی هەیە، بەڵام گرینگ ئەوەیە سیاسەت، ئیستاتیکا و زمانی شیعری و نووسینەکانمان ناشیرین نەکات...! مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر شیعری سیاسیش بنووسین دەبێت بە زمانی شیعر بینووسین... بە بڕوای من دوو جۆرە نووسەری سیاسی، یان ئەدەبی سیاسی هەیە. یەکێکیان ئەو نووسەرانەن کە هەڵگری فیکرەیەک و ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراون، لەوانەیە لە حیزبێکی سیاسیش کار بکەن، ئەم جۆرە شاعیر و نووسەرانە فیکرە و ئایدیۆلۆژییەکەیان تێکەڵ بە نووسین و شیعرەکانیان دەکەن و فیکرەکەیان لەنێو نووسین و شیعرەکانیان ڕەنگ دەداتەوە... نموونەی لەو جۆرەش زۆرن تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیش، بۆ نموونە مایکۆفسکی، پاپلۆ نیرۆدا، نازم حیکمەت زۆرانیتر.. جۆرێکی تر نووسەر و ئەدەبمان هەن، کە سەر بە هیچ فیکرە و ئایدیۆلۆژیای دیاریکراو نین، ئەندامی هیچ حیزبێکی سیاسیش نین، بەڵام لەنێو شیعر و ئەدەبەکەیان دەم لە سیاسەت دەدەن و شیعر و ئەدەبی سیاسی دەنووسن... بۆ ئەمجۆرەش دەکرێت باسی "دەنیز لێڤەرتۆڤ " ژنە شاعیری ئەمریکی بە ڕەگەز بەریتانی بکەین. ئەم خانمە شاعیرە سیاسەت ڕووبەرێکی فراوانی لەنێو شیعرەکانی داگیرکردبوو... شاعیرێکی زۆر بەناوبانگیشە یەکێکە لە ریزی ئەوانەی لەگەڵ شاعیرانی قوتابخانەی شیعری "چیای ڕەش" ناوی دەهێنرێت... هەروەک خۆی لە دیمانەیەکدا دەڵێت (من لە ڕێگای ئەدەبەوە بە سیاسەت ئاشنا بووم...!)، واتە خۆی پێشوەخت سەر بە هیچ فیکرەیەک و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو نەبووە... شیعرە سیاسییەکانیشی لەسەر شەڕ و دژ بە شەڕ بوون... بەتایبەت لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٦٠ لەکاتی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ڤێتنام... لەو سەردەمانە نەک هەر لێڤەرتۆڤ، بەڵکو زۆرێک لە نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەوکاتە، بەتایبەت لاوە پۆستمۆدێرنیستەکان بە دژی ئەمریکا هاتنە دەنگ و هاوارکردن... بەڵام ئەم خانمە هەرچەندە شیعری سیاسی زۆر نووسیوە، بەڵام جوان و بەزمانی شیعر نووسیویەتی. بۆیە یەکێکە لە شاعیرە هەرە ناسراوەکانی ئەمریکا، بەتایبەت بەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە. لەنێو ئەدەبی کوردیش بە هەمانشێوە... هەردووکجۆر لە نووسەرانمان هەیە. نموونەشمان زۆرن لەم

بارەیەوە... بەڵام بۆ ئێستا ناسراوترین نووسەر و کە زۆرترین شیعری سیاسی نووسیوە، یان سیاسەت و مەسەلە نەتەوایەتییەکان رووبەرێکی فراوانی لەنێو شیعرەکانی داگیرکردووە، من پێموایە شیعر و ئەدەبەکەی "عەبدوڵڵا پەشێو"ە. بەدوای ئەویش، ئەم بابەتە تا ئاستێکی باش شیعرەکانی "شێرکۆ بێکەس"یش دەگرێتەوە. دەربارەی ئایندە و ئاسۆی ئەدەبی سیاسیش، راستییەکەی من ناتوانم لە ئێستادا ئاسۆ و ئایندەی ئەدەبی سیاسی کوردی دیاریی بکەم، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی من وای دەبینم، کەوا رەوتی مێژوو و شارستانییەتی مرۆڤایەتی و ژیان بەرەوپێشەوە دەڕوات، هاوکات ئەدەب و هونەریش بە گشتی بە هەمان ئاراستە روو بەرە و پێشەوەیە... ئاسۆ و ئایندەیەکی رووناکیشی لەبەردەمدایە.

## (٨)
## شیعر و (ئامانجی شیعری)

١-ئامانجی شیعر ئەوەیە حەقیقەتی جوانی و حەقیقەتی ژیان بنووسێتەوە، شیعر هیچ کاتێک ناتوانێت لە دەرەوەی ئامانج بێت. شیعر بەبێ ئامانج لە مانا و بەها بنەڕەتییەکەی خۆی دادەبڕێت. شیعر دەکرێت هیچ وەزیفەیەکی دیاریکراوی نەبێت، شیعر دەکرێت هۆکار نەبێت، بەمانایەک دەکرێت شیعر لە دەرەوەی هەموو وەزیفەکان و هۆکارەکان بێت، بەڵام ناکرێت بەبێ ئامانج و لە دەرەوەی ئامانجەکان بێت، چونکە وەزیفە و هۆکار دوو شتی جیاوازن لەگەڵ ئامانج... شیعر و ئامانج شتێک بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ئەویش پێی دەڵێن ژیان... شیعر و ئامانج شتێک بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ئەویش پێی دەڵێن بەهاکانی مرۆڤایەتی، یان بەهاکانی جوانی، رێک بە پێچەوانەوە، دەمەوێت بڵێم (ئەگەر شیعر بیر لە ئامانج نەکاتەوە، دەمرێت!).

٢-دیارە خەیاڵ و فەنتازیا، رەگەز و پێکهاتەیەکی گرینگ و بنچینەیین بۆ نووسینی شیعر، شاعیر لە رێگەی خەون و فەنتازیاوە دەگاتە ئەو رووبەرە نادیارەی کە دەیەوێت تیایدا، هەم بەدواداگەڕان و هەم داهێنانەکانی بکات. واتە لە رێگەی خەون و فەنتازیاوە دەیەوێت بگاتە رووبەرێک کە لەوێدا خەون و ئومێد و غەریزە لاشعورییەکانی بنووسێتەوە. بێگومان ئەوەش لە رێگەی زمان و ئاماژە و وشەکانەوە دێتە دی، چونکە زمان بریتییە لە کۆی ئاماژە و هێمایەک لەنێو سیستمێکی رێزمانیدا... لەڕێگەی ئەم ئاماژە و کۆدانەوە دەتوانین

سروشتی مرۆڤ بناسین، چونکە شاعیر لە ڕێگەی ئەم ئاماژە و کۆدانەوە ڕوئیا و بیرکردنەوەکانی خۆی، هەم لەسەر خودی خۆی هەم لەسەر دەوروبەری خۆی دەخاتە ڕوو. بێگومان ڕوئیا و بیرکردنەوەکانی شاعیر بۆ دەرەوەی خۆی، بەدەر نییە لە کاریگەرییەکانی باری سایکۆلۆژی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریت و ئایین و کێشە و بەربەست و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان... مەبەستمە ئەوە بڵێم شیعر لە ڕووبەرێکی ئێجگار فراوان ئیش دەکات، دەتوانێت هەموو کێشە و گرفت و خەمەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت، بەڵام مەرج نییە شاعیر هەموو کێشەکانی مرۆڤ بنووسێتەوە. شاعیر بە پلەی یەکەم هەوڵ دەدات خۆی بنووسێتەوە، غەریزە لاشعورییەکانی، خەون و ئومێدەکانی، بیرکردنەوەکانی بۆ خودی خۆی و بۆ دەوروبەر... دەتوانین بەم شێوەیە وێنەی بکێشین کەوا، لە پشتی ئاماژە و کۆدەکانەوە، پەیوەندی نێوان شاعیر و خودی خۆی لەگەڵ پەیوەندی نێوان شاعیر و دەوروبەر، بە هێڵێکی تەریب دەڕۆن... بە مانایەک، خەون و خولیاکان و غەریزە لاشعورییەکانی شاعیر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هۆکارە دەرەکییەکاندا هەیە. وەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئایین و باری ئابووری و تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، چونکە شوێنەوار بە هەموو کار و کردەوە و پێکهاتەکانییەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێکهاتەی بیر و کەسایەتی مرۆڤەکان. بەتایبەت لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریدا... بەمانایەک خەون و خولیاکان و غەریزە لاشعورییەکانی شاعیر، بەدەر نین لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە... شاعیر کاتێک ئیش لەسەر غەریزە و خەمەکانی خۆی دەکات، من پێموایە لە هەمانکات، لە پشتی ئاماژە و کۆدەکانەوە، بیرکردنەوە و ڕوئیاکانی خۆی بۆ دەرەوەش دەخاتە ڕوو، کە بیرکردنەوە و ڕوئیاکانی بارگاوین بە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دیاریکراوەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە باری دەروونی و بیرکردنەوە و پێکهاتەی کەسایەتی شاعیرەوە هەیە! دەمەوێت بەو پۆینتە بگەم و بڵێم (ئەگەر ژیان بە دەقێکی شیعری وەربگرین، شاعیر خۆی کاراکتەرێکی زیندوو و چالاکە لەنێو ئەو دەقەدا...) ئەمەش نەک تەنها بۆ شیعر، بەڵکو بۆ تەواوی ئەدەب و هونەر، کارلێک و هاوکێشەکان تا ڕادەیەک وەکو یەکن. ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە و لە ئیشەکانی "سیگمۆند فرۆید" بڕوانین، دەبینین (لە ئۆدیبی سۆفۆکلێس و هاملێتی شکسپیر و برایانی کارامازۆفی دەستۆفسکی) کێشەی کوشتنی باوک و گرێی ئۆدیبی کەشف کرد. یان لە پشتی زەردەخەنە سیحراوییەکەی سەر ڕووخساری تابلۆی مۆنالیزای داڤنشی، تەواوی یادەوەرییەکانی داڤنشی لەگەڵ دایکی و هەستی "ئەنتاگۆنیزم"، واتە ڕق

و تووڕەییەكانی بەرامبەر باوكی خوێندەوە...! بەمانایەک ئەگەر بمانەوێت لەهەر دەقێک لە باری دەروونیی شاعیر و بیركردنەوەكانی تێبگەین، دەبێت ئیش لەسەر هێما و ئاماژەكانی نێو دەقەكە بكەین، چونكە زمان یان وشەكان لە شیعردا شتێک نین جگە لە كۆمەڵێک ئاماژە و هێما... دەربارەی ئەوەی شیعری كوردی تا چ ئاستێک توانیویەتی كێشە و گرفتەكانی مرۆڤ بخاتە روو؟ من پێموایە شیعری كوردی لەم بارەیەوە درێخی نەكردووە، چونكە لەنێو شیعری شاعیرانی كوردیش وشە و ئاماژەكان پێویستیان بە خوێنەر و رەخنەگری جدی هەیە، پێویستیان بەوە هەیە بە قووڵی ئیشیان لەسەر بكرێت، تاكو خوێندنەوەیەكی دروست و هەمەلایەنەیان دەست بكەوێت...

## (٩)
## شیعر و (ئەدەبی تاراوگە)

من پێموایە ئەدەبی تاراوگە لە سەرەتای دروستبوونییەتی، دەتوانم بڵێم ئەدەبێكی تۆكمە و ئەدەبێكی هەمەلایەنە ناوی بنێین ئەدەبی تاراوگە، رەنگە لە ئێستادا ئەمەمان نەبێت... چونكە ئەدەبی تاراوگە هەڵگری تایبەتمەندی و سیما و رەنگ و رووخساری خۆیەتی... من پێموایە ئەدەبی تاراوگە وا پێویست دەكات كە كاریگەری تاراوگەی پێوە دیار بێت، بە مانایەک دەبێت تەعبیر لە ژیانی تاراوگە بكات، بە هەموو پێكهاتەكانییەوە، بە هەموو خەم و خولیاكانییەوە.. وا پێویست دەكات جیهانبینییەكی نوێ و جودا بە رۆشنی ببیندرێت. تەنانەت كاربكاتە سەر شێوازی نووسینیش. راستە ئەدیب و نووسەرانێكی بەرچاو لە تاراوگە دەژین، بەڵام دەتوانم بڵێم، زۆربەیان لەگەڵ خەمەكانی دوێنێدا دەژین...! یان لەگەڵ كێشە و گرفتەكانی نیشتمانی دایک، نەک ئەم نیشتمانە و كیشوەرە نوێیەی لێی گیرساونەتەوە...! واتە هەمیشە ئاوڕ لە دواوەی خۆیان دەدەنەوە... كەمتر تێكەڵ بە شارستانییەت و مەعریفە و كەڵچەری نیشتمانی نوێ بوون... كەمتریش رووبەڕووی گرفت و كێشە و خەمی ئەم نیشتمانی تاراوگە بوونەتەوە...! لەگەڵ ئەمانەی باسم كرد، دەبینین ژیانی تاراوگە لەنێو نووسین و ئەدەبی هەندێک لە نووسەرانی كۆچبەر رەنگدانەوەی هەیە و كاریگەری ئیجابی هەیە لەسەر داهێنانەكانیان، لە هەمانكات تاراوگە لەلای ئەم نووسەرانە بۆتە بابەتی ئەدەبی... دەكرێت (ئەسپیدیلۆن)ی (كاروان عومەر كاكەسوور) بە نموونە بهێنینەوە، بە تایبەت لە چیرۆكەكانی (ماسی و پێڵاوی چەرخەدار)دا،

که ژیانی کەمپەکان و بیئەی نوێ کاریگەریی هەبووە، یان بووەتە هەوێن و لەدایکبوونی ئەم چیرۆکانەی... یان چیرۆکێکی شێرزاد حەسەن هەیە، کاتێک بۆ یەکەم جار سەفەری فینلەند دەکات، بەداخەوە ناوی چیرۆکەکەم لەبیر نییە، چونکە سەرچاوەکەم لەبەر دەست نییە، بەڵام ئەوە دەزانم بۆ کەژاڵی هەوسەری نووسیبوو، لە چیرۆکەکە، شێرزاد لە ستۆرێکە یان لەناو مۆلێک، سەرسامە بەوەی ئەم هەموو شتە جوانانە دەبینێت کە زۆربەیان لە وڵاتی خۆماندا نین... ئارەزووی ئەوە دەکات نەک تەنها ستیانێک یان ملوانکەیەک، بەڵکو ستۆرەکە یان مۆلەکە بەسەرشانی خۆیدا بدات و بۆ هاوسەرەکەی بەرێتەوە... یان چیرۆکێکی فەرهاد پیرباڵ هەیە کە پەناهەندەیەک دە مۆز دەخوات و پەلکەکانیش فڕێدەداتە سەر شۆستە... ئیتر لێرە و لەوێ دەتوانین نموونەی لەم بابەتانە بهێنینەوە، دەبینین ئەم بەرهەمانە مۆرکێکی تاراوگەیان پێوەیە، بۆن و بەرامەی تاراوگەیان لێدێت هاوکات رۆحێکی تاراوگەشیان لە پشتە. یان لەنێو شیعری زۆرێک لە شاعیرانی کۆچبەر، بێئەندازە باس لە تەنیایی و غوربەت و نامۆیی دەکرێت... دیارە ئەمانە چەمکەهایەکن قسەی زۆر هەڵدەگرن و ئەو پەیوەندییە تۆخەشیان نییە بە شوێنەوە، بەڵام کاریگەرییەکان هەرچییەک بن، بەشێکی بۆ نیشتمان و کیشوەری نوێ و ژیانی تاراوگە دەگەڕێتەوە، من بۆخۆم تاراوگە کاریگەری بەسەر خۆم و دەقەکانمەوە هەیە و لای من بووەتە بابەتی ئەدەبی و تەنانەت کاری کردووەتە سەر شێواز و زمانی نووسینیشم... دەکرێت ناوی هەندێک لەم دەقانەم بهێنین وەک (سەحەر و دوای نیوەڕۆیەکی کەنار دەریا، نیگایەک بەسە بۆ مردن، سێرنادا، بابڕۆینە ماڵەوە گوڵم، زۆرانی تر)، دیارە ئەوە رۆشنە ژیانی تاراوگە ئاوێزانبوونە لەگەڵ، ژیان و کەڵچەر و مەعریفە و شارستانییەتێکی نوێ و خۆی لەخۆیدا دابڕانێکە لەگەڵ دوێنێ. رەنگە لە سەرەتادا ئەم ژیانە نوێیە، زۆر ئاستەم و نامۆ و جێگای سەرسامی و شاگەشکەیی بێت، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات وا پێویست دەکات وردە وردە تێکەڵاوبوون و ئاوێزانبوون رووبدات و کاریگەری نامۆییەکانیش کاڵتر و کاڵتر ببنەوە. لەگەڵ هەموو ئەو بەربەست و بارە نائاساییانە، بەڵام ناتوانین کاریکەری تاراوگە بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەرانی کۆچبەرمان نەبینین... هەروەک لە شوێنی تریشدا وتوومە (شاعیران و نووسەرانی کۆچبەرمان لە سێرچ و گەڕاندان...!) رەنگە ئەم هەوڵ و گەڕانانە لە سبەینێدا، روئیا و بەرهەم و داهێنانی جوانی لێ بکەوێتەوە، بەڵام لە ئێستادا، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کەوا، ئەدەبی تاراوگەمان لە سەرەتای دروستبووندایە...

## (١٠)
## شیعر و (شوناسی شاعیر)

بە بڕوای من، سەرچاوەی شیعر لە رووبەرێکی نادیارەوەیە، رەنگە نەتوانین بە دروستی ئەم سەرچاوەیە دەستنیشان بکەین، دەربارەی ئەو هێزەش کە شوناسی شاعیربوون بە شاعیر دەبەخشێت، من پێموایە ئەو هێزە زمانە... لە شیعردا، لە رێگەی ئیشکردن و چڕبوونەوە لە زمان، دەتوانین شیعری جوان بنووسین و داهێنانی گەورە بکەین... چونکە فۆڕمە جیاوازەکان و مانای قووڵ و خەیاڵ و فەنتازیا و کۆد و هێماکان و کەشفکردن و ورووژاندنی پرسیاری نوێ و وێنە و پارادۆکس و هەموو ئەمانە لەڕێگەی زمانەوە دەستەبەر دەبن... کەواتە لە شیعردا، زمان سەرچاوەی هەموو جوانییەک و هەموو داهێنانێک و هاوکات سەرچاوەی هەموو شوناسێکیشە...!

## (١١)
## شیعر و (تەکنۆلۆژیا و ئایندەی شیعر)

بەر لە هەر شتێک، دەمەوێت ئەوە بڵێم، چارەنووسی شیعر پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە تەکنۆلۆژیا و بەئامێربوونی شتەکانەوە نییە... شیعر راستەوخۆ پەیوەندی بە مرۆڤ و ژیانەوە هەیە... بە مانای شیعر راستەوخۆ ژیان دەنووسێتەوە، لەم راستایەش تاکە ئامانجێک کە هەیبێت جوانکردنی ژیانە... بۆیە دەتوانین بڵێین شیعر، هاوارێکە بە دژی هەموو ئەو شتانەی کە ژیان ناشیرین دەکەن، یان جوانییەکانی ژیان دەشێوێنن. دەربارەی ئەوەی ئایا پانتاییەک ماوە بۆ ئارامی شیعر؟ لێرەدا دەتوانم ئەوە بڵێم، شاعیر خۆی پێکهاتەیەک و رۆحێکی نائارامە، لەنێو پانتایی و رووبەرە نائارامیەکان ئیش دەکات. بۆیە شیعر ناتوانێت لەنێو بازنەکانی ئارامی و بێدەنگیدا بمێنێتەوە. من لەم دواییە بەوە گەیشتووم کەوا (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە). بۆیە ئەوکاتانەی ماڵی ژیان دەگوازرێتەوە بۆ سەر شەقامەکان، یان هەر شوێنێکی تر، شیعریش وا لەوێدا...! چونکە شیعر و ژیان بە یەک ئاراستە رێدەکەن، یان روونتر بڵێم شیعر لەنێو هەناوی ژیاندایە...! بۆیە شیعر نە لەنێو بازنەی ئارامی و لەنێو هیچ بازنەیەکی دیاریکراو نامێنێتەوە، بە مانایەک بە هیچ شێوە و رووخسار و رەنگێکی دیاریکراو خۆی نادات بە دەستەوە... بۆیە زۆرجاران، شیعر لەنێو ئەوپەڕی ئارامیدا، بەدوای ئەو پرسیار

و گومانانە دەگەڕێت کە نائارامیترین ئەتمۆسفیر لەلای خوێنەران دەخولقێنێت و هەندێجاریش لەنێو گەرمەی هاوار و نائارامییەکان، میلۆدییە ناسکەکانی خۆی بۆ جوانییەکانی ژیان بە ئەوپەڕی ئارامی دەچڕێت. ئیتر سیحری ئەمە لە کوێوەیە؟ هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین... ئەوە حەقیقەتی شیعرە و هیچی تر...

## (١٢)
## شیعر و (بەرەنگاربوونەوە)

ئەزرا پاوەند "جگە لەوەی شاعیرێکی نوێخواز و لە ئەمریکا بە یەکێک لە بناغە و دامەزرێنەری قوتابخانەی مۆدێرنیزم دادەنرێت، هاوکات لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی وەکو شاعیرێک و رەخنەگرێک و نووسەرێک، کاریگەری بەرچاوی بووە چ لەسەر رەوشی ئەدەبی و تەواوی رەوشی رۆشنبیریش، نووسین و بیرکردنەوەکانی بەرز دەنرخێندرێن، کەسێکی چالاک بووە بە دژی هەست و بیری رەگەزپەرستێتی، خوازیاری دونیایەکی نوێ و مۆدێرن بوو..." یان سوریالیستەکان بەدوای گۆڕانی کۆمەڵگەوە بوون، پێیان وابوو "هونەر دەتوانێت دونیا بگۆڕێت...!"، دەتوانم بڵێم هەوڵدان بۆ گۆڕینی گۆمەڵگە بەرەو مەدەنییەت و نوێخوازی، بنەما و پرنسیپی زۆرێک لە قوتابخانەکانی مۆدێرنە بوو... بە بڕوای من مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشمەندە، پڕاوپڕە لە ئومێد و مەیل و ئارەزووی رەنگاوڕەنگ، مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە خەون و خەیاڵی سپی، بۆیە هەمیشە مەیلی گۆڕان و خولیای بەرەوپێشەوەچوون و هەرچی زیاتر دەستڕاگەیشتن بە ئومێدە جوانەکانی، لە دەروونیدا کڵپە دەکات. کاتێک مرۆڤ لەنێو ئەم خەون و خەیاڵ و ئومێدە جوانانەوە، لە هەوڵی گۆڕانی ژیاندا دەبێت، بەو مەبەستەی ژیان جوانتر بکات... لە هەمانکاتیشدا هەموو هەوڵەکان و ئامانجی شیعریش "جوانکردنی ژیانە"... کەواتە، "مرۆڤ و هونەر"، یان "مرۆڤ و شیعر" هەردووک، لە پنتی "جوانی" بەیەک دەگەن و بەیەکەوە هاوکێشەکەی ژیان تەواو دەکەن...! بۆیە دەتوانم بڵێم شیعر هاوارێکی بەردەوامە، بەدژ هەموو ئەوشتانەی لەگەڵ ناخی مرۆڤ ناگونجێن و یان ئەو شتانەی دەیانەوێت ژیان ناشیرین بکەن. تا ئەو جێگایەی بە خۆم و شیعرەکانیشم دەگەڕێتەوە، من پێموایە، لەوڕۆژەوەی دەستم داوەتە قەڵەم "ئەم هاوارەم لەگەڵدایە...!" لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێک، ئەم هاوارە بە جۆرێکی تر و بە رەنگێکی تر، رووبەرەکانی دەروونی من و شیعرەکەم دادەپۆشێت...! کە بیر لە هەر ئومێدێکی لە دەستچووم، یان خەونێکی قەشەنگم

دەکەمەوە، ئەم هاوارە وا لەوێدا...! دەربارەی ئەوەش، ئایا من لەنێو شیعرەکانم بە ئارەزووی دڵی خۆم ئەم شەڕەم یان ئەم هاوارەم کردووە؟ من پێموایە، هەموو هاوارەکانم و هەڵبەز و رووبەڕووبوونەوەکانم، لەپێناو جوانییەکانی ژیاندا، لەنێو پرۆسەی نووسین و شیعرەکانم بە ئەوپەڕی ئارەزووی دڵی خۆمەوە بووە... بۆیە من پێموایە لەنێو شیعر و نووسینەکانم درێخیم نەکردووە، هەرچییەکم مەبەست بووبێت، نووسیومە... من لەکاتی نووسین هیچ بەربەستێک لەبەردەمی خۆم نابینم، بە ئەوپەڕی سنوورەکانی ئازادی دەگەم، تا ئاستی رەهایی.

## (١٣)
## شیعر و (ریکلام و دەزگاکانی راگەیاند)

دیارە لە دیمانە و لە شوێنی تر، بە دوورودرێژی قسەمان لەسەر رۆڵی راگەیاندن و پەیوەندی راگەیاندن بە داهێنان و لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیفی راگەیاندن کردووە... بۆیە زۆر بە پێویستی نازانم، لێرەدا خۆم دووبارە بکەمەوە و لەسەر هەمان بابەت بە دوور و درێژی قسەی تیا بکەمەوە. هێندە نەبێت دەمەوێت پێ لەسەر ئەوە دابگرم و تەنها ئەوە دووبارە بکەمەوە و بڵێم، ریکلام و راگەیاندن بە هیچ شێوەیەک پەیوەندییان بە داهێنانەوە نییە...! هێندە نەبێت، تەنها دەتوانن نووسەران و دەقەکانیان، یان کتێبەکانیان لە ئاستێکی بەرین بناسێنن... لە ئاستێکی بەرین ناساندنیش بە مانای داهێنان نییە...! زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە لە ئاستێکی بەرین ناسراون، کەچی نەک هەر داهێنانیان نییە، بەڵکو ئەدەب و هونەرەکەیان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە...! زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندە حیزبیانەی یان ئەوانەی لە ژێر سایاتی دەسەڵات راکشاون، کە هەموو ئیمکانیاتێک و هەموو دەزگا چاپەمەنییەکان و دەزگا راگەیاندنەکانیان لەخزمەتدایە، کەچی نووسین و بەرهەمەکانیان لە شتێکی بێ داهێنان و کرچ و کاڵ بەولاوە شتێکی تر نییە...! لە هەمانکاتدا، زۆریشن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە هەمیشە خەریکی داهێنانن، بەڵام بە دەلیلی نا حیزبیبوونیان، یان رەخنەگرتن لە دەسەڵات، یان بە دەلیلی بیرکردنەوەی جیاوازەوە، هەمیشە فەرامۆش دەکرێن و تەنانەت لە کوڵەکەی تەڕیش ناویان ناهێندرێت و باسیان ناکرێت...! بە کورتی مەبەستمە ئەوە بڵێم، ئەگەر دەقێک خۆی داهێنانی تیا نەبێت، ریکلام چی بۆ دەکات...؟ هەر ئەوەندە، دەتوانێت لە ئاستێکی بەرین بیناسێنێت و بیگەیەنێتە هەموو شوێنێک، بەڵام ناتوانێت ئەلفێکی داهێنانی بۆ بخاتە سەر...!

## (١٤)
## شیعر و (توخمە سەرەکییەکانی شیعری)

من باوەڕم وایە، خەون و خەیاڵ و فەنتازیا و وێنە و پارادۆکس و چەمکەکانی ڕەوانبێژی، کە ئەمانە پێکهاتە سەرەکییەکانی شیعرن لەنێو ڕووبەری زماندا، لەگەڵ هەستەکانی دوێنێ بوونێکی ئۆرگانیکی و زیندوویان هەیە لە پێکهاتەی شیعر. هەر بۆیە یادەوەریی کەرەسە و توخمێکی سەرەکییە بۆ نووسینی شیعر... گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیش لە ئامێزی خەیاڵ و فەنتازیادا لە بونیاد و پێکهاتەی شیعرەکانی من، یان ئیشکردنی چڕوپڕ لەسەر پارادۆکس، یان گەمەکردن بە وشە، دیارە ئەمانەش پەیوەندییان بە دوو هۆکارەوە هەیە، یەکەم: من بە هەناسەیەکی درێژەوە شیعر دەنووسم. دووەم: هەندێک لە قەسیدە درێژەکانم نزیکن لە "ڕۆمانە شیعر"، یان چەند ڕووداوێک دەگێڕنەوە، یان تەمەنێکی دیاریکراوی خۆمم نووسیوەتەوە...! نموونەی لەمجۆرە قەسیدانەشم زۆرن... بۆ نموونە: "ڕەشبەڵەکی ڕۆح"، یان "کەژاوەی خۆرەتاو"، یان توانەوە "کە پێکهاتووە لە سێ بەش"، یان "خەونەکانی مردن" و زۆرانی تر. بێگومان ئیشکردن بەم ستایل و هەناسەیە، گێڕانەوەی خەیاڵئامێز و ئاوێتەبوو لەگەڵ فانتازیادا، یان قووڵبوونەوە و مانەوە لەنێو ڕووبەرە نادیارەکان، ئەمانە نەک هەر پێویستن، بەڵکو توخم و ڕەگەزی سەرەکین بۆ پێکهاتە و بنیاتنانی ئەم جۆرە شیعرانەی کە بەم ستایل و هەناسەیە دەنووسرێن...!


## (١٥)
## شیعر و (فەلسەفە)

شیعر و فەلسەفە نزیکایەتییەکی زۆریان هەیە بەیەکەوە، ئەم نزیکایەتییە مشتومڕ و قسەی زۆری لەسەر کراوە، هەندێ کەس پێیان وایە شیعر فەلسەفەیە و شاعیرانیش وەک فەیلەسوف چاولێدەکەن، ئەوەتا لە ئەمریکا ئیلیۆت لەمەڕ داهێنانەکانی لە شیعر و بیرتیژی لە بابەتە ڕەخنەییەکانی بە شاعیرێکی فەیلەسوفی ئەمریکی ناوی دەبەن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم تێڕوانینە دروست نییە. هەرچەندە شیعر و فەلسەفە خاڵی هاوبەشیان هەیە شیعریش وەک فەلسەفە پەیوەندی بە مەعریفەی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام دوو شتی جیاوازن و هەریەکە و جۆری ئیشکردن و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە هەندێ شوێنیش ناتەبا دێنەوە لەگەڵ یەکتریدا،

بۆیە ناکرێت لە شیعردا بۆ فەلسەفە بگەڕێین... لە سەرەتا هەوڵدەدەین خاڵە هاوبەشەکانیان دیاری بکەین، شاعیران و فەیلەسوفان زۆر یەکتری دەخوێننەوە و لەژێر کاریگەری یەکتریدان. شاعیران زۆرجار ئیلهام لە فەلسەفەوە وەردەگرن. یان هەندێک لە فەیلەسوفەکان زمانی شیعریان بەکارهێناوە، بۆ نموونە "نیتچە" زۆر لەژێر کاریگەری شیعردا بووە، هەندێکەس بەرهەمەکانی نیتچە بە دەقی شیعری ناودەبەن. یان کتێبە ئایینییەکان، کە هەموویان باس لە بابەتی فەلسەفی دەکەن وەک ژیان و بوون و مەرگ و سروشت و فەلەک و... کەچی بە زمانێکی شیعری نووسراون، پلاتۆی فەیلەسوف هەرچەندە هێندە عەشقە شیعر نەبووە، بەڵام لە پەیوەند بە شیعر و فەلسەفە باس لەوە دەکات کە هەردووکیان باس لە جوانی دەکەن و جوانی خاڵێکی هاوبەشە لەنێوانیان، هەموومان دەزانین جوانی چ رووبەرێکی بەرین و فراوانی لە شیعر داگیر کردووە، جوانیش خۆی چەمکێکی فەلسەفییە، یان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان شیعر و فەلسەفەی دەروونزانی، خەون و رووبەری نەستی و غەریزەکان و پێگە و رووبەری بنچینەیین لە شیعر، لەهەمانکات ئەم چەمکانە بابەت و بنەمای سەرەکی دەروونزانین، هەروەها عەشق و خۆشەویستی، فرۆید باس لە خۆشەویستی دەکات وەک غەریزەیەک لە مرۆڤ بە غەریزەی ژیان ناوی دەبات واتە (ئیرۆس) و عەشق و خۆشەویستیش لە شیعردا، بە هەناسە و پێکهاتەیەکی سەرەکی دادەنرێت. هەروەها زمان، شیعر و فەلسەفە دەکرێت هەردووکیان لەسەر زمانی مەجازی خوازراو ئیش بکەن، یان زمانی هێماکان، کە "ئیریک فرۆم" لە کتێبێک بە ناوی (باشترین ئاستی بیرکردنەوەکانی فرۆید) باس لە خەون و هێماکانی خەون دەکات، خەون بە شیعر دەچوێنێت و زمانی نێوانیان بە (زمانی گشتگیر) ناو دەبات، چونکە هەم زمانی شیعر لە رێگەی وەقسەهێنانی وێنە و هێماکان زمانێکی گشتگیرە، هەم زمانی خەون لەڕێگەی وەقسەهاتنی هێماکان زمانێکی گشتگیرە... لەگەڵ ئەم نزیکایەتییە و رووبەر و خاڵە هاوبەشانەدا لە هەندێ شوێنیش شیعر و فەلسەفە ناتەبا دێنەوە، بۆ نموونە: فەلسەفە لەسەر هۆکارەکان و بنەمای راستی و حەقیقەتەکان ئیش دەکات، بەڵام شیعر زیاتر لەسەر خەیاڵ، زۆر بەلای هۆکارەکاندا ناچێت، فەلسەفە مەبەستییەتی دونیا بگۆڕێت، بۆ ئەم خاڵە فەیلەسوفەکان پرسیارێک لە شاعیرەکان دەکەن و دەڵێن (ئایا خەیاڵ دەتوانێت دونیا بگۆڕێت؟) هەرچەندە زۆرێک لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی مۆدێرنیزم لە هەوڵی گۆڕانی گۆمەڵگەدا بوون لە رێگەی رەخنە و دونیا بینییە نوێیەکانیان، بەتایبەت سوریالیستەکان لە شەڕێکی گەرمدابوون لەگەڵ سیستمی کۆمەڵگە و

ئایین و دابونەریتی باو، "ئۆکتاڤیۆپاز" لە نووسینێکدا دەڵێت (سوریالیستەکان لە ڕێگەی خەیاڵە جوانەکانیان دەیانویست دونیا بگۆڕن)، بەڵام لەگەڵ هەوڵە جوانەکانی هەموو قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکانی مۆدێرنەتە و تەنانەت دوای مۆدێرنەتەش، دیسان لە بەرامبەر پرسیاری (ئایا خەیاڵ دەتوانێت دونیا بگۆڕێت؟) بێ وەڵام دەمێنینەوە! لە ئەدەبیاتی کۆنی کورد و عەرەب و فارس و کۆمەڵگەی تریش، زۆرێک لە شاعیرە کلاسیکەکان لەنێو شیعرەکانیان قسەیان لەسەر بابەتە فەلسەفییەکان کردووە، بەتایبەت لە بواری فەلەکناسیدا... دەکرێت شاعیر هەمیشە ڕوانگە و دونیابینییەکی فەلسەفییانەی هەبێت و شیعریش فەلسەفە لەخۆ بگرێت و فەلسەفەش بەپێی چەمکە شیعرییەکان، بەتایبەت زمان و جوانی، ڕووبەر و جێگایەکی بەرین بۆ شیعر بکاتەوە.

کەنەدا
سەرەتای فێبریوەری ٢٠١٣




# رۆمانی (سەرەتایەکی روون)
## خوێندنەوە و رانان و سەرنج

**ئەحمەد قادر سەعید**

رۆمانی (سەرەتایەکی روون)، رۆمانێکی هەشت سەدو سی و حەوت لاپەڕەیی قەبارە مامناوەندی رزگار عیسا سوار-ە، من یەکەمجارە ئەو کاکە بەرێزە لەناو لیستی رۆماننووسانی کورددا بێتە بەرچاوم، بەڵام کە رۆمانەکەیم بینی و کەوتە بەردەستم، دەستم بە خوێندنەوەی کرد و لەگەڵیدا بەردەوام بووم، هەتا لە ماوەیەکی باشدا هەموویم خوێندەوە، لەبەر بایەخی رووداواکانی ناو رۆمانەکە بەباشم زانی خوێندنەوەیەکی بۆ بکەم و لەپاڵدا چەردەیەک سەرنج دەربارەی کۆی بابەتەکە رانێم.

ئەم رۆمانە ململانێیەکی ئەفسوناوییە لەنێوان جەستەی رووناک و پیتۆڵەکان و نەوەی مرۆڤ و کەسانی دژ بە رووناکی و راهاتوو بەدژایەتیکردنی نەوەی پاک و بەگژداچوونەوەی هەموو ئەو هەست و رێبازانەی لە بنچینەدا بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی هاتوونەتە ئاراوە. سەرەتای ئەو رۆمانە دوورو درێژە بەئەفسانە دەستپێکردووە و هەر بە بەئەفسانەش کۆتایی هاتووە و رووداوەکان هەر هەموویان لەناو ئەفسانەدا رێبەریکراون و جێیان بۆ کراوەتەوە، واتە رۆمانێکی ئەفسانە ئامێزە.

ئەوە شاژن رۆناو ئۆلاندیلۆی هاوسەریەتی لە وڵاتێکی پڕ ئارامیدا ژیان دەگوزەرێنن و خۆیان بۆ خزمەتی خۆیان و دانیشتوانی پاشانشینەکەیان تەرخانکردووەو ئارامی لەناو وڵاتدا بەتەواوی بەرقەرارە، هەتا ئەو کاتەی لەشکری ئیلفۆرد دێت و بەخۆی و سەربازە دڕندەکانی هێرشێکی بەربڵاو دەکەنەسەر وڵاتەکەیان و ئارامیان لێدەشێوێنن و دامودەزگاکانی دەوڵەتیان لێ تەفروتوونا دەکەن و هەرچی ئەوان بەدەستیان هێناوە لەناوی دەبەن، دیارە مەبەستی سەرەکیش لە هێرشکردنەسەر ئەو وڵاتە بەدەستهێنانی تاجی پاشایەتی ئەو وڵاتەو وڵاتانی ترو پاکماڵکردنی نەوەی رەسەنی مرۆڤایەتییە، بەڵام شاژن و شاو ئەوانەش کە لەبازنەی ئەواندا خۆیان دەبیننەوە، خۆیان نادەن بەدەستەوە بۆیە شاژن ئەو سندوقە کریستاڵیانەی تاجی پاشایەتییان تێدا پارێزراوە دەنێرێت بۆ وڵاتە دوورەکان و خۆشیان لەو ناوە باردەکەن و رێگای هات و نەهات دەگرنەبەر، بەڵکو بتوانن بۆ جارێکی دی خۆیان رێک بخەنەوە یان هەلێکیان بۆ بڕەخسێت بەگژ سوپای ئیلفۆردی دێودا بچنەوەو دوای تێکشکانی وڵات، ئاوەدانی بکەنەوەو لەشکری تاریکی لەناو بەرن.

ئەوەی جێی سەرنجە منداڵەکانی شاژن و هەندێک لەدەست و پێوەندەکانی، بەو بارودۆخەی خۆی لەخۆبەدەستەوەداندا دەبینێتەوەو بەقەدەرێکی نادیاری دەزانن، رەتدەکەنەوە و بەو قەدەرە نادیارە رازی نابن و ملکەچ ناکەن و لەفەرمان و داواکارییەکانی پاشاو شاژن دەردەچن و خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی دی ئامادە دەکەن و بەوەش دەستپێدەکەن کە دەبێت بزانن ئەو لەشکری تاریکییە لەکوێیەو لە چ جێیەکەوە سەر چاوەیان گرتووە، ژیان و گوزەرانیان چۆنە.

تیۆدلینا کچی شاژنە لە ئەفسانەکەدا تەمەنی بە سەدو حەڤدە بەهار دانراوە، داوای مۆڵەت لەدایک و باوکی دەکات رێگەی بدەن بەدوای ئەو نهێنیانەدا بچێت کە ئەو لەشکری دێوو درنجانە لەخۆیان گرتووەو دەیانەوێت خەڵکی پێ لەناو بەرن و خۆیان وەک توخمی شەڕخواز بمێننەوەو فەرمانڕواو ببڕەو بکوژ هەرخۆیان

بن. دایک و باوکی تیۆدلینا ڕێگەی پێنادەن ئەو سەفەرە پڕ لەمەترسییە ئەنجام بدات و خۆی باوێتە ناو قەدەرێکی زۆر ئاڵۆزو نادیارەوە، بەڵام تیۆدلینا بەو بڕیارەی ئەوان رازی نابێت، بەڵکو پێداگری لەسەر ڕۆیشتن و بەدواداچوون دەکات و روو لە ڕێنماییەکانی باوک و دایکی وەردەگێڕێت و خۆی ئامادە دەکات تا ملی ڕێگا بگرێت، هەرچەندە باوک و دایکی بەتایبەتی باوکی هەڕەشەی ئەوەی لێدەکەن و سەرنجی بۆ ئەوە رادەکێشن و پێی دەڵێن ئەگەر شتی وا بکەیت و بڕۆیت ئەوە بۆ دواجارت دەبێ لەو ماڵە دەچیتە دەرەوەو جارێکی دیکە بۆت نییە بگەڕێیەوە ئەو ماڵەو ئەو وڵاتە لەتۆ حەرام دەبێت و هەرچیشت بەسەر بێت ئەوە خۆت لە هەڵسوکەوتەکانت بەرپرسیاری و باری گرانی ئەو ڕێگا هاتونەهاتە بەتەنیا هەر لەسەر شانی خۆتەو ئێمە ناتوانین بەرگریت لێبکەین یان بەدەنگتەوە بێین و هەر کە دەشڕۆی دەبێ ئەوە بزانی ئەوە ڕۆیشتنی یەکجاریت دەبێت، ناتوانی سەر بەم وڵات و ماڵەدا بکەیەوە. بەڵام تیۆدلینا ئەو قسانەی بەگوێدا نەچوون و توێشووی ڕێگای ئامادە کردو بەرەو سەفەری نادیار بەڕێدەکەوەێ، کاتێک ئەلیندای دادەی کە تەمەنی لە هەزار ساڵ بەرەو ژوورەو لەبەر پیری چەماوەتەوە، ئەوە دەزانێ و تێدەگات کە تیۆدلینا پەشیمان نابێتەوە دڵی بۆی دەسووتێ و ڕێگای هاتونەهات لەگەڵیدا دەگرێتە پێش و هەردووک لا دەستدەکەن بە ڕۆیشتن، هەنگاو بەرەو ئەو شوێنەی ئیلفۆردو سوپاکەی لێی نیشتەجێن دەهاوێن و تا بەڵکو بتوانن بەهۆیەک لەهۆیەکان نهێنی ئەو لەشکرە رەشە بزانن و لە دوای ئەوە پلانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو لەناوبردنیان دابنێن و ڕووناکی بۆ سەر زەمینەکانی مرۆڤ بگەڕێننەوە. تیۆدلینا دەڕوات و بێفەرمانی دایک و باوکی دەکات لە قسەیان دەردەچێت و گوێ بەهەڕەشەکانیان نادات، کە لەداهاتوودا ناهێڵن بگەڕێتەوەو سەرزەمینی خۆیانی لێ قەدەغە دەکەن، کەچی لەگەڵ ئەو هەڕەشە گەورەیەش کاڵەو پێتاو لەپێدەکات و ڕووەو سەر زەمینە تاریکەکان و بەرەو چارەنووسێکی نادیار ملی ڕێگایەکی پڕ لە مەترسی دەگرنەبەرو لەگەڵ ئیلیندای دادەی زۆر بەتەمەن لەخۆی گەورەتر دەست بە ڕۆیشتن دەکەن. دەڕۆن و بەردەوام دەبن لەسەر ڕۆیشتن و بەربەستەکان دەبڕن هەتا بەلای چەندین دروستکراوی سەیر و سەرسوڕهێنەری ئەفسانەییدا تێدەپەڕن و لەکاتی بە یەکگەیشتنیان لەگەڵ ئەو جۆرە مەخلوقاتە سەیرانە سەرەتا ترس و ئینجا سڵەمینەوەو لەپاشانیش دەستەمۆبوون لەیەکتری، نزیکبوونەوە لەنێوانیان دێتە ئاراوەو لەئەنجامی ئەو لەیەکتری نزیکبوونەوەش هۆکاری بەرەو پێشچوونیان بۆ دێتە پێشەوەو ئەوانیش بەردەوام دەبن و ئەو سەفەرەی کە پڕیەتی لەتەنگ

و چەڵەمەی زۆر ئەوانی هانداوە هەمووان فەرامۆش دەکەن و لەبیری خۆیاندا نایانهێڵن و بەفەرامۆشییان دەسپێرن.

ئەوەتا هۆزی کیسەڵ کۆچبەرەکان کە زۆربەیان لەسەر پشتی کیسەڵێکی بەتەمەن چادریان هەڵداوە و تیایدا دەژین، هەوڵدەدەن لەناویاندا بمێننەوەو ژیان لەگەڵ ئەوان بگوزەرێنن، بەڵام کاتێک کیسەڵەکان دەزانن ئەوان بۆ مانەوە نەهاتوون و دەیانەوێ بەرەو مۆڵگەی سوپای تاریکی و رەگەزەکانی بندنیاکان بچن، سەرەتا بەناخۆشی و لەدوایشدا بەجۆرێک لەدەرکردن رێگایان پێدەدەن برۆن و ئەوانیش بەردەوام دەبن لەسەر سەفەرەکەیان و ئەو سەر زەمینە بەجێدەهێڵن و بەناو هەورازو نشێوو گردو دۆڵی زۆر قووڵدا لەناو هەوای ساردو سەرماو سۆڵەدا دەستدەکەنەوە بە رۆیشتن.

لەبەردەوامی ئەو رۆیشتنەدا دیسانەوە بەرەو رووی چەندان دروستکراوی ئەفسانەیی دەبنەوە کە هەر هەموویان جێگای سەرنج و تێرامان بوون لەوانە گیاندارێکی ئەفسانەیی بەناوی دووگیان. واتە پێکهاتوو لە دوو گیانی لەیەکتر جیاواز، کە پێکهاتبوو لە تێکەڵبونی دوو رەگەز واتە بەشێکی لە رەگەزی مرۆڤ و بەشێکی دیکەشی لەرەگەزی دێوو دڕندەکان. ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەفسانەیەک کە لەناو چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا ئاماژەی پێکراوە، کە دەگوترا دێوەکان لەزۆر هەلدا مرۆڤەکانیانیان بەتایبەتی لە رەگەزی مێیان دەفراندو لەناو ئەشکەوت و جەنگڵسانەکاندا لەگەڵیان جوتدەبوون و نەوەیەکیان لێ بەرهەم دەهێنا، بەشێکی دێوو بەشێکیشی مرۆڤ بوو. هەر لەو سەفەرەیاندا رووبەڕووی جۆرێکی تر لەمەخلوقاتە سەیرەکان دەبوونەوە پێیان دەگوت پێگەورە. ئەو پێگەورەیە لەسەر و کەللەدا لە دێو و درنج دەچوو لە لەش و جەستەشدا دەبوو بەکرمێکی گەورەو دەست و پێیەکانیشی زیاتر لە دەست و پێی مرۆڤ دەچوون. ئەو درووستکراوانەو زۆری تریش کە دەهاتنە سەر رێگایان سەرەتا مامەڵەی دوژمنایەتییان لەگەڵ دەکردن، بەڵام لەدوای چەندوچوونێک دەبوونەوە بەدۆست و وا خۆیان نیشاندەدا کە دۆستی رەگەزی مرۆڤن و بەهۆی جۆرێک لەجۆرەکانی ئەفسانەو سیحرەوە وایان لێبەسەرهاتووە لەدوای هەموو ئەو شتانەی دەیان بینی ئەوان لەهەوڵی خۆقوتار کردنیان بەردەوام دەبوون و بەرەوپێشەوە هەنگاویان هەڵدێنایەوەو بەردەوامیان بە رۆیشتن دەداو کارەسات و ماندوو بوونەکانیان بەفەرامۆشی دەسپاردو خۆشیان بۆ پێشهاتێکی دی ئامادە دەکرد.

لەو دروستکراوە ئەفسانەییانەی لەو سەفەرەیاندا رێنمایی دەکردن سیمرغی پیر بوو. ئاماژە کردن بۆ سیمرغی پیر ئاماژەکردنە بۆ ئەو باڵندە ئەفسانەییەی

لەناو چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا بوونێکی بەرچاوی هەیە، وەک چۆن داینا‌سورەکان جاروبار دێنە ناو فیلمەکان و تەڕو وشک بەیەکەوە دەسووتێنن ئەو باڵندەیەش بەو جۆرە بۆ یارمەتیدانیان لەئاسمانەوە بەهانایان دەهات و یارمەتی دەدان و هەرچی بیانویستبایە بۆیانی دەستەبەر دەکردو ڕێگای چوونە پێشەوەیانی نیشاندەدان.

تیۆدلینا و ئەلیندا، لەسەر ئەو ڕۆیشتنە پڕ لە کێشەو مەترسییانە بێ سڵکردنەوە بەردەوام بوون، هەتا لەگەڵ کۆمەڵێک لەو هاوڕەگەزانەی خۆیان بەبێ ئەوەی یەکتری بناسنەوە یەکانگیر دەبنەوە کە ئەوانیش بەلایەکی ترداو بەشێوازێکی دی بۆ هەمان مەبەست و بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای تاریکی دەست بەهاتن دەکەن و بە دۆڵ و نزارەکاندا دێن. ئەلڤین و هاوەڵەکانی بەرەو شاری پاشاکانی تاریکی و دێوو درنجەکان لە ڕێدا بوون، لەناو ئەو ڕۆیشتن و هات و چوونەدا دوای ماندووبوون و هیلاکییەکی یەکجار زۆر و دوای ئەوەی لەگەڵ ئەوان یەکتری دەناسنەوە دەبن بەیەک تیم و بەرەو شاری میرغەزەب هەنگاو هەڵدەهێنن و لە ئەنجامدا دەگەنە ئەو شارە. میرغەزەب یەکێک بوو لەسەرکردەکانی ئیلفۆردی دێو، سەرکردەی سوپایەکی بێشوماری دێو و درنج بوو کە هەر هەموویان بەخواردنی گۆشتی مرۆڤ پەروەردە کرابوون، ددانە جیڕەیان لە خواردنی گۆشتی مرۆڤ و ڕەسەنە نایەبەکان دەکردەوە. ئەو دوو کۆمەڵە واتە کۆمەڵی تیۆدلیناو ئیلیندا لەلایەک و ئەلڤین و تاڤین و هاوەڵەکانی تریان لەلایەکی تر دەچنە ناو شاری میرغەزەبەوە. دەبوو هەرکەسێک کە دەچێتە ئەو شارەوە خۆی بەپیاوان و سەربازانی میرغەزەب بناسێنێت و ئەگەر هەر کەسێک هات و ئەو کارەی نەکرد ئەوە بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک سەری لەلاشەی جیادەکرێتەوە. هەردووک کۆمەڵ دوای ڕاوێژکردن بەیەکتری بڕیار دەدەن خۆیان ڕادەستی پیاوانی میرغەزەب بکەن و خۆیان بناسێنن. کاتێک ئەو کارە دەکەن چەکداران ناونووسیان دەکەن و حەواڵەی کۆشکی میرغەزەب دەکرێن، تالەوێ بۆهەر یەکێکیان ژوورێکی تایبەتی ئامادە بکەن و بیانبەن بۆ حەمام و سەریان بشۆن تا ئامادەیان بکەن بۆئەوەی هەر یەکێکیان بەدیاری بەرن بۆ فەرماندەیەک لەفەرماندە دڕندەکانی میرغەزەب بۆ ئەوەی ئەویش ئەو شەوە لەگەڵ هەر یەکێکیان بمێنێتەوەو شەراب بخۆنەوە، جا ئەگەر ئەوانیش پێیان باشبوو ئەوە لەگەڵیاندا دەمێننەوەو دەیانبەن بۆ شەڕ یان سەریان لە لەشیان جیادەکەنەوە. بەر لەو حاڵەتە بەماوەیەک ئیلیندا لە تیۆدلینا جیا دەبێتەوەو لەلایەن جەنگاوەرانی میرغەزەبەوە دەستگیر دەکرێت و دیلدەکرێت هەر دوای دیلکردنیشی ڕەوانەی گرتوخانەکانی بندنیا دەکرێت و

لەوێ بەدیلی دەمێنێتەوە کە لەگەڵیدا سەدان کەسی دی لەوێ لەناو ژیانێکی سەخت و دژواردا ژیان بەسەر دەبەن و چاوەڕوانی ئەو کات و ساتە دەکەن سەریان لەلەشیان جیا بکرێتەوە، بە هۆیەوە ئەو دوو کەسە کە هەر لەسەرەتاوە هەگبەی سەفەریان بەیەکەوە بەکۆڵدا دا بوو لەیەکتری دادەبڕێن و ئاگایان لەحاڵ و گوزەرانی یەکتری نامێنێت. لەیەکتر دابڕانی ئەو دوو کەسە بۆهەرکامیان دەبێ بەخەمێکی گەورە، بەتایبەتی بۆ تیۆدلینا کە هەمیشە هەر لە یادی ئیلیندای دادەی دابوو لەبیری نەدەچۆوە نەیدەزانی بەچ ڕێگایەک دەتوانێت رزگاری بکات بۆیە هەر کە بیری دەکەوتەوە خەم دایدەگرت و نەیدەزانی لەپێناو رزگارکردنیدا چیبکات بەتایبەتی دەیزانی رزگاربوون لەزیندانەکانی میرغەزەب کارێکی هەروا ئاسان نییە. لەدابەشکردنی کچانی سەرزەمینە ڕووناکەکان تیۆدلینا بەر هیۆرۆدۆس دەکەوێت، کە یەکێک بوو لەفەرماندە هەرە نزیکەکانی میرغەزەب. ئەو فەرماندە کە باوکی لەجەنگەکانی دژ بەسوپای ڕووناکی دەکوژرێت سوێند بەخوێنی باوکی دەخوات کە تا شمشێرەکەی نەشکێ دەست لە میرغەزەب بەرنادات و بەهەموو توانایەکییەوە بەرگری لێدەکات و لەهەوڵیشدا دەبێ تاجی پاشایەتی بۆ وەدەست بێنێت و بیکات بە پاشای هەموو سەر زەمینەکان و هێنانی بەرەی مرۆڤ بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەو و چەوساندنەوەیان. لەو شەوە دا کە شەڕکەرانی میرغەزەب تیۆدلینای بەدیاری بۆدەهێنن، ئەو شەوە لەگەڵیدا دەمێنێتەوەو بەهێمای چاوەکانی دەردەکەوێت کە ئەو هیۆرۆدۆسە نە دەیەوێت لەگەڵی رابوێرێ و نەسەرخۆشیشی دەکات. لەدوای قسەو گفتوگۆی زۆرەوە ئاشنایەتییەک لەنێوانیان دێتە ئاراوە تا لەئەنجامدا هیۆرۆدۆس حەزدەکات لەگەڵیدا بمێنێتەوەو نەیکوژێ، بەڵکو لەجیاتی کوشتن هەر لەلای خۆی بیهێڵێتەوەو ئەگەر ئەوەش بکات دوور نییە سۆراغی ئیلیناشی بۆ بکات، بەڵام تیۆدلینا ئەو بیرۆکەیە بە پەسند نازانیێ و بڕیاردەدات لەهاوڕێیەکانی جیانەبێتەوە. ئەلڤین کەماوەیەک لەگەڵ ئەو شەڕکەرانە دەمێنێتەوە لەبەر ئازایەتی وچەلەنگی خۆی متمانەی پێدەکەن، دەیکەن بە فەرماندەی پێنجسەد لەشەڕکەرانی میرغەزەب و بەرەو باکوور سوپایەکی بۆ ڕێکدەخەن تا بەرەنگاری بەرەی رەسنە نایابەکان ببێتەوەو تەفروتوونایان بکات و لەناویان بەرێت و هەرچیش هاتە سەر ڕێی قەڵاچۆیان بکات. ئەلڤین سەرکردەی سوپاکەی گرتە دەست. لە ڕۆژێکی زۆر ساردا بەسواری ئەسپەوە خۆی و پێنجسەد سوار بەرەو باکوور دەکەوێتە ڕێ. ئەو هەر بە ڕێدا دێت و بەڵام لەهەگبەی بیرو هزری جەنجاڵیدا چەندین خەم خۆیان حەشاردابوو و ئەوەش کە زۆر لەیادیدا وەک مۆتەکەیەک خۆی

دەنواند خراپ مامەڵکردن بوو لەگەڵ تاڤینی هاوەڵیدا کە لەو شەوەدا ئەوەی لەگەڵیدا مابۆوە خراپترین مامەڵەی لەگەڵدا کردبوو بەجۆرێک تا چەند رۆژێک نەخۆشی خستبوو و ئاگای لەدنیا نەمابوو. جگە لەخەمی تیۆدلینا کە تا ئەو کاتە نەگەڕابۆوەو سەر لەلاشە جیاکردنەوەی ئۆرامی هاوەڵی لەبری خوێنی ئەو بازرگانەی کە بەر لەشەوێک لەناو کۆشکەکەی میرغەزەبدا کوژرابوو لەبیری نەدەچووەدەرێ. ئەلڤین هەر دێت و بەرەو رووبەڕووبوونەوەی سوپای باکوور ئاوزەنگ لە کەمەری ئەسپەکەی دەدات. دوای ئەوەش کە تیۆدلینا بڕیاری ئەوەدات لەهاوەڵەکانی جیانەبێتەوە مۆڵەت لەهیۆرۆدۆس دەخوازێ و بەدوای ئەواندا ملی رێگا دەگرێتەبەر، دەست دەکات بەهاتن بەدوای هاوەڵکانیدا، کێوو بەندەنەکان دەداتە پێشخۆی. کاتێک ئەلڤین بەخۆی و سوپاکەیەوە لە رۆیشتن بەردەوام دەبێت بەئاسمانەوە پەپوولەسلێمانکەیەک بەسەر سەریانەوە دەفڕێ هەر دێت و دەچێت تا وایان لێدەکات سەرنجی بدەن، لەو کاتەدا پەپوولەسلێمانکەکە دەیەوێت بەشێوەیەکی ئەفسانەیی رێنماییان بکات بۆ شوێنێک کاتێک بەدوایدا دەچن پەپولەسلێمانکەکە خۆی دەکات بە ئەشکەوتێکی نزیکداو ئەوانیش بەدوایدا دەچنە ناو ئەشکەوتەکەوە، بەڵام چ ئەشکەوتێک دوورو درێژوو قووڵ، ئەوان بەخۆیان نازانن تا لەکاتی رۆیشتنیاندا لە سندوقێکی کریستاڵی هەڵدەنگون کاتێک سندوقەکە لەناو تەپوو و تۆزدا دەردەهێنن و سەیریدەکەن تاجەکەی پاشا هۆڵمانی لەناو دایە، بەدۆزینەوەی ئەو سندووقە زۆربەی گرێ کوێرەکان دەکرێنەوەو لەو ئامانجە نزیکیان دەکاتەوە کە ئەو سەفەرەیان لەپێناودا ئەنجام دابوو. تیۆدلیناش کە هەر لەدوای ئەوانەو بەرێکەوتبوو لەنا ئەشکەوتەکە پێیان دەگاتەوەو هەر لەکاتی بەیەک گەیشتنەوەیاندا ئیدی پلانی داهاتوو دادەرێژن کە بریتی دەبێ لە بەرەنگاربوونەوەی لەشکری شەڕخوازان. ئەو کاتەش پلانەکەیان تۆکمە تر دەبێ کە حەوتسەد سوار لە سەربازانی وڵاتی رووناکی لەگەڵیان تێکەڵ دەبن ودەبنە پاڵپشتیان و هێزێکیمەزن درووستدەکەن بۆ لەناو بردنی سوپاکەی میرغەزەب هیرش دەستپێدەکەن کە بنچینەوهۆکاری سەفەرە مەزنەکەیانە. ئەلڤین وتیۆدلینا بە شاژن رۆنای دایکی تیۆدلینا شاد دەبنەوە، دوای ماوەیەک شاژن رۆنا بەتیۆدلینا دەڵێت کە باوکی لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەیدا لەگەڵ شەڕکەرانی سەردەمە تاریکەکان کوژراوە. تیۆدلینا بەو هەواڵە خەم دایدەگرێ ودوای ماوەیەک دەچێتە سەر گۆڕەکەیی وئاوات دەخوازێ کەلەژیاندا مابایە و دیدەنی بکردایەتەوە.

دۆزینەوەی تاجەکەی پاشا هۆڵماک کۆتایی بە پرسەکە نەهینا بەڵکو کاتێک

هەموو ئەو شتانە کۆتاییان دێت کە میرغەزەب وسوپاکەی لەناو بچن وسەردەمی تاریکی کۆتایی بێت. بەڵام ئێستا کە ئەو دێوە دڕندەیە لەژیاندا ماوە ئەوە مانای وایە مارە گەورەکە سەری پان نەکراوەتەوە کە ئەوەش بۆهەموو لایەکیان بەربەستێکی گەورە بوو کە دەبوو لەناو بچێت ئەگەر نا ئەوا هەرکاتێک هەلی بۆ هەڵکەوێت هێرش دەکاتە سەر وڵاتی رووناکی و هەموو دنیا نقووم و نغرۆی ناو تاریکی دەکات. بۆ ئەوجارە هەر هەموویان رووی سوارەکانیان بەرە ومەڵبەندی تاریکی واتە شارەپڕ لە وێرانکارییەکەی میرغەزەب دەسوڕێنن وبەرەو جەنگی یەکلاییکەرەوە هەڵمەت دەبەن، بەڵام لەکاتی هەڵمەتبردندا کاتێک دەگەنە ناو شارەکەوە هەرچی دەرگاو دەروازە یە بەسەریاندا دادەخرێ میرغەزەب فرمان بەشەرکەرانی دەدا ئەو سوپا بودەڵەیە لەناو بەرن و سەربازە نەگریسەکانیان بکەن بەژەمێکی چەورو نەهێڵن کەسیان لێدەرچێت. ئیڤا سەرباری کەمی تەمەنی بەرەو رووی سوپای دێوە ئەفسانەکان دەچێت و بەردە پرشنگارە ئەفسوناوییەکەی گەردنی بەرەو روویان بەرز دەکاتەوە، کاتێک بەردەکە تیشکە ئەفسوناوییەکەی ئاراستەی دێوەکان دەکات هەرچی بەربەستی ناو ژوورەکانە هەرەس دەهێنن و هەرچی دیوار ولەمپەر هەیە بەسەر یەکدا دەرمێن. بەهەرەس هێنانی ئەو بەربەستانە سوپای شەڕخوازان دوچاری دوایین شکست دێن و دەسەڵاتیان بەسەر بارو دۆخەکەدا نامێنی ئیدی دوای ئەوە دەرگای زیندانەکان دەکرێنەوە وزیندانیان بەرەو دنیای ئازادی وەک باڵبگرن دێنەدەرەوە وهەوای ئازادی هەڵدەمژن وهەرکامیشیان دەبێ بەسەربازێک وبەگژ سوپای میرغەزەبدا دەچێتەوە. دەبێ بەشەرێکی یەکلا کەرەوە و سەرەنجام لەشکری تاریکی شکست دەهێنێ و هەر لەو جەنگەشدا شمشێرەکەی هیۆرۆدۆس دەشکێ بەشکانی ئەو شمشێرە ئەویش لەمیرغەزەب دادەبڕێ و خۆیدەداتە دەست فەرماندەکانی سوپای روناکی وەک جەنگاوەرێکی بە ئەزموون بەرگرییان لێدەکات و دەستدەکات بە شەڕکردن و وەفای خۆی بەباشی دەنوێنێ. ئەوە دوایین جەنگ بوو کە لەنێوان بەرەی رووناکی و سوپای تاریکیدا بەرپابوو و ئەنجامیش لەبەرژەوەندی سوپای رووناکی کۆتایی هات و ئەوان تیایدا سەرکەوتن. شاژن رۆنای دایکی تیۆدلینا کە لەناو ئەو جەنجاڵییە ئامادبوو بەکچەکەی شاد دەبێتەوە و ئیلیندا ئازاد دەکرێت و لەدوایشدا تاجی هۆلما پاشا دەخرێتە سەر سەری ئەلڤیای کوڕی و کۆتایی بەدەسەڵاتی شەرخوازانەی میرەکانی شەڕدەهێنرێت. ئەوەی لەو کاتەدا تیۆدلینای دڵتەنگ کردمردنی باوکی بوو بۆیە بەکوڵ بۆی گریا کەنەیتوانی لەدوادەمەکانی سەرکەوتن چاوی پێیبکەوێتەوە.

ئەم ڕۆمانە پڕلە ئەفسوونە کە هەر لەبنچینەدا بە ئەفسانە دەستی پێکردووەو بەویش کۆتایی هاتووە زۆر ڕووداوی سەرنجڕاکێش رادەنێ و باس لەزۆر ڕووداوی پڕلەگرێ و گۆڵ دەکات. لەوانە کۆمەڵێک لەشەڕخوازان هەڵمەت بۆ ئەو کەسانە دەبەن کەبتەکانیان شکاندووە، بەڵام لەدواییدا پێیان دەگوترێ ئەوەی ئەو بتانەی شکاندوووە بتە گەورەکەی تەنیشتیانە. ئەوە ئاماژەیەکە بۆچیرۆکی نەمروود کە لەگەڵ ئیبراهیم پێغەمبەر ڕووبەڕووی یەکتریکردنەوە کاتێک ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەربێ بتەکان دەشکێنێ و تەورەکە دەخاتە سەر شانی بتە گەورەکەیان و نەمروود بەو حاڵەتە دەزانێ و بانگی ئیبراهیم دەکات و پێیدەڵێت کە ئەو کارەی بۆکردووە ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت بتە گەورەکەیان ئەو کارەی ئەنجام داوە ئەگەر زمانیان هەیە لێیان بپرسن بزانن بۆ بتەکانی شکاندووەو کاریلەو جۆرەی بۆ کردووە، بەو هۆیەوە نەمروود لێی بەرقدادێ وبڕیاردەدات لەئاگردا بیسووتێنێ. هەر لەو ڕۆمانەدا ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە کراوە کە کاتی خۆی گالیلۆگالیلی لەسەر لەسێدارەدرا ئەویش بریتییە لە سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیداو بەدەوری خۆردا، کە لە هەندێک کاتدا کەسەکان بەیەکتری دەڵێن زەوی خڕە جگە لە ئاماژەکردن بۆدیاردەی پیتانی هێلکەی مرۆڤ لەگەڵ تۆوی مەخلوقەکانی دی بۆ هێنانەدی مەوخلوقێکی دڕندەی وا مرۆڤ لەناو ببات کە دیارە لەو هەوڵیان سەر کەوتوو نەبوون.

بەهەر حاڵ ئەو ڕۆمانە هەڵدەگرێ زیاتری لەسەر بنووسرێ و قسەی جۆراو جۆری لەسەر بکرێت. هەرچەندە زۆربەی ڕووداوەکانی ڕووداوی خەیاڵین و دەچنە ناو ئەندێشەکانی مرۆڤی تینوو بە ئازادی کە لەو بابەتەدا لەگەڵ جۆرێک لەئەفسانە تێکەڵ کراوە و سەرەنجامیش ڕووداوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ڕەسەنی مرۆڤ ڕەسەنێکی باڵایە و دەبێ ڕێڕەوەی ژیان هەر لە ژێردەستی ئەو دابێ و بەو بسپێردرێت و ئەویش لەو ڕێڕوەدا دەبێ پەیرەوی لەدادپەووەری بکات و مرۆڤەکان لەدیدی ئەودا یەکسان بن تا ژیان بە ڕێڕەوە ئاساییەکەیدا بەڕێوە بچێت. ئەوەتا ئەلڤین کاتێک میرغەزەب دەکوژێت بەر لەوەی دوا گورزی مردنی لێبدات پێیدەڵێت :ناوم ئەلڤینە کوڕی هۆلماک نەوی تیۆدۆس میراتگری هۆڵمان شام، ئێستا دوایەمین هەناسەی ژەهراویت لەسەر دەستی من تەواو دەبێ. دەستە چەپەڵەکانت بەخوێنی دایک و باوک و خوشک و براو پیرو گەنج و مناڵەکانی زۆر لەسەر زەمینەکان سوور بووە، ئەمڕۆ ئەو دەستە دەبڕینەوە. دوای مشت ومڕێکی کەم خایەن ئەلڤین بە شمشیرەکەی گیانی لێدەستێنێتەوە و مرۆڤایەتی ڕەسەن لە کۆشت وبڕین ڕزگاردەکات. لەدوا دەمەکاندا هەر پێنج

ڕەسەنە کە لەوێ بوون، پاک و فریادڕەس و دەستڕەنگین و پێکراوەکان و پیتۆڵ و زاناکان و زێبای دەریاکان و شاژن ڕۆناو ساراوان و ئالان وئانابێڵ وهێماو سیدراو لیۆمین وئیلیندا ـ پاشای کۆچەرییەکان وپیگەورە کە لەدواییداناوی دەبێتە هاوڕێ ودووگیانەکان ورەسەنی مرۆڤ لەهەموو جۆرە ڕەنگەکان. لەبەندەری ئاواتیش سەدان کەشتی کریستاڵی لەنگەریان خستبوو، وەک ئەوەی ئیتر ڕەسەنە نایابەکان ئەرکی خۆیان بە کۆتا هێنابێ و بیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ سەر زەمینی پاشای نوور ئەوە پوختەی ئەو ڕۆمانە دوورو درێژە بوو کە لەتێکچڕژانی دەیان ڕووداوی تر هاتۆتە بەرهەم. ئەویندارى ئەلڤین وتیۆدلینا کە هەر لەسەرەتاوە لەئاسۆیەکی ڕوونیان دەڕوانی ئەوتا لەو کاتی سەرکەوتنەدا تیۆدلینا بە ئەلڤین دەڵێت: دەزانی ئەو پێگەورە جارێکیان بەمنی گوت تۆ چاوڕەشێک دەدۆزیتەوە، هەرگیز نەمدەزانی ئەوەی ئەو باسیدەکات لەڕەسەنی مرۆڤ بێت، من ئەوکاتە لەقسەکانی نەدەگەیشتم، هەر چەند پێیگوتم ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان بوومە شاژن ناوێک لەناوە جوانەکانی بۆدیاری بکەم تا ئەویش لەو قالبی دڕندەییە بێتەوەدەرەوە و ژیانە ئاساییەکەی خۆی دەسپێبکاتەوە. ئەوەتا لەدواجاردا کە دەبیتە شاژن و لە گەڵ ئەلڤیندا دەبن بە شا وشاژن، تیۆدلینا سەر بەسنگی ئەلڤینەوە دەنووسینێ و بە ئومێدەوە لەئاسۆی ڕوون دەڕوانێ ودەڵێت :ئەگەر بەوردی سەرنج لەقەڵا ویرانە بەجێماوەکەی ئیلفۆرد بدەن هەموو تێدەگەن کەدەبێ بەرێزەوە بەسەر ئەم سەرزەمیندا بڕۆن و فوو لە چرای نێو ئەم تەلارە ڕۆشنە نەکەن. دەستخۆش بۆکاک ڕزگار عیسا سوار هیوادارم لەسەر نووسینی ڕۆمانی لەو چەشنە بەردەوام بێ لەداهاتووشدا سوود لە ڕووداوەکانی ناو هەناوی گەلەکەمان وەربگرێ، کە لەو ڕووەوە کورد زۆر دەوڵەمەندە، چونکە کارەساتەکان هێندە زۆرن لە ناو دەیان ڕۆمان و زیاتریش جێیان دەبێتەوە.

نیسانی ٢٠١٣ سلێمانی

# چەمکی ئیستاتیکا لای فەیلەسوفە یۆنانییەکان

## (سوکرات،
## ئەفلاتون،
## ئەرستۆ)



ئامادەکردنی: رەوەند حەمە جەزا

ئاشکرایە کە چەمکی ئیستاتیکا (جوانی) لە لای زۆرێک لە شاعیران و فەیلەسوفانی کۆنی یۆنانی دەبینرێت، کە هەموویان لە سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەدا جێگای نابێتەوە، بەڵکو ئەوە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی دەوێت، لێرەدا دەمەوێت کە تەنها بۆچوونی ئەوانەیان بخەمە روو کە بۆچوونەکانیان کاریگەریی لەسەر ئەم چەمکە بەجێهێشتووە، کە لێرەشدا وەک زۆربەی بوارەکانی دیکەی (فەلسەفە، سیاسەت، هونەر... هتد) پێویستە ناوی (سوکرات، ئەفلاتون و ئەرستۆ) بخەینە بەرچاو:

**سەرەتایەک دەربارەی زاراوەی ئیستاتیکا:**

فەیلەسوفی ئەڵمانی (بۆمگارتن) یەکەم کەسە کە وشەی ئیستاتیکای لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی (١٧٣٥ز) نووسیویەتی بەکاری هێناوە، لەو کتێبەدا باسی مەسەلەکانی زەوقی هونەری و پێکهاتەکانی دەکات، دواتر ئەم وشەیە لەلایەن فەیلەسوفان و هونەرمەندان و رەخنەگرانەوە بەمەستی گەیاندنی مانای (فەلسەفەی جوانی) یان بەیەکەوە گرێدانی (جوانی و هونەر) بەکارهێنراوە[1].

سوکرات: رەنگە هیچ فەیلەسوفێک هێندەی سوکرات بۆ سەردەمی خۆی کارگەریی نەبووبێت لەسەر چەمکی جوانی، کە کاریگەرییەکەیش لە گفتوگۆی نێوان (سوکرات و گیپی)دا، دەردەکەوێت بۆچوونێک هەیە کە پێی وایە کۆنترین بیروبۆچوونی دەربارەی ئیستاتیکا، بۆچوونی سوکراتە. کە پێی وابووە ئیستاتیکا بریتییە لە جێبەجێکردنی هەموو سوودێک بۆ مرۆڤ، لێرەدا سوکرات هیچ جیاوازییەکی نەکردووە لەنێوان هونەرەجوانەکان و هونەرە زانستییەکان[2]. لەبەر ئەوەی سوکرات زۆر گرنگی داوە بە رەوشتی مرۆڤ، جوانیی دەبەستەوە بە رەوشت پاکییەوە، بەلای ئەوەوە چەمکەکانی (شەرەف و داوێنپاکیی و جوانی) وەک یەکن، هەروەها پێی وایە ئەوەی سوودی نەبێت، ناتوانێت جوانبێت[3]. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین تا هاتنی سوکرات بیریارانی بواری جوانی سەرقاڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بوون، ئایا جوانی کامەیە؟ بەڵام سوکرات یەکەم کەس بوو کە پرسیاری: ئایا جوانی چییە؟ ئەو پرسیارە بوو کە رۆژێکیان ئاراستەی یەکێک لە قوتابییەکانی خۆی (گیپی) کرد، ئەویش لە وەڵامدا کۆمەڵێک شتی جوانی بۆ ژمارد وەک: درەخت، دەریا، ئافرەت، شیعر، پەیکەر... هتد. لە بەرامبەردا سوکرات سەرنجی گیپی بۆ ئەوە راکێشا کە ئەو نەیپرسیوە شتە جوانەکان کامانەن، بەڵکو پرسیویەتی جوانی وەک ماهییەتێکی گشتی چییە؟[4]. واتا لەو گفتوگۆدا گیپی نەیتوانییەوە وەڵامی پرسیارە گرنگەکەی سوکرات بداتەوە، هەروەها سوکرات پێی وابووە کە لە سەروو هەموو جوانییەکەوە جوانییەکی دیکە هەیە کە لە سەرووییەوە دادەنرێت، کە جوانیی بەرز، یان جوانیی باڵا، یان جوانیی یەزدانییە، دەڵێت: جوانی، سیفەتێکی تایبەت نییە کە بە سەدان، یان هەزاران شتەوە بەسترابێتەوە، وەک: ئەسپ و درەخت و خەڵک... هتد. راستە ئەمانە هەموو جوانن، بەڵام لە سەروو هەموو ئەمانەوە جوانیی خۆی هەیە، لە کۆتایی ئەو مشتومڕەیاندا دەگەنە ئەو ئەنجامەی: جوان لەجێی خۆیدایە، بەکەڵکە و بەسوودە، بەڵام سوکرات ئەوەی بەبیردێتەوە کە دیاردە گەلێک هەن کە زۆر

گونجاون بۆ کاری خراپ، بەڵام ئەوکارانە لە جوانییەوە دوورن[٥]. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە هەندێک لە فەیلەسوفەکان دژ بە بۆچوونەکانی سوکرات راوەستان، چونکە ئەوان جیاوازییان دەکرد لەنێوان ئیستاتیکا و سوودوەرگرتن لە دەقی ئەدەبی، چونکە ئیستاتیکا جێبەجێ نابێت ئەگەر لە کۆتی سوودوەرگرتن رزگار نەکرێت[٦]. لەکۆتاییدا بە پێویستی دەزانم پوختەی بۆچوونەکانی سوکرات لە چەند خاڵێکدا بخەمەڕوو، کە ئەوانیش:


١-سوکرات بڕوای وابووە کە دوو جیهان هەیە: جیهانی ئایدیال و جیهانی ماتریال (کە ئەم بۆچوونەش بەسەر چەمکی جوانیدا پراکتیزە دەکرێت، وەک ئەوەی سوکرات وتوویەتی هەموو ئەم میوانە کۆپیکراوی میوەیەکی ئۆرجینالن، کە لە جیهانی ئایدیالن، یان نموونەی کورسی و مێزەکە).

٢-لە فەلسەفەی جوانییەکەیدا جەخت لەسەر بنەمای ئامانجداری دەکردەوە.

٣-جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان هونەر و سروشت دەکاتەوە.

٤-هونەرمەندی داهێنەر ئەو هونەرمەندەیە کە دەروونی لە ناتەواوییە هەستییە ماتریالییەکان پاکدەکاتەوە و بەرەو جیهانی ئایدیا هەڵدەکشێت[٧].

**ئەفلاتون: (٤٢٧-٣٤٧)پ.ز.**



فەلسەفەی ئەفلاتون دەربارەی هونەر و جوانی بەشێکە لە پرۆژەی رەخنەگرتنی ئەو فەیلەسوفە لە هونەر و شیعری سەردەمی خۆی، واتە هێندە باسی لە چێژی هونەری جەماوەر و مەترسی گەورەی شیعر لەسەر ئەو چێژە دەکات، هێندە تیۆریزە بۆ ئەوە ناکات کە داخۆ دەبێت هونەر چۆن و تەکنیکی شیعریی چۆن دەبێت؟[٨]. هەروەها ئەو بۆچوونەی سوکرات لەبارەی جوانییەوە، لە لای قوتابییەکەیشی (ئەفلاتون) دەبینرێت، وەک لە بۆچوونەکانیدا دەردەکەوێت کە ئەفلاتون بڕوای بە جوانییەکی ئەبستراکت هەبووە. جوانییەکی پاراو کە نەبستراوەتەوە بە شتەکانەوە، هەروەها جوانی بەلای ئەفلاتونەوە لەم جیهانەدا بوونی نییە، بەڵکو لە جیهانی نموونەییدایە[٩]. ئەفلاتون هاوشێوەی سوکراتی مامۆستای لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (فیلپ)دا، باسی جوانی دەکات، لەو دیالۆگەدا، ئەفلاتون جەخت لەسەر ئەوە دەکات جوانیی خودی تابلۆ نییە، بەڵکو راستەوخۆ بازنەییە، واتا رووی دەرەوەی جوانی ئەبستراکتی لەش، فۆرمێکە کە لە ناوەڕۆکەکەی جیایە.

لەکاتی تۆمارکردنی جوانی ئەفلاتون وەک ئەوەی گوێی بۆ ئەوە شل کردبێت کە چی لە گیانی مرۆڤدا روودەدات کاتێک درک بە جوانی دەکات. واتا ئەفلاتون بۆ یەکەم جار جوانی دەکات وەک ساتێکی پەیوەندی ئیستاتیکی گیانی مرۆڤ(۱۰). هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان وەک باس و لێکۆڵینەوە و بابەت ئەوا دیالۆگی (هیپاسی و ئەفلاتون) بە کۆنترین لێکۆڵینەوەی جوانناسی دەژمێردرێت(۱۱). ئەفلاتون دەڵێت: "ئەگەر هەوڵتان دا بۆ گەڕان بەداوی جوانیدا لە شتە هەستە بینراوەکاندا، ئەوا نایدۆزینەوە، چونکە جوانیی شۆخی و سەرگەردانی نییە، بەڵکو ئەو جوانییەی کە پێویستە فەیلەسوف لێی بکۆڵێتەوە، جوانیی رەهای ماقووڵە کە هیچ دژێوییەکی تێکەڵ نابێت، ئەویش جوانیی خود، یان جوانیی ئایدیاییە(۱۲). وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، بۆچوونەکانی سوکرات رەنگدانەوەی هەیە لەسەر بیروباوەڕەکانی ئەفلاتون. بۆ نموونە کاتێک سوکرات دەڵێت: "جوانی خاسییەتێک نییە بە هەزاران شتەوە بەسترابێتەوە وەک: خەڵک و ئەسپ و کچ و گوڵدان... هتد. هەموویان جوانن، بەڵام لە سەروو هەموو ئەوانەوە جوانی خۆی هەیە. هەر لەم بارەیەوە ئەفلاتون دەڵێت: "دەبێت لە سەرەتای بوونی هەموو جوانییەکەوە، جوانییەکی هەوەڵی هەبێت کە ئەو شتانە جوان دەکات کە پێیان دەڵێین جوان، تەنها بە ئامادەبوونی ئەو جوانییە هەوەڵییە، ئەو جوانییەی کە لە سەروو هەموو جوانییەکەوەیە، کە جوانیی ئایدیالە، جوانیی رەها، جوانیی خودایی(۱۳)، بەڵام دەشکرێت جیاوازیی بکەین لەنێوان بیروبۆچوونەکانیان لە بارەی چەمکی ئیستاتیکاوە بەوەی کە ئەفلاتون دەڵێت: "جیاوازی هەیە لەنێوان خێر و جوانیدا"، بەڵام سوکرات دەڵێت: "خێر نەبێت، ناکرێت جوان بێت"(۱٤). واتە هەرشتێک خێری تێدا نەبێت بە جوان دانانرێت با شتەکە خۆیشی جوان بێت.

ئەفلاتون لە کۆمارەکەیدا رووبەڕووی پرسیاری: ئایا بۆ گرنگە کە فێری هۆنراوە و مۆسیقا ببین؟ دەبێتەوە.

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:


یەکەم: لەبەرئەوەی هۆنینەوە و هارمۆنی لە هەمووشتێک زیاتر بەناخدا دەچۆڕێت و کاریان تێدەکات. ئەوانەی کە مۆسیقا و هۆنراوە دەخوێنن، فێری بەخشندەیی دەبن.

دووەم: هەرکەسێک هۆنراوە و مۆسیقابخوێنێت بە ئاسانی هەست بە کەموکورتی لە بەرهەمێکدا دەکات، لەبەر ئەوە نارێکی پەسەند ناکات و حەزی لە کاری چاکە(۱۵).

هەروەها لە کۆمارەکەیدا پاش ئەوەی داوای سڕینەوەی چەند دێڕێک دەکات لە

(ئەلیادە و ئۆدیسە)کەی هۆمیرۆس، داوا لە هۆمیرۆس و شاعیرانی دیکەش دەکات کە تورە نەبن، چونکە لابردنی ئەو شیعرانە لەبەر ئەوە نییە کە جوانیی شیعریی تێدا نییە، یان لەبەر ئەوە نییە، خەڵک گوێیان بۆ ناگرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە تا زیاتر بچیتە ناو مۆرکی شیعرییەوە، کەڵکی کەمتر دەبێتەوە. وەک دەردەکەوێت ئەفلاتون لایەنی پەروەردەیی دەخاتە پێش ئیستاتیکای شیعریی. بەشێوەیەکی گشتیی، ئەفلاتون لە بڕیارەکانی بەسەر هونەردا، وەک فەیلەسوفێک، پێوەری فەلسەفی و رەوشتی و ئاینی بەکارهێناوە، نەک پێوەری ئیستاتیکی[١٦]. لە کۆتاییدا پێویستە هەرە بەنرخترین گۆشەنیگای بۆچوونی ئەفلاتون دەربارەی جوانی، ئەو پێناسە دیالێکتیکییە هەمەلایەن و بۆچوونەیەتی دەربارەی تایبەتمەندی ئەزموونی ئیستاتیکی، کە دەڵێت: "جوان ئارەزوو بزوێنی"، هەندێ تایبەتمەندی چێژ و لەزەتە کە تایبەتە تەنیا بەخۆیەوە[١٧].

**ئەرستۆ: (٣٨٤-٣٢٢)پ.ز.**



ئەرستۆ خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمە، هەندێک دەڵێن ژمارەی بەرهەمەکانی خۆی لە (١٠٠٠) بابەت دەدات و هەندێک دەڵێن (٤٠٠) کتێبی هەبووە[١٨]. گرنگترین کتێبێکی (ئەرستۆ) کە دەربارەی هونەر بدوێت کتێبی (شیعر)poetics ، بەڵام لەو کتێبەدا زیاتر دەربارەی (رەخنەی ئیستاتیکی)یان هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی دەدوێت لەوەی کە بێت پێناسەی جوانی، یان شتی جوان خۆی بکات و خاسییەتەکانی باس بکات و حەقیقەت و جەوهەرەکەی دەستنیشان بکات[١٩]. ئەرستۆ، هەرچەندە قوتابی ئەفلاتون بووە، بەڵام بیروبۆچوونێکی جیاواز هەبووە، لە بۆچوونی مامۆستاکەی لە بەرامبەر هونەر و ئەدەبدا، ئەرستۆ لە کتێبێکی سەربەخۆدا (هونەری شیعر) روانینی خۆی دەربارەی هونەر و تیۆری لاساییکردنەوە دەربڕیوە[٢٠]. ئەرستۆ دەڵێت: جوانیی کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی لاساییکردنەوەکە، بێ گوێدانە ئەو شتەی لاسایی کراوەتەوە، واتا ئەم بە پێچەوانەی ئەفلاتونی مامۆستای، لاساییکردنەوە دەکاتە مەرجی جوانی لە کاری هونەریدا[٢١]. هەروەها ئەرستۆ لە چەندین بۆچووندا پێچەوانەی ئەفلاتونی مامۆستایەتی، لە بۆچوونەکانیدا دەربارەی ئیستاتیکا بەهامان شێوە.

بۆ نموونە ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە لە پێناسەی ئیستاتیکادا دەڵێت: "جوانیی هونەر زاڵە بەسەر جوانیی سروشتیدا، چونکە لەم نەریتەدا تایبەتمەندی لاساییکردنەوە هونەرییەکان وەک خاڵێکی گرنگ دەژمێرێت"[٢٢]. هەروەها لای ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە جوانی بیرێکی بابەتی نییە، بەڵکو تایبەتمەندی بابەتەکانە، ئەرستۆ چەمکی هاوتایی مرۆڤ و شتی جوانی هێنایە پێش. دەڵێت: "شتی زۆر بچووک ناتوانێت جوان بێت، چونکە بینینی تەقریبەن لە کاتی هەست پێ نەکراودا بووە و دەتوێتەوە، نە شتی گەورەش، چونکە یەکسەر نابینرێت و یەکێتی و تەواوی لەدەست دەدات، واتا کۆنسێپتی جوانیی ئەرستۆ لە رووی تیۆرییەوە لەگەڵ پراکتیکی هونەریی مرۆڤانەی هونەری ئانتیکدا نەدەهاتەوە و نەگونجاو بووە[٢٣]. بۆچوونی ئەرستۆ دەربارەی شاعیران ئەوەیە، کە دەڵێت: "ئەرکی راستەقینەی شاعیر لەوەدا نییە رووداوەکە وەک خۆی بگێڕێتەوە، یان کەتوار (واقیع) کۆپی بکات، بەڵکو دەبێت بەپێی پێویست رێکیان بخات. واتا ئەرکی دەقنووس تەنها واقیع نییە وەک خۆی، بەڵکو پێویستە هەست و سۆزی دەرببڕێت، کەواتە بڕیاردانی مرۆڤ بەسەر جوانیی شتەکانی ناو واقیع، واتا جوانیی هیچ بەهایەکی نابێت، ئەگەر پەیوەندی بە زاتی مرۆڤەوە نەبێت، جوانییش بابەتێکی خودییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت[٢٤]. کتێبی (پۆیەتیک) بە بۆچوونی هەموو نووسەرانی ئەمڕۆ یەکەمین کتێبی رەخنەی ئەدەبییە و بەشێوەیەکی لۆژیکیش دەبێت پشتئەستووربێت بە تیۆرییەکی تۆکمە لەمەڕ جوانی بێت، لە دەیەکانی رابردوو، کە شیکاری پێکهاتەی دەقگەلی ئەدەبی برەوی پەیداکرد، ژمارەیەک لە نووسەرانی ئەم رێبازە جەختیان لەسەر بایەخی کارەکانی ئەرستۆ کردەوە، لەلایەکی دیکەوە، لە بەرهەمەکانی نووسەرانی (قوتابخانەی شیکاگۆ) پلەو رێز لە کتێبکەی ئەرستۆ (هونەر شیعر) نراوە[٢٥]. لەو جۆرە پاڵەوانانەدا ئیستاتیکای سروشتی و ئیستاتیکای هونەری بەیەکتر دەگەن، ئەوەیش ئەوەیە کە قوتابخانەی کلاسیک لە ئەدەب و هونەردا بەدوایدا دەگەڕێن و کاریگەریی (ئەرستۆی) پێوە دیارە. بۆ نموونە لە کارە تراژیدییەکانی "سۆفۆکلیس و فیرجل کۆرتی و راس) زیاتر حەز بە دەرخستنی کەسایەتی خاوەن رێز لە ژیانی گشتی رادەکەن[٢٦]. ئەگەرچی ئەرستۆ رەخنەی لە فەلسەفە ئایدیاییەکەی ئەفلاتون گرتووە، بەڵام خۆیشی وەک فەیلەسوفێک لەنێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمدا هەڵدەسوڕا و لە ئەنجامدا زیاتر بەلای ئایدیالیزمدا شکایەوە، بڕوای بە بوونی ئەو خوایە هێنا کە نابزوێت و هەمووستێک دەبزوێنێت[٢٧]. هەروەها جوانی لە رێککەوتن و گونجان و هاوواتا... هتد. پێناسە کردووە[٢٨]، لەبەر ئەوە

ئەرستۆ داهێنەری لۆژیکە، بۆیە هەمیشە داوای ڕێکخستنی دیاردەکان دەکات، کە جوانییش یەکێکە لەو دیاردانە[٢٩].

## کۆتایی:

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم سێ فەیلەسوفە هەریەکەیان بەپێی کات و سەردەمی خۆیان کاریگەرییان لەسەر ئەم چەمکە جێهێشتووە، بەڵام هەریەکەیان بەپێی بۆ چوونەکانی دەربارەی فەلسەفە و لۆژیک و سیاسەت و... هتد. ئێمە دەتوانین بۆچوونیان دەربارەی ئیستاتیکا هەڵهێنجین، بەڵام بەم شێوەیەش توانیویانە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بۆچوونەکانی فەیلەسوفانی دوای خۆیان هەبووە.


**ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لێوەرگرتووە:**

١-د.کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، چ٢، ٢٠٠٥، سلێمانی، ل١٢.

٢-ئازاد عەبدولواحید کەریم، تیۆری ئەدەب، کەرکوک، ٢٠٠٧، چ١، ل٥٧.

٣-جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعریی، چ١، ٢٠٠٨، ل٣٨-٣٩.

٤-شاهۆ سەعید، گ.سەردەمی رەخنە، ژ.١، وەرزە گۆڤارێکی کلتوورییە، ٢٠٠٥، ل١٨٥.

٥-ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چ١، ٢٠٠٩، چاپخانەی خانی دهۆک، ل٤٣.

٦-ئەنوەر قادر محەمەد، ئیستێتیکا، کەرەستەی کۆرسی دووەمی دکتۆرا بۆ خوێندکارانی ئەدەب، ٢٠١١-٢٠١٢، بەشی کوردی-کۆلێجی زمان-زانکۆی سلێمانی، (بڵاونەکراوە)، ل٣١.

٧-س.ژ. ٢. ل٥٨.

٨-س.ژ. ٤٣،٥.

٩-س.ژ.٤، ل١٨٩.

١٠-س.ژ. ٣، ل٣٩.

١١-س.ژ.٦.ل، ٣٢.

١٢-حەمید عەزیز، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چ١، ل٧٤.

١٣-س.ژ.٥، ل٥.

١٤-س.ژ.١، ل٢١.

١٥-س.ژ. ٦،ل٣٢.

١٦-ئەفلاتون، کۆمار، و. لە ئینگلیزییەوە، و.ئاڤان محەمەد، چاپی یەکەم، کەرکوک، ل١٠٠.

١٧-س.ژ. ٣، ل٤٠.

١٨-س.ژ. ٦، ل٣٢.

١٩-س.ژ. ٥، ل٢٠.

٢٠-س.ژ. ٥، ل٤٥.

٢١-س.ژ، ٤، ل١١١.

٢٢-س.ژ، ٣، ل.٤١.

٢٣-هەرێم یاسین، گۆڤاری ئیستاتیکا، ژ١، ل٢.

٢٤-س.ژ. ٦، ل٣٣.

٢٥-س، ژ. ٢، ل٥٧.

٢٦-بابەک ئەحمەدی، و. مەسعوود بابایی، هەقیقەت و جوانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، کەرکوک، چاپخانەی خانی دهۆک، ل٨٠.

٢٧-سەعید محەمەد بەرزنجی، هزری رەخنەیی و ئیستاتیکای دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژ، ل٥٨.

٢٨-س، ژ٥، ل٤٥.

29-Ploto.Ionor on the I lliad

# دمق

| | |
|---|---|
| ● راوکردنی چاو بە وشە | لەتیف هەڵمەت |
| ● پێکەوەڕا... ۱۹۷۷ | ئاری عەبدوڵڵەتیف- زانا سامان |
| ● خەفەتی تاکسی و شەفاعەتی ئاسمان | هاوڕێ یوسفی |
| ● بەس بڕۆ | کەژاڵ عەلی |
| ● سەیرمکە | حەیات مەجید پەرخی |
| ● ورتەورتی مردن | رزگار جەباری |
| ● سێ پۆستەهەستی خەیاڵ | هێمن بەرزنجی |
| ● کچی ئیبلیس | سیروان کەریم |
| ● دەروازە | بەرهەم ئەنوەر |


# ڕاوكردنی چاو بە وشە



لەتیف هەڵمەت

١- چەند شارێكم دروستكرد
ئەوانیش
نیشتمانێكیان
ئەفراند

چەند ڕێبوارێكم خوڵقاند
ئەوانیش
شەقامێكیان
داڕشت



چەند تەرمێکم رۆکرد
ئەوانیش
گۆڕستانێکیان
دەستەبەرکرد
رقم هێنایەکایە
گوڵ پشکووت

خۆشەویستیم داهێنا
دڕک لەدایک بوو

وێنەی چاوم کێشا
خەم فێری دروستکردنی
گۆرانی کرد...

وێنەی لێوم نەخشاند
عەشق فێری
پشکووتنی فرمێسکی کرد..
***

٢- گوڵێک و
دڵۆپەیەک باران
بەچڵی درەختێکەوە
بەیەکەوە خەوتبوون
زرمەی پێی بایەک
لەناکاو
جیای کردنەوە...
***

٣- ئەوەی خۆم رقی لێیەتی
منم
ئەوەی من خۆشمناوێ

خۆمم
ئەم دوو ناحەزە
چۆن بکەین بە دۆست...

***

٤- دەشێ
پەڵە هەورێک و رەشەبایەک بین
دەشێ یەکێکمان دەستێک بین
ئەوی ترمان لەتێ سابوون
یەکێکمان دەمێک
ئەوی دیمان کوتێ نان
دەشێ یەکێکمان بیابانێک بین
ئەوەی ترمان زنەیەک ئاو
یەکێکمان تاوانبار
ئەوی دیمان شمشێر
یەکێکمان مێرووله
ئەوی ترمان دەنکە گەنم
دەشێ دوو هێڵی هاوتەریب بین
بەڵام هەین
من و تۆ


***



٥-دڵخۆش و ئاسوودەیە
کە هەمیشە و بەدرێژایی ساڵگار و کات
گەورە نابێ و لەوەتی هەیە
هەر هاورێتی مناڵ دەکات
ئەم بێشکەیە

***

**٦- دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**دوو**
**هەمووی دەکات: نۆزدە- د- سی و هەشت- و-**



***

**٧- ئاگادار بن**
**دەریای سپی ناوەڕاست**
**سوور نەکات**
**خوێن**

**ئاگادار بن**
**دەریای سوور**
**سپی نەکات**
**کفن**

ئاگادار بن
ئۆقیانووسی هێمن
تووڕە نەکات
شەڕ

***

٨- چۆن و بەچی موقناتیسێک
کۆکەمەوە:
رابوردوو
چۆن
بەنداوێک دروستکەم
بۆ پاشەکەوتکردنی:
داهاتوو...

***

٩- کە لە زمانی وشە نەزانی
شیعرت پێ راوناکرێ...

کە پەنجەرە لە دیواری ماڵەکەتدا پێنەکەنێ
با لە ژوورەکەتدا
هێلکە ناکات

ئەگەر نەبی بە باران
گوڵ رێگای ماڵەکەتان
ناناسێ


***

١٠ - قەڵەمیش بەدمەستە
هەمیشە پێکی مەرەکەب
فڕدەکات

***

**١١- دەڕۆم هەندێ لە خەونەکانم**
**لە باتقێکدا دادەنێم**
**بۆ ئەوەی بە پیری وەریانبگرمەوە**
**ئاخر بەبێ خەونەکانی لاوێتی**
**پیری چۆن دەگوزەرێ...**

***



**١٢- دەتوانم**
**لە ناخی وشەیەکدا**
**یا لە توێی لێوی کچێکدا**
**یا لەژێر چمکی بەرماڵێکدا**
**یا لە گۆشەی تاریکی**
**بتخانەیەکدا**
**خۆم**
**لە شیعر بشارمەوە**
**بەڵام**
**لە کوێ**
**چ کاتێ**
**خۆم بشارمەوە**
**لە خۆشەویستی ئەم قەفەزەی ناونراوە:**
**نیشتمان**

***

**١٣- جاری وا هەیە**
**کاتژمێرەکەت بوەستێ**
**ماچی کچێکت لەدەست دەچێ**

***

**١٤- من ئاسمان نیم**
**وشەکانم هەور و کۆتر بن**


من رووبار نیم
خەونەکانم ماسی بن

من چیا نیم
فرمێسکەکانم تلەبەرد بن

من شەو نیم
خەندەکانم ئەستێرەبن

من بیابان نیم
یادەوەرییەکانم دڕک و داڵ بن

من تۆ نیم
منم خۆشبوێ



من... من نیم
تۆم خۆشبوێ
***

١٥- ئەمڕۆ
سبەینێ نییە
سبەینێش
ئەمڕۆ نییە
ئەی بشێ
سبەینێ
من
ئەم خۆمەی ئەمڕۆ بم...
***

**١٦- هەرچەند دوو لێو**
**خۆیان لێکدی دەخشێنن**
**گوڵێک**
**لە چڵێک**
**دەقرتێنن...**
**دەیهەنجێنن**
**وەکو پاچ**
**ناوی لێدەنێن:-**
**ماچ**



# پێکەوەڕا... ۱۹۷۷




**ئاری عەبدوللەتیف- زانا سامان**

**پێکەوەڕا... هەموومان دەچین**
**تا سنوورەکانی خەیاڵ،**
**هەتا بینینە جوانەکانی پشت ژیان،**
**هەتا خۆمان، تا شیعر**
**ناوەستین تا ئەبەد**
**تا ماڵی جاوید**
**تا ئەو ساتەی ژیان کۆتایی دێت و**
**دەریا و باغ و ئاسمان و عیشق دەمێننەوە،**
**خۆمان خەنی دەکەین بە جوانی،**
**گیرفانەکانمان پڕ دەکەین لە شەکرۆکەی ئەڤین و**
**بەدەم ژیانەوە حەیران دەچڕین**
**رادەکەین بۆ سەربانی مێرووله**
**بۆ لای مەجلیسی قاز و قوڵنگ**


به تەنیشت نازونووکی دەریاوە
ئیتر دەبینە مشتێک عەیاریی و
لەگەڵ کچانی ئاسماندا سەما دەکەین
تا دوا هەناسەی دارعوود،
لە دەرگای شینی وەفا ئەدەین و
نیگامان لەسەر پەنجەری سووری عیشق جێدێڵین،
نەک باخەوان دڵی لە تێپەڕینەکانمان بئێشێت،
گۆرانی دەکەین بە باوەشمانەوە
تا ماڵی ڕەشەڕێحانە و
هەرچی دایکی شەتڵە ئەلفەنیی هەیە
دەیکەین بە بەرۆکمانەوە
تا ئاسمان
بە بەرامەی ئەخلاقی شیعر دادەگیرسێنین
خۆمان لەسەر کردنەوەی فەقیانەی مەراقەکان رادێنین،
وا دەکەین نوور لە سەری پەنجەکانمانەوە دەرچێت،
لە خۆماندا عیسایەکی دی دەخەملێنین،
هەتا بە ژیان بڵێین جوانی لای ئێمە هەر ماوە

وادەکەین پاشاکان
بێنە سەر مەزهەبی ئێمە و
هەرچی شەقامە
هەر بۆ خۆشی ئەلکێنین بە یەکەوە
وا دەکەین چی پەیامبەرە
بە شیعرێک خەبەر بکەینەوە
تا بۆ هەموو دنیای بسەلمێنین
ئێمە کوڕی خەیاڵین
خەیاڵی شیر و شەراب
وا دەکەین هەرچی ڕەشەبایە
بە فوووپەک دەکەین بە نەسیم
پەنجەی هەرچی بارانە
گرێ دەدەین لە یەک و



به نیشتمان دەڵێین
ئەوە ئێمەین
ئێمەی عەجول
ئێمەی کوڕی بێ خەویی و بێ شەویی و بێ وەرزی
لە چیمەن ملوانەکە بۆ کچان دەهۆنینەوە و
لە شیعر سێبەری رۆح،
لە خۆمان تەنیایی موتالاّ دەکەین و
لە تەنیاییش چنینەوەی گوڵ و
قەرز لە هەتاو دەکەین
بۆ ئەوەی گندۆرەکانی باخی پێ شیرین بکەین
دەست دەکەین بە لێکردنەوەی ماچ
لە روومەتی سنەوبەر و
بە باغ دەڵێین...
خەم مەخۆ
پاییز هەروا تۆزێک شێتە
وا دەکەین خاڵخالۆکە بکەینە حاکم لەم شارەدا و
سمۆرە ببێتە سەرۆک وەزیران
ئەوە ئێمەین دیسانەوە
رەسمی ژیان ئەکێشینەوە و
خۆمان کارەکتەر دەدەینەوە بە دنیا
لقەکان دەنێینەوە بە ئاسمانەوە و
پێکەوەڕا کۆتایی بەم تێکستە دەهێنین
تا فێر بین هەموومان
فیر بین هەر نەبێت جارجار پێکەوە هەناسە بدەین، یان هەناسە بۆ یەکتریی هەڵمژین بۆ ڕۆژانی بێ عیشقیی و بەدفەساڵیی و بێ حورمەتیی، یان هەر نەبێت جاروبار لەبری یەکتر بخەوین و دەست بەبەین جوانیی بەسەر تەوێڵی ژیانەوە بسڕین.

# خەفەتی تاکسی و شەفاعەتی ئاسمان



هاوڕێ یوسفی

(بۆ باوکم و...)

گەر چاوەڕوانی شەفاعەتی ئاسمانن
دەی بۆ مێژووی ژیانمان قەت تامی گەنمی هەڵنەگرت
دەی بۆچی گەنم و قەیسییەکانی لە گریانەوە گلان؟

*

کە دارستان خۆی رشتە تاڵاوی خیابان و خۆرنشین
با تاکسیش رایگرێ و پڕبێت لە موسافرانی بێئاسمان

*

باوەڕ بە درەختی
بە سەوزایی پیادەڕەو
بەماننەوە- ناکەن؟

*

گەر ئەم ژیانە لە لەحنی گەنمیشدا بتوێننەوە
پڕ بە ساعەتەکان چاوەڕوانم
قورساییم سەرەو تا ئەوپەڕی تاکسییەکەم ماتڵ
ئیتر زەوی کەیفی خۆیەتی سەری ئاسمان بێ و لێوی مێژوو

*

خوا خراویان بۆ بکا
خوا خراویان بۆ خاسکا
خوا خراویان بۆ خەسترکا
ئەی کەی خوا خراویان بۆ بکا؟
هەموو کات پەلەپەل گوڵێکم

*

ناسرەوێ
ئەم عەولادە ناسرەوێ
ئەم عیمارەتە هەر نارمێ
"با چارەنووسی (قەدەر و قەیسی) لە خەونی رمانی ئەم عیمارەتەدا قەتیس مابێت؟)

*

تاکسییەکەم وتی چەن سیحرێکی ترساناکە
غونچە خەون بە گوڵبوونییەوە ئەبینێت و
عیمارەت لە پێشێلکردنی



*

تەسکترم لە نەبوونی
کاتێک پڕ بە خۆم پاپەتیم و
بڕێ جار
لە چەترێک ئەچم پڕ لە کەویر

*


کە دڵی لە مانتۆکەیدا تەنگ ئەبێ
چیتر سینگم رزگار ناکەن لەم گشتە، خەریکم دائەڕمێم؟
هەمیشە خەریکە زمسانێکم تیا خاس ئەکاو
کۆڵانێکم تیا ئەنووسێ

*

وەختێ لە شەهوەتی گوێزێکدا گەڵا ئەگرم
هەواڵی ترسناکی کۆڵانەکان بە گڕ سەوزێتیماندا دەچێتەوە و
خەبەر لەو هەمیشە پڕ لە گرفتەی هەمیسان دەدات
بۆیە خوا با هەر لە دەستی ترازابێت و
زەویش هەر هیلاکیمان پێ هەڵگرێت.

# بەس بڕۆ

کەژاڵ عەلی



به من چی ئەو هەموو دەنگە
که له ترازانی دەرگای دوودڵی زیاتر،
درزێک ناخەنە دیواری دڵی من.

***

سەیرکە،
تۆ سەرت بە ئاسۆی منەوە ناچێ،
من پێم بەپێڵاوی یاساکانی تۆوە،
لەم نێوەدا شتێک هەناسەسوار،
خەونی من لەژێر دەبەنگی تۆ،
دەبەنگی تۆ بەسەر کەرێتی منەوە.

***

لەنێوان هەریەکێکماندا
شکۆی هەمان شەڕی دۆڕاو،
لەتۆدا رازاوە بە تەرمی درۆی گوڵ گوڵ،
لە مندا رەنگرێژ بە گوڵە متمانەی تەرمین.

***

خۆت تێک مەدە
بۆشاییەک نادۆزییەوە،
بۆ چاندنی مینی خەونێکی تر...

***



ژیان بۆمبێکی تەوقیتکراوە، لەبەر پێم،
چەپیش پێ دانەنێم، هەر دەتەقێتەوە.

***

دەزانم
هەموو جووڵەیەکی راستیش،
ئەم کۆتەی ناوی ژیانە،
تەنگتر دەکەنەوە لە دەستەکانمدا.

***

ئەم ماڵە دارینە، شتێک رایگرتووە
کۆڵەکەی ژنێتی من و دیواری پیاوەتی تۆ.

***

هاکا گومان لە ئاوێنەکەوە و
بێدەنگی لە پەنجەرەوە،
هاڕەی کرد بەسەرماندا.

***

هەر کە ویستمان لە ماڵێکدا کۆببینەوە،
سیخوڕێک لە ناتەبایی،
مۆسادێک لە دڕدۆنگی،
کۆرپەیەک لە تێنەگەیشتن،
کەوتنە نێوان.

***

ئەوەی لەنابەینمان کەڵەکە بووە،
گڵکۆی بە کۆمەڵی خەونە،
رووفاتی پیرۆزی هەستە،
تازە دۆزیومنەتەوە.

***

{تۆ لەدوای موتالآ
من و جەریدەکە دەخەیە ژێر خۆت}×،
منیش دوای خۆشویستن،
تۆ و ئایەتی حەرفەکانت دەخەمە سەر دڵم،
جیاوازییەکە لێرەدایە.

***

لەگەڵ ساڵەکانی تەمەن،
شتێک ئاوا دەبێ،
لە مندا راستگۆییەکانی تۆ،
لە تۆدا ئەستێرەی بەختی من،
بەسەر ئەسپە دارینەی حیکایەتێکەوە،
بەرەو ئەبەدییەت.


***

تا بێ شتێک لەنێوانمان درێژ دەبێتەوە،
کەڵبەی سادییەتی تۆ و
خەیاڵی مازیۆشیانەی من،
لە هاوکێشەی خەونێکی بەراوەژوودا...

زیوریخ – سویسرا

*دێرە شیعرێکی وەرگیراوە.

# سەیرمکە



حەیات مەجید پەرخی


لەبەینی پەنجەکانتەوە
سەیرم کە
رەونەقی تێڕوانینم هێندە کزە
بەشی چنینەوەی چوار وشە ناکا
لە میحرابی نیگات
خەوفم لە هەموو تەلیسمێک هەیە
لە نغرۆبوونی زەمەن ئەترسم
ئەو زەمەنەی وەک سیگارێک
لە بەینی دوو پەنجەی جەلادێکدا
بەشی نەفەسێکی تری ماوە
منیش لەناو تەپڵەکی پڕسوتووی
ئەم چەرخەدا عەیامێکە راکشاوم

سوتووی ژیان ئەپرژێتە سەر رووخسارم و
سیابوونی کات ئەبینم
سەیرێکم کە
ئەوەتە لەسەر تەریقەتی تەنیایی
لە حزورتا ئەوەندە سادە ئەبمەوە
سواڵی هەموو شتێک ئەکەم
شاڵە پرتەقاڵییەکەی سەرشانم
دادەخەم
مسقاڵ... مسقاڵ
زمرِوتی وشە و
پیرۆزی سەرنج
مەودای نێوانمان
سواڵ ئەکەم
بمبینە چەند کەساس و هەڵرژاوم
لەبەردەمتا
هەرچی میهری تۆ هەیە ببارێتە سەر
شاڵەکەم
ئەوەی خۆشم هەمووی هەراجی ئەکەم
هەمووی ئەدەم بە پشوویەک لەژێر سێبەری
کاتژمێرە کۆنەکەی دەستتدا
تا هەنگاوێک نزیکم ئەکاتەوە لە دوێنێ
بۆ چرکەیەک کچێنیم بکرمەوە
دواتر مسقاڵ مسقاڵ قەرزەکانت
ئەدەمەوە



## ورتەورتی

# مردن



رزگار جەباری

بەدەم هێواشبوونەوەی هەنگاوەکانەوە
توتنی دوا گەڵا نێرگسە کۆنەکانی دەروونم دەپێچمەوە و...
سیگارێکی تازە تازەی لێ دەکێشم
لێگەڕێ دووکەڵی فەرامۆشی...
فرمێسکە بێ واتاکان هەڵوەرێنێتە گۆمی مەرگەوە
بۆنی پەتا... خەیاڵە تاریکەکان لەبار بەرێت
لێگەڕێ هەناسە... خوێنی ماڵاوایی تێ بزێت
وەکو ئەو باڵندە کێوییانەی میراتی پەڕیان لێ زەوتکراوە.
ئەگەرچی سەختترە لە رچینی وەرزی گۆشەگیری
کە بیر لەێ دەکەمەوە...
گۆڕ باشترین تەپڵەکە

پڕبێتەوە لە سوتووی ئەم جەستە شەکەتە
لێگەڕێ... روح ببێتەوە بەو هەڵمەی
لە دۆنی خوناودا... نیگای یار پەپوولەیەک دەدزێ
پەنجەکانیش بە خاک
لە یەکەم هەناسەی ئەم سیگارە شیرینەدا...
بەو کرمە خەیاڵپڵاوە پێدەکەنم
بیر لە خواردنی دڵم دەکاتەوە
دڵێک... (ئەو) پڕی کردبوو لە ترپەی تاڵاو... تامی تەنیایی
***


بەدەم دوا تروسکەی هەناسەوە...
ئاوڕێکی کورت لە ئاسۆیەکی درێژ ئەدەمەوە
هێشتا پێناسەی دیکە ماوە... بیبەخشم بە هەتاو
پیاسەی حەزێک ماوە نهێنییەکان بدرکێنم
گرێیەکان بەرواڵا بکەم... وەک جادوویەکی پوچەڵکراو
بەم پەنجە وشکانەوە لاپەڕەیەکی تەڕ بۆ عاتیفە هەڵدەمەوە
بەدوای هەناسەیەکی تازە بگەڕێم بۆ تەعبیری خەونی سەفەر
دەرفەتێک ماوە... لەگەڵ میهرەبانی شەو ئاشت ببمەوە
خۆم لە تریفەی ئەو باڵندانە بگەوزێنم...
رەگەزیان دەچێتەوە سەر درەختی مانگ
ئەو دەنکە وشانەیان بۆ رۆ بکەم
لە قووڵایی بووندا هەڵمگرتوون
دەنگم... بە بۆنی نیشتمانی باران موتوربە بکەم.
بە دەم کوژانەوەی مانگ
راز و نیاز لەگەڵ پەپوولە قەیرەکان دەگۆڕمەوە
دەبمە تەتەر لەنێوان ئەستێرەکانی دڵشکان
دەچمەوە کۆڵانە خۆڵاوییەکی یاری
بۆ ئەو دەمانەی یەکجارە دێنەوە بەریاد
بەدەم مردنەوە:
تاڵە رەشەکانی سەر و
خاڵە سپییەکانی دڵم بەراورد دەکەم

**رادەوەستم لەبەر ئاوێنەی حوزن**
**بە دانیشتنەوە... میسکی تەنیایی لە روح دەسووم**
**بە راکشاوییەوە... لەگەڵ شادومانی جووت دەبم**

***

**بەدەم پەشیمانییەوە:**
**قومێک لە نیشتمان دەدەم**
**پڕ دەم لە تامی سێوێکی یاخی**
**خەیاڵ... بە چاوی ئەو سەوز دەبێتەوە**
**خاڵی دەبمەوە لە مۆسیقای ئێوارە**
**لە نیوە رێگای مەیخانەدا دڵم دەبێتەوە بە هەڵم**
**هێواش هێواش**
**بوونم دەچۆڕێتەوە ناو بادەی مانگەوە**

٢٠١١/١١/١



# سێ پۆستە هەستی خەیاڵ



هێمن بەرزنجی

## گۆرانی

لەسەر حەسارەکەوە
منداڵێک بانگی دایکی دەکات
پیاوێک لە فارغۆنی شەمەندەفەرەکەوە سەری هێناوەتە دەر
کوڕێک دوو گوڵی سپی بەدەستەوەیە
لە پشت دەرگای حەوشەکەوە راوەستاوە.
نامەبەر نامەی کەسێک
دەخاتە هێلانەی باخچەی ماڵی ژنەکەوە
ژنەکە لەبەر پەنجەرەکەدا سەما دەکات و گۆرانی دەڵێت
تێناگەم کامیان
عاشقی ژنەکەن؟

***

## مانگ

له کەناری دەریاکە مانگە شکاوەکە دیارە
ماسییەک ناوە ناوە ماچی دەکات
لە تەنیشت مانگە شکاوەکەدا
بەدیار چاوی ماسییەکەوە
کچێک قژی لەبەر
ئاوێنەی ئاوەکەدا دادەهێنێت
نازانم؟
عاشقی کامیان بم
مانگێکی شکاو ئاوێنەی دەریاکە
یان کچێکی پرچ تەڕی لێو هەنجیر
***



## ترس

دەبێت تۆزێک لە خۆم بدەم
شکات لە رۆحم بکەم... دڵم ئازار بدەم
بە پارچە پەڕۆیەک چاوەکانم داپۆشم
دەمم بە دەزوو بدوورمەوە
دوو بەرد بخەمە سەر گوێچکەکانم
بە گورسێک قاچەکانم
ببەستمەوە بە شیشی پەنجەرەکەوە
کەلەپچەی پۆلیسەکە بکەمە دەستەکانم
تاقەتی ژیانم نەماوە
دەمەوێت لە نهۆمی چوارەمی هەستمەوە
خۆم هەڵبدەمە خوارەوە
ئەترسم نەمرم

# کچی ئیبلیس



سیروان کەریم

لە بەشی پشتەوەی سەری، خەنجەرێکی دەبان و چەند دڵۆپە خوێنێک دەبینرا، کە نووسابوو بە دیوارە بۆرەکەوە. دەفێکی کۆنی دڕاو و چەند داهۆڵێکی دارین لەپێشی پەنجەرەکە دانرابوون و جلی خوێناوییان لەبەر کرابوو، ژوورەکە زیاتر تەڵخ و ناجیزتر دەکەوتە بەرچاوان. خەڵووزە بۆندارەکان سەرەوەی ژوورەکەیان رەشکردبووەوە و دووکەڵەکانیان بۆنێکی نامۆیان دەخستە لووتمانەوە. ئەو گڵێمەی، کە نیگارەکانی بە حاڵ دەبینرا، وەک راخەرێکی کۆن لە سووچێکەوە، بێ ئەوەی کەس لەسەری ئۆقرە بگرێت، راکشابوو. سەعاتەکەش بە دەنگە ئیزعاجەکەیەوە دەسوورایەوە و لە چەرمی گیانلەبەرێکی کێوی هەڵکێشرابوو.

خوولەکژمێر و کاژێری سەعاتەکە دوو ئێسکی ئینسان بوون، بە عاجزی دەسووڕانەوە.

چەند داڵێکی وشکەوەکراو، من تا ئەوکات لە هیچ ئاسمانێک نەمبینیون، باڵەکانیان کرابوونەوە و بە دەنووکیانەوە نووسابوون بە ئاسمانی ژوورەکەوە. لە زەوییەکەدا و لە پشتی دەرگاکەوە، کە جیڕەی تەزووی بە گیاندا دەهێنا. تووڵەیەکی تیسکدرێژ هەڵاژابوو، جارناجارێک بێ ئەوەی کەس بوێرێ تەماشای بکات، حەپەیەکی لێوە دەهات. چەند پێستەیەکی وشکەوەکراو نووسینیان لەسەر هەڵکۆڵرابوو، هیچ کەس لە ئێمە پەییمان بە خەتەکان نەبرد، چونکی خەتەکان نە فارسی، نە عەرەبی، نە کوردی نەدەخوێندرانەوە، دەتگوت منداڵێک خەتی هێناوە بە سەریاندا و ویستوویەتی هەرەمێکی نەبینراو لە دەشتێکی چۆڵدا قووت بکاتەوە.

تەشتە ئاوەکەی بەردەم دەرگاکە، کە تێکەڵەیەکی خوێنی سووری تێدا دەبینرا، هیچ کەس نەدەچووە ئەو ژوورەوە، تا پێیەکانی نەخاتە ناو ئەو خوێناو و ئاوەوە، ئینجا بەسەر حەسیرە راکشاوەکەدا بەرەو سەرەوەی ژوورەکە دەڕۆیشتین. لە دواییدا پێیەکانت دەکەوتنە سەر چەند پەڕەیەکی کۆن، کە نووسینەکانی لە دەرەوەی چاوە بچووکەکانی ئێمە دەخوێنرانەوە، بەمەی دەگوت (فەتحی دووعاکان). ئاڕاستەی لاپەڕەکان نەخشەی تانوپۆیەکی بچووک بوون، لەرز و لەرە و ختووکەی دەخستە ناومانەوە، لەوکات مرۆڤ لووتی دەچوو بە بۆنێکدا و هەستی بە زەعیفی خۆی دەکرد.

پەیکەرەکە مرۆڤێکی گرگنی بە دەستە گەورەکانییەوە هەڵگرتبوو، بە چاوە زەق و دەرپەڕیوەکانی سەیری ئەو پەیکەرەی دەکرد. کێردێکی رەشیش بە دەستەکەی تریییەوە بوو، ئاڕاستەی سەری ئەو مرۆڤە بچووکە کرابوو. بە خەتێکی کەمێک گەورە لەژێر ئەو پەیکەرەدا نووسرابوو (پەیکەری خەونە نەمرەکان) لە بەرانبەر ئەمیشدا پەیکەری (کچی ئیبلیس) دەبینرا و بە ناوکێکی بچووک و دوو مەمکی قووتی بچووکەوە سەیری فاڵگرەوەکەی دەکرد. شیر لە گۆی مەمکەکانییەوە دەردەچوو، دەبوو هەریەکەمان قوومێکمان لە شیری ئەو مەمکە تەڕانە بخواردایە. چەند موقیمێکی شینی کۆن و چەند چاوەزارێکی جادوویی کرابوون بە پێیەکانییەوە، لە دڵی خۆمدا وتم ئەو پێیانە لە پێیەکانی یار دەکات.

لەبەردەم دارەبازەکەی بەردەمیدا چەند تابلۆیەکی غەریب بەرچاو دەکەوتن، لە تابلۆیەکیاندا منداڵێک چاوەکانی دەرهێناوە، یارییان پێ دەکا و خوێن بە رووخساریا هاتووەتە خوارێ.

فنجانەکە بە دەستەکانییەوە شکا و خوێن بە پەنجەکانییەوە دڵۆپەی کرد و

رژایە سەر بالیفە چڵکنەکەی، دەنگی شکانی فنجانەکە ترساندمانی. تفێکی رۆکردە ئاوێنەکە، جنێوی دا، بە دەنگێکی بەرز نەڕاندی و دەرگای ژوورەکە داخرا. ئەو دوو کچەی، کە لەملاو لەولایەوە بە چیچکانەوە چەرچەفێکی رەشیان دابوو بە خۆیاندا، روومەتەکانی خۆیانیان بە نینۆکە درێژەکانیان رنییەوە. ئەو چەند دڵۆپە خوێنەی سەر فنجانە شکاوەکە، دڵۆپێکی لەو خوێنەی کرد بە ناوچاوانی (کچی ئیبلیس)دا و دڵۆپێکی تریشی تکاند بەسەر خەڵووزەکاندا، هێندەی تر بۆن ژوورەکەی گرتەوە.

لەسەر رەفەکەی کتێبی (باوکی ساحیران)ی دەرکرد، چەند پەڕەیەکی سووتاند، ناوچەوانی گرژ کرد و ئارەقەی پێدا هاتە خوارێ، کچەکان بەدەم شیوەنەوە بە زمانیان ئارەقەکەیان لێسایەوە، رووی وەرگێڕا بە لای کچی لای راستیا و گوتی:(نەمگوت خەون نەبینی. شەوان فاڵ بەتاڵ دەبێتەوە، فنجانەکان لە رۆژدا دەتوانن هەقیقەت بشکێنن، کوا فنجان دەتوانێت لە شەودا ئاسمان بخەڵەتینێ؟ شەو ماڵی عابید و شاعیرانە، رۆژ بۆ فاڵ و ساحیرانە).

بەپەلە و بەو ئێوارە درەنگە فانۆسەکانیان داگیرسان، کچە جارێکی دی چووەوە و کتێبی (خوێنی سەراب)ی بۆ هێنا و لە ناوەڕاستی ئەو کتێبەدا چەند دێڕێکی لەژێر لێوەوە خوێندەوە و گوتی: (من خۆم زانیم نزیک بوونەتەوە). چەند پەڕەیەکی لێ کردەوە و بە شیری (کچی ئیبلیس) خوساندی، لێوی نا بە دەمییەوە و ماچێکی ئەو پەیکەرەی کرد. هاتەوە شوێنی خۆی، دانیشت، کەمێک هێور بووەوە، لە گۆزەکەدا گڵاسێک ئاویان دایە و بە یەک بین خواردییەوە، لە پاشان خاولییە تەڕەکەیان بۆ هێنا و رووخسارە لۆچاوییەکەی پێ سڕییەوە و ریشە درێژەکەی پێ پاککردەوە، بە پشتدا پاڵکەوت و گوتی: (من دەزانم نزیک بوونەتەوە).

سەعاتەکە وەستابوو، جگە لەو بارانە کەمەی، کە لەودیو پەنجەرەکەوە دەباری، گوێمان لە هیچ دەنگێکی دی نەبوو، بەپەلە یەکێک لە حەوشەکەدا هاواری کرد، داهۆڵی فنجان و ئالاّ رەشەکە تەڕ بوون. (سەعیدی فنجان) منگەیەکی کرد و هیچی نەگوت. دەستی هێنا بەسەر سمتی ئەو وێنەیەی، کە لەسەر لبادەکەی ژێری کێشابوویان. پاپەکەی پڕ کرد و چەند دڵۆپە شەرابێکی کرد بەسەر تووتنەکەدا و هەندێک تلیاکی رەشی کرد بەسەریدا و دایگیرساند، دووکەڵەکەی عەزێتی دام. هەستایە سەر پێ، سەیری بارانەکەی کرد و بێ ئەوەی شەرم لە ئێمە بکات، میزی بە قەد دوو لە داهۆڵەکاندا کردو تفێکی رۆکردە زەوییەکە، هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا، قوومێکی دی لە پاپەکە دا و دانیشتەوە.

سەعید لە بنەماڵەی فنجانەکان بوو، باوکی خاوەنی چەندین کتێبی گەورە بوو، لەسەر جادووی سەدەکان و هونەری سیحر لە مرۆڤدا دلاوەرێکی گەورەی ئەفسووناویی بوو لە فنجاندا. باوکی لە شەوێکی تەمومژاویدا دیار نامێنێ و لە دوای خۆی نامەیەکی دەدۆزنەوە، لە نامەکەیدا باس لەوە کراوە سەعید دەبێت شتێک بکات، لە باوکی نەچێت و هەڵسووڕاوی فنجان و گرەوەیەکی گەورەی فاڵ بێت، هەرچەند ئەودەم سەعید منداڵ بوو، نەیدەتوانی حیکمەتی فنجان لە بازاڕەکانی جادوودا ئاگری سیحریان تێ بەردا، بەڵام بە تواناکانی هونەرێکی گەورەی فاڵی بۆ خۆی برد، بۆیە هەر زوو خەڵکی ئەرمەن و بلوجستان و بەشێک لە عەرەبەکانی بیابان سەردانیان کرد و چاوەکانیان ئەبڵەق بوو.

ئیدی سەعید لەژێر هەڕەشەی جادووەکانیدا کۆمەڵێک گومانی گەورەی ئینسانی لەو سەردەمانەدا تێکشکاند، نەخشەی نهێنییەکانی ناو فنجانی لەناو خەزنە تاریکەکاندا ئاشکرا کرد، بە تایبەت ئەو فنجانانەی، کە لەسەر سینگی ئافرەت دەیانی گرتەوە.

(سەعیدی فنجان) دەیگوت: (سینگی ئافرەت هەقیقەتەکانی سەرزەمین دەلەرزێنێت. لە سینگی ئافرەتدا دەتوانرێت فریشتە دەستەمۆ و زەعیف بکرێت، ئافرەت خۆی لە نەسلی سیحرە، فنجان هەرگیز لە سینگی ئافرەتدا ناشکێت، پێغەمبەران بۆ پیاوان و سیحر بۆ ئافرەتانە).

دونیای ئەودیو پەنجەرەکە وردە وردە بەرەو تاریکی دەڕوات، بارانەکە بێدەنگە، من دەچمە بەردەم سەعید و ئەژنۆم دەلەرزێت، چاوەکانم زەقە و ناپڕووکێن، لە ترسا دڵم خێرا لێ دەدا و خەریکە پەشیمان دەبمەوە. دەمم لە گۆ کەوتووە و دەستم توانای هەڵگرتنی فنجانێکی نییە. چاوم بەر تیشکێک دەکەوێت، نازانم ئەو تیشکە خۆی لە کوێیەوە دەهاوێتە ژوورەوە، توولەکە دەقوورسکێنێ و لە مەمکەکانی (کچی ئیبلیس)ەوە شیر دەڕژێت.

یەکەم فاڵم لەناو فنجانێکی سپیدا بە شەراب بۆدەگرێتەوە، چەند دڵۆپە خوێنێک دەپرژێنێتە ناو فنجانەکە و رایدەوەشێنێت. ماچی یەکێک لە داهۆڵەکانی ناو ژوورەکە دەکا و لە ئاوێنەکەدا تفێک لە رووخساری دەکات. هەردوو کچەکەی تەنیشتی دەنووزێنەوە و دوایی خەو دەیانباتەوە. سەعاتەکە دەکەوێتەوە کار. لە کتێبی (خوێن و سەراب) چەند رستەیەک لەژێر لێوە ئەستوورەکانییەوە دەخوێنێتەوە، دەستێک بە ریشیا دەهێنێ و بە چاو هێما بۆ ئاسمان دەکات، چەند جارێک فنجانەکە بەناو دووکەڵی خەڵووزەکەدا دێنێ و دەبات، گریان و فرمێسک دەڕژێتە چاوەکانییەوە، دەستەکانی دەلەرزێن و کتێبی (خوێن و سەراب) بە

زەوییەکەدا دەکەوێنێ، کچەکان خەبەریان بووەوە و بە دەنگێکی بەرز قیژاندیان، دەفە دڕاوەکەی داگرت و فنجانەکەی بەناودا هێنا، هاواری بۆ کچێکیان کرد و گوتی: (خوێنی ئیبلیسم بۆ بێنن). دوو دڵۆپ لەو خوێنەی، کە لەناو پێستەیەکی خۆشکراودا هەڵگیرابوو، کردی بەناو فنجانەکەدا. منیان دانیشاند و سەعید گوتی تەواو...تەواو... تەواو...

سەعید گوتی: (فنجان هونەری شەیتانەکانە، مرۆڤێکی کە لەڕەقی وەک من حیلە لە خۆی دەکات. فاڵ عەزابێکی گەورەیە، مرۆڤ زۆرجار حەزی پێ دەکات، لەبەر سەخیفێکی وەک ئێوە نەبێ، ئیدی بز بە قوونی شەیتاندا ناکەم. ئێستا بە دە شەیتان مرۆڤێکی ئەم چەرخەیان پێ ناخەڵەتێ. مرۆڤ زۆرجار شەیتانێکە، بە نەحلەتی پیاوچاکانیش بۆگەن نابێت. فاڵ هێزی نەماوە، شەیتانە گەورەکان پیر بوون، ئەم شەیتانانەی ئێستا ژێر خۆیان بۆ پاک ناکرێتەوە، ئەوان بە ئاگر لێم دەپاڕێنەوە ئەستێرەیان بۆ داگرم، هەموویان خۆیان هەڵداوەتە ناو ژوورەکەم و بۆنی کەلاکیان لێ دێ و مێش لە دەمی خۆیان ناکەنەوە، خواخوایانە سەگ پێیان نەوەڕێت. شەوان بەسەر یەکدا دەپەڕن، خەریکە ئەم کۆڵانە دێننە سەرم، ئەستێرە ببینن بکشێت، تەڕ دەبن. فاڵ بەمانە ناکرێت، ئیبلیس بزانێت ئەمانە لە وەچەی ئەون، چایخانەیەک و دوو مێزی تاوڵە دادەنێ و تف لە رابوردووی خۆی دەکات. ئەمانە توانای بڕینی ئیمانی منداڵێکی ساوایان نییە، نیوەیان خەریکە دەبنە ئەهلی زیکر و پەشیمان دەبنەوە لەوەی، کە لە وەچەی ئاگرن. کەشتییەکەی نووح ئەگەر ئەو دوو بەچکە شەیتانەیشیان هەڵنەگرتایە، دونیا هەر وەک ئێستاکە وابوو. مرۆڤ ئێستا خۆی کارەکانی شەیتان رادەپەڕێنێ، ئەو رۆژە بەچکە شەیتانێک بە دایکی دەگوت: (چ دەبوو دایە! ئەو ئیبلیسە کڕنووشێکی ببردایە؟ بۆ خۆمان ئێستا لەسەر سیسەم بخەوتینایە، خۆمان بە نەفرەتکراوین، بۆ نەهێڵین ئەم داماوە گەوجانە بە رەحەتی ماچێک بکەن؟ ئەم جارە بە باوکم بڵێ بڕوا بۆ خۆی بەقاڵی بکا و سێوەکەی ئادەم بفرۆشێت، چی داوە لەم نەگبەتییە).)

سەعید سەری خوارند و فنجانەکە هەر بە دەستییەوە بوو، جاربەجارێک قاقایەکی لێ دەدا، چاوێکی بە ژوورەکەدا دەگێڕا و سەیری رووخسارە زەردەکەی منی دەکرد. دانیشتبووم، ترس لە گیانمدا نەمابوو، هەرگیز ئەو مرۆڤە ترسنۆکەی یەکەمجار نەبووم، کە هاتمە ئەو ژوورەوە. خۆم نەمزانی بۆ چ هاتبووم، ئەو تازە رۆشتبوو، نەخشەی فنجانەکان و کتێبەکانی فاڵ و ئیبلیسەکان نەیاندەگەڕانەوە. ئەو رۆشت، کەس نەیزانی لە باوەشی چ پیاوێکدا دەگیرسێتەوە. بێوەفایی فاڵێکە زۆرجار بە دەوری فنجانی ساحیراندا ناسووڕێتەوە. ئیدی دایکە سۆزانییەکەم بۆ

ئەبەد بەهیچ فاڵیک نەگەڕایەوە.


دوو کچەکە چەرچەفەکانی سەریان فڕێ دا و ژوورەکەیان بەجێهێشت. سەعید هەستایە سەر پێ و بەرەو پەیکەری (خەونە نەمرەکان) رۆشت و خستی بە زەوییەکەدا. داهۆڵەکانی رماند، ماچێکی (کچی ئیبلیس)ی کرد و بەسەردا کەواندی. سەعاتەکەی هەڵگرت و گریا و گوتی: (قەڕنی شەیتانەکان تەواو بوو، هەردوو بەچکە شەیتانەکەم دەبەم و دەچمەوە ڤێلاکەی خۆم، ئیدی ئەم کۆڵانە کۆنە بە پیادەش پێیا نایەم. دەزانم شەیتانێک کەمە و دووان زۆرە، بەڵام ئەمە باشترە بۆ من، سبەینێ لە ساڵۆنەکەی بەردەم قەڵا قژیان کاریی دەبڕم و لەگەڵیاندا دەژیم).

هەموو ماڵەکەی دا بەسەر یەکدا و پشکاندی. بەرلەوەی ژوورەکە جێبهێڵێت، گوتی: (من زانیم نزیک بوونەتەوە).

ئینجا فنجانەکەی شکاند و ژوورەکەی لەو تاریکییەدا بەجێهێشت و لە کۆڵانەکەدا ون بوو، من بەدوایدا هاتمە دەرەوە.

هاوارم کرد: (سەعیدی فنجان)، باوە! من کوڕە ئیبلیسەکەی تۆم.

من لە جنسە نەگریسەکەی تۆم. کوا؟! دایکە سۆزانییەکەم.



# دەروازە

● بەرهەم ئەنوەر

**ئەکتەرەکان:**

**بینەر: کوێر**

**پاراو: لاڵ**

**پەرۆش: گوێ گران**

**ئازاد: مرۆڤێکی ئاسایی**

**((شوێن: بەردەم دەروازەی شارێک. دەروازەکە دوو دەرگای هەیە، دەرگای لای راست بۆ چونە ژوورەوەیە و داخراوە، لە بەردەمیدا درەختێکی سەوز گەشەیکردووە. دەرگای لای چەپ بۆ هاتنە دەرەوەیە و کراوەتەوە، لەبەردەمیدا درەختێکی وشکبوو هەیە، ناوەوە تاریکە. کات ئێوارەیە)).**

((پەرۆش جانتای ئامێرێکی کەمانچەی پێیە، لەسەر بەردێک دانیشتووە. جانتاکە دەکاتەوە و وێنەیەک و پارچەیەک نان دەردەهێنێ)).

**پەرۆش:** بۆ مرۆڤ پارچەیەک نان زۆر گرنگە، بەڵام بۆ سەڵیتەیەکی وەک من هەمان بەهای ژنی هەیە.

((بەدەم نانخواردنەوە تەماشای وێنەکە دەکات)).

ئەزانم تۆ لە خەیاڵ زیاتریت، دەبێت هەر وابیت. ئەگەر نا من هەڵناکەم بێ، ، ت ت ۆ، ،، ئاە بێ مانایە،

تکایە زویر مەبە. تۆ، من، گرفتار ! ناگوزەێ، بیرەوەریم تێکچووە، نازانم بە راستی لە خەیاڵمدایت یان لە تەنیشتمەوەیت؟ بیرکردنەوە لەم دۆخە دژوارە، ئەزانم هەمیشە شتێک هەیە رێم لێ دەگرێت، لە تۆ دەچێت.

((پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی بەرز)).

((وچانێک)).

چ گەمژەییەکە نانبخۆیت و بیر لە ژن بکەیتەوە. ژنێک بە مانای وشە کابووسە، نهێنیە و نیشانەی شومییە.

بەڵام، بەڵام ((وەک بڵێی بگری))، بەڵام کەڵلەمی داگیرکردووە. نینۆکی لە دڵم توندکردووە. ناکرێت دەستبەرداری ببم، ناکرێت. ((دەست دەکاتە گریان)).

((شانۆ تاریک دەبێت)).

((شانۆ رووناک دەبێتەوە)).

((پەرۆش خەوی لێکەوتووە لەسەر خۆڵەکە، لە ناکاو خەبەری دەبێتەوە، تەماشای ئەملا و لای خۆی دەکات.

کات شەوە)).

دووبارە تۆیت؟... بۆ خەبەرت کردمەوە؟! تەنانەت لە خەونیشدا ! ((کەمێک هێمن دەبێتەوە)) دەبێت، دەبێت رێگایەک هەبێت بۆ قوتاربوون.

((وێنەکەی بە دەستەوەیە، تەماشای دەکات و دەیخاتەوە ناو کراسەکەی)).

((وچانێک)).

((وێنەکە دەردەهێنێت و پارچە پارچەی دەکات . هاوار دەکات)).

تکایە خەونەکانیشم لێ داگیر مەکە.

((هەڵدەستێت لە دەرگای چوونەژوورەوە دەدات)).

بیکەنەوە دەمێکە لێرەم تەنیایی خواردمی، بیکەنەوە، نانم پێ نەماوە. ئەم ژنەی ناو سەرم برسییەتیم لەبیر ناباتەوە. گەر بهێڵن بێمە ژوورەوە رەنگە بتوانم لە یادی بکەم. لێتان دەپاڕێمەوە بیکەنەوە، هێندە بەس نییە کە ئازارەکانی ئەو دەچێژم؟ میهرەبانیتان بنوێنن.

((بێئەوەی روو لە دەرگاکە وەربگێڕێ بێ ئومێدانە دێتە دواوە. کە دەگاتە نزیک جانتاکەی بە پرتاو دەچێتە لای و دەگەڕێت)) رەنگە لەناویدا، لە شوێنێکدا، پارچەیەک نان پەیدا بکەم.

(("پەرۆش" ئاگای لە خۆی نییە، "بینەر" لای دەستە راستەوە دێتە سەر شانۆ. گۆچان بە دەستە و کۆڵێکی لە شاندایە)).

**بینەر:** دەی با کەمێک بە تەنیا بڕۆم، رەنگە بتوانم، زەوییەکە لە تەخت دەچێت؟ هەولبدە مەودای نێوانمان راگریت (("پاراو" دێتە سەر شانۆ. بە دووری چوار هەنگاو لە "بینەر"ەوە دەوەستێت. چاکەتێکی بەدەستەوەیە و جانتایەکی لە شاندایە)).

زۆر نزیکم مەکەوە. ئاوا بۆ تۆش باشترە، سەلامەتترە. پشوویەک دەدەین، پێدەچێت زۆرمان نەمابێت بگەینە دەروازەکە.

((بێدەنگی. "بینەر" هەناسەیەکی ئاسودەیی قوڵ هەڵدەمژێت)).

دەڵێم: دەمێکە پرسیاری کاتم لێت نەکردووە، بە هەواکەیدا لە شەو دەچێت!

((دەنگی سیسرک و کوللە و حەشەرات دێت)).

هەڵبەت ئەم دەنگانەش ئاماژەیەکی روونن. هەست بە کەمێک سەرما دەکەم، بەڵام چێژی لێ دەبینم. نا، ناترسم کەواتە نەخۆش ناکەوم. هاوڕێم تەماشای دەور و بەرت بکە، بێگومان دەبێت جوان و دڵڕفێن بێت.

بە لایەنی کەمەوە لەو تاریکییە باشترە منی تێدام.

(("پەرۆش" کراس و ژێر فانیلەکەی دادەنێت و تەنها کراسەکەی لەبەر دەکاتەوە و دەکەوێتە خاوێنکردنەوەی کەمانچەکەی بە ژێر فانیلەکەی. بێ ئاگایە. "پاراو" لە جێی خۆی وەستاوە تەماشای "پەرۆش" دەکات)).

هەستدەکەم نزیکین لە شار، بەڵام ناتوانم بڵێم چەند؟ زۆریش گوێی نادەمێ دواجار هەر دەگەین.

(("پاراو" دەیەوێت بجوڵێت و بە ئاماژە پێی بڵێت کەسێک لەوێدایە)).

هێندە هەیە مەودای نێوانمان تێکمەدە، لە دووری چوار هەنگاو وەک هەمیشە، ئەمە یاسای یەکەمە. یاسای دووەم ئەوەیە چاکەتەکەم پیس نەبێت. یاسای سێهەم پاراستنی جانتا خواردنەکەی شانتە.

دەزانی، لە ژێر کاریگەریی هەواکەدا بیر لەوە دەکەمەوە گۆرانییەک بڵێم. هیوادارم هەوای شارەکەش ئاوا بێت.

زۆر سەیر کەوتوومەتە ناو بیری گەنجیم، ئەو کات وا نەبووم. دەتوانم وێنای بکەم لە پێش چاوی خۆم، کە لەبەردەمماڵی یاردام و ئەو لە نهۆمی سەرەوە کە تەنها سێبەرەکەی دیارە، تەماشام دەکات و منیش گۆرانی دەڵێم.

((دەکەوێتە گۆرانی وتن)).

غەمگین و پەرێشانم، ئارامم نییە ساتێ

سەفەرێکم کەوتە بەر، ڕێیە هات و نەهاتێ
چاوەڕێمە لە ڕێگا، با کاروان بێی و بمگاتێ
یارم لەگەڵ کاروانێ، قەولە دوو ماچم باتێ

(("پەرۆش" کەمانچەکەی نەسب (هاوئاهەنگ) دەکات و مۆسیقای ژێیەکانی تاقیدەکاتەوە)).

(("بینەر" لە گۆرانی ووتن دەوەستێت)).

کێیە؟ کێ لێرەیە ! "پاراو" ئەوە تۆیت؟

(("پاراو" بە ئاماژەی سەر دەڵێت نا)).

ناکا ئەوە تۆ بیت و بە دزی منەوە کەمانچەیەکت پەیدا کردبێت؟ وەرە بۆ لام بزانم تۆیت؟

(("پاراو" دەچێتە لای و بە نیشانەی دەست و بەرکەوتن تێیدەگەیەنێت کە ئەو نییە)).

چی؟ ئەی کەواتە کەسێک لەم ناوەیە و تا ئێستا بە منت نەگوتووە؟!

((کەمێک شپرزە دەبێت)).

ئەم هەموو قسەیە دەکەم ! ناکرێت ئەو گوێی لێبێت و هەڵوێستی نەبێت ! کوا، لە کوێیە؟

(("پاراو" "بینەر" ئاراستە دەکات بۆ لای "پەرۆش")).

بمبە بۆ لای، ناشێت کەڕ بێت ! نا، نامومکینە.

((پێکەوە دەچنە لای "پەرۆش". "پاراو" دەستێک لە شانی "پەرۆش" دەدات و لە کەمانچە ژەینی دەخات. پاشان دەستی "بینەر" دەخاتە سەر سەری "پەرۆش")).

ئۆو! بە قژە کرێماویەکەیدا بێت گەنج دیارە. ((بە توندی چاکەتەکەی رادەکێشێ)) هەستە کوڕە، بزانم بۆ قسەت نەکردووە چەند وەختە؟ چ کارەیت؟

**پەرۆش:** ((کەمێک پەشۆکاوە)).

چی، ئێوە، مرۆڤ، نان؟ ڕێکەوتێکی سەیرە ! دەبێت لە بەرامبەر لابردنی کامە بەردی سەرە رێ، خودا ئەم پاداشتەی بۆم دانابێ!

**بینەر:** کەواتە دەتوانی قسە بکەیت؟

**پەرۆش:** بە ئێوەوە باشتر دەگوزەرێ.

**بینەر:** ئەمە جێی دڵخۆشییە.

**پەرۆش:** ئەستەمە بۆ من بتوانم بە بێ نان، بە تەنیا چاوەڕێ بکەم و ((ئاماژە بۆ دەرگای چونە ژوورەوە دەکات)) دەرگاکەش داخراو بێت.

**بینەر:** جا چۆن دڵنیا بم لەوەی کە بە تەنیایت؟

**پەرۆش:** من لە برسان خەوتبووم، مامە هەر باوەڕ ناکەیت!

**بینەر:** تا رادەیەک شورەییە مرۆڤ راستەوخۆ باسی نان و برسیەتی بکات!

(("پاراو" بەم قسانە پێکەنینی دێت)).

**پەرۆش:** پیاو هەرچۆنێک بێت تەنیایی بەڕێدەکات، بەڵام برسیەتی نا!

**بینەر:** باشە هەوڵدەدەم یارمەتیت بدەم.

**پەرۆش:** دوو شەوە لێرەم، هەرگیز دەرگاکە ناکەنەوە. تەنها یەک نانی وشکم خواردووە. کەس ناچێتە ناو شارەکە.

**بینەر:** ئاوا ! کەواتە نزیکین لە شارەکە. "پاراو" بۆچی ئەمەت پێ نەگوتووم؟

(("پاراو" کە دڵنیا دەبێت ئەوە شوێنەکەیە، جانتا و چاکەتەکە دادەنێت و بەو ناوەدا هاتوچۆ دەکات)).

**پەرۆش:** ناچار لە برسان خۆم بە کەمانچەکەمەوە مەشغوڵ کردبوو.

((وچانێک)).

ئۆو بە راست لە یادم چوو پێت بڵێم، من کەمێک گوێم گرانە تەنها ئەوەندە هەیە کە دەبێت گوێم نزیک بخەمەوە لە دەمت. ئەوجا دەتوانم تێبگەم دەڵێیت چی؟ ئەگەر تۆ گوێت لە منە خۆشحاڵم بە بینینتان.

(("بینەر" کە دەزانێت سەری "پەرۆش" نزیکە لێوەی، دەیدۆزێتەوە و توند دەیگرێت و بە گوێی راستیدا دەڵێت)).

**بینەر:** دەرگای شارەکە ناکرێتەوە؟

**پەرۆش:** ببوورە مامە گیان لە بیرم چوو پێت بڵێم کە تەنها گوێی چەپم قسە دەبیستێ. ئەویش بۆ من زۆر زۆرە، چونکە کەمانچەکەم لەسەر شانی چەپم دادەنێم.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) گەر نانت پێ بدەم، رێگەی شارەکەم نیشان دەدەیت؟

**پەرۆش:** رێگای شار؟ هیچ رێیەکی تر بوونی نییە. لێرە دەروازەیەک هەیە، شارەکە دەکەوێتە ئەو دیوی.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) بۆ دەرگاکەی ناکەنەوە، کێ خاوەنییەتی؟

**پەرۆش:** هیچ کەس ئەوە نازانێت. ئەمە روون نەبۆتەوە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) تەنها دوو رۆژە لێرەیت؟ کەس بێرەدا تێپەڕیوە؟

**پەرۆش:** بەڵێ، دوو رۆژ کەمتریشە، بەڵام دوو رۆژ بۆ من ماوەیەکی نەبڕاوەیە. پیاو لە یەک کاتدا برسیشی بێت و بیر لە ژنیش بکاتەوە، هەرگیز کاتی لێ ناڕوات. وێنەی ئەو کەسەم پێیە کە خۆشم دەوێت.

((گیرفانی کراسەکەی دەگەڕێیت)).

نا، لە جانتاکەمدایە. ((بیری دەکەوێتەوە)) ئۆو ئۆو لەتوپەتم کرد.

((دەگەڕێت و لەتەکانی وێنەکە دەدۆزێتەوە)).

نان بووایە دەمێک بوو خواردبووم. ئا، بە راست ئەم هاوڕێیەمان ((مەبەستی لە "پاراو"ە)) ناوی چییە؟

**بینەر:** ((لە یادی دەچێت بە گوێیدا قسە بکات)) ناوی "پاراوە"، پاراو.

**پەرۆش:** تکایە بە گوێمدا قسە بکە. لای چەپم.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) من ناوم "بینەر"ە. ئەویش "پاراو".

**پەرۆش:** ئاوا ! زۆر خۆشحاڵم، منیش "پەرۆش"ی برا بچووکتان، بە راست برا "پاراو" دەکرێت پارچەیەک نانم پێ بدەن؟ مامە "بینەر" ئیزنی ئەمەم هەیە؟

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) نان؟ نانت پێ بدەم رێگەکەم نیشان دەدەیت؟

**پەرۆش:** رێگا؟ بەڵێ، راستی دوو رێگا هەیە، یەکەمیان ئەوەیە دەرگاکە بکرێتەوە و بچینە ژوورەوە. دووەمیان ئەوەیە چاوەڕێ بکەین لەبەردەم دەرگاکەدا. بەڵام من ناتوانم بەرگەی چاوەڕوانی و برسیەتی و خەیاڵاتی ژن بگرم.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) کورە سەر شێت، من نابینام دەست لە رابواردن هەڵگرە، بۆ خۆت باشترە، "پاراو" چاوساغی منە، بەڵام باش نازانێت قسە بکات. دەکرێت بڵێین لاڵە، بەڵام تۆ، تۆ تاکە رزگارکەری.

**پەرۆش:** نا، مامە کوێرە گیان، ببوورە وا دەڵێم بە درێژایی مێژوو رزگارکەر و رێنوێنەکان، نان و ژنیان هەبووە.

بەڵام من چی؟ دەزانیت، کاتی خۆی وامدەزانی کەمانچەکەم جێگەی هەردووکیانم بۆ دەگرێتەوە، بەڵام بۆم دەرکەوتووە من هەڵە بووم.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) ئەگەر لێرە چاوەڕێ بکەین، تۆ دەتوانیت کەمانچە بژەنیت؟

**پەرۆش:** راشکاوانە بڵێم ناتوانم، لە بەر ئەوەش نازانم.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) نازانیت!

**پەرۆش:** شتێکی وەها.

**بینەر:**((بە گوێی چەپیدا))، بەڵام پێشتر دەتژەنی!

**پەرۆش:** ئەوە پێشتر بوو.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) ئەی ئێستا، ئەی دوایی ناتوانیت؟

**پەرۆش:** نەخێر، نە ئێستا و نە دوایش نازانم کەمانچەکە بژەنم.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) خۆت لە گێلی مەدە دەزانیت.

**پەرۆش:** نازانم، نازانم چونکە ناتوانم.

**بینەر:** تێناگەم لە تۆ. نە من و نە "پاراو" لێت تێناگەین.

(("پاراو" جانتاکە دەباتە لای دەستە راستی شانۆ و دەستدەکات بە نانخواردن)).

**پەرۆش:** دەزانی بۆ ناتوانم؟ چونکە برسیمە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) یانی ئەگەر من نانت پێ بدەم کەمانچەکە دەژەنیت؟

**پەرۆش:** ئا، بەڵام بە باشی نا.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) بۆ؟ مەگەر تێر ناخۆیت؟

**پەرۆش:** با.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) ئەی مەبەستت چییە؟

**پەرۆش:** ئاخر من دووجار برسیمە، جارێک بۆ نان و جارێک بۆ ژن. تۆ تەنها دەتوانیت گرفتی نانەکە چارە بکەیت.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) هێندە ئاڵۆزی مەکە، رێککەوتین؟

**پەرۆش:** من ناتوانم درۆ لەگەڵ خۆمدا بکەم.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) چ درۆیەک!، ئەمە چی تێدایە؟ من نانت دەدەمێ و تۆش ماوەیەک کەمانچە دەژەنیت.

(("پاراو" لە پشتی " پەرۆش"ەوە دەڕوات و تەماشای جانتاکەی دەکات)).

**پەرۆش:** بەڵێ، لە کاتی ژەنیندا ئەوە زۆر گرنگە کە بیرت تەنها لای ئاواز و هارمۆنیەتی مۆسیقا بێت و هیچی تر.

منیش ژنێک لە ناو سەرمدایە و خەیاڵی بردووم، دەبێت هەموو شتێکم بۆ ئەو بێت.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) کەواتە دەتوانیت بیر لەو بکەیتەوە و بژەنیت.

**پەرۆش:** ئاخر ئەو کات، تەنها بۆ ئەو و لەبەر خاتری ئەو دەیژەنم.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) باشە بۆ من گرفت نییە.

(("پەرۆش" پاڵێکی توند دەنێت بە "بینەر"ەوە، دەکەوێت و ئازاری پێدەگات، "پاراو" ئەمە دەبینێت و وەک ئەوەی هاوڕا بێت، ئیهمالی دەکات و سەرقاڵی ناو جانتاکەی "پەرۆش"ە)).

**پەرۆش:** ئاخر ئەمە کێشەکەیە ((دەچێتە سەر سنگی "بینەر"))، من لە یەکەم قسەتەوە زانیم چەندە دەبەنگی.

مەزەندەی ئەوەم کردبوو بیگەیەنیتە ئەم رادەیە، هەی گەمژەی ناجسن.

چۆن دەبێت مۆسیقا موڵکی یەک مرۆڤ بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو مرۆڤە ژنەکەی ناو سەری من بێت؟

((توند یەخەی دەگرێت و رای دەوەشێنێت)).

نا مۆسیقا تەنها و تەنها موڵکی سروشتە و مرۆڤیش واتە سەرجەم مرۆڤایەتی بەشێکی بچوکە لە سروشت. تێگەیشتیت هەی پیری نەزان، ها؟

((هەڵدەستێتەوە، هەوڵدەدات ئارام بێتەوە. بێدەنگی)).

(("بینەر" دەستی یارمەتی درێژدەکات تا بەرزی بکاتەوە، بەرزی دەکاتەوە)).

**بینەر:** نانەکەت پێدەدەم، بەڵام هیوادارم بتوانیت رزگارمان بکەیت، هەر نەبێت بە ژەنینی پارچەیەک مۆسیقا.

(("بینەر" کۆڵەکەی شانی دادەگرێت و هەوڵدەدات گرێیەکەی بکاتەوە. "پەرۆش" یارمەتی دەدات و سەمونێک دەردەهێنن و دەیکەن بە دوو بەشەوە. بێ ئەوەی ئاگایان لە "پاراو" بێت لە تەنیشتی یەکەوە دادەنیشن)).

(("پاراو" دەچێتە بەردەم دەرگای چونە ژوورەوە و تەماشای دەکات. لەسەر چیمەنەکەی بەردەمی دەکەوێتە یاریکردن و خولانەوە. هەوڵدەدات بچێتە بەردەم دەرگای هاتنەدەرەوە، بەڵام ناتوانێت تەنانەت پێیەکیش بخاتە سەر خۆڵ و لمەکەی بەردەمی)).

**بینەر:** برا "پەرۆش" دەڵێم ((بیری دەکەوێتەوە کە لای راستی دانیشتووە، هەڵدەستێت و دەچێتە لای چەپ)).

((بە گوێی چەپیدا)) بە راست دەروازەی شار چەند دەرگای هەیە؟

**پەرۆش:** دووان.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) هەردووکیان داخراون؟

**پەرۆش:** نا، بێگومان نا.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا))، کەواتە یەکیان کراوەتەوە.

**پەرۆش:** بەڵێ.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) ئەی بۆ نەچینە ژوورەوە؟ ناتوانین؟

**پەرۆش:** نا، ناتوانین.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) مەگەر نەکراوەتەوە؟ لەسەر شارەکە نییە؟

**پەرۆش:** ئاخر ئەوە لەسەر شارەکە نییە. لەسەر ئێرەیە.

**بینەر:** روونتر بدوێ، نانمان زۆر پێیە.

**پەرۆش:** ((بە گوێی چەپیدا)) ناکرێت لەوێوە بچینە ژوور، چونکە ئەو دەرگایە بۆ هاتنە دەرەوەیە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) هاتنە دەرەوە؟ بۆ کەس لە شارەکە دێتە دەرەوە؟

**پەرۆش:** ماوەیەکە کەس نەهاتۆتە دەرەوە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) کەواتە چیتر نایەنە دەرەوە؟ ئەویَ خۆشە؟

**پەرۆش:** دەبێت بێنە دەرەوە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) مەبەستت ئەوەیە ناچارن؟

**پەرۆش:** شتێک لەو بابەتە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) نانی زیاترت پێ دەدەم، تکایە روونتر بدویَ.

**پەرۆش:** مرۆڤ ناتوانێت لەوە روونتر بدوێت.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) باشە کە دەچنە ژوورەوە، بۆ، بۆچی دێنە دەرەوە؟!.

**پەرۆش:** بەڵێ، بەو جۆرەیە، ئەمە پرسیارەکەیە کە من و تۆ لە خۆمانی ناکەین، چونکە ناوێرین و وەڵاممان پێ نییە.

باشە پێم بڵێ، ئێمە بۆ دەچینە نێو ئەو شارەوە؟ رەنگە تەنها ئەم درەختە سەوزە و چیمەنی بەر دەرگاکە بێت سەرنجمان رادەکێشێت. رەنگە وا تێبگەین ناوەوەش بە هەمان رەنگ و هەمان شێوەیە، لە کاتێکدا ئەمە روون نییە. ئیتر ئەوەش وا دەکات هەوڵبدەین و چاوەڕێبکەین تا بچینە ژوورەوە. بەڵام هەرگیز خۆمان نادەین  لە قەرەی وەڵامی ئەو پرسیارەی، من چ کارەم؟ ئەزانی بۆ، چونکە سەرمانی پێ دێتە ژان. من پێت دەڵێم  پیاوی بە ئەزموون، بۆ سەرەتا کە منت بینی لێت نەپرسیم چ کارەم و چی دەکەم؟ ها؟، رووت نەهات، یان بیرت نەبوو؟ نا ئەمانە بیانوو نین راستییەکەی ئەوەیە کەسێک نەزانێت خۆی چ کارەیە و ئیشی چییە، نایەوێت هەواڵی کەس بپرسێت؟ تا توشی شەرم و بە خۆدا شکانەوە نەبێت.

((دەچێت کەمانچەکەی بکاتەوە ناو جانتاکەی)).

((بێدەنگیی)).

دەزانی، من دوو رۆژە لێرەم، زیاتر لەوەی دەمەوێت بچمە ژوورەوە، تامەزرۆی ئەوەم کەسێک بێتە دەرەوە، بەڵام کەس نییە، من هیچ کەسم نەبینیوە. کەمێک لەمەو بەر ئەستێرەیەک کشا، جاران دایکم دەیگوت ئەوە مانای وایە کەسێک دەمرێت. نازانم بۆ لە کاتی کشانی ئەو ئەستێرەیەدا، لە خۆوە دڵم بەوە خۆشبوو کە ئەمشەو کەسێک دێتە دەرەوە، لەو دەرگایەی کە لای چەپ کراوەتەوە.

(("پاراو" هەڵدەستێتە سەر پێ و بە توندی لە دەرگاکە دەدات و دەیەوێت وشەی -بیکەنەوە- گۆ بکات، بەڵام ناتوانێت)).

(("بینەر" وەک ئەوەی لە خەو راچڵەکیبێت، هەڵدەسێت و شپرزە دەبێت)).

**بینەر:** ئای ئای، "پاراو" خۆ من ئاگام لە خۆم نەما، تۆم لە یادکرد، بمبوورە هیوادارم خۆت بە شتێکەوە سەرقاڵکردبێت. چۆن؟ بەڵام من چۆن بزانم ئەوە "پاراو"ە؟ کێ ناڵێ؟ ها؟

((بە دوای "پەرۆش"دا دەگەڕێ و لە لای چەپیەوە دادەنیشێ)).

((بە گوێی چەپیدا)) تکایە، تکایە، پێم بڵێ ئەو تەقە تەقە چی بوو؟ "پاراو" لە کوێیە؟

**پەرۆش:** "پاراو"؟ لەو دەور و بەرەیە، دوور نییە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) نانی زیاترت پێ دەدەم، ئەو تەقە تەقە چی بوو؟

**پەرۆش:** باشە، باشە، دەرگاکە بوو، هەموو کەسێک لەو دەرگای چونە ژوورەوەیە دەدات، بەڵام وا نایکەنەوە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) نایکەنەوە؟!

**پەرۆش:** دیارە خۆ، نایکەنەوە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) بۆ نایکەنەوە؟

**پەرۆش:** دیارە کاتی نییە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) ئەی دەزانن کە ئێمە لێرە چاوەڕێ دەکەین؟

**پەرۆش:** رەنگە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) رەنگە؟ بە چیدا دەزانیت؟

**پەرۆش:** بەوەدا کە چیمەن و درەختی بەر دەرگاکە سەوزن.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) درەخت و چیمەنی لێیە؟ سەوزن؟

**پەرۆش:** وا دیارن.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) بۆ؟

**پەرۆش:** تا سەرنجی ئێمەی رێبووار راکێشن.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) ئەی دەرگای هاتنە دەرەوە، درەختی لێیە؟

**پەرۆش:** تەنها قەدێکی وشکبووە.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) سەوزایی نییە؟

**پەرۆش:** نانی زیاترم دەوێت.

**بینەر:** ((بە گوێی چەپیدا)) دەتدەمێ، نانت پێدەدەم.

**پەرۆش:** نا، سەوزایی نییە، خۆڵ و لمە. دەرگاکە کراوەتەوە و ناوەوە تاریکە.

(("پاراو" واز لە دەرگاکە دەهێنێ، لە جانتاکەیدا سەمونێک دەردەهێنێت و دێت لە تەنیشت "بینەر"ەوە دادەنیشێ و تەماشای دەرگای هاتنە دەرەوە دەکات)).

((بێدەنگی)).

((شانۆ تاریک دەبێت)).

((شانۆ رووناکدەبێتەوە)).

((کات دەمە و بەیانییە . "پاراو" و "پەرۆش" لە هەمان جێدا خەوتوون. "بینەر" بە گۆچانەکەیەوە دێت و دەچێت پیاسە دەکات، راڕایە. رووناکییەک دەرگای هاتنە دەرەوە رووناکدەکاتەوە، "ئازاد" بە جلی سەرتاپا سپییەوە دێتە دەرەوە. وڕ و لاوازە، ئاگای لە خۆی نییە و لەتر دەدات. خۆی دەکێشێت بە "بینەر"دا . رووناکی ناو دەرگاکە نامێنێت)).

**بینەر:** ها؟ "پاراو"؟ "پەرۆش"؟ ئەوە تۆیت؟ کامتانن؟

**ئازاد:** ببوورە، مەبەستم نەبوو.

**بینەر:** ئۆو میوانێکی تازە هاتووە! ناوت چییە؟

**ئازاد** : ناوم ئازادە ((وچانێک)) بەڵێ منیش میوانم.

**بینەر:** خۆشحاڵم، بە دەنگتدا لە کەسێکی رێبوار دەچیت؟

**ئازاد:** رێبوار؟ نازانم، رەنگە هەموومان رێبوار بین.

**بینەر:** مادەم وایە، تۆش وەک ئێمە دەردەداریت!

**ئازاد:** بەڵێ، مرۆڤەکان وەک یەک وان.

**بینەر:** وەک دەبینیت من کوێرم. چاوت دەبینێت؟ مەبەستم نابینا نیت؟

**ئازاد** : نابینا بووم، ئێستا چاک بوومەتەوە.

**بینەر:** چۆن؟ بە چی؟!.

**ئازاد:** دروست نازانم بە چی، بەڵام کە چومە ژوورەوە نابینا بووم.

**بینەر:** نابینا بوویت؟!

**ئازاد:** بە تەنیا نەبووم، کۆمەڵێک بووین.

((وچانێک)).

گۆج و شەل و شێتیشمان لەگەڵ بوو. لە بیرمە کەسێک لە دواوە بەجێما.

**بینەر:** کۆمەڵێک؟ بۆ کوێ دەچوون؟

**ئازاد:** هەر ئەو جێیە تیا چاکبووینەوە.

**بینەر:** چاکبوونەوە؟ هەمووتان؟

**ئازاد:** بەڵێ.

**بینەر:** لە کوێ؟

**ئازاد:** لەو شوێنەی چاوەڕێ دەکەیت بۆی بچیت، ((ئاماژە بۆ شارەکە دەکات)) لەودیوەوە.

**بینەر:** مەبەستت ئەو دیوی دەرگا داخراوەکەیە.
**ئازاد:** شارەکە، شارەکە دەڵێم.
**بینەر:** بۆ تۆ لە شارەکەوە هاتوویت؟
**ئازاد:** وامزانی منت بینی کە هاتمە دەرەوە.
**بینەر:** بەڵام پێم وتیت کە من نابینام.
**ئازاد:** دیارە، هەڵبەت لە شارەکەوە هاتووم.
**بینەر:** زووکرایەوە دەرگاکە؟
**ئازاد:** دەرگای هاتنە دەرەوە هەمیشە کراوەیە.
**بینەر:** دەرگای چونە ژوورەوەکە دەڵێم؟
**ئازاد:** ئەها، نا، نا زۆری خایاند.
**بینەر:** چەندی خایاند؟ دەتوانی مەزەندەی بکەیت؟
**ئازاد:** ئا، رەنگە.
((وچانێک)).
نازانم، نازانم، بەڵام زۆر برسیمان بوو.
**بینەر:** ئەی باسی چیتان دەکرد؟
**ئازاد:** کەی؟ لە کوێ؟
**بینەر:** لەبەر دەروازەکەدا، ئەو کاتەی چاوەڕێبوون؟
**ئازاد:** ئۆی، ئەو کاتە گەنج بووین باسی خەونەکانی خۆمان و فەلسەفە و ژنمان دەکرد.
**بینەر:** کەواتە ناو شارەکەت بینیوە، پیا گەڕاویت؟
**ئازاد:** بەڵێ بێگومان، تەمەنێکم تیا بەڕێکرد.
**بینەر:** چۆن بوو؟ هەستت بە چی کرد؟
**ئازاد:** لە راستیدا هیچ، یەک پارچە کارەسات بوو.
**بینەر:** کارەسات!
((وچانێک)).
ئەی مرۆڤی زۆر لێ بوو؟
**ئازاد:** مرۆڤ سەرچاوەی کێشەکانە لەوێ.
**بینەر:** ئەی لەوێ، لەوێ بیرتان لە چی دەکردەوە؟
**ئازاد:** ئەوێ فەوزایە، کاتمان نەبوو بۆ بیرکردنەوە.
**بینەر:** واتە کەس بیرناکاتەوە لەوێ، ئەی سەرقاڵی چین؟
**ئازاد:** با بۆ نا، هەموو ئەوانەی دێنە دەرەوە لەو شارە ئەوانەن کە بیر

دەکەنەوە.

((وردە وردە رۆژ دەبێتەوە. دەرگای چونە ژوورەوە دەکرێتەوە. "پاراو" خەبەری دەبێتەوە و "پەرۆش" ئاگادار دەکاتەوە و پێکەوە دەچنە ژوورەوە. دەرگاکە دادەخرێ)).

**بینەر:** باسی ئەوێم بۆ بکە، نانم پێیە دەتدەمێ.

**ئازاد:** ئۆه، نا، نا نا، درەنگە، رێگای ترم لە پێشە. شارێک هەیە بۆ ئەوێ دەچم. رێگاکە دوورە، دەبێت پێ رابگەم.

((بێ ماڵئاوایی دوور دەکەوێتەوە)).


**بینەر:** بەڵام من پرسیارم هەیە، تکایە. دەمەوێت بزانم لە پشت دەرگاکانەوە چی دەگوزەرێت، تکایە وەڵامم بدەرەوە.

(پەردە)

# وەرگێڕان

- خوێنەری باش و نووسەری باش — سەروەر عومەر
- ئاوێنە — ئەرسەلان حەسەن
- مۆتەکەی مەرگ — یوسف عەلی پور
- دوو پارچە هۆنراوەی شاعیرێکی یاخی — سۆران محەمەد
- "باسکردن لە مێشەکان قەدەغەیە" — جەواد حەیدەری
- بەلقیس — موکەڕەم رەشید تاڵەبانی

# خوێنەری باش و نووسەری باش



**ڤلادیمێر ناباکۆف**

**و. لە فارسییەوە: سەروەر عومەر**

**ئاماژە**

ڤلادیمێر ناباکۆف (١٨٩٩ – ١٩٧٧) لە روسیای تزاری و لە خێزانێکی خانەدان و رۆشنبیر هاتووەتە دونیاوە و لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە. خاوەنی ١٨ رۆمان، ٨ کۆمەڵەچیرۆک، ٧ کتێبی شیعری و ٩ شانۆنامەیە. بە بڵاوکردنەوەی رۆمانی "لولیتا" گەیشتە لوتکەی ناوبانگی خۆی. ناباکۆف سەرەڕای ناوبانگی زۆری وەک رۆماننووسێکی گەورە، لە گۆڕەپانی وانەوتنەوە و رەخنەی ئەدەبیشدا لە پێشڕەوانی سەدەی بیستەم بوو. ساڵی ١٩٤٨ دەبێتە مامۆستای ئەدەبیاتی روسیی و ئەوروپایی لە زانکۆی "کرنل" لە ویلایەتی "نیویۆرک". رەخنە درەوشاوەکانی لەسەر رۆمانی "بەدگۆڕان"ی فرانتس کافکا و توێژینەوەکانی لەمەڕ ئەدەبیاتی کلاسیکی روس، لە ریزی چالاکییەکانی ئەم رووخسارە بەرجەستەیەی ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم دێتە ئەژمار. ئەوەی لەخوارەوە دێت، پێشەکی ئەو زنجیرە وتارانەیە کە بۆ وانەوتنەوە هەڵبژاردبوو.

ناونیشانگەلی وەک: "چۆن دەتوانین ببینە خوێنەرێکی باش"، یان "دلۆڤانی لەگەڵ نووسەران"، دەکرێت وەک کۆمەڵێک ناونیشانی لاوەکیی کۆڵینەوەگەلی جۆراوجۆر سەبارەت بە نووسەرانی جۆراوجۆر دابنرێت. پلانی بابەتەکەم ئەمەیە کە بە عەشقەوە و بە وردەکارییەکی عاشقانە و تێروتەسەلەوە، باس لە چەند شاکارێکی ئەوروپایی بکەم. سەد ساڵ لەمەوبەر، فلۆبێر لە نامەیەکدا بۆ ئەڤیندارەکەی ئاوا دەنووسێت: "ئەگەر مرۆڤ لانی کەم چەند کتێبێکی بە باشی بناسیایە، چ لێکۆڵەرێکی باشی لێدەردەچوو".

لەکاتی خوێندنەوەدا، مرۆڤ دەبێت سەرنج لە وردەکارییەکان بدات و خۆشەویستییان بۆ دەرببڕێت. هەڵبەتە هیچ کێشەیەک نییە دوای ئەوەی گەردیلە (هەتاوییەکان)ی کتێبەکە بە عەشقەوە کۆکرانەوە، (تریفە)ی درشتبێژییەکانیش بدرەوشێتەوە. ئەگەر مرۆڤ کارەکەی بە گشتاندنێکی لە پێشەوە ئامادەکراو دەست پێ بکات، بەهەڵە بە رێگەکەدا رۆیشتووە و بەرلەوەی لە کتێبەکە تێبگات، لێی دووردەکەوێتەوە. هیچ شتێک لەوە وەڕسکەرتر و لەمەڕ نووسەری کتێبەکەش ناڕەواتر نییە کە کەسێک بۆ نموونە خوێندنەوەی (مادام بۆڤاری) بەو وێنا پێشتر ئامادەکراوەوە دەست پێ بکات کە کتێبێکە، باس لە هێرشکردنە سەر بۆرژوازی دەکات. دەبێت هەمیشە لەیادمان بێت، بەرهەمی هونەری بێگومان بەدیهێنانی جیهانێکی تازەیە، کەواتە یەکەم کار کە دەبێت بیکەین، ئەمەیە ئەم جیهانە تازەیە بە وردەکاری هەرچی زیاترەوە موتاڵا بکەین. جۆرێک لێی نزیک ببینەوە وەک بڵێی هەر ئێستا بەدیهاتووە و هیچ پەیوەندییەکی بەو جیهانانەوە نییە کە پێشتر ناسیومانن. کاتێک ئەم جیهانە تازەیەمان بە وردی موتاڵا کرد، ئەوکات و تەنها ئەوکاتەیە کە دەتوانین لە پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ جیهانەکانی دی، لەگەڵ بەشەکانی دیکەی زانست بکۆڵینەوە. پرسیارێکی دیکە، ئایا دەکرێت لە رۆمانێکدا زانیاری سەبارەت بە شوێن و کاتەکان کۆبکرێتەوە؟ مەگەر دەکرێت کەسێک ئەوەندە سادە بێت کە پێی وابێت دەتوانین لە کتێبە پڕفرۆش و تێروپڕەکان، کە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە، بە هەرا و زەنا دەیانخەنە ریزی رۆمانە مێژووییەکانەوە؛ شتێک سەبارەت بە رابردوو فێر ببین؟ بەڵام ئەرکی سەرشانی شاکارە ئەدەبییەکان چییە؟ ئایا دەتوانین متمانە بەو وێنەیەی "جین ئۆستین" بکەین کە لەبارەی ئینگلتەرای سەردەمانی دەرەبەگایەتی بە بارۆنێتەکان و دیمەنەکانییەوە پێشکەشی کردووە، لەکاتێکدا ئەو تەنها ئاشنایەتی لەگەڵ ژووری دانیشتنی قەشەیەکدا هەبوو؟ ئایا دەتوانین رۆمانی "بلەیک هاوس"ی دیکنز، ئەم رۆمانسە فەنتازییە کە لە لەندەنی فەنتازیدا روودەدات، بە کۆڵینەوەی

لەندەنی سەد ساڵ لەمەوپێش دابنێین؟ بەدڵنیاییەوە ناتوانین. سەبارەت بە ڕۆمانە گەورەکانی دیکەش هەر وایە. ڕاستییەکە ئەمەیە کە ڕۆمانە گەورەکان چیرۆکە مەزنەکانی پەرییانن.

کات، شوێن، ڕەنگی وەرزەکان، جووڵەی ماسوولکەکان و مێشک، هەموو ئەمانە تایبەتمەندیی نووسەرانی بلیمەتن (تا ئەو شوێنەی کە ئێمە پێشبینی دەکەین و بەگومانی من پێشبینییەکەشمان دروستە)، ئەو چەمکە نەریتییانە نین کە بکرێت لە کتێبخانە گشتییەکان بە ئەمانەت وەریانبگرین، کۆمەڵەیەکن لە غافڵگیرییە تایبەتەکان، کە مامۆستایانی هونەرمەند فێری بوون، بە شێوازی تایبەتی خۆیان وەسفی بکەن. بۆ نووسەرانی لاوەکی، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕازاندنەوەی شتە باوەکانە. ئەم نووسەرانە هەرگیز زەحمەتی بەدیهێنانەوەی جیهان نادەنە بەرخۆیان، تەنها هەوڵ دەدەن تا ئەو ڕادەیەی دەتوانن باشترینەکان لە کۆمەڵەیەکی تایبەتی شتەکان، لە شێوازە دێرینەکانی چیرۆک بهێننەدەرەوە. ئەو تێکەڵە جۆراوجۆرەی ئەم نووسەرە لاوەکییانە دەتوانن لەم سنوورە تایبەتەدا پێشکەشی بکەن، ڕەنگە بتوانێت بە شێوەیەکی ناسک و زووتێپەڕ، زۆریش سەرگەرمکەر و سەرنجڕاکێش بێت، چونکە خوێنەرانی لاوەکییش حەز دەکەن بیرۆکەکانی خۆیان لە بەرگێکی ساختە و ڕازاوەدا بناسنەوە، بەڵام نووسەری ڕاستەقینە، ئەو کەسەی هەسارەکان دەسووڕێنێت و مرۆڤێک لەخەوندا بەدیدەهێنێت و بە جۆشوخرۆشەوە خۆی بە پەراسووی ئەو مرۆڤە خەوتووەوە سەرقاڵ دەکات. لەبەردەستی نووسەرێکی ئاوادا هیچ بەهایەکی تایبەت بوونی نییە، دەبێت خۆی ئەم بەهایانە بئافرێنێت. نووسین کارێکی بێهوودەیە ئەگەر لە سەرەتای کاردا هونەری بینینی جیهان وەک چیرۆکێکی شیاوی بەدیهاتن، بەخێرایی نەیەت بە بیردا. مادەی خاوی ئەم جیهانە ڕەنگە بە ئەندازەی پێویست واقیعی بێت (تا ئەو جێگەیەی کە بکرێت بە واقیعی ناوی بەرین)، بەڵام هەرگیز وەک گشتێکی قبوڵکراو بوونی نییە. بێسەرەوبەرەییە و نووسەر بەم بێسەرەوبەرەییە دەڵێت "بڕۆ!" و بەمشێوەیە ڕێگە بە جیهان دەدات تا بجووڵێت و تێکەڵبێت و هەنووکە دەبینین لەگەڵ ئەتۆمە زۆرەکانیدا تێکەڵ بووە، نەوەک تەنها لەگەڵ بەشە ڕواڵەتی و بینراوەکەیدا. نووسەر یەکەم کەسە کە نەخشەی جیهان دەکێشێت و ناو لە دانە دانەی شتە سروشتییەکانی ناوی دەنێت. میوەکانی درەختی جیهانەکەی ئەو بەتامن. ئەو بوونەوەرە خاڵدارەی لەبەردەمی منەوە هەڵات، دەکرێت ڕام بکرێت. ئەو دەریاچەیەی بە ناو ئەو درەختانەدا دەڕوات، دەکرێت پێی بوترێت دەریاچەی شیری، یان هونەرمەندانەتر بڵێم دەریاچەی ئاوی سابوون. ئەو تەمە،

کێوێکە و ئەو کێوە دەبێت بگیرێت. مامۆستای هونەرمەند بە بنارێکی بێ ڕێگەدا سەردەکەوێت، لە لووتکەدا، لە دووندی کێوەکەدا، پێتان وایە چ کەسێک دەبینێت؟ خوێنەرێکی هەناسەبڕاوی خۆشحاڵ. لەوێدا لەناکاو یەکدی لەئامێز دەگرن و ئەگەر کتێبەکە تا هەمیشە بمێنێتەوە، ئەوانیش تا هەتایە پێکەوە لە پەیوەندیدا دەبن.

ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ لە زانکۆیەک لە شارۆچکەیەکی دوورەدەست کە بەڕێکەوت بۆ زنجیرە وتارێک بۆ ئەوێ ڕۆیشتبووم، پێشنیازم بۆ خوێندکارەکان کرد تاقیکردنەوەیەکی کورت ئەنجام بدەن، دە جۆر پێناسەی خوێنەر دیاریکرابوو و خوێندکارەکان دەبوو لەم دە پێناسەیە چوار دانەیان هەڵبژێرن تا بەشێوەیەکی گشتی ببنە خەسڵەتەکانی خوێنەرێکی باش؛ ئەوەی لەیادمە پێناسەکان ئەمانە بوون: چوار وەڵام بۆ ئەم پرسیارە هەڵبژێرە، خوێنەرێکی باش پێویستە چ تایبەتمەندییەکی هەبێت:

١- خوێنەرێکی باش دەبێت ئەندامی کتێبخانەیەک بێت.

٢- خوێنەر دەبێت خۆی لەگەڵ پاڵەوانێکی ژن، یان پیاوی ناو ڕۆمانەکە وەک یەک ببینێت.

٣- خوێنەر دەبێت هەستەکانی خۆی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی- ئابووری چیرۆکەکە کۆبکاتەوە.

٤- خوێنەر دەبێت چیرۆکێک کە ڕووداو و گفتوگۆی تێدایە لە چیرۆکێک کە ئەمانەی تێدا نییە، بە باشتر بزانێت.

٥- خوێنەر دەبێت ئەو فیلمەی لەسەر کتێبەکە دروستکراوە، بینیبێت.

٦- خوێنەر دەبێت کەسێک بێت، کە ئامادەگیی بوونە نووسەر لەودا گەشە بکات.

٧- خوێنەر دەبێت خەیاڵی فراوان بێت.

٨- خوێنەر دەبێت یادگەیەکی باشی هەبێت.

٩- خوێنەر دەبێت قامووسی زمانەکان بەکار بهێنێت.

١٠- خوێنەر دەبێت تا ڕادەیەک دەرکی هونەری هەبێت.

خوێندکارەکان زیاتر جەختیان لەسەر یەکبوونی سۆزداری، کرداری کۆمەڵایەتی-ئابووری، یان مێژوویی چیرۆکەکە کردبووەوە. هەڵبەتە هەر بەو شێوەیەی ئێوە بۆی چوون خوێنەری باش کەسێکە خەیاڵ، یادگەیەکی باش، قامووسی زمانەکان و کەمێک دەرکی هونەری هەبێت. ئەم دەرکە هەرکات دەرفەتێک بێتە پێشەوە لە خۆماندا پەروەردەی دەکەین و پێشنیاز بۆ

ئەوانی دیکەش دەکەین هەمان کار بکەن. بەڕێکەوت، من وشەی خوێنەر زۆر خەمساردانە بەکار دەهێنم. سەیرە! بەڵام مرۆڤ ناتوانێت کتێب بخوێنێتەوە: تەنها پێیدا دەچێتەوە. خوێنەرێکی باش، خوێنەرێکی گرنگ، خوێنەرێکی چالاک و ئەفرێنەر کەسێکە کە پێیدادەچێتەوە. پێتان دەڵێم بۆچی. کاتێک بۆ یەکەمجار کتێبێک دەخوێنینەوە، هەر ئەم پرۆسە دژوارەی جووڵەی چاوەکان لە راستەوە بۆ چەپ، دێڕ لەدوای دێڕ، پەڕە دوای پەڕە، ئەم کارە جەستەییە ئاڵۆزە لەگەڵ کتێبدا، هەر ئەم پرۆسەی تێگەیشتنە لە بابەتی کتێبەکە لەمەودای کات و شوێندا، لەنێوان ئێمە و ستایشی هونەرمەندانەدا دەوەستێت. کاتێک تەماشای نیگارێک دەکەین، تەنانەت ئەگەر وەک کتێب رەگەزەکانی قووڵی و گۆڕانکاری لەخۆ بگرێت، ناچار نین چاوەکانمان بەشێوەیەکی تایبەت بجووڵێنین. لەڕاستیدا رەگەزی کات لەهەمان بەریەککەوتنی سەرەتا لەگەڵ نیگارێکدا، پێ نانێتە ناو مەیدانەوە. لەکاتی خوێندنەوەی کتێبێکدا دەبێت کاتمان هەبێت تا پێی ئاشنا ببین. هیچ ئەندامێکمان نییە (وەک چۆن لەکاتی روانین بۆ تابلۆیەکدا چاومان هەیە). لە جەستەدا کە بتوانێت لەهەموو وێنەکە تێبگات و هاوکات لە وردەکارییەکانیشی چێژ وەربگرێت، بەڵام کاتێک بۆ جاری دووەم، یان سێیەم، یان چوارەم کتێبێک دەخوێنینەوە، لەڕاستیدا هەمان کار لەگەڵ کتێبەکەدا دەکەین کە لەگەڵ نیگارەکەدا دەیکەین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا باشترە ئەندامی چاو، ئەم شاکارە غولئاسایە لەگەڵ مێشک، کە دەستکەوتێکی غولئاساترە، تێکەڵ نەکەین. کتێبێک، هەر کتێبێک، بەرهەمێکی ئەدەبی بێت، یان زانستی (کە سنووری نێوانیان بەو روونییەش نییە کە هەمووان باوەڕیان پێیەتی.) سەرەتا بەرەو لای مێشک دەڕوات. زەین، مێشک، لە سەرەوەی ستوونی بڕبڕەکان، تەنها ئامرازێکە، یان دەبێت تەنها ئامرازێک بێت، لەکاتی خوێندنەوەی کتێبدا دەخرێتە کار.

ئێستا کەوایە، دەبێت سەرقاڵی ئەم پرسیارە بین کە مێشک چۆن کار دەکات؟ کاتێک خوێنەرێکی رووگرژ لەگەڵ کتێبێکی هەتاویدا رووبەڕوو دەبێتەوە. سەرەتا و بەر لە هەرشتێک خووی رووگرژی لەناودەچێت و خوێنەر، باش یان خراپ، پێدەنێتە ناو گۆڕەپانەکەوە. هەوڵدان بۆ دەستکردن بە خوێندنەوەی کتێبێک، بە تایبەتی کاتێک کەسانێک بە کتێبەکەیاندا هەڵداوە، ئەو خوێنەرە گەنجەی لە نادیاردا بە زۆر کۆن یاخود زۆر جدی دەزانێت، هەوڵێکی زۆربەی جار دژوارە، بەڵام هەر کە دەستپێکرد، پاداشتی جۆراوجۆر و فراوانی بە دوادا دێت. لەبەرئەوەی مامۆستای هونەرمەند بۆ ئەفراندنی کتێبەکەی خەیاڵی خۆی بەکارهێناوە. کاری سروشتی و راست ئەوەیە خوێنەری کتێبەکەش خەیاڵی خۆی بەکاربهێنێت.

خوێنەر لانی کەم دەتوانێت دوو جۆر خەیاڵی هەبێت. کەواتە وەرن بزانین کام لەم دوو خەیاڵە بۆ خوێندنەوەی کتێبێک گونجاون. یەکەمیان ئەوجۆرە خەیاڵە تاڕادەیەک نزمەیە کە چنگ بە سۆزە سادەکانەوە دەگرێت و سروشتێکی تەواو تاکەکەسی هەیە. ئێمە شوێنێکی تایبەت لە کتێبەکەدا زۆر بە توندی هەست پێدەکەین، چونکە دەمانخاتەوە یادی ڕووداوێک کە بەسەر خۆمان یان کەسێک کە دەیناسین یان دەماننناسی هاتووە. یان بۆ نموونە خوێنەرێک زۆر ڕێز لە کتێبێک دەگرێت، تەنها بەو هۆیەی کە وڵات، دیمەن، یان ئەو شێوازی ژیانە زیندوو دەکاتەوە کە بە خەمەوە دەیخاتەوە یادی رابردووی. یان خۆی لەگەڵ کارەکتەرێکی ناو کتێبەکەدا وەک یەک دەبینێت. ئەمە یەکێکە لە خراپترین ئەو کارانەی خوێنەر دەتوانێت بیکات. ئەم جۆرە نزمە ئەو جۆرە خەیاڵە نییە کە من بۆ خوێنەرانی دەخوازم. کەواتە خوێنەر دەبێت لەکام ئامڕازی جێگەی متمانە کەڵک وەربگرێت؟ ئامڕازی خەیاڵی ناتاکەکەسی و خۆشنوودی هونەرمەندانە. بە رای من دەبێت پەیوەندییەکی هارمۆنی و هونەرمەندانە لەنێوان زەینی خوێنەر و زەینی نووسەردا بەرقەرار ببێت. دەبێت کەمێک دوور بکەوینەوە و لەم دوورکەوتنەوەیە چێژ وەربگرین. چێژێکی پەڕگیر. مانەوە لە دەرەوەی ئەم ناوچانە ئەستەمە. هەرشتێکی بەبایەخ تا رادەیەک هەستەکییە. بۆ نموونە، ئێوە کە لێرەدا دانیشتوون رەنگە تەنها خەونی من بن و منیش رەنگە مۆتەکەی ئێوەبم، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە خوێنەر دەبێت بزانێت کەی و لەکوێدا خەیاڵی جڵەو بکات و ئەم کارە دەبێت بە هەوڵدان بۆ ناسینی وردی ئەو جیهانە تایبەتە ئەنجام بدات کە نووسەر خستوویەتییە بەردەستی. دەبێت شتەکان ببینین و ببیستین، دەبێت ژوورەکان، جلوبەرگەکان، جووڵە و رەفتاری کەسایەتییەکانی نووسەر بەرجەستە بکەین. رەنگی چاوی "فانی پرایس" لە "مانسفێڵد پارک"دا و کەلوپەلی ژوورە بچووک و ساردەکەی گرنگن.

هەموومان خولقوخووی جیاوازمان هەیە و دەتوانم هەر ئێستا پێتان بڵێم کە باشترین خولقوخوو بۆ خوێنەرێک، تێکەڵەی خولقوخووی هونەرمەندانە و زانستییانەیە. ئەگەر وەها خولقوخوویەک بوونی نەبێت، پێویستە لەخۆماندا بەدیبهێنین. هونەرمەندی تامەزرۆ، خۆی لەبەردەم تێڕوانینێکی زۆر زەینیدایە سەبارەت بە بەرهەمەکەی، بەڵام ئەگەر کەسێک بڕیارە ببێتە خوێنەر، ئەوپەڕی جۆشوخرۆش و ئارامگری و خۆڕاگری تێدا نەبێت- جۆشوخرۆشی هونەرمەندێک و خۆڕاگریی زانایەک- بەدووری دەزانم بەباشی چێژ لە ئەدەبیاتی مەزن وەربگرێت.

ئەدەبیات ئەو رۆژە لەدایک نەبوو کە کوڕیژگەیەک هاواری کرد گورگ، گورگ، لەکاتێکدا بە دۆڵێکی نیاندەرتاڵیدا رایدەکرد و گورگێکی گەورەی رەنگ خۆڵەمێشیش دوای کەوتبوو: ئەدەبیات ئەو رۆژە لەدایک بوو کە کوڕیژگەیەک هاواری کرد گورگ هات، گورگ هات و هیچ گورگێکیش بەدوایەوە نەبوو. ئەوەی کە دواجار ئەم کوڕە بچووکە داماوە بەهۆی درۆ زۆرەکانییەوە بووە خۆراکی گیانلەبەرە درندەکە، بە تەواوی رێکەوتە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، لەنێوان گورگی گیاجاڕەکە و گورگی چیرۆکەکەدا پەیوەندییەکی کەمڕەنگ هەیە. ئەو هێڵی پەیوەندییە، ئەو ئاوێزەی رەنگە، هونەری ئەدەبیاتە.

ئەدەبیات داهێنانە و چیرۆک چیرۆکە. ئەگەر چیرۆکێک بە چیرۆکێکی راستەقینە ناوبەرین، هەم سووکایەتیمان بە هونەر کردووە هەم بە راستی. هەموو نووسەرێکی مەزن فریودەرێکی مەزنە، بەڵام فریودەری هەرە مەزن واتە سروشتیش هەر وایە. سروشت هەمیشە فریومان دەدات. لە فریوی سادەی بەدیهێنانی هاوشێوەی خۆمانەوە بیگرە، تا وەهمی نائاسایی و ئاڵۆزی رەنگە پارێزەرەکانی باڵی پەپوولەکان یان باڵندەکان. لە سروشتدا سیستمێکی دەرئاسا لە ئەفسوون و فریو بوونی هەیە. نووسەری چیرۆک تەنها بە شوێن پێی سروشتدا هەنگاو دەنێت.

با دیسان بچینەوە بۆلای ئەو کوڕە بچووکە توکنەی دارستان، کە هاواری دەکرد گورگ، گورگ. دەتوانین بڵێین جادووی هونەر لەسایەی ئەو گورگەدا بوو کە ئەو بە ئەنقەست بەدیهێنابوو، خەونی گورگەکەی ئەو و پاشان چیرۆکی فێڵەکانی، چیرۆکێکی باشیان پێکهێنابوو. کاتێکیش لە دونیا دەرچوو، ئەو چیرۆکەی لەبارەیەوە دەیانگێڕایەوە، لەتاریکی چواردەوری ئاگردا بووە وانەیەکی باش، بەڵام ئەو جادووگەرێکی بچووک بوو، داهێنەر بوو.

دەتوانین لە سێ دیدگاوە لە نووسەر بکۆڵینەوە، دەتوانین ئەو بە داستانبێژ، مامۆستا و ئەفسوونگەر ناوبەرین. نووسەرێکی گەورە پێکهاتەیەکە لەم سیانە — داستانبێژ، مامۆستا و ئەفسوونگەر، بەڵام ئەوە ئەفسوونگەری ناخییەتی کە زاڵ دەبێت و ئەو دەکاتە نووسەرێکی مەزن.

ئێمە بۆ سەرگەرم بوون، بۆ سادەترین جۆری وروژانی زەینی، بۆ هاوبەشی سۆزداری، بۆ چێژی سەفەر لە ناوچەیەکی دوورەدەستی کات یان شوێندا، بۆلای داستانبێژ دەڕۆین. زەینێک کە برێک جیاوازە و پێویستیش نییە لە ئاستێکی باڵاتردا بێت. گەڕان بەشوێن مامۆستایەک لە نووسەردا، پڕوپاگەندەکارێک، مۆڕالیستێک، پەیامبەرێک بەدەست دێت. دەتوانین بۆ لای مامۆستا بڕۆین

نەوەک تەنها بۆ فێربوونی ئەخلاقیانە، بەڵکو هەروەها بۆ زانینی راستەوخۆ و بۆ حەقیقەتی سادەش. بەداخەوە، کەسانێکم دیوە مەبەستیان لە خوێندنەوەی رۆماننووسە فەرەنسی و رووسییەکان، بەدەستهێنانی زانیاری بووە سەبارەت بە ژیان لە پاریسی سەرخۆش و روسیای غەمگین. دواجار، لەسەروو هەموو ئەمانەوە، نووسەرێکی گەورە هەمیشە ئەفسوونگەرێکی گەورەیە، لێرەدایە کە بەڕاستی بە وروژێنەرترین بەشی کارەکە دەگەین، واتە کاتێک هەوڵ دەدەین لە جادووی تاکەکەسیی ئەم بلیمەتە تێبگەین و لە شێواز، وێنەسازی و شێوەی رۆمان، یان شیعرەکانی بکۆڵینەوە.

ئەم سێ رەهەندەی نووسەرێکی مەزن- جادوو، داستان، وانە-ئامادەی یەکبوونن تا نمایەکی تاقانەی درەوشاوە، تایبەت بەخۆ و یەکتا بسازێنن، چونکە جادووی هونەر، رەنگە هەر لە ئێسکوپرووسکەکانی چیرۆکدا بێت. لە مۆخەکانی بیرکردنەوەدا. شاکارگەلێک هەن، هزری وشک، روون و رێکخراویان هەیە و لەرزەیەکی هونەرمەندانەمان تێدا بەدیدەهێنن. تەواو بەهێز وەک ئەوەی رۆمانی "مانسفێڵد پارک"، یان هەریەک لە رێبازە دەوڵەمەندەکانی وێنەسازی هەستیارانەی دیکنزی، لەگەڵمان دەیکەن. بەڕای من، یەکێک لە رێسا باشەکان بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی رۆمانێک لە درێژماوەدا، تێکەڵکردنی وردەکاریی شیعر و پێشبینی زانستییە. بۆ چێژوەرگرتن لەو جادووە، خوێنەری ژیر کتێبی نووسەرە بلیمەتەکە بە دڵ نا، هەروەها زۆریش بە مێشک نا، بەڵکو بە بڕبڕەکانی پشتی دەخوێنێتەوە. لەوێدایە کە ئەو موچڕکەیە بەگیانماندا دێت، گەرچی لەکاتی خوێندنەوەدا دەبێت کەمێک مەودا وەربگرین، کەمێک دوور بکەوینەوە، پاشان بە چێژێکەوە کە هەم هەستییە و هەم عەقڵی، تەماشای هونەرمەند بکەین کە قەڵا مقەبابییەکەی چێدەکات و ببینین چۆن قەڵا کارتۆنییەکەی، دەبێتە قەڵایەکی جوان لە پۆڵا و شووشە.

**سەرچاوە:**

سایتی "مد و مە"، وەرگێڕانی بۆ فارسی: "فەرزانە تاهیری".

# ئاوێنە



ن: مەحمود دەوڵەت ئابادی
و. لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

هێشتا ئەو پیاوەی بە کۆڵانەکەدا دەڕۆیشت، وازی لەو نیاز و بڕیارە نەهێنابوو وەبیر خۆی بێنێتەوە، کە سێزدە ساڵ تێدەپەڕێت و رووخساری خۆی لە ئاوێنەدا نەدیتووە. هەروەک هۆیەکیشی نەدەبینی یادی خۆی بێنێتەوە کاتێک هەر لەو دەور و سنوورە تێدەپەڕێت کە هەستی نەکردووە پێکەنی بێت. بێ ئەولاولا ونکردنی تەسکەرەکەشی بیر نەدەهاتەوە ئەگەر رادیۆکە رای نەگەیاندبا، کە دەبێت خەڵک ناسنامەکەیان نوێ بکەنەوە. کاتێک راگەیەنرا کە هاوڵاتییانی خۆشەویست ئەرکی سەرشانیانە ناسنامەی پێشوویان لە رێگای پۆستەوە بۆ نفوسەکانیان بنێرن تا دوای چوار هەفتە بتوانن ناسنامەی نوێی خۆیان وەرگرن، پیاوەکە کەوتە ئەو بیرەی کە بەدوای ناسنامەکەیدا بگەڕێ و زۆر زوو هەستیکرد کە ناسنامەکەی بزرکردووە، بەڵام چۆن گومان دەکرێت سێزدە ساڵ بە سەر ونبوونی

ناسنامەکەیدا تێدەپەڕێت، ئەو هۆیەی کە پیاوەکە ناچاربوو بیرخۆی بێنێتەوە، کە کەی ئیشی بە ناسنامەکەی بووە بۆ سێزدە ساڵ لە مەوپێش دەگەڕایەوە یا -ڕەنگبێ- سیوسێ ساڵ لە مەوبەر، چونکە ئەو زۆر پێش ئەوە، لە ڕۆژێکی مێژووییدا ناسنامەکەی خستبووە گیرفانی پێشەوەی بارانگیرەکەی کە بە هەموو تەمەنی، جارێک بچێتە سەر سندووقی دەنگدان و ناسنامەکەی پیشان بدات تا پەڕەی یەکەمی مۆر بکەن. دوای ئەو مێژووە ئیشی بە ناسنامەکەی نەبووە تا پێویست بکات بزانێت لە کوێی داناوە، یا لە کوێ ونی کردووە. ئێستا ڕووداوێکی مێژوویی دیکە هاتبووە پێش کە پێویستی بە ناسنامەیە و ناسنامەکە ون ببوو. سەرەتا بیری کردەوە ڕەنگە ناسنامەکە لە گیرفانی باران گیرەکەدا بەجێمابێت، بەڵام لەوێدا نەبوو. پاشان بە خەیاڵیدا هات ڕەنگە لە یەخدانەکەی هاویشتبێت، بەڵام نا... لەوێش دانەبوو. بە کۆڵانەکەدا ڕۆیی، سواری پاسی هێڵی یەک بوو یەکڕێ چوو بۆ فەرمانگەی باری شارستانی. لە فەرمانگەی باری شارستانی وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرای وەرنەگرت و گەڕایەوە، بەڵام کە گەیشتەوە ماڵێ، وەبیر خۆی هێنایەوە کە -وێدەچێ- پێی گوترابوو پشتگیریەکی شوێنەکەی بۆ نفوس بێنێت. بەڵێ، هەروا بوو. بەمجۆرە پێی گوترا بوو، بەڵام... دەبێت ئەو پشتگیرییە چۆن بنووسێت؟ لەسەر کورسییەکە دانیشت، قەڵەم و کاغەزی لەسەر مێزەکەی پێش خۆی دانا. دەی... دەبێت بنووسرێت ئێمە کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە شایەتی دەدەین کە ناسنامەی هاوڵاتی... بێ سەروشوێن بووە. نووسینەکەی بە قەڵەمی فەڕەنسی پاکنووس کرد و لە ماڵ وەدەرکەوت و ڕێوڕاست چووە دووکانی بەقاڵی کە هەفتەی جارێک شتی لێ دەکڕی، بەڵام دووکاندار کە حەزی نەدەکرد خۆی تووشی سەرئێشە بکات، گوتی نایناسێت. نەک هەر نایناسێت، بەڵکو ناویشی نازانێت، چونکە تا ئەمڕۆ بەنیاز نەبووە بیبەوێت ناوی بزانێت. "بەتایبەت کە بۆ خۆشتان ناوی خۆتان نەنووسیوە!"

بەڵێ، ڕاستە.

دەبوو یەکەمجار چووبا بۆ دووکانی ئوتووی هەڵمی، چونکە هەموو ساڵێک شەوی جەژن چاکەت و پانتۆڵ و کراسەکەی جارێک دەدایە ئوتووی هەڵمی و پسووڵەی وەردەگرت، بەڵام خاوەنی دووکانەکە، هەرچەند کە زەینی باشە و مشتەرییەکانی- ئەگەر بە ناویش نەبێت، بەڵام بە ڕووخسار- دەناسییەوە، نەیتوانی بیناسێتەوە و گوتی کە بەداخەوە، چونکە جەنابی

کەم سەردانی کردووە. تکایە دەشێت ناوی بەڕێزتان بفەرموون؟ تکایە لەڕاستیدا کە لایکەم پسووڵە، یەکێ لەو پسووڵانەمان بۆ بێنە کە بێگومان لە لاتانە، کێشەکە چارەسەر دەبێت.

بەڵێ، پسووڵە.

لەوێ، لەسەر پسووڵەی وەرگرتنەوە ناو و مێژووی دانانی جلوبەرگەکە و تەنانەت کە چەند پارچە جلی بردووە بە نووسینی رەنگەکەی، دەینووسن، بەڵام پسوڵەی جلوبەرگ... بۆچی دەبێت مشتەری پسووڵەی وەرگرتنەوەی جلوبەرگ هەڵبگرێت، کە رۆیشتووە و جلەکانی وەرگرتووەتەوە؟ نەخێر، نابێت. ئیدی دەتوانێت بچێتە کوێ و لای کێ؟ نانەوا؛ دووکانی نانەوایەک هەر لەو ئاقارە بوو هەفتانە، نانی حەوت رۆژی خۆی لێ دەکڕی، بەڵام رۆژ چ دەم بوو کە شاگردە زیرەکەکە لە تەنیشت دیوارەکە پاڵکەوتبوو، گووتی نان ناکەین قوربان و پیاوەکە خۆی لە خۆیدا گەڕایەوە و بە وەرەقەیەک، کە لە دەفتەرێکی چل پەڕەیی کرابووەوە بە تەنیشت دیوارەکەدا بەرەو ماڵ بووەوە.

کە لە پشت شووشەی پەنجەرەی ژوورەکە راوەستا، زۆر لە قەوزەی سەر ئاوی حەوزەکە راما، بەڵام هیچی بیر نەهاتەوە. لە وانەیە بەرە بەری ئێوارە یا سەرەتای شەو بوو، کە مێشکی داهات بە دەستی پڕەوە وەرێکەوێ و بچێتە فەرمانگەی باری شارستانی، بەرتیل بداتە ئەرشیفیستەکە و داوای لێ بکات سەعاتێک کاتی زیادە وەربگرێت و ئاسەوارێک لە ناسنامەکەی بدۆزێتەوە. ئەوەی کە دەشیا؛ نەشیا؟ بۆ...

"بۆ... بۆ نابێت؟"

لەگەڵ پیرەمێردێک پێکهات کە جگەرەی هەرزان دەکێشێت و تاڕادەیەک بلۆقێکی گەورەی بە لالێوەوەیە بچنە ژێر زەمینی فەرمانگەکە و ئەرشیفەکە بگەڕێن و رۆیشتن. رەنگە سەعاتێک دوای چا خواردنەوەی پاش نانی ئێوارە بوو کە ئەو دوو پیاوە چوونە ژێرزەمینی ئەرشیفەکە و کەوتنە گەڕان. ئەو پیاوەی ناسنامەکەی ون ببوو، زیرەکی بەکارهێنا و پاکەتێک جگەرە و شقارتەیەکی لە رێگادا کڕیبوو لەگەڵ خۆی هێنابووی. کەوایە کێشە نەبوو ئەگەر سەعاتێک پاش دەوامیش لە ئەرشیفەکەدا دەمانەوە و بەو شێلگیرییەی کە پیرەمێردی ئەرشیفیست تا ئانیشکان قۆڵی لێ هەڵکرد بوو لەپشت عەینەکە زەڕەبینەکەیەوە لە هێڵی دۆسییەکان ورد دەبێتەوە، دڵنیابوو کە پیاوەکە بە نائومێدییەوە لە ئەرشیفەکە نایەتەدەر. بەتایبەت کە

ئەویش بۆ خۆی ورده ورده یارمەتی دابوو پەیتاپەیتا خەریکە شارەزای ئیشەکە دەبێت.

پیتی ئەلف تەواو ببوو کە پیرەمێردەکە ملی هەڵێنا، داوای جگەرەیەکی دیکەی کرد و چوو بۆ لای دۆلابەکەی بەرامبەری، کە بە پیتی با دەست پێ دەکات و پرسی (فەرمووتان ناوی خانەوادەتان چ بوو؟) پیاوەکە وەڵامی دایەوە (من هیچم نەگوتبوو). ئەرشیفیستەکە پرسی: (بۆچی، پێموایە ناو و ناوی خانەوادەتان فەرموبوو؛ لە قاوەخانەکە!) پیاوەکە گوتی (نەخێر، نەخێر... من هیچم نەگوتبوو). ئەرشیفیستەکە گوتی: "چۆن دەشێت نەتگوتبێت؟" پیاوەکە گوتی "نەخێر... نەخێر".

ئەرشیفیستەکە چاویلکەکەی لە چاوی کردەوە و گوتی (دەی، هێشتاش درەنگ نەبووە، چونکە زۆر پیت ماوە. ئێستا فەرموو؟) "پیاوەکە گوتی (زۆر سەیرە؛ سەیر نییە؟! من بە خۆڕایی کاتی ئێوەم گرتووە. داوای لێبووردن دەکەم. ئەسڵی مەسەلەکەم فەرامۆش کردووە پێتان بڵێم. من... من چەندی بیردەکەمەوە ناوی خۆم نایەتەوە بیر؛ زۆر لەمێژە کە گوێم لێی نەبووە. پێموابوو رەنگبێ، پێموابێت لە وانەیە بکرێت ناسنامەیەک پەیدا بکەیت؟)"

ئەرشیفیستەکە چاویلکەکەی کردەوە چاوی و گوتی "دیارە... دیارە دەبێت رێگەیەک هەبێت، بەڵام هێندە پێدا دەگری کە بێگومان..." پیاوەکە گوتی "هیچ... هیچ... هەر بەو جۆرە بە خۆڕاییی... دەکرێت لە بنەڕەتڕا چاوی لێ بپۆشی. بەڕاست چ گرنگییەکی هەیە؟" ئەرشیفیستەکە گوتی: "چۆنی پێتانخۆشە، بەڵام من لە فەرامۆشی و بیرچوونەوە دەگەم. هەندێجار تووشی بووم. بەوحاڵەش، ئەگەر سووری لە سەرئەوەی کە ناسنامەت هەبێت رێگە زۆرن". یەکسەر، پیاوەکە پرسی کام رێگایانە؟ ئەرشیفیستەکە گوتی: "هەندێک خەرج هەڵدەگرێت. ئەگەر کێشە نەبێت رێگەچارەیەک هەیە. واتە کەسێک دەناسم کە لەو ئیشەدا دەست و دڵ والآیە. دەتوانم بتبەمە کنی. دیسانەوە رای تۆ شەرتە، بەڵام دەبێت زوو بڕیار بدەیت، چونکە تا دنیا تاریک دانەهاتووە دەبێت بگەین".

فەرمانگەش بەرەو دەوام تەواوبوون دەچوو کە ئەو دووە لە پیادە رەوییەکە بایاندایەوە کۆڵانێک کە دەگەیشتە شەقامە سەرەکییەکە و دەکرا لەوێ سواری پاس بوو چوو بۆ شوێنێک کە ئەرشیفیستەکە شارەزای پێچەڵپێچەکانی بوو. ئەوێ دووکانێکی درێژکۆلە و نەخشەکەی کەمێک خواربوو، شتێک وەک کالانی خەنجەرێکی کۆنینە. پیرەمێردێک کە بە

چارشێوێکەوە لە بەردەمی ژوورەکە دانیشتبوو، ئەرشیفیستەکەی دەناسی. دوای ئەوەی وەڵامی سەلامەکەی دایەوە و هێشتی لەگەڵ مشتەرییەکە بچێتە ناو دووکانەکەوە. ئەرشیفیستەکە چووە دووکانەکەوە و بەنێو هەزاران هەزار پارچەی کۆنە و قەدیمیدا دەڕۆیشت و یەکڕاست پیاوەکەی بردە کۆلانێکی داخراو کە دەرگاکەی پەڕۆیەکی چڵکنی پێدا هەڵواسرابوو. پەردەکەی لادا و دەرگای سندووقێکی کۆنینەی کردەوە و کۆمەڵێک ناسنامەی پیشاندا کە بەستە بەستە لەوێ دانرابوون و گوتی: "پەیوەندی بەوەوەیە، پەیوەندی بەوەوەیە کە ئێوە چ جۆر ناسنامەیەکتان بوێت. ئەو ڕۆژانە زۆر وا ڕێدەکەوێت کە مرۆڤەکان ناو یا ناسنامە، یا هەردووکیان وندەکەن. ئێستا دەتەوێت کێ بیت؟ شا، یا گەدا؟ لێرە هەموو جۆرێکمان هەیە، تەنیا نرخەکەیان جیاوازە کە لەو ڕوانگەیەشەوە چاومان لێتەوە دەبێت. هەندێک چاویان دەنووقێنن و چانسیان هەڵدەبژێرن، وەک هەڵگرتنی بلیتێکی چانسوبەخت تاقیکردنەوە. تا ئێوە چ جۆرە سەلیقەیەکت هەبێت؟ حەزدەکەی لەدایکبووی کوێ بیت؟ خەڵکی کوێ؟ ئیشتان چی بێت؟ دەتەوێت چ جۆر ڕووخسارێک، سیمایەکتان هەبێت؟ هەموو جۆرەکانیمان هەیە و دەست دەکەوێت". بۆ خۆت هەڵیدەبژێری یا من دانەیەکتان بۆ هەڵگرم؟ ڕەنگە ئەو جۆرە چانسانە ناسنامەی شایەک، بازرگانێکی ئاسن، خاوەن پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل... یا یەک... خاوەن خەلە و خەرمانێکی زۆر... یا بەدەستهێنەرێکی ڕەزامەندی ئوسوڵی بە ناوی ئێوە دەربێت. هەرگیز دوودڵ مەبە. ئەمە کارێکی ئاساییە. بۆ وێنە ئەم بەستە ناسنامانە کە بە هێمای لێکدان جیاکراوەتەوە، تایبەتە بە خزمەتگوزاری تایبەتی کە... پێموانییە بۆ تەمەن و ساڵی تۆ گونجاو بێت و ئەو بەستەشیان پەیوەندی بە کاروباری ڕاگەیاندنەوە هەیە؛ بۆ نموونە خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەیەک یا بە گریمانە بەرپرسی پەخشی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی. هەموو جۆرەکانیمان هەیە. ناو؟ پێت خۆشە ناوت چ بێت؟ حەسەن، حوسێن، بوزەرجمهەر و ... یا لە جۆری ناوەکانی شانامە؟ ئێوە چ جۆرێکتان پێ باشە؛ چ ناوێک قبووڵ دەکەیت؟"

ئەو پیاوەی کە ناسنامەکەی ونکردبوو، چەند ساتێک بە بێدەنگی و ترسناک مایەوە، دوای مینگەیەک گوتی "بوومە هۆی زەحمەتتان؛ بەوحاڵەش، ئەگەر ئەزیەت نییە بگەڕێ و ناسنامەیەکم بۆ بدۆزەوە خاوەنەکەی مردبێت. دەبێت؟" ئەرشیفیستەکە گوتی (هیچ شتێک نا مومکین

نییە. نرخەکەشی هەرزانترە).

سوپاس، سوپاس!

کە هاتنەدەر پیرەمێردی دووکاندار کۆکە کۆکی بوو هەر لەو حاڵەدا هەستابوو دەتگوت بەدوای چنگاڵێکدا دەگەڕا تا قوڕقوڕاچکەی دەربێنێت و لە لابەلای کۆکەکەی بە یەک دوو مشتەری کە لە پێش مێزی ئیشەکەی وەستابوون، دەگوت بەیانی وەرنەوە، چونکە "دووکانەکە کارەبای نییە"و .... ئەو پیاوەی بە کۆڵانەکەدا دەڕۆیشت بیری هاتەوە بیر خۆی بێنێتەوە کە زەمەنێک لە سنووری سێزدە ساڵ تێدەپەڕێت کە پێ نەکەنیوە و ئێستا... چونکە دەمی بە پێکەنین کردەوە رووبەڕووی هەستێکی لەناکاو بووەوە کە یەک بە یەکی ددانەکانی کیسیان کردووە، وەریون و کەوتوونە بن پێ و سەر لوتی پێڵاوەکانی، هەروەها هەستی کرد وردە وردە پارچەیەک لە ئێسکی روومەتی، پێڵوەکانی، نینۆکەکانی و... دەکەون و بە خەیاڵی داهات، دوور نییە لە مێژبێت کاتی هاتبێت کە کاتێک، ئەگەر گەیشتەوە ماڵێ و پێی وەژووری نا، بچێتە لای سۆپاکە و -بۆ دوایین جار- لە ئاوێنەکەدا تەماشایەکی خۆی بکات.

**سەرچاوە:**

بیستوپێنج داستان از برترین نوسیندگان(۱).

# مۆتەکەی مەرگ

ن: سانا نیکی یوس
و. لە فارسییەوە: یوسف عەلی پور

**پێناسەیەکی کورت**

سانا نیکی یوس ساڵی ١٩٦٨ لە ئێران چاوی بە ژین پشکوتوە و لە ساڵی ١٩٩٦ی زایینیەوە لە سوید دەژی. ئەم نووسەرە لە نووسراوەکانی خۆیدا باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی پرسی ژنان و پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان دەکات. چیرۆکی "مۆتەکەی مەرگ" بەسەرهاتی ژنێکە کە لە پارکێکی خۆش و دڵڕفێن دانیشتووە و لە کاتێکدا کە چۆڵی و بێدەنگیی پارکەکە نوقمی خەیاڵاتی کردوە و بیر لە تەڵاق و هەڕەشەکانی هاوسەرەکەی دەکاتەوە، لە ناخی دڵەوە هەست بەو کات و ساتە دڵنشینانە دەکات کە تێیاندا بەسەردەبات و بیر لە داهاتوویەکی خۆش بۆ خۆی و منداڵەکانی دەکاتەوە.

***

**"مۆتەکەی مەرگ"**

ئێرە رێک هەر ئەو جێگایە بوو کە حەزی لێی بوو. پێڵاو و گۆرەویە سپیەکانی دانان و دواتر لە سەر بەردێک لە تەنیشت ئاوەکەوە دانیشت. دەرلینگە فشەکانی پانتۆڵەکەی هەتا نزیک ئەژنۆکانی هەڵدایەوە و لە سەرخۆ قاچەکانی خستە نێو ئاوەکەوە. فێنکایی ئاوەکە لەشی ئەویشی فێنک کردەوە. بەرلەوەش یەک دووجار هاتبوە ئێرە، چونکە جێگایەکی خۆش بوو. نێوەڕۆیان چۆڵتر و بێدەنگتر بوو. ئەوەیکە "زەری" بەرەو ئێرە رادەکێشا، بێدەنگی و سروشتە رازاوەکەی بوو. نەختێک لەولاوە رێگایەکی باریکی بۆ پیاسە و پاسکیلسواری لێ بوو. یەک دوو جارەکەی پێشوو کە هاتبوە ئێرە، دوو منداڵە زیتەڵەکەی واتا "هانی و هودا"شی لەگەڵ بوون و شتیان دەدا بە مراویەکان. دەوروبەریان پڕببوو لە مراوی و بەچکەکانیان و خەریکی خواردنی وردەنان بوون. "هودا" لە سەر رانی "زەری" دانیشتبوو و سەیری مراویەکانی دەکرد، "هانی"ش دەستە خەپەکانی درێژ دەکرد بۆ ئەوەی یەکێک لە مراویەکان لە باوەش بگرێت. "هودا" لە بەر "زەری" دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی یەکێک لە مراویەکان ببەنەوە بۆ ماڵەوە.

***

ساڵێک بوو کە "زەری" بە خواستی خۆی لە "فەرامەرز" جیابببۆوە. هەرچەند ژیانی تەنیایی و هەبوونی دوو منداڵی ٣ساڵ و ٥ساڵ تەمەن زۆر دژوار بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش "زەری" بڕیاری دابوو کە خۆی لەگەڵ تەواوی تەنگەژە و دژواریەکان رابێنێت.

کاتێک لەگەڵ "فەرامەرز" بەرەو باشوری سوید کۆچیان کرد، "زەری" بەوپەڕی خۆشەویستیەوە هاوسەرەکەی خۆش دەویست و رەنگە هەر لە بەر ئەو ئەوینەش بوو کە خۆی لە زۆریەک لە کێشە و ناکۆکییەکان نەدەگەیاند. دوای ماوەیەک پێکەوە ژیان بڕوبیانوەکانی "فەرامەرز" دەستی پێکرد. دەبوایە باڵادەستیی خۆی نیشان بدابایە. لەوە دەچوو کولتوورە ئێرانیەکەی ئیزنی ئەوەی پێنەدەدا کە "زەری" هەرچی پێ خۆش بوو، بیکات. جنێو، شەڕ و مەرافعە، لێدان و پێدادانەکانی "فەرامەرز" ئەوەندە ژیانی لە "زەری" تاڵ کردبوو کە "زەری" ناچار بوو داوای تەڵاق بکات.

کاتێک باسی تەڵاق هاتە پێشەوە، "فەرامەرز" کەوتە پاڕانەوە و تەواوی هەوڵی خۆی خستەگەڕ بەڵکو بتوانێت "زەری" لەم کارەی پەشیمان بکاتەوە.

بەڵام "زەری" هیچ ڕێگایەکی نەمابوو و ماوەیەک بوو لە سەر ئەو بڕیارەی ساغ ببوەوە.

***

ئاوێکی روون بەنێو قامکەکانی قاچیدا تێپەڕ دەبوو، بەقامکە گەورەی قاچی، وردەبەردەکانی نێو ئاوەکەی دێنان و دەبردن و قاچەکانی تێکهەڵدەسوون. سێبەری دارەکان کەوتبوە نێو ئاوەکە و هەموو شوێنێک بەرگی سەوزی پۆشیبوو. سەری داخستبوو و ئاوەکە ماندوویەتیەکەی لە لەشی دەردەکرد. زوڵفە رەش و درێژەکانی بەرەولای ئاوەکە شۆڕ ببوونەوە. خوڕەی ئاوەکە ئەوی نوقمی خەیاڵات دەکردەوە. دەنگی باڵندەکان سەرتاپێی ناخی داگرتبوو. لق و پۆپی دارەکان بەریان بە خۆرەکە گرتبوو. شنەبایەکیش دەهات و گەرماکەی لەگەڵ خۆی دەبرد. تیشکی خۆرەکە کە لەنێو لق و پۆپی دارەکانەوە خۆی دەگەیاندە ئاوەکە، ئاوەکەی دەدرەوشاندەوە.

ژنێک بە سواری گالیسکەیەک بە خێرایی لەوێوە تێپەڕی و دەنگەکەی، نیگاکانی "زەری" بەشوێن خۆیدا راکێشا. لە ناکاو ژنەکە لە سەراولێژییەک لە بەرچاوی "زەری" ون بوو.

سەگێک کە کوتەدارێکی بەدەمەوە گرتبوو، بە بەردەم خاوەنەکەیدا رایدەکرد. "زەری" لە نێو لاپەڕەکانی مێشکیدا پیاسەی دەکرد و چاوێکیشی هەر لە لیسۆکە ورد و درشتەکانی نێو ئاوەکە بوو.

دوێنێ شەو خەونی دیتبوو کە لە تاریکانێکدا رادەکات و سێبەرێکیش کەوتبوە شوێنی. ترسابوو و ماندو و هیلاک لە خەو راپەڕیبوو. سەر لەنوێ چاوی لە بیرە خەوەوە چووبوون و ئەمجارەیان خۆی لە چاڵێکدا دیتبۆوە. هەوڵیدابوو بە کەڵک وەرگرتن لە ریشەی درەختەکان خۆی لە چاڵەکە بێنێتە دەرێ، بەڵام بەر لەوەی لە خەو راپەڕێ وەبیری هاتبۆوە کە خەون دەبینێت. قژەکانی لە پشتەوە کۆکردنەوە و خستنیە سەرشانی راستی.

"ئەمە سێبەری کێیە؟ بۆ لێم ناگەڕێ؟ دەزانم کە "فەرامەرزە" لە خەویشدا وازم لێ ناهێنێت. ساڵێکە کە دایمە بەشوێنمەوەیە. دەستبەردارم نابێت. رەنگە ئێستاش هەر لەم دەوروبەرە بێت و سەیری من بکات داخوا چیدەکەم". ئاوڕی دایەوە و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. بەڵام بێجگە لە دوو سمۆرە کە لە سەر لقی دارەکان خەریکی بازبازێن بوون و کەروێشکێکیش کە وەک ئەو بەتەنیایی لە سووچێکەوە هەڵکورمابوو، هیچکەسی بەرچاو نەکەوت. سەرلەنوێ چاوی

بڕیەوە ناو ئاوەکە و بێ ئەوەی کە بۆ خۆی بیەوێ بیری لە "فەرامەرز" دەکردەوە کە هێشتا دەستی لە هەڕەشەکانی هەڵنەگرتبوو و پێی وتبوو:

دەتکوژم، دڵنیابە درەنگ یان زوو هەر دەستم بتگاتێ دەتکوژم. لە من جیا بوویتەوە بۆ ئەوەی خەریکی قاحبەتیان بیت. بە هەڵە چووی پێتوایە دێڵم کاتێک کە منداڵەکانم گەورە بوون خەڵکی پەنجەیان بۆ رابکێشن و بڵێن کە ئەوە کچەکانی "زەری"یە جندەن؟ ناهێڵم بەساغی بمێنیەوە، منداڵەکانیشم لەگەڵ خۆم دەبەمەوە بۆ ئێران. بەڵام تا ئەو کات مەجالت هەیە کە بە باشی فکری خۆتی لێ بکەیتەوە، یان دەگەڕێیتەوە و دەڵێی کە هەڵەم کردوە و گوم خواردوە، یان...

***

یانی ئەو کارە دەکات؟ ئەو کاتیش کە لە ئێران بووین، هەمیشە لەو قسانەی دەکرد، بەڵام تەنانەت نەیدەتوانی مریشکێکیش سەر ببڕێت. نا... پێموا نییە، هەر رەنگ و رووشی لە کەسێکی مرۆڤکوژ ناچێت. بۆیە ئەو قسانە دەکات کە منیان پێ بترسێنێت، دوو منداڵمان هەیە، شتی وا چۆن دەبێ؟

هەروا کە چاوی لە ئاوەکە دەکرد، حەپەسابوو. خێرا سەری وەرسووڕاند و بەچاوە رەشە پیاڵەییەکانی سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. هیچکەس لەوێ نەبوو، نە سمۆرەکان و نە کەروێشکە بۆرەکەش... تۆزێک ترسا.

نا، شتی وا هەر نابێت، بۆیە ئەو قسانە دەکات بۆ ئەوەی من بترسێم... دوای چەند ساڵ پێکەوە ژیان، یانی من هێشتاش ئەوم نەناسیوە؟

ئەوە لەگەڵ هیچکام لە بیروبۆچوونەکانی "زەری" نەدەهاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەر نیگەران بوو و لەوە دەترسا کە رۆژێک ئەم کارەساتە رووبدات. لە نێو جانتاکەی جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگیرساند. کاتێک کە مژی لە جگەرەکەی دا، هەستی کرد کە رۆژێکی زۆر ئارام و خۆشە!

قاچەکانی لە ئاوەکە هێنایە دەرەوە. دڵۆپ دڵۆپ ئاو لە قاچەکانی دەتکایەوە ناو ئاوەکەوە و هەرکامەیان بۆ خۆی بازنەیەکی لە سەر ئاوەکە دروست دەکرد. لە دوورەوە هێندێک مراوی بەرەولای دەهاتن. دەنگێک کە لە دەنگی راکردنی کەسێک دەچوو نیگەرانی کرد. بەنێگەرانیەوە خۆی کۆکردەوە، مراویەکانیش زیاتر لێی نزیک ببوونەوە. مژێکی دیکەی لە جگەرەکەی دا و سەری خستە سەر ئەژنۆکانی.

کۆرسی نوێی خوێندن کە دەست پێبکات، هەموو هەوڵی خۆم دەخەمە گەڕ و دواتر بۆ زانکۆ نێونووسی دەکەم. هەرچەندە هەبوونی دوو منداڵ کارەکەم

دژوارتر دەکات، بەڵام من تا ئێستا کاری زۆر لەوە دژوارتریشم بە ئەنجام گەیاندوە. ئەگەر خوێندنەکەم تەواو کرد، ئۆتۆمبێلێکی هەرزانیش دەکڕم و جارجارە لەگەڵ منداڵەکان پێی دەچین بۆ سەیران و سیاحەت. دەچین بۆ جێگایەکی دڵخواز و خۆش بۆ ئەوەی تا دەتوانن یاری بکەن و بە خۆشیەوە رابوێرن.

وەبیر سەردەمی منالّیەکەی خۆی کەوتەوە، ئەو کاتانەی کە لە باکوری ئێران بوو، لە قەراخ دەریا، ئەو رۆژە کە شەپۆلێک هات و بووکەڵەکەی لەگەڵ خۆی برد و ئەویش هەتا چەند رۆژ بەهیوای دۆزینەوەی بوکەڵەکەی لە قەراخ دەریا بەشوێنیدا دەگەڕا... ئەم بیرەوەرییەی هیچکات لەبیر نەدەکرد.

وەبیری هاتەوە کە لە کاتی رۆیشتندا لە سەر رێگا بەستەنی بۆ منالّەکەی بکڕێ و کاتێک منالّەکەی لە باخچەی ساوایان هێنایەوە لە پارکی نزیک مالّەکەی خۆیان هێندێک کایەیان لەگەڵ بکات، بۆ خوانی ئێوارێ ماکارۆنی دروست بکات و دوای نانخواردنیش منالّەکان بشۆرێت. زۆر لەمێژ بوو دەیویست لەگەڵ هاورێکانی بچێتە دەرێ و پێکەوە سەما بکەن، بەلاّم نەدەکرا منالّەکانی بە کەس بسپێرێت. ئەگەر "فەرامەرز" هەرەشەی ئەوەی لێ نەکردبایە کە منالّەکان دەباتەوە بۆ ئێران، یان لە حەوشەی باخچەی ساوایاندا لە "زەری" نەدابایە، ئەگەر منالّەکانی حەشار نەدابایە و "زەری" و پۆلیسیشی ناچار نەکردبایە هەفتەیەک بەشوێنیدا بگەڕێن و بە هەزاران ئەگەری دیکەش، ئەمڕۆ "فەرامەرز"یش دەیتوانی وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی، وەکو باوکێکی راستەقینە لە لای منالّەکانی بێت. ئەوانە هەر هەمووی بیرەوەرییەکی تاڵ بوون کە مێشکی "زەری"یان زاخاو دەدا.

"زەری" سەری بەرز کردەوە و بۆ جاری چەندەم سەیری دەوروبەری خۆی کرد.

راوێژکاری سۆسیال بەڵێنی پێدابوو یارمەتی بکات بۆ ئەوەی تۆزێک ئازادتر بێت، ئەویش بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر یارمەتی بدرێت، بەدڵنیاییەوە شەوێک لەگەڵ هاورێکانی دەچێتە دەرێ و تا دەتوانێت سەما و هەڵپەرکێ دەکات. بیرکردنەوە لە سەما و هەڵپەرکێ بزەیەکی خستە سەر لێوی.

***

هیوادارم "فەرامەرز" دەست لە سەرم هەڵگرێت و ئەو شەوە نەیەتەوە شوێنم... نا، نایەت. خۆ ناتوانێ هەمیشە دەست لە کارو ژیانی هەڵگرێ و بەشوێن من بکەوێ تا بزانێ چی دەکەم و چی ناکەم... جیا لەوەش، ماوەیەکە هەر دیار نییە...

ناکا چووبێتەوە بۆ ئێران؟ یان خۆی لە من دەشارێتەوە... هەمیشە ئەوە پیشەیەتی کاتێک کە منداڵەکان لە باخچەی ساوایان دێنمەوە چەند جار بە ئۆتۆمبێلەکەی بە بەردەمماندا دێت و دەچێت... یانی واهەیە لە کۆڵم بێتەوە؟!

بڕیاری دابوو بڕێک پارە کۆبکاتەوە و بچێتە بەریتانیا بۆ سەردانی خوشکەکەی. زۆر لەمێژ بوو یەکتریان نەبینیبوو. ئەگەر بتوانم بچمە بریتانیا، زۆر خۆش دەبێت... دەبێت تا ئەو کات کەمێک خۆم فێری زمانی ئینگلیزی بکەم.

***

لەماوەی ئەم یەکساڵەدا کە لە "فەرامەرز" جیا ببۆوە لەگەڵ هیچ پیاوێک ئاشنا نەببوو. هێشتاش لە هەڕەشەکانی "فەرامەرز" دەترسا. چونکە سوێندی خواردبوو کە ئەگەر لەگەڵ پیاوێکی دیکە بیبینێت، دەست بەجێ دەیکوژێ.

تا چەند ساڵی دیکە کێشەکان تەواو دەبن و "فەرامەرز"یش بەخۆیدا دێتەوە و منیش تا ئەو کات فکرێک بۆ خۆم دەکەمەوە.

بزەیەک کەوتە سەر لێوی و بەهۆگرییەکی تایبەتیەوە، بیری لە هاوسەری داهاتووی دەکردەوە.

***

"فەرامەرز" پێی وتبوو تۆ ئیتر پیر بووی، کێ دێڵەسەگێکی وەک تۆی دەوێ ئەویش بە دوو منداڵەوە؟

ئەم قسەیە زۆری "زەری" دەڕەنجاند.

پێی دەسەلمێنم کە هەڵەی کردوە، پێی دەڵێم داخوا پیرم یان نا؟ سی و دوو ساڵ و پیری؟ منداڵداریش کە هیچ پەیوەندییەکی بەم کارانەوە نییە. لێرە هەموو کەس منداڵی خۆش دەوێ، قسەی قۆڕی کرد تەنیا دەیەوێ ورەی من دابەزێنێ بۆ ئەوەی پێموابێ کە لە دونیادا هیچکەسم لەو باشتر چنگ ناکەوێ... پێی دەڵێم. دوای ئەوە خۆ هەر بەتەنیا منداڵی من نین، منداڵی ئەویشن. ئەگەر من بە دوو منداڵ ئاوا پیر و پەککەوتە بم، خۆ ئەو نۆ ساڵیش لەمن گەورەترە. ئەگەر من کەسم چنگ ناکەوێ، ئەو سەگێکیشی پێ رازی نابێ.

نێوچاوانی تێک نابوو، دەیویست سەرکۆنەکانی "فەرامەرز" لەبیر خۆی بەرێتەوە. حەزی دەکرد کە ئەو خەون و مۆتەکانە کۆتاییان پێ بهاتبایە.

***

سمۆرەکان خۆیان بە لقی دارەکانەوە هەڵواسیبوو. گۆرەوی و پێڵاوەکانی هەڵکێشان و ئاخێکی هەڵکێشایەوە. دەستێکی بە قژەکانی داهێنا و زوڵف و ئەگریجەکانی خستنە پشت سەری. زوڵفەکانی بەهێمنی هەروەک ئاوریشمێکی رەش لەسەرشانی خزانە سەر پشتی.

خۆر هێشتا گەرم بوو و تیشکی هەتاو لەنێو گەڵاکانەوە خۆی دەردەخست. بەرەولای دارستانەکە وەڕێکەوت. ژن و پیاوێک لەگەڵ سەگەکەیان بە بەردەمیدا تێپەڕین. چەندە لای یەکتری خۆشەویست بوون!

خۆزگە "فەرامەرز"یش پیاوێک بوایە وەکو یەکێک لەم پیاوانە...

تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش نەیانتوانیبوو وەکو دوو دۆست لەگەڵ یەکتری بجوڵێنەوە. هاوسەرگیرییەکی شکست خواردوو. ساڵە پڕبایەخەکانی تەمەن لە دەست چوون.

چیها خۆزگە و ئاواتم لە دڵدا بوو. ئێستاش دانیشتووم و کارم بوەتە ئەوەکە داخوا دەمکوژێ، خۆ ئەگەر نەشمکوژێ هەر ئەو فکر و خەیاڵانە لەناوم دەبەن.

فرمێسک لە ناو چاوەکانیدا قەتیس مابوون.

لەبەرخۆیەوە دەیگوت: گوێی نادەمێ، هەرچی دەبێ با ببێ، بۆچی بگریم؟ من لە "فەرامەرز" ناترسم، خۆ شاری بەرەڵا نییە هەرچی پێی خۆش بوو بیکات، لێی گەڕێ با هەر خەریکی پرتە و بۆڵە بێت. پێیوایە کێیە؟ گەللۆری وا...".

***

هەرکە نزیکی ماڵەوە بۆوە، بەستەنی بۆ مناڵەکانی کڕی. دواتر چووە ماڵەوە و بەستەنیەکانی خستە ناو فریزێرەکەوە و بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بگاتە پاسەکە، هەر لەماڵەوە تا شوێنی وەستانی پاسەکە بەهەڵاتن چوو.

لە یەکێک لە کورسیەکانی پێشەوە دانیشت. هەتا باخچەی ساوایان دەبوایە سێ وێستگە تێپەڕ بکات. ئەو رۆژانەی کە کاتی هەبوایە، هەتا ئەوێ بە پێیان دەڕۆیشت. ژن و پیاوێکی بەساڵاچوو لە تەنیشتی لای چەپی ئەوەوە دەست لە ناو دەستی یەکتری دانیشتبوون. ژنەکە کراسێکی سووری لەبەربوو، نینۆکەکانیشی سوور کردبوون و پێڵاویی کەتانیی سووریشی لە پێ کردبوون. کەوتەوە بیر دایکی کە بیست ساڵ لەو ژنە لاوتر بوو، بەڵام دە ساڵ لەو ژنە پیرتر دەینواند و لە تەمەنی چل ساڵی بەملاوە بێجگە لە جلوبەرگی رەش و بۆر و رەنگ مردوو، هیچی دیکەی لەبەر نەکردبوو. دەترسا لەوەیکە خەڵک لێرەولەوێ باسی بکەن، ئەگەر رۆژێک دایکی هاتبایە بۆ سوید، بەدیتنی هاوتەمەنەکانی خۆی چ هەستێکی

لا دروست دەبوو؟ چەندە جیاوازی هەیە لە نێوان ژنانی دانیشتووی ئێران و ژنانی سوید! بەدڵگرانیەوە سەرێکی لەقاند، پاسەکە لە دووهەمین وێستگە بوو. چەند کەس دابەزین، لە تەنیشت وێستگەکە پیاوێک ژنێکی لاوی لەباوەش گرتبوو و ئەویندارانە ماچی دەکرد.

"زەری" بە بزەوە لەبەر خۆیەوە وتی: دیمەنێکی زۆر جوانە، پیاوێکی دەرەکی لەگەڵ ژنێکی سویدی! زۆر کەم هەڵدەکەوێ بەمجۆرە لە تەنیشت شەقامەکان لێوی یەکتری راموسن.

داخی ئەوەی کە کەسێک لە شوێنێک ئەوی بەمجۆرە ماچ کردبێ، بە سەر دڵیەوە نیشت. پاسەکە وەڕێ کەوتبوو بەڵام نیگاکانی "زەری" هەروا وێڵی دیداری ئەم دوانە بوو. پاسەکە خەریک بوو دوور دەکەوتەوە کە "زەری" بە سەر سوڕمانەوە هەستایە سەر پێ. ئاوڕی دایەوە و سەرلەنوێ لەم دووانە راما. ئیتر بۆی پرسیار نەبوو کە "فەرامەرز" لە کوێیە... چونکە ئەوە "فەرامەرز" بوو و ئەو ژنە سویدییەش کە لەباوەشی گرتبوو، کەسێکی نامۆ بوو.

**سەرچاوە:**

http://gandombanoo.persianblog.ir/post/48/

# دوو پارچە هۆنراوەی
# شاعیرێکی یاخی



شیعری: رامبۆ*

و. لە ئینگلیزییەوە: سۆران محەمەد



(١)
## کۆچ

هەموو شت بینراوە...
بەخەیاڵ لە هەموو شوێنێک دەدرەوشێتەوە.
هەموو شت بوویەتی...
دەنگە دوورەکەی شارەکان، دەمەو ئێواران،
لە خۆرەتاوا و لە هەموو کاتێ.
هەموو شت زانراوە...
ئای ئاژاوە، ئای بینینەکان، ئەمانە وەستانەکانی ژیانن.

کۆچ لەناو سۆز و درەوشانەوەی دەنگەکان.

(٢)
## بەرەنجام

**ئەو کۆترانەی لە مێرگەکان لە شەقەی باڵ ئەدەن،**
**ئەو یارییەی ئەنجام ئەدرێ و لە تاریکیدا ئەبینرێ،**
**ئاژەڵە ئاوییەکان، ئاژەڵە کۆیلەکراوەکە**
**دوا پەپوولەکان!... ئەوانیش تینوون.**
**بەڵام بۆ توانەوە وەک ئەو هەورە گەڕۆکەی ئەتوێتەوە-**
**ئای! پەسەند بوو بەوەی نوێیە!**
**بۆ بەسەرچوون لەو (شێ)یە وەنەوشەییانە**
**کێ بێداریی ئەکاتەوە پڕیی ئەو دارستانە؟**

*جین نیکۆلاس ئارثەر رامبۆ لە چارلڤێڵ-ی باکووری رۆژهەڵاتی فەڕەنسا لە ١٨٥٤/١٠/٢٠ لەدایک بووە، لە هەرزەکارییدا دەستی کردووە بە نووسینی هۆنراوە. ڤیکتۆر هۆگۆ وەسفی کردووە بە (شکسپیری مێردمنداڵ)، کۆی داهێنان و بەرهەماکانی لە تەمەنی بیستساڵیدا دواییان پێ هاتووە، رامبۆ بە شاعیری یاخی ناوزەد دەکرێت. لەنێوان سێ کیشوەردا سەفەرە دوایی نەهاتووەکانی دەستی پێ کرد، هەتا لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا و لە ١٨٩١/١١/١٠ بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە:
1- poemhunter.com
2- mag4.net/Rimbaud

# "باسکردن لە مێشەکان قەدەغەیە"



ن: محەمەد شوکری
و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری

حیسابی ئەو ڕۆژانەی کە لە گرتووخانە بووم، لە دەستم دەرچووە، نازانم، زیاتر بیرم لە ئەشکەنجە دەکردەوە هەتا تێپەڕبوونی زەمەن و کات، هەرچەند کات زۆر بە خاویی دەڕۆیشت.

زیاتر لە ٢ کاتژمێر تێپەڕیبوو... ئێستا تێدەگەم کە هەست بە تێپەڕبوونی زەمەن ناکەم و پەیوەندیم لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە تەواوەتی پچڕاوە، بەبێ ئەوەی بزانم کە چ ڕووداوێک قەوماوە. زۆرجار لە خۆم دەپرسم کە بۆچی ئەوەندە کات دەکوژن و درەنگمان دەخەن؟ بۆچی ئەشکەنجەدان دەست پێ ناکەن؟

هەست دەکەم ئۆتۆمبێلەکە راوەستا. دەرگایەک دەکرێتەوە. نازانم چ کەسێکە جنێو دەدات و فەرمان دەردەکات.

-وەرە خوارەوە!

بە خۆم وت: رەنگە بەرلەوەی ئەشکەنجە دەست پێ بکات ئەم کارانە بکەن. خۆم دەخلافێنم.

دووبارە گوێم لە دەنگێکی بەرز دەبێت:

-وتم وەرە خوارەوە!

بازدەدەم و دێمە خوارەوە، هەموو گیانم دەلەرزی... سەرم داخستبوو، سەرم لە گێژەوە هات و بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانم بە پێوە راوەستم و هاوسەنگیم تێکبچێت. هەستم کرد کە لەشم قورس بووە. کزەبایەک هەموو جەستەمی خستە لەرزین... هەستم کرد لە پشتەوە یەکێک پاڵم پێوە دەنێت. ئۆتۆمبێلەکە وەرێکەوت. ئەوەندەی نەمابوو بە عەرزدا بکەوم. گوێم لە دەنگی دەرگایەک دەبێت کە زۆر بە توندی دادەخرێت.

لە دەشت و بیابان... شوێنێکی کراوە و بەرفراوان... هەموو نیشانەکانی هەژاری و نەداری و دەوڵەمەندی تێکەڵاو بووە... ئەم شارە لە کوێ دەچێت؟ گومان لەوەدا نییە کە ئێرە باکوورە. بۆچی من بۆ شارێکی تر دەگوازنەوە؟ ئایا دەیانەوێت بەم کارە رووداوێک بقەومێنن؟

لە شوێنێکی تاریک و ئەنگوستەچاودا منیان راگرتبوو، بەڵام کاریان پێم نەبوو. لە پشت سەرمەوە گوێم لە دەنگی پیاوێک بوو کە لەگەڵ ژنێک قسەی دەکرد.

-بوو بە شەو... ئێستا من دەناسی؟

-هەرکارێک کە پێت خۆشە بیکە، بەڵام دیسان پێت دەڵێم کە هەڵە دەکەیت. ئێمە تەنها پێکەوە ساردییەکمان خواردۆتەوە. من ئەو کەسە نیم کە لەگەڵ تۆدا بێم.

-برۆ ئەو قسانە بۆ یەکێ تر باس بکە!

لە تەنیشتمەوە تێدەپەڕن. وردە وردە دەنگیان دادەبەزێت. بە لارەلار دەڕۆن. رادەوەستن، سەردەخەنە سەر یەک. پیاوەکە ژنەکە بۆ لای خۆی پەلکێش دەکات. ژنەکە هەوڵدەدات خۆی لە دەستی پیاوەکە رزگار بکات. لە حەیبەتا هاوار دەکات و دەپاڕێتەوە:

-نا... نا... تکا دەکەم! لێرە نا!

هەقی خۆتە وات بەسەر بێت... دەبێت لەوەش خراپتر بەسەر بێت!

-خەڵک دەمانبینن... خەڵک سەیرمان دەکات! ئەوە مەکە... لێرە نا... لێرەنا!
-بە گۆڕی بابی خەڵکەوە... هەر لێرە دەمەوێت ئەو کارە بکەم!
دەیدا بە عەرزدا و پاڵی دەخات و دەستی لە کەمەری دەئاڵێنێت...
-تکات لێدەکەم... هەرکارێکی دەیکەیت بیکە، بەڵام لێرە نا...

بە لارەلار هەڵدەستنەوە سەر پێ... ئەویش هەڵدەستێتەوە. بەدوایدا دەڕوات. ئەگەری هەر شتێک هەیە کە بقەومێت. ئەمەش رەنگە راست بێت، بەڵام چ بایەخێکی هەیە؟

زۆر بە ئارامی و هێدی دەچمەوە ناخی خۆم. پیاوێک بە بەردەممدا گوزەر دەکات و چەند هەنگاو ئەولاتر لەبەردەم پەرژینەکەی شەقامەدا دەوەستێ و دەڵێت:

- چیت لێهاتووە؟ دووبارە هاتیتەوە دەرێ؟ لە زیندان هاتیە دەرێ. پێم بڵێ کێ تۆی لە کونەڕەشەکەت[1] هێنایە دەر؟ ناتەوێت راستییەکەی بڵێیت؟ هەموو لایەک ئاگادارن. کونێکیان هەڵکەندبوو و تۆیان تێخزاندبوو.

پێم بڵێ وەکازت[2] قوت داوە ئازیزەکەم؟ وازیان لێ هێنابووی هەتا بمریت؟ وایە یان نا؟

بە توڕە و توسنەوە سەیری کردم. شک و گومان لەوەدا نییە کە ئەو ئێستا لە خەیاڵی خۆیدا خەریکی ئەوەیە کە چۆن ملم بشکێنێت، یان گەردنی من یان گەردنی کەسانی تر... بۆ دوایین جار بە لای مندا تێپەڕی و ئیتر لەبەرچاوان ون بوو.

لەوسەری شەقامەکە وێنەیەکی گەورەیان بە دیوارێکدا هەڵواسیبوو. لەوانەیە ئەم وێنەیە، وێنەی یەکێک لە گەورە پیاوان بێت، گۆرانیبێژێک، ئەکتەرێک، هونەرمەندێک... نانا... نا... ئەوە منم... وێنەی منە... بەڵام بۆچی وێنەی منیان هەڵواسیوە؟

هەرچی لە وێنەکە زیاتر نزیک دەبمەوە، زیاتر وێنەکە جوانتر و بەرچاوتر دەبێت. سەرم لەوە دەرناچێت کە بۆچی وێنەی منیان گرتووە، لە کاتێکدا من ئاگادار نەبووم؟ ئەویش وێنەیەک بەم هەموو وردەکارییەوە...

"هەرجۆرە پەیوەندییە لە هەر هەلومەرجێکدا لەگەڵ ئەم کەسە قەدەغەیە و هەرکەسێک لەم بڕیارە سەرپێچی بکات، بە توندترین شێوە سزا دەدرێت".

کەواتە ئەشکەنجە ئەمەیە؟ کەواتە ئەم کەتنەیان بۆ من نابۆوە... چەندین وێنەی تریشیان بە درێژایی شەقامەکە لەوبەر و ئەمبەری شەقامەکە بەدیواردا داکوتابوو. لە چەند وێنەیەکمدا بڕیارەکەیان دڕاندبوو، لەهەندێ لە وێنەکانمدا

چاوی منیان هەڵکۆڵی. ئەو کەسانەی کە وایان کردبوو ڕەنگە حەزیان کردبێت کە هەر بە ڕاستی چاوم هەڵکۆڵن و کوێر و نابینام بکەن. بێ سێ و دوو لێکردن ئەگەر توانیبایان تا ئێستا دەیانکرد، لەوانەیە زۆر بە توندیش ئەو کارەیان کردبا. کێ دەویست پێشیان پێ بگرێت و ڕێگرییان لێ بکات.

هاوشێوەی ئەو وێنەیان لە هەموو شوێنێکدا بە بزمار، یان چەسپ لە دیوار دابوو... لە دوکانەکان، چێشتخانەکان، بانکەکان، وێستگەی پاس، لە هەموو شوێن و جێیەک، لە دەرەوە و لە ناوەوەی شارەوە، لە هەموو شارەکانی تریش هەمان وێنەیان دابەشکردبوو. چووم بۆ گۆڕەپانی کافتریاکان. وێنەی من لە هەموو شوێنێک هەیە، بچووکە وەک ئەوانی تر گەورە نییە. وێنەکەم بە دیوارەوەیە، بە چوارچێوەیەوە، بە پەنجەرەوە، لە هەموو شوێنێک وێنەی من هەیە. دەبینم کەسێک من بە برادەرەکەی نیشان دەدات. بە تەواوەتی دەستی و پێی خۆم ون دەکەم و دەشڵەژێم، دەچمە بەر هەیوانی کافتریای سانتراڵ، کورسییەک لە مێزەکە جیا دەکەمەوە و دادەنیشم. خزمەتکاری کافتریاکە خەوتووە، کارمەندێک لە پشت مێزەکەی هەڵدەستێ و بەرەو لای خزمەتکار دەچێت، بۆ ئەوەی لە خەوی هەستێنێت. خزمەتکارەکە لە شوێنی خۆی دەجوڵێت و چاوەکانی هەڵدەگوڵۆفێت و ڕوو دەکاتە من و دەڵێت:

-لێرە مەمێنەوە، تکایە لێرە بڕۆ.

- سەیرێکی دەکەم و دەڵێت:

-دەزانیت بۆ...؟

-سەرێک ڕادەوشێنم و دەڕۆم.

بەهەرحاڵ لێرە کەس کەیفی بە چاری من نایەت و منی ناوێت. ئەوان ناچارن کە من بخەنە لاوە و هیچ کارێکیان بە من نەدابێت. دڵنیام ئەگەر بمەوێت سەردانی کافترِیایەکی تر بکەم، دیسان هەمان بەزم و هەرا دێتە گۆڕێ و بەهەمان شێوە بەدوام دەکەون. ئەگەر کەسێک بیەوێت ئازارم بدات، خۆ من هیچم لە دەست نایەت و باشاری[٣] ناکەم.

سەرم دادەخەم و بە شەقامێکی ناسەرەکیدا دەڕۆم و لەبەردەم جامخانەی ڕێستۆرانتێکدا ڕادەوەستم. مەنجەڵە پڕ لە چێشتەکان جامخانەکەی ڕازاندبۆوە، ماسی سوورەوەکراو، مریشکی برژاو، تیکەی گۆشت، هێلکە و بەهارات. لەناو ڕیستۆرانتەکە ژنان و پیاوان جگەرەیان دەکێشا و ساردییان دەخواردەوە. هەندێکیان هیچیان لە قاپەکاندا نەهێشتبووەوە و هەموویان خواردبوو و لە قاپی هەندێکیاندا بەرماوەی چێشتەکان دەبینرا، هەندێ پێدەکەنین و دەستەیەک

گاڵتەوگەپیان دەکرد و تاقمێکی تریش داستان و چیرۆکیان دەگێڕایەوە. لەناکاو پاسەوانی ڕێستۆرانتەکە هەڵدەستێت و بەرەو دەرگای ریستۆرانتەکە دێت و بێ ئەوەی قسەیەک بکات هەر لە بەری پێمەوە سەیری دەکات هەتا تەوقی سەرم، بێ ئەوەی قسەیەک بکات چاوەکانی پێم دەڵێن: بڕۆ لاچۆ، ون بە لەبەرچاوان، من دێمە دەرەوە و دەڕۆم.

ملی ڕێگا دەگرمە بەر و دەڕۆم. لە پشت سەرمەوە پێکەنین و دەنگی خەڵکەکە بەرز دەبێتەوە. ئاوڕێک دەدەمەوە پێنج شەش کەس دەبینم کە لە دەرگای ڕێستۆرانتەکە دێنە دەرەوەی و چاویان لەسەر منە.

ئایا دەبێت سەری خۆم بکوتم بە دیواردا بۆ ئەوەی لەتوپەت بێت؟ لانی کەم ئەمە ڕێگەیەکە کە دەتوانم خۆم هەڵی بژێرم. ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمە تەنها ڕێگەی چارەسەری من بێت؟

لە شەقامێکەوە بۆ شەقامێکی تر دەڕۆم، لە چەندین پلیکان سەردەکەم، دەچمە سەر هەیوانێک کە بەڕاستی هەیوانێکی جوانە، لەوێوە جوانی و شکۆمەندی دەریا دەبینم. رەنگدانەوەی خۆر لەسەر بەلەمەکان وەک تراویلکەیەک خۆی دەردەخات. لەسەر کورسییەکی بەردینە دادەنیشم. نازانم چۆن لەگەڵ چارەنووسی خۆم بەرەوڕوو ببمەوە؟ ئایا هیچ ئەشکەنجەیەک دەتوانێت شان لە شانی ئەم بارودۆخەی ئێستام بدات کە تێیدام؟ چەنێ دەخایەنێت؟

لەسەر کورسییەکە پاڵ دەکەوم. ماندوویەتی و شەکەتی باڵی بەسەرمدا کێشاوە. ئەو بڕیارەی کە لە دژی من درکراوە، لە شانۆیەک دەچێت کە من ئەکتەر و پاڵەوانەکەی بم و خەڵکیش وەک هاندەر و تەماشاچی وان. لەم ڕووداوەدا گیرم خواردووە، لەوانەیە ئەمە ببێتە پێشەکییەک بۆ سەقامگیربوونی یاسایەکی نوێ. وەک ئەوەی کە چۆن هەندێک کەس لەسەر گیرفانی خەڵک زەمینە بۆ شادی و خۆشی و سەرقاڵبوونی خۆیان دابین دەکەن. ئەم کارە هەم دەتوانێت سزایەک بێت و هەم هاوکاتیش دەتوانێت سەرقاڵییەک و سەرگەرمییەک بێت. ئەگەری هەر شتێک هەیە.

سەرخەوێک دەشکێنم. هەست دەکەم یەکێک دەیەوێت جانتا بچووکەکەم لە گیرفان دەربهێنێت. خەوم سووکە و زوو وەخەبەر دێم.

دەنگێ دێتە گوێم، نەبزوێی... نەجوڵێی... کارمان بە تۆ نییە!!

دەنگێکی تر دێتە گوێم، سەیرکە، خۆشت باش دەزانیت کە لە کاتی خەودا پێویستیت بە پارە نییە. هەروەک چۆن لەوانەیە خۆشت هەر پێویست نەبیت.

بێدەنگ دەبم...

دەنگی یەکەم وتی: بخەوە... کارمان پێت نییە.

دەڕۆن... جلی جوانیان لەبەردابوو. بە پێکەنینەوە لە پلیکانەکان چوونە خوارەوە. وەک ئەوەی کە بچنە ناو چاڵێکەوە... دواتر لەبەرچاو ون دەبن.

ئەوان لەوێن. ئەوانەی کە هەموو سڕ و تڕی ژیانی من دەزانن. سەبارەت بە من زیاتر لە خۆم زانیارییان هەیە... ئاخر چۆن وتارێک لەبارەی سواڵکەری ئەم هەموو چارەڕەشی و نەگبەتی و نەهامەتی بە شوێن خۆیدا دێنێت؟ بیرم هەر لای جانتا بچووکەکەی گیرفانم نەبوو. پێم سەیرە. چۆن ئەوانەی کە منیان خستە بەندیخانە، یان ئەوانەی کە زەمینەیان بۆ بەربوونی لە گرتووخانە فەراهەم کردووە، ئەوەندە کایەم[٤] پێدەکەن و بە شێتم دەزانن. پێدەچێت تاوانی من لەوە قورس تر بێت کە خۆم وێنای دەکەم.

دوو... سێ... پێنج... دەنگێک لێم نزیک دەبنەوە. زۆر بەپەلە رووتم دەکەنەوە و جلم لەبەردا ناهێڵن. یەکێک لەوان بەردەوام بەڕوومدا دەکۆکێت. دەترسم... بەڵام کاتێک دەبینم کە بەنیازی نین لێم بدەن، خەیاڵم ئاسوودە دەبێت. زۆر سەیرە. تەنانەت ئەم سەرسەری و بەرەڵڵایانە زۆر بە نەرمونیانی هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەن. زۆر میهرەبان و هێدی و هێمن و بەئەدەبن.

هەرکامیان دەڕۆن و ئەو جلوبەرگ و کەلوپەلانەی پێم بوو تاقی دەکەنەوە. بە رووتی بەجێیان هێشتم. ئەوانیش بە تەواوەتی ئاگاداری پێشینەی من بوون. ئەوانیش ئاگادارن کە ئیتر پێویست ناکات من بەرگریی لە پێستی خۆشم بکەم. ئەگەر وابێت ئیتر پێویستییەکی ترم نییە. درێغی ناکەم. بەخێربێن، با بێن ببنە خاوەنی شتێک کە ئیتر بە کاری من نایەت و هیچ سوودێکی بۆ من نییە.

وەلەرزین دەکەوم. رووداوەکەی من جگە لە شتێکی کومێدی هیچ نییە کە تەنها بۆ پێکەنینی خەڵکی دروستکراوە.

سێ پیاو... یەکەمیان سەتڵێکی بەدەستەوەیە... دوومیان گۆشەیەکی سپی... سێیەمیان سندووقێکی سوور... دێنە لای چەپی کورسییەکەی منەوە... جگەرە بە "با"[٥] دەکەن و لە خۆڕاوە دەڕواننە دەوروبەری خۆیان. شوێنەکەم دەگۆڕم. لادەکەنەوە و سەیری من دەکەن. سەیرکردنەکەیان بێ ئۆقرەیی پێوەدیارە.

یەکێکیان دەڵێت: سەیرکە ئەگەر حەز دەکەی بەرلەوەی کە خۆر دەرکەوێت با کارەکەمان لەگەڵ تۆ دەست پێ بکەین.

کەسی دووەمیان دەڵێت: زۆر گەرمە... هەمیشەش هەروابووە... بڕوا بکەن لە چەند رۆژی داهاتوودا هەوا گەرمتریش دەبێت.

سێیەم کەسیش هاودەنگی ئەوان دەبێت و دەڵێت: هیچ کەسێک بەزەیی بە

تۆدا نایەتەوە، ڕەنگە دڵیان پێت بسووتێت، بەڵام ئیتر فایدە و سوودێکی نییە، کەسێک بە هاناتەوە نایەت و یارمەتیت نادات.

–لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا و لانی کەم سێ ڕۆژ... نازانم بۆچی تۆ خوت خستە ناو ئەم گێژاوەوە... بیری لێ بکەوە، بە رووتوقووتی لەسەر ئەم کورسییە دانیشتوویت. کەس کاری بە تۆ نییە، بەڵام هەموو وەک ئاژەڵێک سەیرت دەکەن کە لەناو قەفەسدا بێت. باشتر نییە هەر ئێستا لێرە بڕیارەکە جێبەجێ بکەین. زۆریش ئازار ناکێشیت، دەتوانیت ئەم هەموو ئازار و ڕەنجەی کە بەردەوام بە کۆڵتەوەیە، کەمی بکەیتەوە...

بۆ لای ئەو کەسە دەگەڕێمەوە کە یەکەم جار قسەی کرد (کەسی یەکەم) و پێی دەڵێم:

–نازانم بۆ دەبێت سزایەکی وا قورس و توند بۆ من دیاری بکەن.

–بێ شەرم، پێدەچێت گاڵتە بکەیت!

–من تەنها ڕاستییەکانم بەو شێوەیەی کە هەن، نووسیوە.

–بۆ تۆ پێت وایە بەرلەوەی تۆ بێت بۆ ئێرە هیچ کەس بچووکترین گرنگی بەو مەسەلەیە نەداوە.

هەموویان لەسەر ئەو وەدەنگ هاتن و وتیان: بەڵێ... زۆر خراپ بۆی چوویت. هیچ کەس بۆی نییە ملهوڕانە یاسا پێشێل بکات، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی چیرۆک و داستانیش بێت.

–بەڕاستی! ئاگادار نەبوون لە یاسا بە مانای ئەوە نییە کە کەسی تاوانبار سزا نەدرێت. ئەم بڕگەیە هەرچەند بڕگەیەکی کۆنە، بەڵام هەمیشە کاری پێکراوە و کاری پێ دەکرێت.

–تازە شانست هێناوە کە بارودۆخێکی تایبەت دەست و پێی ئەو بابەتەی گرتووە.

وتم: لەوانەیە، بەڵام لەمەڕ ئەم بابەتە بۆ ئەوە نابم کە وەها سزایەکم بەسەردا بسەپێت.

–سەیرە، بۆچی موستەحەقی وەها سزایەک نیت؟ بۆ مەگەر تۆ نازانیت کە لەم وڵاتەدا بیستوپێنج ساڵە ڕەچەڵەکی مێش نەماوە.

بێدەنگ بووم.

–مێشەکان؟

–بەڵێ... مێشەکان. ئەوان بۆ بیستوپێنج ساڵ دەچێت لێرە ڕۆیشتوون، تۆ تازە ئەمڕۆ لەبارەی چالاکییە سێکسییەکانی ئەوانت نووسیوە.

کز و مات… ناڕەزایەتییەکم دەربڕی.
-بەڵام سەیرکەن… من کارم بە چالاکییە سێکسییەکانی مێشەکان نەداوە. من وتارێکم لەبارەی سواڵکەرییەوە نووسیوە.
-باشە، ئەگەر وابێت، لەوانە نەکەویتە بەر ئامانجی رق و کینە، چونکە لەوەها حاڵەتێکدا تۆ بابەتێکتی راستەقینەت خستووەتە بەر باس.
بەڵام تۆ بابەتێکت هەڵبژاردووە کە بوونی نییە. ئەمە تاوانە.
-دڵنیابن و خاترجەم کە من وشەیەکم لەبارەی مێشەکانەوە نەنووسیوە.
-گوێبگرە… هەوڵ مەدە ئێمە بخەیتە ناو گێژاوی خۆتەوە. هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە کە تۆ لەبارەی مێشەکانەوە نووسیبێتت یان لەبارەی سواڵکەرەکان، یان ئەو ژنە جوانانەی کە لەسەر شەقامەکان دەیانەوێت دەست بە ئاو بگەیەنن[٦].
ئێمە تەنها دەمانەوێت تۆ تێ بگەیت کە بەڕاستی کەوتوویتە ناو گێژاوێکی زۆر خراپەوە.
-بەدڵنیاییەوە هەڵەیەک هاتووەتە پێشەوە…
-گریمان وابێت… تۆ دیسان هیچ چانسێکت نابێت. بڕیارەکە دەرچووە.
پاش ماوەیەک بێدەنگیی دەڵێم:
-باشە ئەگەر بڕیارەکە دەرچووە، کەواتە دەبێت ئێوە بڕیارەکە جێبەجێ بکەن.
-نا… ئێمە تەنها لەسەرمانە کە پارێزگاری و چاودێری تۆ بکەین هەتا ئەو کاتەی کە تۆ دەدەینە دەست ئەو کەسانەی کە بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن، دەمانەوێت هەندێ لە بارت سووک بکەین.
-لە کوێ؟
-وەرە با بڕۆین.
وەڕێ دەکەون، من لە پێشیانەوە دەڕۆم. یەکێک لەوان هاوار دەکات و بە هاوڕێکەی دەڵێت: هەی سابوونت لەبیرچوو!
دواتر تێگەیشتم کە ئەو قاڵبێک سابوونی کافووری لەگەڵ خۆی هێناوە. هەموو ئەو شتانەی کە بۆ دفن و کفن پێویستە لەگەڵ خۆیان هێناویانە.
پێم سەیربوو… بەڕاستی تاقەتێکی باشیان هەبوو… دەیانەوت سوننەت بەجێ بێنن. ئەویش لەبارەی کەسێکەوە کە دەزانن گوناهبارە.
جارێکی تر بە گۆڕەپانە بچووکەکەدا تێدەپەڕین. ئەمجارەیان هەست بە مردن و بەدبەختی و نەگبەتی و نەهامەتی دەکەم. خەڵکەکە بەناو قەرەباڵغیدا تێدەپەڕن و وەک مشکە کێویی بەدوامان کەوتوون. دوو کرێکار کە سەرقاڵی ئیشکردن

بوون، دەست لە کار هەڵدەگرن و سەیری ئێمە دەکەن. بۆنی پیسایی و زێراب لوتم پڕ دەکات. هەناسە دەکێشم، بەڵام جیاوازییەک نییە لەوەی کە ئەو بۆنە تەحەمول بکرێت، یان نەکرێت.

لەناو گۆڕەپانە گەورە و مەزنەکەدا مشکەکان بە هەموو لایەکدا رادەکەن و هاوار دەکەن و پێدەکەنن.

لەسەر پیسایی و زێرابەکە لاقم دەخلیسکێت و دەکەوم بە عەرزدا. دەنگێکی گاڵتەئامێز لە چوارلاوە بەرز دەبێتەوە، دوو کەس لە هاوڕێیانم دەستم دەگرن بۆ ئەوەی هەستمەوە سەرپێ.

یەکێک لە هاوڕێیانم پرسی: ئێستا حاڵت چۆنە؟

باشم... دەتوانم بڕۆم.

وەک مەیمون گاز لە سێو دەگرن، وەک سەگ بە شەقامەکاندا گوزەر دەکەنو خەریکی گەڕانن بەدوای شت دا. ئێمەش خۆمان وا نیشان دەدەین کە گوایە مێشەکان لەناوچوون!

بە شەلەشەل هەرچۆنێک بێت جەستەی خۆم رادەکێشم، قاچی چەپم دەزریکێنێت، بەڵام ئیتر گوێ بە هیچ شتێک نادەم.

وشەکان لەناو گوێمدا دەلەرێنەوە: قوربانی، سزا، یاسای نوێ و بەخاکسپاردن.

نزیکەی نیو کاتژمێر بە شەو لەو سەرمایەدا دەڕۆین. تەنها سێ چوار پیاو بە دوامانەوە دێن، کاتێک کە گەیشتن بە دەشتی سپی، کەس نەمابوو.

ئەوەی کە سابوونەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، وتی: گەیشتین.

دەرگای جیهانی بێدەنگیی هەمیشە کراوەیە. هەرکە لە بەردەم ئەو دەرگایە گوزەر دەکەم با و شەماڵی شەوێکی تر... بۆنخۆش و سارد... یەکسانیی من دادەگرێت... دەرگای ماڵە بچووکەکە دەکرێتەوە و دوو پیاوی بەخۆ و کەڵەگەت و چوارشانە دەردەکەون... جەستەیەکی دێوئاسا لەناو جلێکی رەشدا...

**تێبینی:**

١-کونەڕەش، واتا زیندان، لە ناوچەی موکریان بە کەسێک کە دەستگیر دەکرێت و لە زیندانی دەکەن، دەڵێن: لە کونەڕەشیان کردووە.

٢-وەکاز: گۆچان، لە ناوچەی موکریان بە گۆچان دەڵێن وەکاز.

٣-باشار: دەرەقەت، لە ناوچەی موکریان ئەگەر کەسێک شەڕی کرد و دەرقەتی ئەوی تر نەهات، دەڵێن: کوڕە براله زۆر ئازایە کەس باشاری ناکات،

واته کەس دەرەقەتی نایەت.

٤-کایە: واتە گاڵتەپێکردن، پێ ڕابواردن، لە ناوچەی موکریان/ ئەمڕۆ فلاَن کەسم دی زۆرم کایە پێکرد، واتە پێم ڕابوارد.

٥- بە "با"کردن: واتا کێشان، با بچین جگەرەیەک بەبا بکەین، واتا با جگەرەیەک بکێشین.

٦-دەست بەئاو گەیاندن: واتە چوونە سەر ئاودەست و توالێت.

**سەرچاوە:**

گزیده داستانهای کوتاه افریقا.



# بەلقیس

چامە: نزار قەبانی

و. لە فارسییەوە: موکەڕەم رەشید تاڵەبانی

سوپاستان دەکەم..
سوپاستان دەکەم..
ئەوە یارەکەم کوژراو.. ئێوەیش دەتوانن
پێکێک لەسەر گۆڕی شەهیدەکە نۆش بکەن
چامەکەیشم تیرۆر کرا..
-جگە لەئێمە- لەسەر رووی زەمین..
چ نەتەوەیەک هەیە چامە تیرۆر بکات؟
بەلقیس..
درێژترین دارخورمای ناو خاکی عێراق بوو
ئەگەر بڕۆیشتایە..
تاوسەکان یاوەری دەبوون..
مامزەکان شوێن پێیان هەڵدەگرت..
بەلقیس.. ئەی ئێش و ئازارم
ئەی ئێش و ئازاری چامە کاتێک پەنجەکان دەیگرن

تۆ بڵێیت
پاش قڕەکەی تۆ گوڵە گەنمەکان بڵند ببنەوە؟
ئەی نەینەوای سەوز..
ئەی ئافرەتە قەرەجە قژ زەردەکەم..
ئەی شەپۆلەکانی دەچڵە[1]..
کە بە بەهاران جوانترین خڵخاڵ
لەپێ دەکەن..
ئەی بەلقیس.. کوشتیتیان..
چ نەتەوەیەکی عەرەبە
ئەوەی کە دەنگی هوزارەکان
تیرۆر دەکات؟
سەمەوئەل لە کوێیە؟
موهەلهل لە کوێیە؟
لاوچاکەکانی پێشینان لە کوێن؟
خێڵان خێڵانیان لەناوبرد..
رێوییان رێوییانیان کوشت..
جاڵجاڵۆکان جاڵجاڵۆکانیان کوشت..
سوێند بەو دوو چاوەت..
کە بە هەزاران ئەستێرە پەنایان بۆ دەبەن..
ئەی مانگی من، شتی سەیروسەمەرە لە بارەی عەرەبەوە دەدرکێنم
ئایە پاڵەوانییەتی درۆیەکی عەرەبە؟
یان چوون ئێمە مێژوویش درۆزنە؟
بەلقیس
لێم بزر مەبە
چونکە پاش تۆ
هەتاو کەنارەکان رووناک ناکاتەوە..
لە لێپرسینەوەدا دەڵێم:
فەرماندەی بەهرەدار چوون قۆنتەراتچی لێهاتووە..
دەشڵێم..
سەربوردەی تیشکدانەوە، بێ بەهاترین نوکتەیە گوترابێت..
چونکە ئێمە خێڵێکی نێو خێڵەکانین

ئەی بەلقیس.. ئەمە مێژووە
مرۆڤ چۆن جیاوازی لەنێوان..
باخچەو زبڵداندا دەکات
بەلقیس..
ئەی شەهیدو.. چامە..
ئەی پاکژی بێگەرد..
سەبەْ بەدوای شاژنەکەیدا عەبداڵە
وەڵامی سەڵاوی جەماوەر بدەوە..
ئەی مەزنترین شاژن..
ئەی ئەو ئافرەتەی هەموو نەبەردییەکانی سەردەمەکانی سۆمەری بەرجەستە
کرد
بەلقیس..
ئەی جوانترین چۆلەکەم
ئەی بە بەهاترین ئەیقۆنەم
ئەی ئەو فرمێسکەی بەسەر گۆنای مەجدەلییەوە پەرت بووەوە
تۆ بڵێیت ستەمم لێ کردبیت
کە رۆژێک لە رۆژان.. لە کەناری ئەعزەمییەوە گواستمیتەوە
بەیرووت.. رۆژانە یەکێک لە ئێمەمانان لەناو دەبات..
هەموو رۆژێکیش بە دوای قوربانییەکدا دەگەڕێت..
مەرگیش.. لەناو کووپی قاوەکەماندایە..
لە کلیلی شوقەکەماندایە..
لە کاغەزی رۆژنامەکاندایە..
لە پیتەکانی ئەلف و بێدایە..
ئا ئەوەین.. بەلقیس..
جارێکی دیکە دەچینەوە ناو سەردەمی نەزانینەوە..
ئەوەتە دەچینەوە ناو دڕندەیی و..
دواکەتوویی و.. ناشیرینی و.. بێ رێزییەوە..
جارێکی دیکە دەچینەوە ناو.. سەردەمەکانی بەربەرییەوە..
کە نووسین گەشتێکی
نێوان ئەم پارچە ئاسن و.. ئەو پارچە ئاسنە
کە تیرۆرکردنی پەپوولەیەک لەناو باخچەکەی..

بووەتە پرس..
ئایە بەلقیسی یارم دەناسن؟
وێ لە هەمووی ئەو شتانە گرنگترە
کە لە کتێبەکانی ئەویندارێدا نووسیویانە
تێکەڵییەکی نایابی
نێوان قەدیفە و مەڕمەڕبوو..
بەنەوشە لەنێوان هەردوو چاویدا
دەنووست و نەدەنووست..
بەلقیس..
ئەی ئەو گوڵاوەی لە یادەوەریمدایە..
ئەی ئەو گۆڕەی بەناو هەوردا گەشت دەکات..
لە بەیرووت، چوون هەر مامزێک کوشتیانیت
پاش ئەوەی.. قسەکردنیان کوشت..
بەلقیس..
ئەمە شین و رۆڕۆ نییە
بەڵام..
فاتیحەی عەرەب بخوێنە
بەلقیس..
تامەزرۆتین.. تامەزرۆتین.. تامەزرۆتین..
ماڵە بچووکەکەیش..
پرسیار دەکات شازادە پەلک بۆندارەکە لە کوێیە
گوێ لە هەواڵەکان دەگرین.. هەواڵەکان تەم و مژاوین و
تینوێتی ناشکێنن..
بەلقیس..
تا سەر ئێسقان سەریان بڕیوین..
منداڵەکانیش نازانن چی روو دەدات..
منیش نازانم.. چی بڵێم؟
ئایە پاش چەند خولەکێکی دیکە لە دەرگە دەدەیت؟
ئایە پاڵتۆ زستانییەکە دادەکەنیت؟
بە رووخۆشییەوە
تەڕو پاراو و..

پرشنگدار چوون گوڵاڵەی باخچەکان دێیت؟
بەلقیس..
چێنراوە سەوزەکانت..
هێشتە بەقەد دیوارەکانەوە دەگرین..
دەموچاویشت هێشتە..
لەنێوان ئاوێنەکان و پەردەکاندا هاتوچۆیەتی
تەنانەت ئەو جگەرەیەی داتگیرساندووە
نەکوژاوەتەوە..
هێشتە دووکەڵەکەی نایەوێت ئەو ناوە بەجێ بهێڵێت
بەلقیس..
بەر چەقۆ دراوین.. تا ناخەوەمان بەر چەقۆ دراوین..
چاویش پڕ لە واق وڕمانە
بەلقیس..
چۆن رۆژگار و.. خەونەکانت بردم..
باخچەو وەرزەکانت هەڵوەشاندەوە..
ئەی هاوسەرەکەم.. ئەی یارەکەم.. چامەکەم.. ئەی بینایی هەردوو چاوم..
ئەی پاسارییە جوانەکەم..
بەلقیس چۆن لە دەستم هەڵاتیت؟
بەلقیس..
ئێستە کاتی چای عێراقی بۆندار و کۆنی
چوون مەی کۆنە ساڵەیە
ئەی گەردن زراڤ.. کێ پەرداخەکان دابەش بکات؟
ئەی کێ فورات و
گوڵەکانی دەچڵە و رەسافەی بۆماڵمان گواستەوە؟
بەلقیس..
غەمباری جەرگم کون کون دەکات..
بەیرووتیش کە تۆی کوشت.. تاوانەکەی خۆی نازانێت
بەیرووت کە تۆی خۆش ویست..
نازانێت یارەکەی خۆی کوشت..
مانگی کوژاندەوە..
بەلقیس..

ئەی بەلقیس..
ئەی بەلقیس
هەموو هەورێک بۆت دەگری..
تۆ بڵێیت کێ بۆ من بگری..
بەلقیس.. چۆن بێدەنگ کۆچت کرد و
هەردوو دەستت.. نەخستە سەر هەردوو دەستم؟
بەلقیس..
چۆن لەبەردەم بادا بەجێتهێشتین..
چوون گەڵای دار بلەرزین؟
-هەر سێکمانت- چوون پەڕێکی بەردەم باران
بە سەرگەردانی بەجێهێشت..
تۆ بڵێیت بیرت لە من کردبێتەوە؟
منێک کە وەک (زەینەب) و (عومەر).. پێویستیم بە خۆشەویستی تۆ هەیە
بەلقیس..
ئەی گەنجینەیەکی ئەفسانەیی..
ئەی نێزەیەکی عێراقی..
ئەی دارستانێکی دارحەیزەران..
ئەی ئەوەی لە شانازیدا بەرەنگاری ئەستێرەکان بوویتەوە..
ئەم هەموو سووربوونەت لەکوێ هێنا؟
بەلقیس..
ئەی دۆست و.. هاوڕێ..
ئەی ناسک چوون گوڵەمێخەک..
بەیرووت لە خۆیمان ناگرێت.. دەریا لە خۆیمان ناگرێت
شوێن لە خۆیمان ناگرێت..
بەلقیس.. تۆ ئەوە نیت دووبارە ببیتەوە..
بەلقیس یەکێکە و نابێتە دووان..
بەلقیس..
وردەکارییە بچووکەکانی پێوەندییەکانمان ئازارم دەدەن
خولەک و چرکەکان جەڵدەم دەدەن..
هەر دەرزییەکی بچووک.. بەسەرهاتێکی هەیە
هەر ملوانکەیەک لە ملوانەکەکانت دوو بەسەرهاتیان هەیە

تەنانەت مووکێشەکانی قژە زێڕینەکەت..
وەک راهاتوون بە بارانی سۆز دامدەپۆشن
ئەو دەنگە عێراقییە جوانە..
تەختی خۆی لەسەر پەردە و..
قەنەفە و..
قاپ و قاچاخەکان..
دەڕازێنێتەوە..
لە ئاوێنەکانەوە سەرەتاتکێ دەکەیت..
لە ئەموستیلەکانەوە سەرەتاتکێ دەکەیت..
لە چامەوە سەرەتاتکێ دەکەیت..
لە مۆمەکانەوە..
لە پەرداخەکانەوە..
لە مەیە ئەرخەوانییەکەوە سەرەتاتکێ دەکەیت
بەلقیس..
ئەی بەلقیس.. ئەی بەلقیس..
ئەگەر لە ئازاری شوێن دەزانیت..
لە هەموو گۆشەیەکدا.. تۆ چوون چۆلەکە دەخولێیتەوە
چوون دارستانی بەیلەسان بۆنداریت..
ئا لەوێدا.. جگەرەت دەکێشا..
ئا لەوێدا.. دەتخوێندەوە..
ئا لەوێدا.. چوون دارخورمایەک زوڵفت شانە دەکرد..
دەچوویتە لای میوانان..
وەک بڵێیت شمشێری یەمانی بیت
بەلقیس..
شووشەی (گیرلان)ەکە لە کوێیە؟
فەندەکە شینەکە لە کوێیە..
ئەی جگەرەی (کنت)ەکە لە کوێیە
کە لە لێوت جودا نەدەبووەوە؟
ئەی (هاشمی) کوا کە
لە سەر سەکۆی فێستیڤاڵەکەدا گۆرانی دەچڕی..
شانەکان رابوردووی خۆیان بیردەکەوێتەوە..

فرمێسکەکانیان قەتیس دەبێت
تۆ بڵێیت شانەکانیش لە تامەزرۆییدا ئازار بچێژن؟
بەلقیس: شتێکی دژوارە لە ئەژمەت خوێنی خۆمدا کۆچ بکەم..
لە کاتێکدا لەناوجەرگەی بڵێسەی ئاگر و..
چەرە دووکەڵدا گیرم خواردووە..
بەلقیس: ئەی شازادە
ئایە تۆ لەناو.. جەنگی خێڵ و خێڵدا دەسووتێیت
چی لەبارەی کۆچی شاژنمەوە بنووسم؟
قسەکردن ریسواییمە..
ئەوەتاین لەناو.. چەندین کۆمەڵ قوربانیدا..
بەدوای ئەستێرەیەکدا دەگەڕێین بەربووەتەوە..
بەدوای جەستەیەکدا دەگەڕێین چوون ئاوێنە پارچە پارچە بوو..
ئەوەتاین دەپرسین ئەی یار..
ئایە ئەم گۆڕە گۆڕی تۆیە
یان گۆڕی عەرەبایەتی..
بەلقیس:
ئەی ئەو پەڵکەی پەلکەکانی خۆی بەسەردا شۆڕ کردمەوە
ئەی گەردن زراڤی شکۆمەندی
بەلقیس:
چارەنووسی عەرەبیمان ئەوەیە عەرەب تیرۆرمان بکات..
عەرەب گۆشتمان بخوات..
عەرەب سکمان هەڵدڕێت..
عەرەب گۆڕمان هەڵبداتەوە..
چۆن لەم چارەنووسە خۆ دەرباز بکەین؟
چونکە خەنجەری عەرەبی.. هیچ جیاوازییەک
لەنێوان گەردنی پیاوان و..
گەردنی ئافرەتاندا ناکات..
بەلقیس:
ئەگەرچی ئەوان تۆیان تەقاندەوە.. ئەوە لای ئێمە
هەموو تەرمەکان لە کەربەلاوە دەست پێدەکەن و..
لە کەربەلا کۆتاییان دێت..

**لەمڕۆ بە دواوە مێژوو ناخوێنمەوە**
**پەنجەکانم گریان گرت و..**
**جلەکانم خەڵتانی خوێنن..**
**ئەوەتاین پێ دەهاوینە ناو سەردەمی بەردینمانەوە**
**هەموو ڕۆژێک، هەزار ساڵ بۆ پاشەوە دەگەڕێینەوە..**
**دەریا لە بەیرووت..**
**پاش کۆچی چاوەکانت دەستی لە کار کێشایەوە..**
**شیعریش.. لە چامەکەی خۆی دەپرسێت**
**کە وشەکانی تەواو نەبوونە..**
**کەسیش وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە**
**ئەی بەلقیس**
**غەم.. چوون پرتەقاڵ دڵم دەگوشێت**
**ئێستە.. تەنگژەی وشەکان دەزانم**
**کەتنی زمانە دەگمەنەکە دەزانم..**
**منێک کە نامەکانم داهێنا..**
**نازانم.. چۆن نامە دەست پێ بکەم..**
**شمشێر ڕۆدەچێتە ناو گۆشتی سمتم و**
**سمتی فرێز..**
**هەموو شارستانیەت تۆیت بەلقیس، مێینە شارستانییەتە..**
**بەلقیس: تۆ مژدەی گەورەی منیت..**
**کێ مژدەکەی منی دزی؟**
**تۆ نووسینیت پێش ئەوەی نووسین پەیدا بێت..**
**تۆ دوورگە و منارەیت..**
**بەلقیس:**
**ئەی ئەو مانگەی من کە لەناو بەردەکاندا خۆڵیان بەسەردا کرد..**
**ئێستە پەردەکە بڵند دەبێتەوە**
**ئێستە پەردەکە بڵند دەبێتەوە..**
**لە لێکۆڵینەوەدا دەڵێم..**
**من ناوەکان.. شتەکان.. بەندییەکان..**
**شەهیدەکان.. هەژارەکان.. ستەم لێکراوەکان دەناسم..**
**دەشڵێم شمشێرەوان دەناسم ئەوەی ژنەکەی کوشتم..**

**روخساری هەموو هەواڵگرەکانیش دەناسم..**
**دەشڵێم: داوێن پاکیمان سۆزانییە..**
**خواپەرستیمان پیس و پۆخڵایەتییە..**
**دەشڵێم: تێکۆشانمان درۆیە و**
**هیچ جیاوازییەک لەنێوان..**
**سیاسەت و لەشفرۆشیدا نییە!!**
**لە لێپرسینەوەدا دەڵێم:**
**من بکوژانم ناسی**
**دەشڵێم:**
**سەردەمی عەرەبیمان لە سەربڕینی یاسەمین و**
**کوشتنی پێغەمبەران و..**
**کوشتنی هەموو پەیامبەراندا پسپۆڕە..**
**تەنانەت عەرەب**
**چاوە سەوزەکانیش دەخۆن..**
**تەنانەت پەلکەکان و ئەموستیلەکان و**
**بازنەکان و ئاوێنەکان و.. یارییەکان..**
**تەنانەت ئەستێرەکان لە نیشتمانەکەم دەترسن..**
**هۆیەکەیش نازانم..**
**تەنانەت باڵندەکانیش لە وڵاتەکەم هەڵدێن.. هۆیەکەیش نازانم..**
**تەنانەت ئەستێرەکان.. بەلەمەکان.. هەورەکان..**
**تەنانەت تێنووس و کتێبەکان..**
**هەموو شتەکانی جوانی..**
**هەموویان.. دژ بە عەرەبن.. کاتێک جەستە تیشکینەکەت پەرت و بڵاو بووەوە**
**ئەی بەلقیس..**
**وەک مرواریەکی شکۆدار**
**بیرم کردەوە: ئایە کوشتنی ئافرەت ئارەزوومەندییەکی عەرەبییە**
**یان ئێمە هەر لە سەرەتاوە، پیشەمان تاوانە؟**
**بەلقیس..**
**ئەی مایننە جوانەکەم.. من**
**شەرم لە هەموو مێژووی خۆم دەکەم**

ئەمە وڵاتێکە ئەسپەکانی تێدا دەکوژن..
بەلقیس..
ئەی جوانترین وڵات..
لەو رۆژەوە سەریان بڕیت..
مرۆڤ نازانێت چۆن لەم نیشتمانەدا بژیت..
مرۆڤ نازانێت چۆن لەم نیشتمانەدا بمرێت..
هێشتە لە خوێنی خۆم..
بەرزترین باج دەدەم..
بۆ ئەوەی جیهان شاد بکەم.. بەڵام ئاسمان
وای خواست چوون گەڵاکانی زستان
تاک و تەنیا بمێنمەوە
ئایە شاعیران لە منداڵدانی کوێرەوەرییەوە لەدایک دەبن؟
ئایە چامە
خەنجەر وەشاندنێکە لە دڵ.. خۆش نەبێتەوە؟
یان من بە تەنیا ئەو کەسەم
کە هەردوو چاوی مێژووی گریان کورت دەکەنەوە؟
لە لێپرسینەوەدا دەڵێم:
چۆن مامزەکەم بە شمشێرەکەی ئەبو لەهەب مرد
هەموو دزەکان لە کەنداوەوە تا دەگاتە ئۆقیانووس
وێران دەکەن.. دەسووتێنن..
تالأن دەکەن.. بەرتیل وەردەگرن..
دەستدرێژیی دەکەنە سەر ئافرەتان..
وەک چۆن ئەبو لەهەب ئارەزوو دەکات
هەموو سەگەکان فەرمانبەرن و
لەسەر حسێبی ئەبو لەهەب
دەخۆن و..
سەرخۆش دەبن..
هیچ گەنمێک لە زەویدا..
بێ رای ئەبو لەهەب شین نابێت
هیچ منداڵێکمان لەدایک نابێت
ئەگەر رۆژێک لە رۆژان

دایکی سەری لە نوێنەکەی ئەبو لەهەب نەدابێت!!..
هیچ بەندیخانەیەک
بێ رای ئەبو لەهەب ناکرێتەوە..
هیچ سەرێک
بێ فەرمانی ئەبو لەهەب لێ ناکرێتەوە
لە لێپرسینەوەدا دەڵێم:
چۆن دەستدرێژییان کردە سەر شازادەکەم
چۆن مرواری چاوەکان و ئەموستیلەی بووکێتییان
لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد
دەشڵێم چۆن ئەو قژەیان دابەش کرد
کە چوون رووباری زێڕ کشەی دەهات..
لە لێپرسینەوەدا دەڵێم:
چۆن دزییان لە ئایەتەکانی کتێبە پیرۆزەکەی کرد و
ئاگریان تێبەردا..
دەڵێم چۆن چۆڕاوگەیان لە خوێنەکەی بڕی و..
چۆن زاریان بە ناوی خۆیانەوە کرد و
نە گوڵ و نە ترێیان تێدا نەهێشت
ئایە مردنی بەلقیس..
تەنیا سەرکەوتنە
لە هەر هەموو مێژووی عەرەبدا؟؟..
بەلقیس..
ئەی یاری من تا رادەی مەست بوون..
پێغەمبەرە درۆزنەکان..
بە چیچکانێوە دەڕۆن و..
سواری پشتی گەلان دەبن
هیچ پەیامێکیش نییە
ئەگەر لە فەلەستینی غەمگینەوە..
یەک ئەستێرە..
یان پرتەقاڵێکیان بۆ هێنابین
یان لە کەنارەکانی غەزەوە
زیخێک..

یان گوێچکە ماسییەکیان هێنابێت
ئەگەر لە پێش چارەکە سەدەیەکەوە
دەنکە زەیتوونێکیان رزگار بکردایە
یان لیمۆیەکیان وەرگرتبایەتەوە
ڕیسواییان لە رووی مێژوو بسڕیبایەتەوە
ئەو کات بەلقیس..
ئەی یارەکەم تا ئاستی مەست بوون
سوپاسی ئەو کەسانەم دەکرد کە تۆیان کوشت
کەچی وازیان لە فەلەستین هێناو ئاسکێکیان کوشت!!..
ئەی بەلقیس،
لەم رۆژگارەدا شیعر چی دەڵێت؟
لە سەردەمی گەلپەرستی..
مەجووسی..
ترسنۆکدا.. شیعر چی دەڵێت؟
لە کاتێکدا جیهانی عەرەب
ملکەچ و.. سەرکوت و
زمانی بڕاوە..
ئێمە تاوانین لە پێشەنگیدا
ئیدی (العقد الفرید) و (الاغانی) چین؟
خۆشەویستەکەم لە دەستمیان رفاندیت..
چامەکەیان لە زار رفاندم..
نووسین و.. خوێندنەوەو..
منداڵیەتی و.. هیواکانیان رفاندم
بەلقیس.. ئەی بەلقیس..
ئەی ئەو فرمێسکەی بەسەر پێڵووی کەماندا دەڕژێت..
نهێنییەکانی ئەویندارییم فێری ئەوانە کرد کە کوشتیانیت
بەڵام.. بەر لە کۆتایی گێمەکە
ئەسپەکەیان کوشتم
بەلقیس:
داوای لێبووردنت لێ دەکەم، رەنگە
ژیانی تۆ خوێنداری لەبری ژیانی من بوویێت..

**من باش دەزانم..**
**ئەوانەی لە کوشتنەکە تێوەگلان، دەیانویست**
**وشەکانم تیرۆر بکەن!!!**
**ئەی جوان.. پەنا بە خوا بنوو..**
**دوای تۆ شیعر نابێت**
**مێیایەتی نابێت**
**چەندین نەوەی منداڵەکان..**
**سەبارەت بە پەلکە درێژەکانت..**
**هەر پرسیار دەورووژێنن**
**ئەی مامۆستای ڕەسەن**
**چەندین نەوەی دڵدارانیش**
**هەر بابەت سەبارەت بە تۆ..**
**دەخوێننەوە**
**ڕۆژێکیش دێت ئەعرابەکان بزانن..**
**کە ئەوان پەیامبەرەکەیان کوشت..**
**پەیامبەرەکەیان کوشت..**
**پە.. یام.. بە.. ڕە.. کە.. یان**
**کو.. ش.. ت..**

١- بە کوردی بە ڕووباری دجلە دەگوترێت دەجلە، واتە دە لق، چونکە ڕووبارەکە لە دەلق پێکهاتووە و لە عەرەبیدا بووە بە دجلە.

**سەرچاوە:**

http://nizar.ealwan.com/poetry.php?id=55

# هونەر

- گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ هونەرمەند باسم ڕەسام — سازدانی: ستار قادر
- دیدار لەگەڵ عەلی پێنجوێنی — سازدانی: وشیار حەمە
- دیدار لەگەڵ سەفین ئیسماعیل — سازدانی: هەنار ئەلسراج
- ئەمێ ڕۆژانی خۆش ببینین کۆکردنەوەی وێنە دژەکانی — سیروان ڕەحیم
- ئۆپێرا — ئا: فەرمان عەلی نوری
- ماخۆلیای وێنەگری — و. وەلید عومەر
- چاوخشاندنێک بە فیلمی دۆکیۆمێنتی "سەنتراڵ پارک... — و. ئازاد بەهین

# گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ هونەرمەندی
# نیگارکێش و دیزاینەرباسم رەسام



**سازدانی: ستار قادر**

زۆرجار بۆ تێگەیشتن و نزیکبوونەوە لە دونیا تایبەتییەکانی هونەرمەندان، گفتوگۆ و دیالۆگ دەبنە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو کارە هونەرییەکانیان و دۆزینەوەی کۆدێک بۆ راڤەکردنی تابلۆکانیان، بەدەر لە هەموو ئەمانە بەسەرکردنەوە و دواندنی هونەرمەندانی داهێنەری هەر میللەتێک، بۆ خودی هونەرمەندەکەش دەبێتە فاکتەرێکی سایکۆلۆژیی وەها کە لە ناوەوەڕا هەست بکات کە بینەران و دەزگاکانی راگەیاندن هۆکاری داهێنەرانەیەتی، روویان والآکردووە بەڕوویدا و ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکییەی نێوانیان و خودی هونەرمەند و ئەوانەی دی سەرلەنوێ تازە دەبێتەوە، بەدواداچوونی هەمیشەیی لەنێوان ئەو کایانەدا ئەرکی بواری رۆشنبیری و راگەیاندنە، بۆ ئەم مەبەستە وا بە چاکی دەزانین لەمەودوا هەریەک لەو هونەرمەندانەی خاوەن ئەزموونی زۆر و خاوەن هێزی داهێنەرانەن لە بوارە شێوەکارییەکەدا بەسەریان بکەینەوە:

بۆیە وەک دەست پێشخەرییەک و وەک یەکەم هەنگاو لە یەکەم دیداریان لەگەڵ هونەرمەندی ناسراوی بواری نیگارکێشان و دیزاینەری بەناوبانگی کوردی هونەرمەند (باسم رەسام)دا گفتوگۆیەکی کراوە ئەنجام دەدەین، بەو هیوایەین بتوانین کە پەردە لەسەر نهێنی تابلۆ داهێنەرانەکانی لابدەین و ئەم دیالۆگە بێتە مایەی چوونە نیو دونیای پڕ پەنهانی تابلۆکانی و لێکنزیکبوونەوەیەک بێت لەنێوان بینەرانی و دونیا تایبەتییەکەی هونەرمەند.

**ئەوەندەی ئاگاداری کاری هونەری تۆ بم، لە زۆر فیگوری تابلۆکانتدا وێنەی ئافرەت ئامادەگییەکی بەرچاوی هەیە، ئیتر بە هەر مەبەستێک بێت، زۆر بەدزێویی و ناشرینی پیشانت داوە. حەزدەکەم لەم بارەیەوە بدوێین؟**

من لەوکاتانەی کە هەستم دەکرد کە بەتەواوەتی دەچوومە نێو دونیای وێنەکێشان و خەریکی رەسمکردنم، بەردەوام فیگەری زۆری تابلۆکانم ئافرەت بوون، ئینجا دوای ماوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت کە زۆر بە ناشرینی و دزێویی ئەو فیگوری ئافرەتانەم پیشانددەدا، هەتا رووی ناوەڕۆک و فۆرمی ئافرەت، هەر بینەرێک کە دەیبینین زۆرتر لایەنی شەڕانگێزیی تێدا بەدی دەکردن. ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو، زۆر سروشتی تێدەپەڕی، هەندێ جار دەبوو بە پرسیار لەلام وەک ئەوەی ئەو ئافرەتە جوانانەی لە ژیانماندا هاوڕێم بوون، بۆچی لە ئیشەکانمدا رەنگیان نەداوەتەوە؟ دایکیشم لە تابلۆکاندا دەکێشا، هەر جوان دەر نەدەچوو.

**دوای ناسین و بینینی چ ئافرەتێک لە تابلۆکانتدا جوانیی ئافرەتت رەسم کرد؟**

ئەمە زۆر بە رێکەوت بوو، دوای ناسینی کچێکی گەنج بوو کە خوێندکارم بوو، هەرچەندە لەتەمەندا زۆر بچوکتر بوو لە من، ئەو کچە سیمای دەموچاوێکی ئەفسوناویی لەلای من هەبوو، ئەو جوانییەی وەهای لە من کرد لەوە بەدوا و دوای بینینی ئەوکەسە جۆرێکی تایبەت لە ئافرەت لە تابلۆکانمدا رەنگیدایەوە، دەرکەوتنی ئافرەت لە فۆرمێکی جواندا لە چەند تابلۆیەکی رەش و سپیدا ئەو جوانییەی رەنگیدایەوە لەلام، دیارە دەموچاوێکی تایبەتی هەبوو، بەتایبەت دەمی کە هەندێ خوار و لار بوو، وەک گۆڕانکارییەکی ریشەیی بوو لەلام، ئەمە وەهای کرد کە بۆ یەکەم جار هەست بکەم بە راستەقینەیی عاشق بووم، ئەم عاشقبوونە وەهای کرد کە هەموو شتێکی لە ژیانمدا گۆڕی، یەکەم دەرکەوتنی لەوەوە سەرچاوەی گرت، ئەوەبوو تابلۆی ژن جوان بکێشم، ئەگەرچی ئەم عاشقبوونە زیاتر یەکلایەنە بوو، لە تەمەنی ٣٥ ساڵیمدا، واتە دەکاتە ساڵی ١٩٩٥. دوای ئەم مێژووە لە رابردووم رادەمام کە بۆچی بەو جۆرە ناشرینە وێنەی ئافرەتم کێشاوە، دەتوانم بڵێم نیگام بۆ ئافرەت گۆڕاوە.

**باشە زۆرجار عاشقبوون بەجۆرێک دەکەوێتەوە کە دەتەوێت مەعشوقەکە تەمەلوک بکەیت، لای تۆ ئەمە رووینەداوە؟**

نەخێر، لای من جۆرێکی تر بوو، وەک ئەوەی باسکردنی دوای عاشقبوونم بە ئافرەت ئارەزووی هەموو ئەو کەسانەم دەکرد کە لەو کەسە نزیکبوون، ئەو کەسانەشم

خۆش دەویست کە ئەویان خۆشدەویست و دەبووم بە هاوڕێی، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە لەلای من وەها کەوتەوە کە تێبڕادەمام لەوەی تا چەندین کەس ئەو کچەیان خۆشبوویستایە، ئەوا دڵنیا دەبوومەوە لەوەی کە چەندە جوان و سەرنجڕاکێشە، نەک بەپێچەوانەوە.

**ئەو کۆمەڵە تابلۆیەی دوای عاشقبوونت، بەچیدا بۆت دەرکەوت، یان چۆن دڵنیابوویت کە گۆڕانکاریی ریشەییت بەسەردا هاتووە؟**

لەدوای ئەو ئەزموونەم زیاتر گوزارشتم لەو لەحزانە دەکرد کە لە بەرگەڵوو بووم، هەمیشە و لە هەموو رووداوەکاندا ئەو ئافرەتە هاوڕام بوو، ئەگەرچی تابلۆکان گوزارشت بوون لە جەنگ، بەڵام وێنای ئافرەت و ئەو ساتانەم بەشێوەیەکی دی و دیدە نیگایەکی تر دروست دەکرد، لێرەوە ئەوە دەرئەنجام دەدات کە عەشق ئەبەدییەتە و دەکرێت رابردووشت جوان بکات و گوزارشتێکی زیندووانەی جوان لە رابردوو بکرێت.

هەر دوای ئەم قۆناغە بوو قۆناغی سایکۆلۆژییم بەڕێکرد.

**هونەرمەند باسم رەسام بۆچوونی چییە سەبارەت بە تەکنۆلۆژیا و پەیوەندی بە هونەرەوە بەتایبەت دوای داهێنانی کامێرا و ئەو بەرنامانەی کە سەبارەت بە هونەرن لەنێو کۆمپیوتەردا؟**

سەیرکە، ئێمە لەم زەمەنەدا هەریەک لە شێوەکار و هونەرمەندەکان لە زۆر کایەدا ئیش دەکەن، وەک ئەوەی کە من بەدەر لە وێنەکێشان دیزاین دەکەم بە کومپیوتەر، ئەمەش هەروەک هونەرکردن دەیبینم، وەک دەزانی کە لە زۆر دیزایندا ئیشی دەستم ئاوێتەی دیزاینەکان کردووە، ئەمە تەنها لەڕووە نابەرجەستەییەکەیەوە جوودایە لەگەڵ هونەری رەسم، ئەگینا ئەو رەگەز و پێوەرانەی کە لە تابلۆیەکدا پێڕەویان دەکەم هەمان ئەو رەگەزانەن کە بۆ دامەزراندنی دیزاینی بەرگێک یان رووی لاپەڕەیەکی بڵاوکراوەیەک ئەنجامی دەدەم، هەر ئەوەندەیە کە کەمپیوتەر کارئاسانییەکی لەڕادەبەدەرمان بۆ دەکات لە گواستنەوەی تەکنیکی چاپدا.

**دوا پرسیارم سەبارەت بەوەیە، ئایا باسم رەسام وەک دیزاینەرێک و وەک نیگارکێشێک ناسراوە، ئەم دوو کایەیە لای تۆ کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، چ جۆرێکە؟**

من ناڵێم ئەم دووکایەیە لەلام کاریگەرییان نییە لەسەر یەکتری، بەڵام جۆری کاریگەرییەکە بەو جۆرەیە، کاتێک سەرقاڵی دیزاینی بەرگی کتێبێک دەبم بڕێکی زۆر لەو سەربەستییانە کە خۆم مەبەستمە، ناچارم لەپێناو ناوەڕۆکی کتێبەکە لەدەستی

بدەم.

ئەمە وا ناگەیەنێت کە لە دیزایندا خەیاڵ نەبێت و خاڵی بێت لە شتی خەیاڵی و رەسم بەکار نەیەت، نا بەڵکو هەردووکیان وەک دوو رەگەز لە دیزایندا بەکار دەبەم، بەڵام کردەکە جیاوازە لە کاتی نیگارکێشاندا، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە من هێڵکاریی و رەگەزەکانی رەسم بەکاردەبەم لە دیزایندا، زۆرجار دەبێت حیسابی تابلۆی هونەریی بۆ بکەم، بەڵام لەپێناو ناوەرۆکی دەقەکە، ئەمە جۆری مامەڵەی منە لەسەر هەریەک لەو دووە کایەیە.



باسم رەسام لە چەند دێڕێکدا:

ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا لەدایک بووە.

-ساڵانی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨١ زیندانیی بووە لە بەغدا.

-ساڵی ١٩٨١- ١٩٨٢ چووەتە شاخ- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

-لە ساڵی ١٩٨٦-وە پەناهەندە بووە لە ئێران.

-هەر لە ساڵانی ١٩٧٠وە تاکو ئێستا سەرقاڵی هونەری وێنەکێشانە و یەکێکە لە دیزانەرە ناودارەکانی ئێران.

-لە ساڵی ١٩٨٦-وە هەتا ئێستا چەندین پێشانگەی لە ئێران و کوردستان کردووەتەوە.

-ساڵی ٢٠٠٦ بۆ یەکەم جار پێشانگەی تایبەتی لە سلێمانی کردووەتەوە.

-٢٠٠٧ پێشانگەی تایبەتی لە هەولێر کردووەتەوە. ٢٠١٣ پێشانگەی تایبەتی سلێمانی.

-ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانییە و سەرقاڵی کاری هونەریی و کاری دیزاینە لە بواری رۆژنامەگەریی کوردیدا.



## عەلی پێنجوێنی:

# حەسەن زیرەک لەڕووی هونەرییەوە نائومێدیی کۆمەڵگای کوردی خستووەتە سەر شانی خۆی

**سازدانی: وشیار حەمە**

**شتێک سەرنجی راکێشام، ئەویش سروشتیبوونی دەنگی حەسەن زیرەک، ئایا هێزی مانەوەی خۆی لە سروشت وەرگرتووە؟**

بە بڕوای من پانتاییەکی زۆر فراوان لە دەنگی حەسەن زیرەکدا هەیە، ئەم پانتاییە سروشت بەهەموو پێکهاتەکانییەوە وا لە دەنگی زیرەکدا. واتە تۆ نابێت لەناو سروشتدا بۆ دەنگی حەسەن زیرەک بگەڕێیت، بە بڕوای من دەبێت لەناو دەنگی حەسەن زیرەکدا بۆ پانتاییەکانی سروشت بگەڕێیت، بۆ نموونە لەناو دەنگی حەسەن زیرەکدا هەست بە بۆنی کوزەڵە دەکەم. هەست بە خوڕەی ئاو دەکەم، هەست بە وەرینی گەڵا دەکەم، هەست بە ئاڵوگۆڕی هەر چوار وەرزەکە دەکەم. کەواتە دەبێت لەناو دەنگی حەسەن زیرەکدا وەرز بدۆزینەوە.

ئەمەیە ناوازەبوونی ئەم دەنگە کە جیای دەکاتەوە لە وانی تر. بۆ نموونە تۆ گوێ لە دەنگی دەگریت دەڵێیت ئەم دەنگە پاییزم دێنێتەوە بەرچاو، لەم دەنگەدا

هەست بەسەرمایەکی زۆر دەکەم. بەفر دێتە خوارەوە، ئەم دەنگە زۆر زۆر گەرمیانییە لە قرچەی گەرمای هاوین دەچێت، بەڵام بۆ حەسەن زیرەک نا... دەبێت لەناو ئوم سولەمانەی دەنگی حەسەن زیرەکدا تۆ وەرزەکان بدۆزیتەوە. تۆ گەڵا دەدۆزیتەوە بە سەوزیی، گەڵا دەدۆزیتەوە بە زەردی، پاییز دەبینی، بەها دەبینی، چەم دەبینی خوڕە دەکات، کانی دەبینی وشکی کردووە. کەواتە کۆی هەموو ئەمانە لە دەنگی حەسەن زیرەکدا هەیە. ئەمە پەیوەندی بە سروشتی دەنگی ئەم پیاوەوە هەیە، هێزێکی جاوید هەیە ئیش لە قوڕگی حەسەن زیرەکدا دەکات، ئەم هێزەجاویدە، سبەینێ ناوی بنێ هێزێکی خودایی، تۆ سبەینێ ناوی بنێ نائومێدیی، تۆ سبەینێ ناوی بنێ هەر شتێک خۆت مەیلت لێیەتی.

بەڵام دواجار ئەم پیاوە نە بەگەڵایەکەوە دەوەستێتەوە کە فیعلەن لە ساتی شکۆفەدا نە بە بارانێکەوە دەوەستێتەوە بڵێی ئەمە بارانی چلەی زستانە، نە لە گەرمایەکدا تۆ رادەگرێت، بڵێی ئەمە گەرمای چلەی هاوینە و رۆحت رادەوەستێ و دەتوێتەوە بەدیار ئەو گەرمایەوە.

نا ئەم پیاوە سەفەرێکە لە قوڕگی خۆیەوە بۆ قوڕگی خۆی، بۆ هیچ شوێنێکی تر نا، واتە حەسەن زیرەک بەس دەبێت لەناوخۆیدا خۆی ببینێت...

سرک، سرک، پیاوێکە بەس دەبێت لەناوخۆیدا ببینێت، واتە زۆر سەیرە دەنگی ترمان هەیە. دەنگی کەسی گەورەمان هەیە لە شوێنێکی تریدا ئەم دەنگە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبینی دەڵێیت ئەمە لە قاسپەی کەو دەچێت، لە سروشت دەچێ ئەم دەنگە، لە دەنگی پیاوێکی ئازەریی دەچێت، ئەم دەنگە لە دەنگی هونەرمەندێکی گەورەی ئەرمەن دەچێت.

دەنگی حەسەن زیرەک، ئەم دەنگە بەس لە خۆیدا دەبێت بچێتەوە لای خۆی، واتە ئەوپەڕی دنیا بکە بۆ ئەوەی حەسەن زیرەک ببینیت، دەبێت بێیتەوە بۆ ئەمپەڕی دنیا بۆ ئەوەی لەناو حەسەن زیرەکدا حەسەن زیرەک ببینیت، واتە



دەنگێک ناتوانێت لە دەرەوە بیبینی کەشفی زۆر زەحمەتە، بۆ نموونە پانتایی ژوورێکی بچووکت بدەنێ و پێت بڵێن لەم ژووره بچووکەدا تۆ هەموو ئەم یارییانەم بۆ جێبەجێبکە، بەبێ ئەوەی لەو سنووره بترازێیت، واتە دەنگی حەسەن بە ئەندازەیەک بچووک دەبێتەوە، دەبێتە ژوورێکی بچووک، دەبێت لەناو ئەو ژوورەدا تۆ بڕیار بدەیت چی هەیە، کە دەچێتە ناو ئەم ژووره، دەیان قەیسەری گەوره هەیە لەناو ئەم دەنگەدا دەبێت بڕۆی، ئەگەر بوێریت بڕۆیتە ناوی.

**ئایا کاریگەری دەنگی حەسەن زیرەک بەسەر مۆسیقارەکانەوە هەبووە، یان بە پێچەوانەوە..؟**

بەبڕوای من مۆسیقا لە باشترین حاڵەتدا تەرجەمەکردنی دەنگە جوان و ناوازە و جاوید و نەمرەکانی ناو سروشتە، واتە کاتێک کەمانچە دروست دەبێت بۆ ئەوە دروست دەبێت چۆن خشەی گەڵایەک بکات بە نۆتە، وەختێ بەفرێک لە شاخێکەوە هەرەس دێنێت و دێتەخوارەوە لەناو دەفێکا (ڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ) ئەم هەرەسی بەفرە تەرجەمە دەبێت بۆ ناو دەف. وەختێ ژنێ دەگری، عودێک تەرجەمەی دەکات چۆن دەبێت ژنێک بگری وەختێ پیاوێک بەدیار منداڵەکەیەوە دەمرێت، ئەوکاتەیە کە فلوتێک چۆن گریان دەژەنێ، ئەم نموونانەم بۆیە بۆ هێنایەوە بۆ ئەوەی پێت بڵێم هەموو ئامێره مۆسیقییەکانی دنیا دواجار خەریکی تەرجەمەکردنی دەنگەکانی ناو سروشتن بە چەم و ڕووبار و کانی و گەڵا و سروشت و جریوەی مەل و قاز و مراوییەوە.

بەڵام تۆ لە بەرامبەر دەنگێکدا چی دەڵێیت کۆی هەموو ئەم دەنگە سروشتییانەی هێناوەتە ناو قوڕگی خۆیەوە، واتە کە گوێ لە حەسەن زیرەک دەگریت دەنگێکە، کەوێک دەقاسپێنێت، کوزەڵەیەک لەگوێی چەمێکدا دەترسێت لەوەی بخنکێت، بارانێ دەترسێت لەوەی بکەوێتە ناو ئەو دەریا گەورەیەوە بخنکێت، دڵۆپێ باران زۆر دەترسێت بخنکێت بکەوێتە ناو دەریاوە. زۆر بە ناسکی دێتە خوارەوە دەچێتە ناو ئەو دەریا گەورەیەوە، دار بەڕوویەک ڕەشەبا دەیهێنێت و دەیبات، شەڕی ئەوە دەکات یەک بەڕووی لێ دا نەکەوێت، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو ئاوەوە، چونکە ئاو دەیبات، حەسەن زیرەک خەریکی تەرجەمەکردنی ئەم هەموو دەنگانەیە.

ئەم هەموو دەنگە کۆبووەتەوە لەناو قوڕگی ئەم پیاوەدا، دەیەوێت پێت بڵێت من هەم ئەو بەڕووەم کە ئاوبدرێت، هەم ئەو کوزەڵەیەم کە دەخنکێت، هەم ئەو ڕەشەبایەم کە هاتووە، هەم ئەو نێرگزەم کە قەرارە سەوز ببم، هەم ئەو جوانییەم

که دەکرێت تۆ دەستت بەرم نەکەوێت، کەواتە دەنگێک پڕاوپڕە لە سروشت، بەڵام پڕاوپڕە لە خۆی، چونکە ئەم دەنگە وەک وتم دەکرێت لەناو ئەم دەنگانەی ناو سروشتدا دەنگی بدۆزیتەوە. بڵێی لە دەنگی ئەم شتانە دەچێت.

نەخێر ئێستا پێچەوانە بووەتەوە، تۆ دەبێت بڕۆی بۆ ناو سروشت، سروشتێکی پاک. سروشتێکی بێدەنگ، بەڵام پڕیش لە دەنگی جوانی، دەبێت گوێ لە دەنگ بگریت لەناو سروشتدا، ئەگەر گوێت لە دەنگێکی باش گرت، دەبێت بگەڕێیتەوە و بزانیت ئەم دەنگە لەکوێدا دەنگی لە حەسەن زیرەک دزیوە.

**واتە تۆ پێتوایە حەسەن زیرەک لە سروشت، سروشتیترە..؟**

من قەناعەتم وا نییە حەسەن زیرەک لەزەتی لەوەوە وەرگرتبێت خوڕەی چەم چۆن دێتەخوارەوە، نەخێر. خوڕەی چەم بەم ئینتیزارەوەیە ئەم دەنگە لە کوێیدا جوان دەڕژێ بۆ ئەوەی خوڕەی چەم لەم دەنگە بچێت، ڕەنگە ئەمە دێڕێکی ئەدەبی دەربکەوێت، بڕۆرەوە ناو گۆرانییەکانی ئەم پیاوە تێدەگەیت ئەم پیاوە کەمەندکێشی سروشتی کردووە، سروشت بەو فراوانییەوە کە دەیبینی و دەزانی سروشت پیاوی گەورەی دەوێت بۆی بڕوانێ، پیاوی گەورەتری دەوێت تیایدا بژی، گەورەترین ئینسانی دەوێت لێی تێبگات، سروشت بەهەموو جوانییەکانییەوە نیشتەجێیە لەناو حەسەن زیرەکدا.

ئینتیزارە ئەم پیاوە چۆن باسی چەم دەکات، چونکە بەڕاستی ئەوەندەی من لەناو حەسەن زیرەکدا هەست بە خوڕەی چەم دەکەم، هەزاران جاریش خوڕەی چەمم گوێ لێ بووە، دەستم خستووەتە ناو چەمەوە، بەڵام بەقەدەر ئەم دەنگە من ناباتەوە ناو ئەو خوڕەیە، ئەی باشە کەواتە دەبێت من بڕۆم خوڕەی جوانیی چەمێک لەناو ئەم دەنگە ببینم.

کەواتە بۆ یەکەمجار لەناو هونەری کوردیدا ئەگەر بمانەوێت سروشت ببینین، دەبێت بڕۆینە لای حەسەن زیرەکەوە بزانین سروشت هەیە، یان نییە، چونکە زۆرجار گەڵا نەماوە بە درەختەوە، بەڵام لە دەنگی حەسەن زیرەکدا دۆزیومانەتەوە، کەواتە ئەم دەنگە هێزی خولقاندنەوەی دووبارە سروشتی هەیە. دەبێت ئێمە لەم دەنگەوە باز بدەین بۆ ناو سروشت، واتە لەم دەنگەوە ئێمە دواجار سروشت ببینین و دواجار چەم ببینین پاشان ئاو ببینین، بینینی ئاو ئەو ئاوە نییە کە ئێمە دەیبینین، ئاو دەبێت لە قوڕگدا ببینیت. خەڵکی ئێمە کە ئاو گەییە قوڕگی دەخنکێت، لەناو چەمێکدا مەلە دەکەیت کە ئاو گەییە قوڕگت دەخنکێیت، تۆ لەناو قوڕگێکدا دەبێت ئاو ببینیت، بەڵام پیاوێک هەتا دەمرێت تونییەتی، باشە

مەعقولە پیاوێک هەتا دەمرێت تونییەتی، بەڵام لەناو قوڕگی ئەم پیاوە تینووەدا چەم دەبینین.

**پێتوایە زیرەک لە سەرەمەرگدا تینووی ئاو بووە، یان چی، روونتر...؟**

باوەڕ ناکەم داوای ئاوی کردبێت، لەوباوەڕەدام داوای ئاویان لێ کردبێت وتوویەتی ئاو نەما لای من، نەما من ئیتر دەمرم، چونکە هەر کەسێک بەدەوری حەسەن زیرەکەوە بووبێت دەبێت ئاو نەبێ بیخوا.

**گۆڕانکاریی لە دەنگی حەسەن زیرەکدا گۆڕاوە بەبێ ئەوەی کاریگەری خراپ لەسەر هونەرەکەی دروست بکات، ئەم جوانییانە لە زیرەکدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

گۆڕانکاریی لە دەنگی هونەرمەندی گەورەدا لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر دەگۆڕێت، بەداخەوە حەسەن زیرەک چانسی ئەوەی نەبوو کە بتوانێت هەروەک چۆن لە کۆمەڵگایەکی شپرزە و لێکترازاوە، حەسەن زیرەک ناتوانێت باش بژی، جوان بژی، بێ کێشە بژی، بەهەمان شێوە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا دەرفەت نییە بۆ ئەوەی حەسەن زیرەک قوڕگی پەروەردە بکات، واتە ئەوەی بەرگوێی ئێمە دەکەوێت. قوڕگی حەسەن زیرەکە بێ دەستکاریی، قوڕگی حەسەن زیرەکە بەبێ خزمەتکردن، قوڕگی حەسەن زیرەکە بەبێ رێزلێگرتن، بۆیە سەرنج بە هونەرمەندێکی گەورەی وەکو شەجەریان بۆ ماوەی چل ساڵ (٤٠ ساڵ) ئاوی سارد ناخواتەوە بۆ خاتری رێزگرتن لە ژێییەکانی قوڕگی، بۆ خاتری راگرتنی ئەو دەنگە بەجوانی، جگە لەو فەزا سازگارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە بۆ شەجەریان هەڵدەکەوێت، بۆ ئەوەی تیایدا بژی و تیایدا پەروەردە بێت و ژیان لەبەردەمیدا فەراهەم بێت. حەسەن زیرەک جگە لەوەی چانسی ئەوەی نەبووە لەڕووی جەستەیی و رۆحییەوە ئەم ئارامی و ئەم ژینگە سازگارەی بۆ بسازێت و تیایدا بژی، بە داخەوە بۆ قوڕگیشی ژینگەیەکی سازگار نەبووە حەسەن زیرەک تیایدا بژی. حەسەن زیرەک دەرفەتی نەبووە خۆی بەباشی بژی، لەکوێوە دەرفەتی هەبێت خزمەتی قوڕگی بکات، بەشێکی تری دێینە سەر ئەوەی ئەم دەنگە کاریگەرە، ئەم قوڕگە کاریگەرە شەڕ لەگەڵ ئەم ژینگە ناسازگارەدا دەکات، کە شەڕی پێ دەفرۆشێت. واتە من بڕوام وایە ژینگەی کۆمەڵگای کوردی ژینگەیەک بووە دژایەتی حەسەن زیرەک دەکات، هەتا مردنی بەربەرەکانی حەسەن زیرەک دەکات، بەڵام حەسەن زیرەک دەنگێکی جاوید لە قوڕگیدایە دەرەقەتی ئەم شەڕانە دێت، دەنگێکی نەمر لە قوڕگدایە، قوڕگێک کە

دەتوانێت شەڕی هەموو ئەم ناسازگاریی و ناتەبایی و لێکترازان و شپرزەییە بکات، کە ڕوو دەکاتە ژیانی حەسەن زیرەک. دەنگی حەسەن زیرەک گۆڕانی بەسەردا دێت، بەشێکی ئەم گۆڕانە من پێموایە زوو بوو بۆ ئەوەی دەنگی حەسەن زیرەک ئەو گۆڕانەی تیادا دروست بێت، هێشتا قۆناغی تەمەنی ئەوە نەبوو، لەڕاستیدا دەکرێت لە دوای ٦٠ ساڵییەوە هەست بەوە بکەیت کە ئەم دەنگە وردە وردە گۆڕاوە. حەسەن زیرەک لە ٤٥ بۆ ٥٠ ساڵی ئیدی دەنگی دەگۆڕێت، بەشێکی پەیوەندی بەو هەموو بارکردنە قورسەوە هەیە کە لەسەر ژیانی حەسەن زیرەک هەیە، وەک باسم کرد، بەڵام نائاساییبوونی دەنگی حەسەن زیرەک و نەمریی دەنگی حەسەن زیرەک، ئەو دەنگەیە کە سەرباری هەموو ئەم کێشانە ئەم دەنگە دەگۆڕێت، بەڵام دیوێکی تری جوانیی حەسەن زیرەک دەرەخات کە لەناو گۆرانیدا دەرنەکەوتووە. واتە حەسەن زیرەک قۆناغی کامڵی تەمەنی ئەگەر پێی بڵێین (کامڵی)، قۆناغی درێژکراوەی دەنگی گەنجێتی نییە. دیوی دووەمی دەنگی حەسەن زیرەکە کە ئێمە نەمان بینیوە، واتە دەنگێک لە کۆتاییەکانی ژیانیدا گوێی لێ دەگرین لە دەنگی سەرەتاکانی تەمەنی ناچێت، بەڵام دەنگێک جوانتر دێتە گوێ، خۆشتر دێتە گوێ، سازگارتر دێتە گوێ، واتە ئێمە کەم هونەرمەندمان هەیە بتوانێت خاوەنی دوو دەنگی نەمر بێت لە دوو قۆناغی ژیاندا، کەهیچیان لە هیچیان ناچێت، قۆناغی گەنجی و قۆناغی کامڵی، دەنگی دووەمی حەسەن زیرەک دیوی دووەمی جوانییەکانی حەسەن زیرەکە، دەرکەوتنی دیوی دووەمی حەسەن زیرەکە، واتە من بڕوام وایە ئەگەر حەسەن زیرەک بمایە ژیان ڕێگای پێ بدایە، پێم وایە قۆناغی سێیەم لە دەنگی حەسەن زیرەکدا دەبوو کە پێچەوانەی ئەمەی دووەمیشی بوو، دیوێکی تری جوانی بوو، چونکە ئەو پیاوە لە کانی دەچێت، هەرکاتێک ئەم دەنگە لێی هەڵدەگۆزیت جامی یەکەمی لە جامی دووەمی ناچێت، جامی چوارەمی لە جامی سێیەمی ناچێت. بۆیە من پێم وایە ئەگەر بمایە، دیوی سێیەم لە دەنگیدا دەردەکەوت، کە لەمەش ناچێت. کەواتە ئەم گۆڕانە لە دەنگی حەسەن زیرەکدا بە بڕوای من دەرکەوتنی دیوی دووەمی جوانیی حەسەن زیرەکە.

**حەسەن زیرەک هەمیشە پیاوێک بووە ناجێگیر بووە و بەردەوام لە سەفەردا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا نائومێدییەکی قوڵ بەدی دەکرێت لە دەنگی ئەم پیاوەدا، ئایا سەفەر و نائومێدیی کاریگەری لەسەر هونەرەکەی حەسەن زیرەک داناوە، ئایا یارمەتیدەرە ئەم حاڵەتە، یان بە پێچەوانەوە؟**

بەبڕوای من مرۆڤی گەورە هەمیشە بەبێ سەفەر ناژی، مرۆڤی گەورە هەمیشە لەسەر کەڵکەڵەی نائارامییەک دەژی، ئاگری کەڵکەڵەی نائومێدیی و کەڵکەڵەی ناجێگیرییەک لەناو رۆحیدا ئامادەیی هەیە، ئەم ناجێگیرییە وای لێ دەکات سەفەر بکات بە بەشێک لە ژیانی، کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی زۆر چەقبەستووە، کۆمەڵگایەک نەیتوانیوە سەفەر ببێت بە بەشێک لە ژیانی. واتە سەفەر بەشێک نەبووە لە ژیانی کۆمەڵگای کوردی، ئەوەی هەبووە لە درێژایی مێژووی هونەریی و ئەدەبی ئێمەدا سەر هەڵگرتن بووە. سەرهەڵگرتن جۆرێک لە دڵشکانی تیادا بووە، جۆرێک لە دەرکردنی تیادابووە، جۆرێک لە شاربەدەرکردنی تیادا بووە.

**ئایا نموونەمان هەیە...؟**

بەڵێ، نموونەمان زۆرە لەناو ئەدەبی کوردیدا ئێمە نالیمان هەیە دەربەدەر دەکرێت. لە مێژووی مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا. قادر دیلانمان هەیە کە دەڕوات سەرهەڵدەگرێت.

حەسەن زیرەک دەرک بەوە دەکات کە دەنگی نەمر نابێت، وابەستە بێت بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، هەمیشە لە سەفەردا بووە، ژینگەی جیاواز سەفەری جیاواز، شوێنی جیاواز، ئاوازی جیاواز، دەنگی جیاواز، روانینی جیاواز، دنیابینینی جیاوازت بۆ بەرهەم دێنێت، واتە تا تۆ چەندە سەفەر بکەیت شوێنی جیاواز ببینی و دنیا ببینی، جیاوازی لە تۆیدا دروست دەبێت، روانینی جیاواز لە تۆیدا دروست دەبێت کە روانینی جیاواز دروست دەبێت. جیاواز دەڵێت و جیاواز دەژەنێت، جیاواز قوڕگ هەڵێنێتەوە، واتە حەسەن زیرەک سروشت و جوانیی هەورامان لەگەڵ سروشت و جوانیی موکریان، لەگەڵ سروشت و جوانیی بەغدا، لەگەڵ سروشت و جوانیی تاران. هەریەکەیان بۆن و بەرامە و ئاوازێکی لەلای حەسەن زیرەک خولقاندووە. حەسەن زیرەک لە تاراندا سەیر گۆرانی دەڵێت، کە دێتەوە بەغدا جۆرێکی تر گۆرانی دەڵێت. کە دێتە سلێمانی جۆرێکی تر گۆرانی دەڵێت، کەواتە سەفەر ئەگەر بەجۆرێک لە جۆرەکان دڵتەنگی و دڵشکاندن و دەربەدەرکردن و شاربەدەرکردنی حەسەن زیرەک وای پێکردبێت، کە ئەم سەفەرانە بکات، دیوی دووەمی ئەوەیە کە حەسەن زیرەک سوودێکی زۆری لەم سەفەرکردنانە وەرگرتووە و لەڕێی ئەم سەفەرکردنەوە دنیای روانینی هونەریی حەسەن زیرەکی فراوان کردووە. حەسەن زیرەکی وەکو سوڵتان هێشتووەتەوە لەناو هونەری گۆرانی کوردیدا. ئەوەی وا دەکات کە حەسەن زیرەک بە بڕوای

من سولْتانی ناو هونەری گۆرانیوتنی کوردی بێت، سەفەرکردنی حەسەن زیرەک بووە. حەسەن زیرەک بەبێ سەفەرکردن ناژی، چونکە مرۆڤی گەورە بەردەوام رارایی و ماخۆلان و نائارامییەکی هەیە، شپرزەییەکی هەیە ئەم شپرزەییە حەسەن زیرەک لە رێی دەنگەوە دەیهێنێتە دەرەوە، لەڕێی ئاوازەوە دەیهێنێتە دەرەوە. کەواتە سەفەر بەشێکە لە حەسەن زیرەک و ئەم سەفەرانە جگە لەوەی لە رووی جەستەیی و رۆحییەوە بەبڕوای من ماڵوێرانی و بەدبەختی و دڵشکان و دڵتەنگی بۆ حەسەن زیرەک هێناوە، بەڵام لەڕووی ئاواز و گۆرانییەوە زیاتر حەسەن زیرەک رۆچووە بە ناو هونەری کوردیدا، دنیابینینی حەسەن زیرەکی فراوانکردووە و ئەو قوڕگە نەمر و ترسناکەی زیاتر کردووەتەوە بەڕووی دنیادا.

**ئەو نائومێدییە قوڵە چییە لە دەنگی حەسەن زیرەکدا، هەمیشە هەست بە نائومێدییەکی قوڵ دەکەین لە دەنگی ئەم هونەرمەندەدا؟**

وەک پێم وتی پێموا نییە مرۆڤی گەورە هەبێت لەو دنیایەدا نائومێد نەبێت، بەشێک لە بەرهەمهێنانی نائومێدیی لەڕاستیدا پەیوەندی بە مرۆڤی گەورەوە هەیە، واتە مرۆڤی گەورە هەمیشە دەبێت نائومێد بێت، چونکە مرۆڤی گەورە هەمیشە دەبێت نائومێد بێت، چونکە مرۆڤی گەورە وەک خەڵکی ئاسایی ناڕوانێت بۆ دنیا، مرۆڤی گەورە برینەکان قوڵتر دەبێت، حیکایەتەکان بەسوێتر و پڕخوێنتر و پڕ برینتر دەبینێت.

حەسەن زیرەک هەموو دێتە گوێمان گۆرانی دەڵێت و دڵمان خۆش دەکات و ئاوازی جوان بەدەمیدا دێت، بەڵام لەناو رایەڵەی کۆی ئاوازەکانی حەسەن زیرەکدا برینێک خۆی دەژەنێت و برینێک دێتە دەرەوە، بەڵام گوێی وردی دەوێت ئەم برینە بدۆزێتەوە، واتە من پێموایە هێشتا کۆمەڵگای کوردی گوێیەکی زۆر سازگار و کراوەی نییە بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی دەنگی حەسەن زیرەک شی بکەنەوە و بزانن ئەو پیاوە چی دەڵێت، ئەو پیاوە تەنیا گۆرانیناڵێت، لەناو چریکەی دەنگی حەسەن زیرەکدا نائومێدییەک هێڵێکی دووردرێژە لە گۆرانیوتنی یەکەمی حەسەن زیرەکەوە تا کۆتایی ئەم هێڵە تراژیدییە، ئەم هێڵە پڕ بە برینە، ئەم هێڵە پڕ لە سوێیە لەناو دەنگی حەسەن زیرەکدا ئامادەیی هەیە، ئەمەش بریتییە لەو نائومێدییە قوڵەی حەسەن زیرەک لە ژیانیدا هەستی پێکردووە، مرۆڤە خۆش بینەکان. مرۆڤە مژدە هێنەرەکان ئەو مرۆڤانەی مژدەی دڵخۆشی و ئومێد و ئیرادەیان بۆ کۆمەڵگای ئێمە هێنا، بەدوای خۆیاندا جگە لە جەهەننەم هیچی تریان نەهێنا، بەڵام ئەو مرۆڤانەی قسەیان لە نائومێدیی کرد پێمان دەڵێن

دەبێت نائومێد بیت بۆ ئەوەی ترسناکییەکانی ڕێگا ببینیت، دەبێت نائومێد بیت بۆ ئەوەی برینەکان ببینیت، ناکرێت من بازت پێ بدەم و بڵێم باز بە بەسەریدا برین نییە، حەسەن زیرەک ئەم برینانە لەڕێی دەنگەوە دەگوێزێتەوە سروشت، لەڕێی دەنگەوە دەگوێزرێتەوە. پێکەنین لەڕێی دەنگەوە دەگوێزرێتەوە، گەرچی من پێموایە هێڵی تراژیدیایەک بە شاراوەیی لەناو دەنگی حەسەن زیرەکدا هەیە گوێی سازگاری دەوێت، ئەم هێڵە شاراوەیە بدۆزرێتەوە، کە بەداخەوە تائێستا هونەری کوردی، مۆسیقاری کوردی نەیانتوانیوە قسە لەسەر ئەم هێڵە بکەن، کە پڕپڕە لە نائومێدیی، کەواتە حەسەن زیرەک پێت دەڵێت دەبێت نائومێد بیت، ئینجا دەتوانیت جوانیی سروشت ببینی، دەبێت نائومێد بیت، ئینجا گوێ لە خوڕەی ئاو بگرێت، دەبێت نائومێد بیت، ئینجا خشەی گەڵا و وەرینی گەڵا هەست پێ بکەین، هەموو ئەمانە کە لە دەنگی ئەم پیاوە گەورەیەدا ئامادەیی هەیە، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت ئەم پیاوە گەورەیە نائومێدییەک دایگرتووە، نائومێدیی لە قوڵایی ڕوانینێکی هونەری جوانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەناو حەسەن زیرەکدا هەیە و تائێستا وەک وتم گوێی کۆمەڵگای کوردی گوێیەکی سازگار نەبووە بۆ ئەوەی ئەو هێڵە شاراوانەی ناو دەنگی حەسەن زیرەک ببینی.

**دەتوانین بڵێین حەسەن زیرەک نائومێدییەکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی دروستی کرد؟**

بەبڕوای من، حەسەن زیرەک لەڕووی هونەرییەوە نائومێدیی کۆمەڵگای کوردی خستووەتە سەر شانی خۆی، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگایەکی بێ خەم بێ دەربەست و بێ باک و بێ بیرکردنەوەت هەیە، کۆی هەموو ئەم نائومێدییانە لەناو دەنگی حەسەن زیرەکدا ئامادەیە و حەسەن زیرەک دەبێتە هەڵگری ئەم خەمانە، من لە شادی هێنەرترین گۆرانی حەسەن زیرەکدا هەست بە تەنیایی دەکەم، لە کوێدا حەسەن زیرەک گۆرانی شادی وتووە، من لەویادا هەست دەکەم ئەم قوڕگە بریندارە، ئەم دەنگە زۆر بێتاقەتە، ئەم مرۆڤە زۆر هیلاکە، ئەم بێتاقەتی و دڵتەنگی و هیلاکییە گوێزانەوەی کۆی ئەو بارە قورسەیە لەسەر کۆمەڵگا و کۆمەڵگا هەستی پێ ناکات، حەسەن زیرەک لە قوڕگی خۆی بار دەکات و حەسەن زیرەک لەڕێی گۆرانییەوە ئەمانە دەڵێت.

**ئایا پێتوا نەبووە حەسەن زیرەک هەستێکی شاعیرانەی هەبووبێت، بۆ نموونە دەڵێت: (وەک بت دەتپەرستم، وات ڕادەژێنم ڕات ناچڵەکێنم)، هەست ناکەیت**

**شاعرێک لەناو حەسەن زیرەکدا وجودی هەبووبێت؟**

لەڕاستیدا ئەگەر کۆی ئەو گفتوگۆیەی کە دروستمان کردووە و قسەم تێدا کردووە و ئەگەر سەر لەبەری بخوێنرێتەوە و ببینرێت، هەسەت بەوە دەکرێت من بەدوای شاعرێکدا دەگەڕێم وا لە قوڕگی حەسەن زیرەکدا و بەدوای هونەرمەندێکی بەسەلیقەدا دەگەڕێم وا لە قوڕگی حەسەن زیرەکدا، حەسەن زیرەک قسەکردنی لە سروشت و ئاو و چەم و تەنیایی و برین و حکایەتە سەیرەکانی کۆمەڵگای ئێمە و حکایەتی دڵشکانەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە، هەموو ئەمانە کە لەقوڕگی ئەم پیاوەدا ئامادەیی هەیە، واتە شاعیرێک وا لەناو حەسەن زیرەکدا دانیشتووە، بەڵام ئەم شاعیرە دەنگی زۆر خۆشە، گۆرانی دەڵێت، شاعیرێک لەناو حەسەن زیرەکدا ئامادەیی هەیە، بەڵام ئەم شاعیرە نائومێدە، بەڵام نائومێدییەکان لەڕێی قوڕگییەوە دێتە دەرەوە، کەواتە پڕاوپڕ من بە دوای ئەم شاعیرە ونبووەی ناو حەسەن زیرەکدا دەگەڕێم کە بەردەوام ئامادەیی هەیە.

**حەسەن زیرەک پیاوێک بووە زۆر ژیاندۆست بووە ئەو هەموو ژیاندۆستییەی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا عەشقی بۆ هونەرەکەی وایکردووە ئەوەندە ژیاندۆست بێت، یان خۆی هەر وا بووە؟**

لە ڕاستیدا مامەڵەکردنی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ حەسەن زیرەکدا، بەداخەوە نزیکم دەکاتەوە لەوەی بڵێم کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سەیر مەرگ دۆست بووە، چونکە نەیانتوانیوە ژیاندۆستی حەسەن زیرەک ببینن، حەسەن زیرەک هەمیشە پێچەوانەی شەپۆلی دەریا سەوڵ لێ دەدا، کە بیر دەکاتەوە خەڵک بە دیار سروشتەوە ناوەستێت هەموو سروشت دووبارە لەناو دەنگی حەسەن زیرەکدا دێتەوە دەرەوە، کە هەست دەکات کۆمەڵگای کوردی زۆر بێخەمن و بەدیار نائومێدیی ئینسانی ئێمەوە ڕاناوەستێ، حەسەن زیرەک پڕ دەبێت لە نائومێدیی، کەواتە پێچەوانەی کۆمەڵگایەک کە ئامادە نییە بیربکاتەوە، حەسەن زیرەک بە قوڕگی بیر دەکاتەوە لە ڕێی گۆرانییەکانییەوە بیردەکاتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە وا دەکات حەسەن زیرەک هەمیشە ژیان ئەگەر دڵۆپێکی تیادا مابێت پەلکێشی دەکاتەوە ناو گۆرانییەکانی خۆی، حەسەن زیرەک بەردەوام خەریکی پەلکێشکردنەوەی ژیانە بۆ ناو ئێمە، چونکە ئێمە مەرگدۆستین، کۆمەڵگایەک مەرگدۆستە، حەسەن زیرەک لەڕێی دەنگییەوە ژیان پەلکێش دەکاتەوە ناومان، دەڵێت دەبێت مەرگدۆست نەبن، دەبێت گوێ لە گۆرانی بگرن.

دەزانی لە ڕۆژگارێکدا حەسەن زیرەک گۆرانی کوردی دەخاتە سەر پێ کە

تاریک تاریکە، ئەم پیاوە بە ئەندازەیەک ژیاندۆستە کە خۆی دەکاتە قوربانیی درێژەدان بە ژیانی کۆمەڵگا، واتە مەرگی زووبەزووی حەسەن زیرەک ژیان درێژ دەکاتەوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، چونکە حەسەن زیرەک بۆ خۆی نەژیاوە و درێژە بە ژیانی کۆمەڵگا دەدات، لەڕێی هێنانەوەی هەموو ئەو موفرەدانەی کە لەناو سروشت و جوانی و ژیاندا ئەگەر مابێت، ئەو دەیهێنێتەوە ناو قوڕگی و پێمان دەڵێت وەرن گوێبگرن هێشتا ژیان ماویەتی، زۆر سەیرە پیاوێکی وەک حەسەن زیرەک بەو هەموو تاریکی و تاڵییەوە کە ڕوو دەکاتە ژیانی ئەو و ئێمە بانگهێشت دەکات بۆ سەر خوانی ژیان، دەڵێت ئەوەی کردتان بیکەن، بەڵام وەرن خوانێک هەیە دەبێت ژیانی تیادا بکەین، کەواتە حەسەن زیرەک کۆی کۆمەڵگای کوردی پەلکێش دەکاتەوە بۆ سەرخوانی ژیانکردن، ئەمەیە ژیاندۆستی.

**حەسەن زیرەک سوودێکی باشی لە هونەری گەلانی چواردەور وەرگرتووە، بۆ نموونە کاتێک لە بەغدا بووە گوێی لە گۆرانی عەرەبی بووە و زۆر جوان توانیویەتی بیکات بە کوردی (کورداندوویەتی)، ئایا ئەم هێز و توانا گەورەیە چی بووە کە وای کردووە ئێمە بەزەحمەت دەتوانین بەراوردی بکەین و بچینەوە سەری؟**

لە ڕاستیدا داگیرکاریی داگیرکەرانی ناوچەکە بۆ کۆمەڵگای کوردی و بۆ میللەتی کورد وا دەکات ئێمە بە ئەندازەیەک هونەر و ئەدەبی کوردیمان بەتاڵان بچێت، کە زۆر جار دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە کۆی هەموو ئەو شتانەی کە لە میللەتێکی ترەوە دەوترێت، بۆ نموونە گۆرانییەکی تورکی دەوترێت کە گۆرانیبێژێکی ئێمە دێت و دەیڵێتەوە، پێمانوایە ئەو گۆرانییە لە بنەڕەتدا هەر تورکییە و ئێمە هێناومانە، ئەمە هەڵەیەکە لە ڕاستیدا بە بڕوای من دەبێت ڕاست بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە داگیرکراوبووین ئەدەب و هونەر و سیاسەتمان هەموو ئەمانە داگیرکراوە، ئەم داگیرکردنە وا دەکات هەمیشە پێمان وابێت کە یەکێک گۆرانییەکی تر دەڵێتەوە هی ئێمە نییە، ئەمە بەشێکییەتی، بەشێکی تری وەک وتم قودرەتی دەنگی حەسەن زیرەک بۆ هەندێ گۆرانی تر کە دەوترێتەوە، گۆرانی وتووە، ئازەرییەکان وتوویانە گۆرانی وتووە ئەرمەنییەکان وتوویانە، بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە بۆ نابێت گۆرانییەکی ئەرمەنی و ئازەری لە بنەڕەتدا گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی بووبێت و لە قۆناغێکدا دەڕواتە ئەوبەرەوە و دەچێتە ناو ئازەربایجان، دەچێتە ئەرمەنستان و لەوێوە دەژەنرێت و دەوترێتەوە، بەڵام کۆمەڵگای کوردی لە قوناغێکدایە وەک وتم کۆمەڵگایەکی بێباک داگیرکراوە و بەدبەخت و... دوایی کە حەسەن زیرەک دەیڵێتەوە ئێمە پێمانوایە ئەم گۆرانییە

ئازەرییە و حەسەن زیرەک بۆی هێنابێتینەوە، ئێمە پێمان نەوت دەستتخۆش بێت ئێمە پێمان نەوت گۆرانییەکی دزراوت بۆ هێنابنەوە، پێی دەڵێین گۆرانییەکی ئەرمەنیت وت زۆر جوان وتت...

**واتە بێ ئەرشیفی ئێمە وایکردووە؟**

بەڵێ، واتە من دەمەوێت ئەوە بڵێم دەبێت بە حەسەن زیرەک، یان حەمەی مامڵێ بەوانە کە هەندێ گۆرانی ئازەریی و ئەرمەنییان وتووە، نابێت بڵێین گۆرانییەکی ئازەرییان وت، دەبوا پێمان بوتنایە گۆرانییەکی دزراوتان لە ئەرمەنستان بۆ هێنابنەوە، گۆرانییەکی دزراوتان لە ئازربایجان بۆ هێنابنەوە، ئەمە بەشێکییەتی، بەشەکەی تری قورگی ئەم پیاوە قودرەتمەندە لەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ گۆرانیدا دەکات. بەداخەوە ئێستا گۆرانیبێژی تازەمان هەیە دێت گۆرانییەکی باکوور دەڵێت (باکووری کوردستان)، کە تورکەکان وتوویانە، واتە بێ ئەندازە بێسەلیقەیی تیادایە لە گۆرانییەکەدا من حەز لە تورکییەکە دەکەم و گوێی لێدەگرم تا دەنگی ئەو، چونکە بە کوردییەکی تێکوپێکشکاو دەیلێت، بەڵام کاتێ حەسەن زیرەک دێت گۆرانییەکی دزراوی کوردی لە ئازەربایجان دەسێنێتەوە و دەیلێتەوە، سەیر دەیلێتەوە.

**بەڵام ئەی سەبارەت بە گۆرانی عەرەبی کە حەسەن زیرەک وتوویەتی؟**

سەبارەت بەوەی لە گۆرانییەکی عەرەبی دەڵێتەوە، گۆرانییەکی ئوم کەلسوم دەڵێتەوە هێشتا من گومانم هەیە. من مێژوونووس نیم (غنی لی شویە شویە، بۆت دەڵێم تۆزە تۆزە)ی حەسەن زیرەک و مامڵێ دەیلێنەوە، ئەمەش دووبارە من بە بابەتێکی دزراوی دەزانم.

**گۆرانییەکی فەرید ئەترەشیش هەیە کە حەسەن زیرەکیش وتوویەتی لامان روون نییە کە پێشتر کامیان وتوویانە و ئاوازی کێیە؟**

بەشێکی بەداخەوە من بەجێی دەهێڵم بۆ رەخەگر و مێژوونووس و هونەری کوردی کە نیمانە، لە بنەڕەتدا کۆی ئەم گفتوگۆیە ئیشەڵا کە بڵاو بووەوە، کە من خەریکی مێژووی هونەری کوردی نیم، بەداخەوە لە غیابی مێژوونووسی هونەری کوردیدا دەبێت من ئەم قسانە بکەم، واتە هونەرمەندی کورد کەی توانییان بێن قسە لەسەر مۆسیقا بکەن وەک ئەوەی کە هەیە، ئەوە نەکراوە، لەبەر ئەوە من بڕوام وایە ئەوانە کۆمەڵێک ئاوازی دزراون دووبارە حەسەن

زیرەک دەیانهێنێتەوە، ئەگەر گۆرانی ئاوازی میللەتێکی تریش بڵێ کە من پێم ئاساییە، چونکە هونەر زۆر گەردوونییە، چونکە من دەتوانم بە گۆرانییەکی ئینگلیزی مەست ببم وەک چۆن بە گۆرانییەکی فارسی سەما دەکەم، وەک چۆن بە گۆرانییەکی عەرەبی مەست مەست دەبم. پێموایە هونەر، جوانیی سنوورێک نابینێت کۆی سنوورەکان تێدەپەڕێنێت، بەتایبەتی هونەری گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا، ئەمە گرنگە، تۆ دەتوانیت گوێ لە مۆسیقایەکی ئەمریکای لاتین بگریت، بەبێ ئەوەی هیچ زمانێکی دنیا بزانیت و لەزەتیشی لێ وەربگریت، ئەگەر حەسەن زیرەک ئەوەش بکات، یان کردبێتیشی، پێموایە دووبارە دەیخاتەوە ژێر دەسەڵاتی ئەم قوڕگە نەمر و ترسناکەی خۆی کە تۆ بۆت ناناسرێتەوە لەکوێوە هێناویەتی، لە راستیدا ئەمەش ئەزموونی قوڕگی حەسەن زیرەکە قودرەتی قوڕگی ئەم پیاوەیە کە هەرچی بڵێت وەکو دەنگی ئەو پیاوە لێی وەر دەگریت.

**حەسەن زیرەک چۆن گۆرانی تکمیلە کردووە، زۆرجار هەندێ وشەی بەکاهێناوە وەک (دینێ مەڕۆ دینێ)دینێ ئەوەندەی بۆ تکمیلەی گۆرانییەکەیە ئەوەندەی بۆ جوانکاری و شیرین کاری گۆرانییەکەیە شتێکی دیکە نییە، ئەم هەموو سەلیقە جوانەی حەسەن زیرەک بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

نەک هەر لە دێڕێکی وادا، حەسەن زیرەک لە کوێ ئەو سەفەرە دوورودرێژانەیدا، واتە ئەم پیاوە بە ئەندازەیەک مسافرێکی جاویدە، مسافرێکی پڕ لە شێتییە، شێتییەکی جوان، ئەمڕۆ لە تاران سبەینێ لە دێییەکە لە شارباژێڕ، دووسبەی لە کەرکوکە سێ سبەی وا لە بەسرە چوار سبەی خۆی دەکاتەوە بە کرماشاندا، کۆی ئەم ژینگە جیاوازانە بۆ حەسەن زیرەک وا دەکات تکمیلەی هەموو نەشازییەک لە مۆسیقا و لە ژینگەی دانیشتنەکاندا کە حەسەن زیرەک دانیشتووە، حەسەن زیرەک لەڕێی قوڕگەوە ئەمانە راست دەکاتەوە، پانتاییەکی فراوان هەیە لە قوڕگیدا، ئەم پانتاییە وشەی پێ راست دەکاتەوە، ئاوازی پێ راست دەکاتەوە لەناو مۆسیقایا زۆر جار ئاوت دەکات، باشە ئەم ئاوتکردنە لەڕێی قوڕگەوە دێتەوە زۆر فراوانە، بەشی دەکات، واتە پانتایی قوڕگی ئەم پیاوە ئەوەندە فراوانە بەشی ئاوتکردن دەکات، بەشی بەجێمان دەکات، بەشی زۆر رۆیشتن دەکات. کەواتە ئەم پیاوە دەنگێکە دەتوانێت نووقسانییەکان هەمووی لە رێگای خۆیەوە پڕبکاتەوە، کە ئەمە بۆ گۆرانیبێژی تر هەست دەکەم زۆر کەمە و زۆر زەحمەتە، یان من نەم بینیوە، بۆ نموونە لە گۆرانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانیدا، لە داخلبووندا هەستم بە ناشاز کردووە، زوو ئەمەی بۆ راست

نابێتەوە، حەسەن زیرەک زوو ئەمە ڕاست دەکاتەوە، زوو لە ڕێی قوڕگەوە فریای ئەمانە دەکەوێت، هێندە نەمریی لە قوڕگی حەسەن زیرەکدا فریای هەموو ئەو کەلێنانە دەکەوێت کە لەناو مۆسیقا و ستۆدیۆ و دەنگ و هەموو ئەو شتانەدا دروست دەبێت لە ڕێی قوڕگییەوە دەتوانێت پڕی بکاتەوە و بینیومانە لە دەیان گۆرانیدا.

**ئایا پێتوانییە غەدرێکی زۆر لە حەسەن زیرەک کراوە بە ناوی فۆلکلۆرەوە؟**

نازانم لە پرسیارەکانی پێشوودا وەڵامم دابێتەوە، یان نا، بەڵام دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە سروشت بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە دەنگی ئەم پیاوەدایە، لە قوڕگی ئەم پیاوەدا ئامادەبێت، کەواتە زۆرجار بە ناوی فۆلکلۆرەوە شت دەوترێت و فۆلکلۆر نییە، فۆلکلۆری کوردی ڕیتمێکی تیادایە ئەم ڕیتمە ڕیتمێکی شادی هێنەرە، ڕیتمێکە مۆسیقاکەی چەپڵەیە، واتە زۆربەی زۆری ئاوازە فۆلکلۆرییەکانی ئێمە ڕیتمێکی تیایە، ئەم ڕیتمە مۆسیقاکەی چەپڵەیە، بەڵام ئێمە گۆرانیمان هەیە حەسەن زیرەک دەیڵێت کۆمەڵێک تەحویلاتی تیایە، کۆمەڵێک بەرزونزمی تیادایە، دەڵێن فۆلکلۆرە، ئاوازی فۆلکلۆری کوردی زیاتر بە هێڵێکی ئاسۆییدا دەڕوات، ئاوازەکە دادەنرێت، هەم هێڵی ستوونیی هەیە و دابەزین و ئاسۆیی و ڕۆچوون و بەرزبوونەوە و کۆمەڵێک تحویلاتی تیایە و بە کۆمەڵێک پەیژەی مۆسیقی جیاواز ئەمانە دەکرێت. ئاوازی فۆلکلۆری کوردی ئاوازێکی ئاسۆییە، ئاوازدانان جوڵەی زۆری تیایە، دابەزین و نزمبوونەوەی زۆر تیادایە، من گۆرانی حەسەن زیرەک دەبینم یەک کۆمەڵ تحویلاتی زۆر زۆر ئاڵوگۆڕی سەیری تیادایە، کەچی دەڵێن فۆلکلۆرە، لە ڕاستیدا ئەوە ئەو غەدرە زۆرەیە کە بەبڕوای من لە حەسەن زیرەک دەکرێت، من دەزانم فۆلکلۆری کوردی چەند دەوڵەمەندە و گرنگە، دەزانم فۆلکلۆری کوردی زۆری ماوە کە هونەری کوردی بتوانێت سوودی لێ ببینێت، کە نەیانتوانیوە تا ئێستا، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ناحەقییەکی زۆر هەیە بەرامبەر بە زۆر ئاوازی حەسەن زیرەک کە پێی دەوترێت ئاوازی فۆلکلۆرە، زۆر نموونە هەن، بەڵکو نامەوێت باسیان بکەم، چونکە من گۆرانیبێژ نیم، تاکو پێت بڵێم کاکە ئابەم شێوەیەیە، بەڵام دەتوانیت بمێنیتەوە ناو کۆی بەرهەمەکانی حەسەن زیرەک، نەک ئەوەی بۆی دەکرێت بە بۆکسێک، لە کوێ گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا ئەوە هەست پێ بکەیت کە زۆرشت کراوە بە ناوی فۆلکلۆرەوە، بەداخەوە فۆلکلۆر نییە من دەزانم فۆلکلۆر شتی جوانتر و باشتری تیایە، بەڵام زۆر شت غەدرە، واتە وا نییە، وەک وتم فۆلکلۆر ئاسۆییەکی

تیایە، ئاواز دانان کۆمەڵێک تحویلات و ئاڵوگۆڕی هەیە، لەناو ئاوازدا کە دەبێت بکرێت لەناو زۆر لەو گۆرانییانەی حەسەن زیرەکدا هەیە کە وتراوە فۆلکلۆرە، کە لە راستیدا وانییە.

**وەنەوشەم دەچنی پەنجەم دای لەگوڵ**

**شەوگارم شەق کرد نەگەیم بە دڵ**

**ئەگەر ئێمە ئاگامان لەم بەیتە نەبێت رەنگە بڵێین ئەمە فۆلکلۆرە، یان نەزانراوە هی کێیە، ئەمە هی حەسەن زیرەکە، ئایا پێتوانییە حەسەن زیرەک لەمە زیاتری هەبێت و وتبێتی و ئێمە بێئاگابین لێی؟**

لە راستیدا کێشەکە ئەوەیە کە وەک بەیت و نووسین و شیعرەکەی دووبارە لە کەوانەدا (مەسەلەی شیعر شتێکی ترە) وەک شیعرەکەی ئەوەی حەسەن زیرەک ئەمە فۆلکلۆرە وەک شیعر، بەڵام ئەو ئاوازەی من گوێم لێی بووە، ئەمە یەکێکە لەو غەدرانەی کە وتراوە، وەک ئەوەی گوایە ئاوازەکەی فۆلکلۆرە.

**وەک نووسین و وەک شیعر ئەگەر هی حەسەن زیرەک بێت، مەبەستەکەی من لەسەر تێکستە، نەک ئاواز؟**

ئەو بەیتانە، واتە مەسەلەی دەق شتێکی ترە، ئەوانە فۆلکلۆرن منیش لەسەدا سەد قەناعەتم وایە، وەک دەق حەسەن زیرەک پڕاوپڕ هەموو قاچی لەناو فۆلکلۆری کوردیدایە وەک دەقاودەقی کوردی ناو فۆلکلۆر شتی زۆر جوانی تیایە، بۆ نموونە ئەوەی جەنابت باست کرد.

وەنەوشەم دەچنی پەنجەم دای لە گوڵ

شەوگارم شەق کرد نەگەیم بە دڵ

نازدارە زۆر نازدارە، ئەوە فۆلکلۆرە، بۆ نموونە: لەبیرت نایە شەوەکەی سەرجێ، فۆلکلۆرە پڕە لە جوانی.



# سەفین ئیسماعیل:
# بەردەوام وەک هاورێیەکی خۆم کامێراکەم لەگەڵ خۆم بۆ ئەو شوێنانە دەبرد کە سەردانم دەکردن

سازدانی: هەنار ئەلسەڕاج

یەکێک لە ڕۆژە خۆشەکانی ئەم بەهارە لە شەقامی مەولەوی خۆم و هاوڕێیەکم پیاسەمان دەکرد، باسمان لەوە دەکرد کە کێ بەباش دەزانین چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز بکەین، بەڕێکەوت (سەفین ئیسماعیل)ی فۆتۆگرافەرمان بینی، پێم وت:

**ئایا دەکرێت چاوپێکەوتنێک ساز بکەین؟**

فەرموو بە خۆشحاڵییەوە، من زۆر خۆشحاڵم بەوەی دوای ساڵانێکی زۆر لە کارکردنم لە بواری هونەر و ڕاگەیاندن، ئێستا ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵ دەکرێت.

**قەڵەمەکەم بەدەستەوە بوو ناو و ساڵی لەدایکبوونم لێپرسی؟**

من سەفین ئیسماعیل عەبدولڕەحمان، لەدایکبووی ١٩٨٣ی شاری سلێمانیم، تا ٣ی ناوەندییم خوێندووە، لە ساڵی کۆتایی نەوەدەکانەوە لە بواری هونەری ڕاگەیاندندا کارم کردووە، یەکەم دەرگاش کە بۆ من کرایەوە و خۆم تێدا دۆزییەوە (سەنتەری چالاکی گەنجان) بوو. ئێستا ئەندامی کارای سەندیکای کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی

کوردستان و ئەندامی تیپی هاوڕێیانی گەزیزەم، خاوەنی چەندین ڕێزلێنان و خەڵاتم لە بواری هونەری فۆتۆگرافیدا.

**لە چ کاتێکدا هەستت کرد (سەفین ئیسماعیل) دەبێت بە فۆتۆگرافەر؟**

لە کۆنەوە خەونم هەبوو بۆ فۆتۆگرافەریی و کامێرامانی و چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو بووم.

من لەدوای خەوبینینێکی زۆر بۆ کاری راگەیاندن و بەرلەوەی ببم بە فۆتۆگرافەر دەرگاری بەختم بەڕووی هونەری شانۆدا کرایەوە، هەریەک لە مامۆستاکانم (ئاسۆ ئەکرەم، مامۆستا سەربەست، کاک دیاری) بە یەکەم پاڵپشت دەزانم بۆ دەستپێکردن و بەردەوامیی خۆم، لێرەوە چەندین رۆژنامە و گۆڤارم ناسی، پەیوەندی و کارکردنم دەستی پێ کرد، هەمیشەیش لە ماڵەوە کامێرای کۆنی فیلمم هەبوو، بەردەوام وەک هاوڕێیەکی خۆم کامێراکەم لەگەڵ خۆم بۆ ئەو شوێنانە دەبرد کە سەردانم دەکردن.

**وەک ئاماژەت بۆ کرد، لە زووەوە خەونی فۆتۆگرافەرییت هەبووە، ئایا رێگر چی بوو لەوەی زوو دەست بە کاری فۆتۆگرافەریی بکەیت؟**

ئەو کاتەی کە من حەز و خولیام هەبوو بۆ هونەری فۆتۆگرافی و کاری راگەیاندن کاتێکی زۆر خراپ بوو لەڕووی ئابوورییەوە، لەرێگەی خێزانەکەمەوە زۆرکات رێگەم لێ دەگیرا، پێیان دەوتم بۆ چی کاسبی ناکەیت؟ یان خزم و کەسوکار دەیانوت: خەریکی چیت و دوای چی کەوتوویت.

**ئەگەر بکرێت بە کورتی شتێکمان لەسەر کارەکانی خۆت پێ بڵێیت؟**

وەک هونەری فۆتۆگرافی، من لە ساڵی (٢٠٠٣) بە تەواوی دەستم بە کاری هونەری فۆتۆگرافی کردووە، بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان بە دوو جۆر کامێرا کارم کردووە، (کامێرای فیلم، کامێرای دیجیتاڵ) لە جۆرەکانی (نیکۆن و کانوون)، تائێستا خاوەنی (٦) پێشانگای تایبەتم، لە زیاتر لە (٢٠) پێشانگای هاوبەشیشدا بەشداریم کردووە.

**ئێستا سەفین ئیسماعیل سەرقاڵی چ پرۆژەیەکە؟**

ئێستا لە خۆکۆکردنەوەدام بۆ کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت بۆ سەرجەم کارەکانم، پێمخۆشە کارەکانم وەک ئەرشیفێک بمێننەوە.

**زیاتر خۆت بە ڕۆژنامەوان دەزانیت، یان بە فۆتۆگرافەر؟**

دەتوانم بڵێم خۆم لە هەردووکیاندا دەبینمەوە، وەک کاری ڕۆژنامەوانی لە ساڵی (٢٠٠٣)وە دەستم پێکردووە و ڕۆژنامەی پێگە بە (دایکی یەکەمم دادەنێم لە ڕۆژنامەوانیدا)، وەک فۆتۆگرافەریش پێشتر ئاماژەم بە کارەکانم کرد. لە ئێستایشدا هەم وەک فۆتۆگرافەر و هەم وەک ڕۆژنامەنووس بۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت کار دەکەم.

**بەبڕوای تۆ جیاوازی لەنێوان فۆتۆگرافەر و خەڵکی ئاساییدا چییە؟**

بە بڕوای من، هونەری فۆتۆگرافی هونەرێکە هەموو کەس دەیبینێت و حەزی پێدەکات، بەڵام چاوی فۆتۆگرافەر شتەکان لە گۆشەیەکەوە دەبینێت کە مەرج نییە خەڵکی ئاسایی لەو گۆشەیەوە بیبینێت.

**(سەفین ئیسماعیل) زیاتر لە وێنە ڕەش و سپییەکانەوە نزیکە، یان وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان؟**

وەک حەز، من حەزم زۆرە بۆ وێنەی ڕەش و سپی، وێنە ڕەش و سپییەکان هەستێکی تایبەت و تامێکی جیاوازم پێ دەبەخشن، بەڵام زۆربەی کارەکانم ڕەنگاوڕەنگن.

**وەک فۆتۆگرافەرێک خەونی گەورەت چییە؟**

خەونی گەورەم ئەوەیە بتوانم درێژە بە خوێندن بدەم و فۆتۆگرافی بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنم و ڕۆژێک بێت کتێبخانەی کوردی ببینم پڕ بێت لە سەرچاوەی باش و دانسقە لەسەر هونەری فۆتۆگرافی.



# ئەمێ رۆژانی خۆش ببینین

## کۆکردنەوەی وێنە دژەکانی یەک رۆژی ئیستانبوڵ




**سیروان رەحیم**

ناوی فیلم: ئەمێ رۆژانی خۆش ببینین*
سیناریۆ: ئەمرە کاڤک
دەرهێنان: حەسەن تۆڵگا پوڵات
بەرهەمێنەر: حەسەن تۆڵگا پوڵات/ ئەمرە کاڤک
جۆری فیلم: دراما
کامێرا: ئۆندەر شەنگوڵ
موزیک: تۆیگار ئیشیکلی
مۆنتاژ: قەلەندەر حەسەن
شوێنی وێنەگرتن: ئیستانبوڵ (٢٠١١)
١١٢ خولەک، ٣٥ ملم، رەنگاورەنگ
زمان: تورکی و روسی

جومالی، عەلی، فیگەن، عیزەت و ئانا، پێنج کاراکتەری سەرنجڕاکێشن و لە یەک فیلمدا کۆکراونەتەوە. هەر پێنجیان بێ ئەوەی بە یەکتر بزانن کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بەسەر ژیانی یەکترەوە هەیە. هەندێ لەو کەسانە بێ ئەوەی یەکتر بناسن، کار لە چارەنووسی یەکتر دەکەن.

جومالی تەمەنی هەژدە ساڵان دەبێت لە سۆنگەی کوشتنی خوشکی خۆیەوە دەکەوێتە زیندانەوە. بۆ سڕینەوە پەڵەی عار بەسەر شەرەفی خێڵەوە ئەو تاوانە بە جومالی هەژدە ساڵان جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئەو لە زینداندا بەردەوام لە پەشیمانییەکی کوشندەدا دەژی. چواردە ساڵە لەو سۆنگەیەدا سزای بۆ دێتە بڕینەوە. جومالی بەر لە دوو ساڵ لە تەواوبوونی سزاکەی، واتە پاش دوازدە ساڵ ئازاد دەکرێت و دێتە دەرێ. لە زیندادا بەردەوام لەگەڵ کچە هاوڕێیەکی سەردەمی منداڵیی نامەی گۆڕیوەتەوە. ئەو کچە کە ئێستا ناوی خۆی ناوە فیگەن، لە بنەڕەتدا ناوی مەدیحەیە و جومالی عاشقی بووە.

عەلی بۆکسەوان "بۆکسەر"ە و لە سۆنگەی ئەوەدا ئەو کارەی لە دەرەوەی یاسای گەمەکە و لە شەقامەکان پیادەکردووە، مۆڵەتی بۆکسەوانی لێوەرگیراوەتەوە. ڕاهێنەرەکەیشی کە باوکێتی بەو هۆیەوە قینی لێهەڵگرتووە و دەریکردووە. لە شوێنی چاککردنی ماشین کار دەکات. عاشقی فیگەن-ە و دەیەوێت پێکەوە بەرەو دەرەوەی تورکیا هەڵبێن و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەن، بەڵام ڕۆژێک بەر لە دەرچوونیان، ئەو قاچاخچییەی بەنیازن بیانبات، هەواڵی ئەوەی پێدەدا "نرخی سەفەری نایاسایی، واتە بە قاچاخی ئەوان دوو ئەوەندە بەرز بۆتەوە".

فیگەن (مەدیحە) ژنێکی بە تەمەن لاوی لاقەکراوە. سەربارێ لاقەکردنی، کەسوکاری دەیانەوێت بیکوژن، تا شەرمەزاری خۆیان بسڕنەوە و شتێک لە شەرەفی خۆیان بکڕنەوە، بەڵام ئەو لە گوندەکەی خۆیەوە بەرەو ئیستانبوڵ ڕادەکات. لێرە درێژە بە ژیانێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ دەدات و دەیەوێت بەرەو شوێنێکی نادیار بچێت و ژیانێکی دوور لە مەترسی بژی. فیگەن لەنێو سێ کوچکەی ئەڤینی جومالی، عەلی و عیزەتدا دەخولێتەوە.

عیزەت قومسێرە. بێزارە لە ژن و منداڵەکانی و دەیەوێت لەو ژیانە وەڕسکارە ڕزگاری بێت، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی زۆر نا ڕەوا دەنێت و پۆستەکەی بە شێوەیەکی خراپ بەکار دەهێنێت. لە کاتی پرۆسەی لاقەکردن و هەڵاتنی فیگەندا ئەم هاریکاری دەکات و پاشان عاشقی دەبێت، بەڵام فیگەن لەو بوارەدا وەڵامدەری ئەو نییە.

ئانا ژنێکی شۆخ و کەم تەمەن، لە ڕوسیاوە بێکاریی بەرەو ئیستانبوڵی

هێناوە. هاتنی بە ئامانجی پەیداکردنی کار بووە، کەچی لەو شارە خۆی لە بازاڕی لەشفرۆشیدا دەبینێتەوە. ژیانێکی پڕ مەترسی دەژی. تا ڕۆژێک وەستاکەی کە خەریکی هەموو شتێکی خراپە منداڵێکی ڕەشپێستی دەداتە دەست و پێی دەڵێت با ئەم منداڵەت لە لا بێت و کەی ویستم دەیهێنیت بۆ ئەو جێگەیەی خۆم پێت دەڵێم. منداڵێک بە درێژایی فیلمەکە هیچی لێ نابیستین، بەڵام ڕۆڵێکی لە ڕادەبەدەر جوان و دڵگری بەرجەستە کردووە.

لە ڕۆژگاری شاری ئیستانبوڵی جەنجاڵ و تێکچڕژاودا، دەرهێنەر و سیناریست بە شێوەیەکی زۆر هاوئاهەنگانە ژیان و ڕەوشی ئەو کاراکتەرانە دێنن و دەبن. ئەوان بەردەوام بە تەنیشتی یەکترەوە و هەموو هەنگاوێکیان کار لەوی تر دەکات، بەڵام ئەوە هەر ئێمەی بینەرین دەیبینین و ئەوان خۆیان بێ ئاگان لە یەکتر.

لەنێو هەموو ئەو کاراکتەرانەدا، کە هەر هەموویان دەیانەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە ژیانی خۆیان هەڵبێن و ژیانێکی نوێ دەست پێبکەن، تەنها ئانا و منداڵە نەناسراوەکە ئەو هەلەیان بۆ دەرخسێت خۆیان ڕزگار بکەن. ئەوان ڕووبەڕووی مردنی ڕاستەقینە وەستاون. ئانا بە زۆر کراوە بە لەشفرۆش و لەنێو دەستی ئاسنینی کۆمەڵێک مافیای ئەو بازاڕەدایە. منداڵەکەیش ڕفێندراوە تا ئەندامەکانی لەشی بفرۆشن، بەڵام کاتێک ئانا بەو دەسیسەیە دەزانێت، دەسبەرداری ئەو کوڕە نابێت و بەو پارەیەی لە کارەکەی خۆیدا کۆیکردۆتەوە، دەیەوێت ئەو کوڕە بە قاچاخ بنێرێتە دەرەوە و لە چنگی ئەو جانەوەرانەی دەربهێنێت، بەڵام ئەو شەوەی بڕیارە کەشتی قاچاخ بکەوێتە ڕێ، عەلی لە سۆنگەی نەهاتنی فیگەنەوە لە چوونی پەشیمان دەبێتەوە. قاچاخچی پێی دەڵێت:

سەربار‌ی سەفەر نەکردنیشت، ناتوانیت پارەکەت وەربگریتەوە.

عەلی دەڵێت:

پارەکەم ناوێت، لەبری من ئەو ژنە (ئاماژە بە ئانا دەکات) ببەن.

ئانا کە پارەکەی بەشی خۆی و منداڵەکەی پێکەوە نەکرد، لەو ڕێکەوتەدا دەتوانێت خۆیشی لەگەڵ منداڵەکە سواری کەشتی قاچاخ ببێت و ڕزگاریان بێت. دیارە منداڵەکەیش نایەوێت دەستبەرداری ئانا ببێت. ناوی فیلمەکەیش هەر ئاماژەیە بە ڕزگاربوونی ئەو دوو مرۆڤە. دوو مرۆڤ لەنێو هەموو کاراکتەرەکانی تردا غەریبـی ئەو شارەن، شارێکی بێ بەزەیی و پڕ لە کەسانی بەدکار، ئەو دوو مرۆڤە یەکێکیان ڕوسە و منداڵەکەیش ڕەشپێستە.

دەرهێنەر و سیناریست توانیویانە بە شێوەیەکی نایاب کار لە دیمەنەکانی کامێرا و مۆنتاژدا بکەن و پێکەوە یەکەیەکی شایستەی و دانەبڕاوی لێ بەرهەم

بهێنن. کاری کامێرا و مۆنتاژ لە فیلمی ئەمێ رۆژانی خۆش ببینین کاری دەستڕەنگینانەن. بێگومان زۆربەی دیمەنەکان، بەتایبەتی سیمای کاراکتەرەکان بەجۆرێک وێنەگیراون تا بینەر بتوانێت هەموو برکوژانی ئەو ژیانە نادڵنیا و پڕ لە مەترسییەی ئیستانبوڵ بەرجەستە بکەن. ژیانی کۆمەڵێ کاراکتەر لە شارێکدا کە پۆلیس و قاچاخچی هاوکار و هاوڕێی نزیکی یەکترن و بەرژەوەندی هەردوولایان بە شێوەیەکی ریشەیی پێکەوە گرێدراوە.

دیارە نمونەی ئەم جۆرە فیلمە لە کاری سینەماییدا زۆرن، دیارترینیان فیلمی بابل-ە لە دەرهێنانی دەرهێنەری مەکسیکی "ئالێژاندرۆ گۆنزالێز ئیناریتو" کە ساڵی ٢٠٠٠ بەرهەمی هێناوە. فیلمی ناوبراویش کارێکی چڕە کە لەسەر کۆمەڵێ کاراکتەر و رووداوی پێکەوە پەیوەستە سازکراوە، بەڵام کارکردن لەسەر کاراکتەر و رووداوی پێکەوە پەیوەستە لە فیلمی ئەمێ رۆژانی خۆش ببینین چڕترە لە فیلمی بابل.

* ئەم، واتە ئێمە. ئەمێ-ئەم دێ. دێ لە زارەوەی کرمانجی خوارووداا (سۆرانی) نییە، لە کرمانجیدا هەیە. دێ بە واتای (س، سوف)ی عەرەبی دێت. ئەم فۆرمە لە زمانی تورکیشیدا هەیە و بۆیە وەهام کردووە بە کوردی.



# ئۆپێرا
# (Opera)



**ئامادەکردنی: فەرمان عەلی نوری**

هونەر
ژمارە ٨٨ مایوی ٢٠١٣

ئەگەر سەرنجێک بدەینە مێژووی پەرەسەندن و گەشەکردنی هونەرە جۆراوجۆرەکان بۆمان دەردەکەوێت کە هونەری ئۆپێرا (Opera) تایبەتە بە سەردەمی نوێ بە بەراووردکردنی لەگەڵ مێژووی هونەرەکانی تردا، دەبینین کەخاوەنی مێژوویەکی کورتە.

لەسەردەمی کۆندا لەکاتێکدا (ئەدەب و هونەری شێوەکاری، بەتایبەتی هونەری داتاشین و هونەری بیناسازی) گەلێک دەستکەوت و پەرەسەندنی گەورەیان بەخۆوە بینیوە، کە ئەو سەردەمانە هیچ شتێکیان دەربارەی هونەری ئۆپێرا (Opera) نەزانیوە. هەروەک دەزانین کە هونەری موزیک وەک هونەرەکانی تر گەلێک پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە و بایەخێکی زۆری پێدراوە لەسەردەمی شارستانییەتی ئەسیناو رۆمای کۆندا، هەروەها لەسەردەمی شارستانییەتی دۆڵی (میزۆپۆتامیا و میسر و هیند و چین)دا هونەری موزیک گرنگییەکی زۆری

پێدراوە و ڕۆڵێکی دیار و ئاشکرای بینیوە لەژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمانەدا، گریکییەکان کۆرسیان لەسەر شانۆ بەکارهێناوە و تەنانەت هەندێکجار نواندنە شانۆییەکانیان لەشێوەی گۆرانیدا پێشکەشکردووە و ئامێری موزیکیان لەگەڵدا بەکارهێناوە، کەواتە شانۆی گریکی ئەو هەنگاو و مەرجە سەرەتاییانەی تێدا هەبووە کە پێویستن بۆ داهێنانی هونەری (موزیکی درامی) تایبەت بە شانۆ بەبێ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی هونەری ئۆپرا لەگەڵ ئاوابوون و دوایی هاتنی رژێمی کۆمەڵایەتیدا، سیفات و نەریت و شێوەکانی هونەری ئەو سەردەمانەش کۆتاییان پێهات، سەدەکانی ناوەڕاست بە دابونەریتێکی ئایینی زۆر توندڕەوەوە پێپەند بوون، کە ئەمەش بووبووە هۆی دەستپێکردنی قۆناغێکی رەش و دژوار لە جیهانی هونەری ئەو سەردەمەدا، بەجۆرێک کە هەموو هونەرە بەرزوو بەنرخەکانی سەردەمی گریکییەکان و رۆمانەکان لەبیرکران و وردەوردە ماڵئاواییان لێکرا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ناو بە ناو نمایشی شانۆییان پێشکەش دەکرد بە هاوکاری گۆرانی و موزیک، بەتایبەتی ئەو دەقە شانۆییانەی کە لەلایەن کەنیسەوە دیاری دەکران و یارمەتی دەدران، مەبەستی کەنیسەش لەمەدا زیاتر سەپاندن و سەقامگیرکردنی دەستەڵاتی خۆی بوو بەسەر رژێمی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەدا، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایەی لەلایەن کەنیسەوە دەدرا، نمایشە شانۆییەکان بە پێچەوانەی ئارەزووی کەنیسەوە زیاتر خۆیان لە مۆرک و شێوازی میللییانەدا دەنواند و نزیک دەکردەوە، بەشێوەیەک کە پیاوانی کەنیسە تەنیا کۆمەڵێک نەبوون کە نمایشی شانۆییان پێشکەش دەکرد، بەڵکو کەسانی تریش هەبوون لە ناو چینوتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵدا کە بەشدارییان لە کاری شانۆیدا دەکرد، بەم جۆرە شانۆ لە کەنیسەوە بۆ ناو گۆڕەپانە میللییەکانیش گوێزرایەوە، ئەمەش بەتایبەتی لە کاتی جەژنەکان و لە کاتی داهاتنی وەرزی بازرگانی ساڵانەدا بە جۆرێک کە (موزیکە کەنیسەییەکان و تەراتیللە ئاینییەکان) کە لەلایەن پاپاوە دیاریکرابوون رەتدەکرانەوە و دەگۆڕدران بە (موزیک و گۆرانی میللی)، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم نمایشە شانۆییە ئاڵۆزانە نوێنەرایەتی شانۆیەکی موزیکییان نەدەکرد و لەبری ئەوەی ئەم نمایشە شانۆییانە خۆیان بە پێشکەشکردنی ئەو دیمەن و مەسەلانەوە خەریک بکەن کە لەجەرگەی ژیانیانەوە هەڵقوڵاوە، بەتەنیا هەموو مەبەستی کارە شانۆییەکانیان لە سنوری ئامۆژگارییە رەوشتی و ئاینییەکان تێپەڕ نەدەکرد، هەروەها نەبوونی کەسانی دیاریکراو و نەبوونی بابەتی روون و ئاشکرا کە لەژیانی رۆژانەیانەوە وەرگیرابێت بە یەکێک لە کەموکورییەکانی دادەنرێت. موزیک بەشێک نەبوو شانبەشانی

وشە لە دەربڕینی چۆنییەتی و گەیاندنی یەک لە دواییەکی ڕووداوەکان لە کاتی نواندنی شانۆیدا، بەڵکوو ڕۆڵێکی لاوەکی پێسپێردرابوو، ئەویش بە مەبەستی دروستکردنی جۆرێک لە پێکەوەبەستن بوو لەنێوان بینەر و شانۆدا، بەکارهێنانی بابەتە دنیاییەکان لەو نمایشە شانۆییە میللییە ئالۆزانەدا تارادەیەک بووە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەم جمووجۆڵە شانۆییانە، هەروەها موزیک و هەموو جۆرە هونەرەکانی تریش مۆرک و سیمایەکی دنیاییان بەخۆوە گرتبو و ئەرکێکی گەورەیان لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم گۆڕانەدا لە ئەستۆ گرتبوو، دەتوانین ئەم گۆڕانانە لە نمایشە شانۆییەکانی ئەو کاتەی ئەڵمانەکان و ئیتاڵییەکاندا بەباشی بەدی بکەین، لە کاتێکدا کە بەزمی (موزیکی میللی و بە کەیف) شانبەشانی نمایشە شانۆییە کۆمیدییەکان لە ئاهەنگەکاندا پێشکەش دەکران، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم موزیکە دوونیاییانە وەک سەرەتایەک بوون بۆ مەبەستی چێژوەرگرتن لە ژیان چینی ئەرستۆکراتیش بەرامبەر ئەو هونەرە میللییە کە هاتبووە گۆڕێ دەستیکرد بە پەرەدان، بەجۆرێک لە نمایشی موزیکی کە لە ئاهەنگەکاندا پێشکەش دەکران و مەبەست لەم کارە ڕازاندنەوەی ئەو ئاهەنگانە بوو کە لە بۆنە دیار و جیاوازەکاندا کەسەکانی ئەم چینە سازیان دەکرد، هەرچەندە ڕواڵەت و سیفەتەکانی ئاهەنگە ئورستۆکراتییەکان کە بە یارمەتی موزیک و گۆرانی سازدەکران پەیوەندییان بە ئۆپێرا (Opera) وە نەبوو، بەڵام دەتوانین سیما و سیفاتە سەرەتاییەکانی هونەری (ئۆپرا) یان تێدا بەرجەستە بکەین .

دروستبوونی ئۆپێرا (Opera) بە یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو گۆڕانانە دادەنرێت کە بەسەر موزیکدا هات، ئەویش بریتی بوو لە (مۆرک و ئەو سیفاتە دنیاییانەی) کە ببووە ڕواڵەتی گرنگی موزیک لە هەموو بوارەکانی (هونەر و ڕۆشنبیری)دا کاری خۆی کردبوو بەجۆرێک کە بەنیشانەی هونەری نوێی ئەو سەردەمە دادەنرا، ئەوەی شایەنی باسە ئەم گۆڕانکارییە لە نیوەی سەدەی پانزەوە دەستیپێکرد و ڕەنگیدایەوە لە هەموو بوارەکانی هونەردا، ئەم گۆڕانکارییە پێویستییەکی سەد لە سەد بوو، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە بناغەیی و فراوانەی کە بەسەر مەیدانی ئابووری و سیاسی و ئایدۆلۆژی گەلانی خۆرئاوای ئەورووپادا هاتبوون، ئەنجامی ئەمەش بریتی بوو لە کۆتایی هاتنی لەسەر خۆی سەردەمەکانی ناوەڕاست کە بەسەردەمی تاریکی و نەزانی و زۆرداری ناسراوە .

سەرهەڵدانی سەردەمێکی (نوێ) کە بەسەردەمی (بوژاندنەوە) ناسراوە، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی قۆناغی بۆرژوازی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا،

لەو سەردەمەدا هونەری ئۆپێرا (Opera) لە ئیتالیادا لەدایکبوو، سەرهەڵدانی ئەم هونەرە نوێیە هەر لەسەرەتاوە بوو بەهۆی زیندووکردنەوە و بە بیرهێنانەوەی ئەو هەموو بەرهەمە زۆر و مەزنانەی کە کەلەپوری شارستانییەتی سەردەمە کۆنەکانی پێ دەناسرایەوە، ئەمانە هەموو وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی لە بابەت و بەکارهێنانی ئۆپرایەکاندا سوودیان لێوەردەگیرا.

لە کۆتایی سەدەی شازدەیەمدا جۆرە هونەرێکی نوێ لەدایکبوو کە ناوی ئۆپێرا (Opera)ی لێنرا، جۆر و سیفاتی ئەم هونەرە بریتی بوو لەو پەیوەندی و پێپەندبوونە پتەو و بەهێزەی کە لەنێوان بابەتە پێکهێنەرەکانی (موزیک و نواندنی درامی و شێواز و چۆنییەتی پیشاندان و ڕێکخستنی شانۆ و رووناکی) بوو.

ئەگەر چاوێک بگێڕین بە چۆنییەتی ئەو پەرەسەندنەی تایبەتە بە هەریەکە لە ناوەڕۆکی درامی و پێکهاتنی شێوازی هونەری ئۆپێرا (Opera) وە هەروەک لەنواندنی گۆرانی ئامێز و لە (ئۆپرای بوفا)، یان (ئۆپرای گەمە) و لە (ئۆپرای جیددی) و لەگەڵ (ئۆپێرای گاڵتەجاڕی)دا بۆمان دەردەکەوێت کە لایەنە ئیستاتیکییەکەی هونەری ئۆپێرا (Opera) لەو گونجاندنە گەورەیەدا خۆی دەنوێنێت، کە لە درکپێکردنە دەروونییەکاندا هەیە، کە ئەمەش تایبەتمەندێتی دەبەخشێتە کارتێکردنی هونەری لە ئۆپێرا (Opera) دا.

هۆی ئەو سیفاتە هەمەلایەنانەی کە لە ئۆپێرا (Opera)دا هەیە، ناتوانرێت شێوە و پێکهاتنی جوانی ئەم هونەرە بناسرێتەوە و دەستنیشان بکرێت، تەنیا لەوکاتەدا نەبێت کە لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت.



لەساڵی (١٥٩٧)ز شاری فلۆڕەنسا لە کۆشکی شازادە (باردی) کە بەسەلیقە و چێژی هونەری بەرزییەوە ناسرابوو، یەکەمین کاری ئۆپێرا (Opera) پێشکەشکرا ، ئەم ئۆپێرا (Opera) یە لە ئەفسانەیەکی میللی گریکییەوە بە ناوی (دافنی)یەوە وەرگیرابوو (چاکۆپۆ پیری) ئاوازی بۆ داناوە (ئۆتافیۆ رینۆکشینی) هۆنراوەکەی نووسییەوە .

لەساڵی (١٦٠٠) ز دووەم ئۆپێرا (Opera) پێشکەشکرا کە دەقی ئەمەشیان هەر لە ئەفسانەیەکی گریکییەوە وەرگیرابوو بەناوی (ئۆپریدیسیا)وە، دەقی هۆنراوەکەش هەر لەلایەن (ئۆتافیۆ رینۆکشینی)و نوسرابۆوە و لەلایەن (چاکۆپۆ پیری و لیۆسینی)یەوە بە هاوکاری ئاوازەکەیان بۆ داناوە، بابەتی رووداوەکەی داستانە بەناوبانگەکەی (ئورفیوس و ئۆپریدیسا)یە، کە هەتا ئێستا توانیویەتی بە بەردەوامی زیندوویەتی و جوانی خۆی بپارێزێت.

لە پاشاندا (کلاودیۆ مۆنتی ڤێردی) هەمان ئۆپێرا (Opera)ی لەژێرناوی ئۆپێرا (Opera)ی (ئۆرفیوس)دا پێشکەشکردووە و بۆ جاری سێیەم لەژێر ناوی ئۆپێرای (ئۆرفیوس) و (ئۆپریدیسیا) وە لەلایەن (کریستۆف گلۆک)ەوە پێشکەشکرا.

ئەو نمایشە (ئۆپراییانەی) کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە، هەموو بۆ مەبەستی جۆرێک لە یاری و رابواردنبوون و نواندنی هونەری تەنیا بۆ گەورە پیاوان و نوێنەرانی چینی ئەرستۆکراتی دەوڵەتۆچکەکانی شارەکانی ئیتاڵیا تەرخانکرابوون و پێشکەش دەکران، کە ئەمەش گوونجا لەگەڵ شێواز و چۆنییەتی ژیان و بیرکردنەوەی ئەم چینە، لەو کاتەدا ئەو چینەی کە رۆڵێکی گەورە و سەرەکی گێڕا لەپێنا و پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەم هونەرەدا، لە کاتێکدا دنیای ئەو سەردەمەی ئەوان بەرەو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هەنگاوی دەناو پەرەی دەسەند، کە ئەمەش لە دژی بەرژەوەندی چینی دەرەبەگ کاری دەکرد و ململانێیەکی ئابووری توند لە نێوانیاندا دروست بوو بوو، کە ئاکامەکەی کۆتایی هاتنی لەسەرخۆی قۆناغی دەرەبەگایەتی رادەگەیاند، لەو کاتەدا تەنیا چارەیەک لەبەردەم ئەواندا هەڵوێستوەرگرتن و دژایەتی کەنیسە و دەستەڵاتی دەرەبەگایەتی بوو، تابتوانن بەردەوامی رێڕەوی ئەم پەرەسەندن و گۆڕانە بپارێزن، کە هەموو بوار و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی گرتبۆوە، هەر لەبواری بەرهەمهێنانی ماددیەوە هەتا بوارەکانی رامیاری و رۆشنبیری

و هونەری و...هتد. ئەم پەرەسەندنە لەبواری هونەردا زیاتر ئاشکراو دیاربوو، بەتایبەتی لە (ئۆپێرا-Opera)کانی ئەو کاتەدا کە پێشکەش دەکران، پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی کەسانی سەردەمی بووژاندنەوە بووە هۆی داهێنان و پەرەسەندنی چەندان شێوازی موزیکی نوێ لەوکاتەدا.

(موزیکی کەنیسە) بە پێشکەوتووترین جۆری موزیکی سەردەم دادەنرا، بەتایبەتی جۆری (گۆرانی کۆڕاڵی)، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەرئەوەی کە ئاڵۆز بوو، نەیتوانی لەگەڵ خواست و ئارەزووی ئەو سەردەمە نوێیەدا بگونجێت و خەڵکی بە ئاسانی لە دەقەکەی تێ نەگەیشتن، هەر بۆیە باشترین شێوە کە لەگەڵ (ئاوازی درامی)دا بگونجێت بریتی بوو لە (دیالۆگی گۆرانی)، واتە سیناریۆ بەشێوەی گۆرانی دەرببڕدرێت و ئەمە جۆرە پێکهاتنێکی موزیکی باڵا و دیاری تێدا دەردەکەوێت، لە ئاکامدا ئەم شێوازە نوێیە خۆی سەپاند و جێی هەموو شێوازە کۆنەکانی گرتەوە، هەرچەندە لەسەرەتادا چەند ئامێرێکی موزیکی کەمیان لەگەڵ گۆرانییەکاندا بەکاردەهێنا، بەڵام ڕۆڵی خۆی هەر دیار بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە جەماوەر بە ئاسانی بتوانێت لە سیناریۆکە، یان دەقی هۆنراوەکە تێبگات، هەروەها بووە هۆی دیاریکردنی کەسایەتی و دەرکەوتنی مۆرک و سیفاتە جیاکەرەوەکانی هەریەکە لەو کەسانەی کە بەشداری نواندنەکەیان دەکرد.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە موزیک ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەیە لە ئۆپێرا (Opera)دا، بەتایبەتی لە ڕێگەی ئاوازە میللۆدی و هارمۆنییەکان و تەبایی نێوانیانەوە و لە چۆنییەتی دەربڕین و نواندنی دیمەنێکی تایبەتیدا بەهۆی گۆرانی و ئاوازەوە.

ئەمانە هەنگاوە سەرەکییەکانی پەرەسەندن و دروستبوونی ئۆپێرا (Opera) بوون کە پێیان دەوتن (تەرزە وەسف)، ئەو کارە (ئۆپرالییانە)ی کە لەسەرەتاوە پێشکەش دەکرا لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە لەیەکتری جیاواز بوون، بۆیە ناوی جۆراوجۆریان لێدەنرا وەک (میلۆدیا) یان (دیالۆکی موزیک) یان (تراژیدیا) لە موزیک دا.

ئەم ناوانە بەرەبەرە بەپێی نزیکبوونەوەی شێوە و ناوەڕۆکی کارەکان لەیەکتر و هەموویان یەک شێوازی ئۆپێرا (Opera)یان وەردەگرت، لەپاشاندا ئەم هونەرە نوێیە ناونرا ئۆپێرا (Opera). ئۆپێرا (Opera) وەک نواندنێکی شانۆیی رووت مایەوە، کە تەنیا ئاوازێکی موزیکی بۆ ئامادە بکرێت و هیچی تر، بەڵکو سیفات و جیاکەرەوەی تایبەتی خۆی وەرگرت وەک ئەوەی کە موزیک

شانبەشانی تەواوی ڕووداوەکان و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو پەرەسەندنە درامییەی لە خۆدا دەردەبڕی، کە لەسەرتاپای ڕووداوەکانی شانۆیدا پێشکەش دەکران و موزیک بەکەرەستە و بابەتێکی بناغەیی دادەنرا و ڕووداوەکانی بە یەکترەوە پەیوەست دەکرد و یارمەتی بەردەوامبوونی ڕەوتی نواندنەکەی دەدا، و هەروەها سیفات و کەسایەتی هەریەکە لە بەشدارانی بەباشی دیاریی دەکرد و دەردەبڕی، سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پێداهەڵدان و ڕوونکردنەوەی ئەو دیمەنانەی کە دەخرانەڕوو.

(کلاودیۆ مۆنتی ڤێردی) بەیەکێک لە دانەرە مەزنەکانی هونەری ئۆپێرا (Opera) دادەنرێت لە جیهاندا، چونکە جوانی هونەری و زیندوویی و هێزی کارە ئۆپراییەکان هەتا سەردەمی ئەمڕۆمان توانیویانە وەک خۆیان بمێننەوە.

لە بەرهەمە ئۆپێراییەکانی (مۆنتی ڤێردی)دا دەستنیشانکردنێکی موزیکی ورد و زیرەکانە بۆ هەریەکە لە کەسە بەشداربووەکان، تێبینی دەکرێت بەجۆرێک کە توانیویەتی بەهۆی موزیکەوە لایەنە دەروونی و مرۆڤایەتی و هەموو هەڵچوونەکانی ئەو کەسانە زۆر بەچالاکی وێنە بکێشێت و دەربېڕێت.

بیر و هەستی موزیکی ئەم دانەرە بە نایابترین و شاکارترین کارە موزیکییەکانی سەردەمی خۆی ئاو درا، بۆ ئەمەش لەبەرهەمە ئۆپێراییەکانی بەباشی ڕەنگی دابووە و هەر بەوەندەش ڕازی نەبوو، بەڵکو بە بەردەوامی هەوڵی نوێکردنەوەی دەدا و بەدوای توانا و بابەتی نوێدا دەگەڕا، شێواز و مۆرکی دەربڕین لەلایەن (مۆنتی ڤێردییە)وە دۆزرایەوە و یەکەم کەس بوو کە (لەرزینەی جووڵە) تریمۆلۆی لەئامێری ڤایۆلین دا بەکارهێناوە، لە بەناوبانگترین ئۆپێراکانی (مۆنتی ڤێردی) ئۆپێرا (Opera)ی (ئۆرفیۆ)یە کە لەساڵی (١٦٠٧)دا لەشاری (مانتوا) بۆ یەکەمجار پێشکەشکرا، هەروەها ئۆپێرا (Opera)ی (ئاهەنگی ڕێزلێنان) کە لەساڵی (١٦٤٢) لە شاری (ڤینیسیا) بۆ یەکەمجار پێشکەشکرا. (کلاودیۆ مۆنتی ڤێردی) خاوەنی تێڕوانینێکی مرۆڤایەتی ڕاستییە، کە ئەمەش بەچاکی ڕەنگیداوەتەوە لەو هەوڵ و تەقەلایەی کە لەپێناو ڕزگارکردنی شێوازی ژیانی مرۆڤایەتی لە کۆتوپێوەندی کەنیسە و دەرەبەگایەتی دەیدا، هەر بەهۆی ئەو تێڕوانینە تایبەتییەوە بوو کە توانی لەسنووری فۆڕمی بەرهەمە ئۆپرالییەکانی پێش خۆی بچێتە دەرەوە و تازەگەری بەکاربێنێت تیایاندا و پەرەیان پێ بدات، ئەمەش لەخۆیدا بە گۆڕان و قۆناغێکی نوێ دادەنرێت لەمێژووی هونەری (ئۆپێرا) (Opera)دا ئەو ئۆپرایانەی، کە لەدانانی مۆنتی ڤێردی بوو لەگەڵ پێداویستییە ئیستاتیکییەکانی ئەو سەردەمە دەگونجا، کە بەشێک بوون لە کۆمەڵی ئیتاڵیای ئەو سەردەمە، هەرەسهێنان

و هەڵتەکاندنی بنچینەکانی ئەو دیموکراتییەتەی کە لەئاکامی بزووتنەوەکانی سەردەمی ڕاپەڕیندا لەدایکبوو لە دەوڵەتۆچکەکانی شارەکاندا.

هونەری ئۆپێرا(Opera)ش دیسانەوە گەڕایەوە ناو سنوورە تەسکەکەی کە لەوەوپێش تێیدا بوو، بەجۆرێک کە تەنیا بەموڵکی ئۆرستۆکراتییەکان دادەنرا، لەهەمان کاتیشدا نکۆڵی ناکرێت لەوەی کە ئەم چینە دەوڵەمەندە ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە پەرەسەندنی ئۆپێرا (Opera) لە ئیتاڵیادا، هەریەکە لە (ئۆپرا و شانۆ) لە ڕوانگەی دەستەڵاتدار و ناسراوە ئۆرستۆکراتییەکانی شارەکاندا وەک ئامرازێک بوون بۆ نواندنی مۆرک و ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ڕازاوەترین شێوەدا، هەروەها بەیەکێک لەشێوازەکانی گەمە و کەیفی خۆشی و کاتبەسەربردن دادەنران و ئەو کەسەی کە دەوری سەرەکی پێ دەبەخشرا، کەسی یەکەم لە نواندنە ئۆپێرالییەکان دا جەماوەری ناو هۆڵەکەی بەشێوەیەک بەلای خۆیدا ڕادەکێشا کە تەنانەت زیاتر بە چیرۆک و خوودی ئۆپێرا (Opera) کە گرنگی پێدەدرا، ڕواڵەتی دەرەوەی کارە ئۆپێرالییەکان گرنگییەکی تەواوی پێ دەبەخشرا لەهەمان کاتدا ناوەڕۆک و جۆر و چۆنایەتی نواندنەکە بەتەواوی پشتگوێ دەخرا، هەروەها دیکۆر و کەلوپەلی شانۆکە وەک بەشێک لە ڕواڵەتەکانی دەرەوەی ئۆپێرا (Opera) کە دیسانەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرا و خەرجییەکی زۆری بۆ تەرخان دەکرا.

هەر بەم پێیە واز هێنرا لە مەسەلەی چەند لایەنی شێوەکانی (موزیکی درامی) هەروەک لەبەرهەمەکانی (کلاودیۆ مۆنتی ڤێردی)دا دەبینرێت و شێوەیەکی سادە و دیاری تری نوێ، جێگەی شێوە کۆنەکەی گرتەوە لە نواندنەکان دا. بە تەنیا نموونە بەرجەستەکان بە بەردەوامی دووبارە دەبوونەوە، تەنانەت کۆرسیش لەم جۆرە نواندنانەدا ڕۆڵێکی لاوەکی دەدرایە، یان هەر بەکارنەدەهێنرا.

# ماخۆلیای وێنەگری



**نیما پەرژام**

**و. لە فارسییەوە: وەلید عومەر**

(١)

فانتازیای "ئەو رۆژگارەی کە مێژوو بە هێواشی رێی دەکرد"، گەرچی یەکێک لە نموونەکانی کردەی روو لەدوای ئێمەیە بۆ دروستکردنی رابردوو (سەردەمی پێش مۆدێرن)، بەڵام شتێکی گرنگمان دەربارەی ئێستا، واتە دەربارەی خودی مۆدێرنە پێ دەڵێت: مرۆڤی مۆدێرن ئەزموونی ماناداری مێژووی لەدەست داوە. لە لایەکەوە مێژوو وەک نمایشێکی بێمانا بە ریتمێکی توندەوە بەسەر پەردەوە "تەماشا" دەکات، نمایشێک کە خێراییە سەرسامهێنەکەی، سیفەتێکی تارماییانەی پێداوە و لە لایەکی تریشەوە وەخت و ناوەخت بە هەرەسی ئەو مەودایەی کە پێگەی تەماشاکەرێکی بۆ فەراهەم کردووە، خۆی بە هەڵدراوی بۆ ناو ئەم نمایشە بێمانایە دەدۆزێتەوە و بەمشێوەیە، هەمان تارمایی، ژیانی داگیر و سەرەوژێر دەکات. رەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت کە وێناکردنی "ئەو رۆژگارەی کە مێژوو بە هێواشی رێی دەکرد". دەتوانێت هاورێ بێت لەگەڵ حەسرەت و داخ و نۆستالیژیا، یان، ماخۆلیا:

رۆژگارێک کە مێژوو لە ئێستا هێواشتر ڕێی دەکرد، هێندە هێواش کە دەیتوانی باگراوەندێکی تا ڕادەیەک پتەو و بەردەوام بۆ کردار و ئەزموونە فەردی و کۆمەڵاتییەکانی مرۆڤەکان فەراهەم بکات، باگراوەندێک کە لانیکەم تا ئەو ئاستە نەگۆڕ و خۆگرتوو بێت کە شاعیران بە تەختی شانۆی بچوێنن، تەختێک کە گەرچی کتوپڕ دەگۆڕێت، بەڵام هێندە بەردەوامی هەیە، کە بتوانی بەسەریەوە و بێ دڵەڕاوکێ شانۆی ژیان نمایش بکەیت. لە رۆژگارێکی وەهادا مرۆڤەکان دەرفەتێکی زیاتریان هەیە تاکو ئاگاداری ڕووداوەکان بن، کاردانەوەیان هەبێت، تەفسیری بکەن و پێگەی خۆیان لە هەمبەر ئەوانەدا، یان لە هەناوی ئەوانەدا دەستنشان بکەن. رۆژگارێک بەر لە دەستپێکی رۆژگاری ئێمە...، رۆژگارێک بەرلەوەی کە گێژەڵووکەی چڵەوبڕی مۆدێرنە تەختەکە سەرەوژێر بکات...

بەڵام دەرکەوتنی مۆدێرنە کتوپڕ مێژووی گۆڕی بۆ گێژەڵووکەیەکی سەرخۆش و بێ ئۆقرە، گێژەڵووکەیەک کە هەرجارە و تەختەکە وێران دەکات و پارچەکانی پەرشوبڵاو دەکاتەوە، هاوکاتیش هەرجارە و ئەم پارچانە لە تێهەڵکێشی تازەدا کۆ دەکاتەوە و فۆڕمیان پێ دەبەخشێت، هەر وەکو ئەو گێژەڵووکەیەی کە ئۆکتافیۆ پاز باسی دەکات "ئەوەی کە پێی راستی تێک دەشکێنێت، لەژێر پێی چەپیدا چرۆ دەکاتەوە". بەمشێوە لە رۆژگاری مۆدێرندا، مێژوو ئیتر وەکو رەوتێکی ئارام و سەبورانەی ئەستێرەکان ناگوزەرێت، بەڵکو وەکو تۆفانێکی مەست تێپەڕ دەبێت، بایەکی بەپەلە کە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و هەموو کەس و هەموو شت وەکو خۆڵ و تۆزێک لەگەڵ خۆیدا بەملاو و بەولادا رادەکێشێت: پرۆسەی بەردەوامی وێرانکردن و بنیاتنانەوە، ڕووخساری شارەکان بەخێرایی گۆڕانی بەسەردا دێت، شێوەی جلوبەرگەکان بەردەوام دەگۆڕێت، بۆنە و ڕێوڕەسمەکان هەمیشە دەگۆڕێن و وەکو ئەوەی کە مارکس دەیوت: ئەوەی کە رەق و پتەوە، دەبێتە دووکەڵ و بە هەوادا دەڕوات. بەمجۆرەیە کە ئەزموونی مێژوو لە چنگی مرۆڤ هەڵدێت. هەر بە ڕێکەوت ئەمڕۆ بە جۆرێکی پارادۆکسانە، بۆ مرۆڤی دانیشتووی ناو گوندی پەیوەندییەکان کە هەر چرکەیەک دەتوانێت ئاگاداری دوایین ڕووداوەکانی هەر کونجێکی جیهان بێت، ئەزموونی مێژوو زیاد لە هەر رۆژگارێکی تر لاڵ و لێڵ و خەوناوییە: ئەزموونی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رەوتی خێراخێرای هەواڵەکان و ئەو ڕووداوانەی کە یەکسەر جێی خۆیان چۆڵ دەکەن بۆ ڕووداوی دواتر و هەر دەڵێی بۆ ئەبەد لەپشت پێڵووە داخراوەکانی لەبیرچوونەوە و مەرگەوە ون دەبن، وەک بڵێی ڕووداوەکان و هەواڵەکان لە مەسیرەیەکی بێوچاندا بەرەو عەدەن تەکان دەدەن،

مێژوویش له ساتەوەختی گلۆربوونەوەو و بەرەو خورابوونەوەی بەردەوامدایە لەو شتەی کە والتەر بینیامین بە توانجەوە پێی دەوت: "زاکیرەی خوا". هەر لەبەر ئەوەیە کە بە بۆچوونی بادیۆ، ئەمڕۆ بیرکردنەوەیەکی هەربەڕاست شۆڕشگێرانە، بیرکردنەوەیەکی "هێواشە".

بەڵام گەر مێژوو لە سەدەی نۆزدەیەمەوە و بەشێوەیەکی بەرچاو خێرا بووبێتەوە، دەتوانین ڕەونەقگرتنی چەمکی مێژوو و مێژوونووسین لەم سەدەیەدا و هەروەها تامەزرۆیی ڕۆماننووسانی ئەم سەدەیە بۆ تۆمارکردنی وردەکارییە وردەکانی شوێن و جلوبەرگ، مەراسیم و بۆنەکان و شێوەزارەکانی وەک کۆمەڵێک کاردانەوە بەم "خێرابوونەوەی مێژوو"یەی درک کرد، بەڵام ئایا دەتوانن بە هەمان لۆژیک بیر لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردەی وێنەگری بکەینەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا. ئایا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان دیاردەی وێنەگری و خێرابوونەوەی مێژوودا هەیە؟

(٢)

با وای دابنێین وێنەگرێک چەند وێنەیەکی ئەو کەسە بگرێت کە خەریکی قسەکردنە لەگەڵتاندا و پاشان پیشانتان بدات. دەتوانن لەو وێنانەدا بە ئاسانی ژێست و جووڵە و دۆخەکانی ڕووخسار و دەستانی کەسەکە ببینن، کە لە کاتی قسەکردن لەگەڵیدا نەتانتوانیوە دەستنیشانی بکەن. هەر لەبەر ئەمەیە کە زۆرینەی تەماشای وێنەکانی میوانداریيەک کە تێیدا ئامادەبوون، کۆمەڵێک وردەکاریی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. نموونەی دواتری ئەم ئەزموونە، ئەو توانایانەیە کە کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن لە کاتی بینینی فیلمدا دروستی دەکات، واتە توانای وەستاندنی وێنە، یان گەڕاندنەوەی بۆ بینینی ئەو شتانەی کە لە تەماشاکردنی ئاسایی فیلمەکەدا لە دەست دەچن. دەتوانین درێژە بەم نموونانە بدەین: لە دیمەنێکی فیلمی "ئاگراندیسمان"ی ئەنتۆنیۆنیدا، وێنەگرێک بە-ئاگراندیسماند-کردنی پەڵەیەکی ناڕوون کە بە ڕێکەوت لە سووچێکی چوارچێوەی یەکێک لە وێنەکانیدا جێی گرتبوو، لە ڕوودانی تاوانێک ئاگادار دەبێتەوە. وەک چۆن کە دەزانین کەشفی کتوپڕی وێنەی بکوژەکان و ڕۆحەکان لە گۆشە و کەناری پەرت و بێبایەخی ئەو وێنانەی کە بەڕێکەوت گیراون، یەکێکە لە کلیلە کلێشەیە باوەکان لە فیلمی پۆلیسی و تۆقاندندا. لەو هەموو نموونە وا دەردەکەوێت کە وێنە بەشێک لەو واقیعە بەدەست دێنێتەوە کە لە توێی پەنجەکانی درکی ئاسایی ئێمەوە دەخزێت و لە دەست دەچێت. وەهم و خەیاڵی کامێرا وەکو گیرفانبڕێکی

زیرەک، پەنجەی زیرەک و پێکەوەنووساوی بەدزییەوە دەخزێنێتە قەڵەمڕەوی لەبیرچوونەوە و مەرگەوە، بۆ هەناوی تاریکییەکانی "زاکیرەی خوا" و ئەو شتگەلێک لە هەناوییەوە دێنە دەرێ و رزگاریان دەکات. هەڵبەت بەرهەمی ئەم حیزە دزییە هەمان ئەو جادووەیە کە تاریکخانە دەگۆڕێت بۆ ژووری رووناک.

کەواتە ئایا دەتوانین لەسەر ئەم بنەمایە قسە لە جۆرە "بەرهەڵستی"یەک بکەین لە وێنەگریدا؟ ئایا دەتوانین پەیوەندییەکی وەها بێناوەنجی و راستەوخۆ لەنێوان وێنەگریی و رزگاریدا بەرقەرار بکەین، پەیوەندییەک کە لەسەر بنەمای جۆرە دژیەکییەکی سادەی نێوان تۆمارکردن و بیرچوونەوە دروست دەبێت؟

وا دەردەکەوێت لە ئەزموونی وێنەگری و پەیوەندیی بە چرکەساتی خزی هەندێک رووکاری ئاڵۆزترەوە نوستووە. رووکارگەلێک کە پەیوەندیی وێنەگری بە رزگاری و بەرهەڵستیشەوە دەگۆڕێت.

(٣)

وێنە شتێک تۆمار دەکات کە لە ساتێکی دیاریکراودا لە بەرامبەر کامێرادا حزووری هەبووە، یان روویداوە. تایبەتمەندیی سەرەکی هەر وێنەیەک لەم خاڵەدا نووستووە. وێنە، شایەتی لەسەر ئەوەی لەوێ و لەو ساتە تایبەتەدا دەدات کە لە بەرامبەر کامێرادا ئامادە بووە، بەڵام ئەم تۆمارکردنەی واقیع، ئەم کۆپیکردنە و ئەم زۆر کردنەی واقیع دیوێکی تریشی هەیە:

وەرن بیر لەو ترس و تۆقاندنە بکەنەوە کە خەڵک لە یەکەمین هۆڵەکانی سینەمادا ئەزموونیان کرد. سەیرە کە ئەم نواندنەوەیە تاڕادەیەک راستگۆییەی واقیعی دیدەکی و بینراو، دەبووە هۆی ئەو ترسەی کە لە بنەڕەتەوە جیاوازبوو لەگەڵ ترسی بینینی وێنە خەیاڵییە تۆقێنەرەکان. رەنگە بتوانین نموونەی پێشووتری ئەم ترسە لە ئەزموونی رووبەڕووبوونەوەی وێنەگریدا بدۆزیتەوە. وتوویانە کە لە ئاوێنەکاندا شتێکی ترسناک و شەیتانی هەیە، چونکە جیهان دوو هێندە دەکاتەوە! بەمجۆرە "جادوو"ی سینەما رێک لە وێکهاتنەوە سەرسوڕهێنەرەکەیدا لەگەڵ "واقیع"دا، لە "دوو هێندە کردنی واقیع"دا، دەردەکەوێتەوە، بەم مانایە ئەزموونی جادووی سینەما هاوتای ئەزموونی رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ "دووانە"ی واقیعدا، ئەزموونێک کە دەبێتە هۆی غەریب بوونی واقیعی ئاشنا و نزیک. شوێنپێی وەها ئەزموونێک لە پانتایی وێنەگریشدا بەدی دەکرێت: لە ژیانی رۆژانە و ئاوێنەکاندا ناتوانین خۆمان لەو گۆشانەوە ببینین کە هەندێک لە وێنەکانمان پیشانمان دەدەن. لەبەر ئەمە، بۆ هەمووومان ئەزموونێکی ئاشنایە کە

به هەستێکی نامۆیی و حەپەسان و تەنانەت هەندێک جاریش بێزرانەوە سەیری خۆمان بکەین لە هەندێک وێنەدا. (ئا لەم توانای وێنەگری و سینەمایەدایە کە واقیعە باوەکە لە شێوەی -دووانە-یەکی نامۆدا نامۆ دەکات، بۆیە رەنگە ئەمڕۆ هەروا بتوانین جۆرە بەرهەڵستییەک بدۆزینەوە).

بەڵام بەر لە هەر شتێک دەبێت بۆ ئەو واقیعە بەڵگەنەویستە بگەڕێینەوە کە ئەمڕۆ جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم، ئەزموونی تەماشاکردنی وێنە و فیلم، ئەزموونێکی زۆر ئاسایی و سواوە. گەرچی وێنەگری هەمیشە دیاردەیەکی فراوانتر بووە لە پانتایی پڕۆفیشناڵ و پسپۆڕییانەی خۆی و لەنێوان چینە جیاوازەکانی خەڵکدا برەوی هەبووە، دەبێت بڵێین ئەمڕۆ ئەم گشتیبوونە، کۆمەڵێک دیوی بێ پێشینەی لەخۆ گرتووە. ئێمە کە هەمووومان بە لوتفی کەرامات و پەرجووەکانی سەرمایەداری، لە هەر چرکەیەکدا دەتوانین بە کامێراکان و مۆبایلەکان و گەمە گەورانەکانی خۆمان گرتە و فۆتۆ بگرین، هەر پێشوەخت کامێرابەدەست لە لێشاوێک وێنەی بزواو و نەبزواودا مەلە دەکەین.

(٤)

وەک دەزانین فۆتۆ شایەتی دەدات لەسەر ئەوەی لەوێ و لەو ساتە تایبەتەدا کە لە بەرامبەر کامێرادا ئامادەیی هەبووە. دەتوانین بڵێین ئەم تایبەتمەندییە، ماهییەتێکی دۆکیۆمێنتاریی بە وێنە دەبەخشێت، بەڵام لەسەر بنەمای ئەوەی سەبارەت بە تامەزرۆیی وێنەگری بۆ تۆمارکردنی ئەو شتانەی لە بیر دەچنەوە و لە دەست دەچن، باسمان کرد، دەبێت ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە ئەم ئاگاییە لە "حزوور- ئامادەیی" زۆرجار لەگەڵ ئاگایی لە گوزەرکردنی ئەم ئامادەییەدا، لەگەڵ ئاگایی لە غیابەکەیدا لە ئایندەدا هاوڕێیە: ئەوەی کە لە بەرامبەر کامێرادایە بەم زووانە چیتر نابێت. هەر لەبەر ئەمە، ئێمە وێنەی چرکەساتە گرنگەکانی ژیانمان دەگرین، هەر لەبەر ئەمەیشە کە وێنەگرەکان خەریکی راوکردنی چرکەساتەکانن، بەڵام ئەم ئاگاییە پێشینەیەی لەدەستدانی ئایندە، پەیوەندیی وێنەگر و ئۆبێکتەکەی هەر لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت. بە کورتی ماخۆلیایی دەکات.

تێگەیشتنی باو بۆ دژیەکیی ماتەم و ماخۆلیای فرۆیدی شتێکی لەم جۆرەیە: کەسێک کە ماتەم دەگێڕێت، بەم کارە غیاب و نەبوونی ئۆبێکتە لەدەستچووەکەی قبووڵ دەکات و لەگەڵیدا رادێت، بەڵام کەسی ماخۆلیایی ئامادە نییە رووبەڕووبێتەوە لەگەڵ ئەم غیاب و لەدەستدانەدا، بەمجۆرە هەروا دەنووسێتە ئۆبێکتی لەدەستچووەوە. بەم شێوەیە رەنگە بتوانین بڵێین خووگرتن

به نوقمبوون له سەیرکردنی ئەلبوومە کۆنەکان وەک کردەیەکی ماخۆلیایی بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێپەڕینی ژیان و قوتخوادنی یادەوەری و ئەزموونەکان لە ئەسیدی بیرچوونەوە و تیاچووندا لێک بدرێتەوە، بەڵام سلاڤۆی ژیژەک بە پشتبەستن بە ڕستەیەک لە وتارە بە ناوبانگەکەی فرۆیدا، پێچێکی ناسک دەدات بە چەمکی ماخۆلیا* ژیژەک وا لە فرۆید دەگێڕێتەوە کە ماخۆلیا بریتییە لە ماتەمێکی زووگەیشتوو. کەسی ماخۆلیایی ئەو کاتە ماتەم بۆ ئۆبێکت دەگێڕێت کە ئۆبێکت هێشتا لەدەست نەچووە. لەڕاستیدا ئەمە "سێبەری لەدەستدانی ئاینده"یە، کە پێشوەخت بەسەر شتەکەوە و بەسەر چرکەساتی ئێستاوە دەخزێتە خوارەوە، وەک چۆن ڕەنگە ئاگایی دوو کەسی عاشق لەوپەڕی جۆشوخرۆشی عاشقانەیاندا، لەو ڕاستییەی کە دواجار ئەم جۆشوخرۆشە یەک ڕۆژ و بۆ ئەبەد کۆتایی دێت، پەیوەندییەکەیان ماخۆلیایی بکات، هەر وەک ئەو مەیلەی بۆ وێنەگرتن کە بەهۆی ئاگایی لە "ئەوەی لەوێیە بە زووی چیتر بوونی نابێت". دەورووژێت، ژیژەک لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵ دەدات هەڵوێستە ماخۆلیاییەکانی دەرهەق بە بزووتنەوەی وۆلستریت ڕەخنە بکات، واتە ئەو هەڵوێستانەی کە -زۆرجار لە کاتی هاوخەمیدا- پێشوەخت ماتەم بۆ ئەم بزووتنەوەیە دەگێڕن، بەڵام ژیژەک پەنجە دەخاتە سەر شتێکی شاراوەتریش: کەسی ماخۆلیایی کە پێشوەخت و لەو کاتەی کە هێشتا ئۆبێکت ئامادەیە ماتەم دەگێڕێت بەو هۆیەوەیە کە ئیتر ئارەزووی بۆ ئۆبێکت دەرنابڕێت. ئەوەی کە کەسی ماخۆلیایی لەدەستی داوە، ئۆبێکتی ئارەزوو نییە، بەڵکو "هۆکاری ئۆبێکتی ئارەزوو"ە، واتە ئەوەی کە لە ئۆبێکتدا زیاد لە خودی ئۆبێکتە و ئارەزوومان بۆ ئۆبێکت دەورووژێنێت. ژیژەک پڕۆسەی کۆچکردن بە نموونە دەهێنێتەوە. بە بۆچوونی ئەو، ئەوەی کە ئازاری کۆچبەر دەدات ڕاستەوخۆ دووری نییە لە نیشتمان و بیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکانی نییە، بەڵکو ئەو ئاگاییەیە کە بەپێی تێپەڕینی زەمەنێکی نەک زۆر درێژ نیشتمان لەبیر دەکات و تێهەڵکێشی کۆمەڵگە تازەکە دەبێت. بەم شێوەیە ئەوەی کە کەسی ماخۆلیای سەرپێچی لێ دەکات، ڕووبەڕووبوونەوە نییە لەگەڵ غیاب و لەدەستدانی ئۆبێکتدا، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ لەدەستدانی ئارەزووی خۆتدا.

(٥)

... بەم شێوەیە کە هەمیشە ئێمە لەجیاتی ئەزموونکردنی ئەو چرکانەی کە دەزانین نائومێدانە لەدەست دەچن، ئەو چرکانە لە وێنەکاندا تۆمار دەکەین،

بەم شێوەیەیە کە چەندین و چەندین جار لە شەقامەکاندا ئێستێک دەکەین، وەسیلەی گەمە و یارییەکانمان دەگرین بە دەستمانەوە و وێنەی پێکدادانی ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکان و شەڕ و دەمەقاڵەکان و کەسانی بەناوبانگ و ژەنیارانی سەرشەقام و تەنانەت وێنەی خەمهێنەری گیاندەرچوونی مرۆڤێک دەگرین، بەم شێوەیەیە کە لە سەفەرەکانماندا، لە جەژنەکانماندا، لە پرسە و ماتەمەکانماندا، لە خۆشەویستترین و بەڕێزترین چرکەکانی ژیانماندا هەمیشە و بەردەوام وێنە دەگرین و وێنە دەگرین و...

بەم شێوەیەیە کە ئیتر بەرامبەر بە جیهان ئارەزوو دەرنابڕین، بەم شێوەیەیە کە نائومێدانە لە پرسە و ماتەم بۆ جیهانێک دەگێڕین کە هێشتا لەدەست نەچووە.

*- Transcript: Slavoj Zizek - October 26, 2011 at St. Mark`s Bookshop

**سەرچاوە:**

http://www.thesis11.com/Article.aspx?Id=92

# دادپەروەریی نیویۆرکی

## چاوخشاندنێک بە فیلمی دۆکیۆمێنتی
## "سەنترالْ پارک فایڤ" بەرهەمی کێن بۆرنز




**و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

فیلمی دۆکیۆمێنتی "سەنترالْ پارک فایڤ" (پێنج کەسی سەنترالْ پارک) بەرهەمی کێن بۆرنز، دەیڤید مەک ماهون و سێرا بۆرنز، دۆکیۆمێنتێکی دراماتیک و لە قاودەرانەیە، کە دەپرژێتە سەر دۆسییەیەکی پۆلیسیی پڕ کێشە و هەرا لە ئەمریکا.

لە شەوی ١٩ی ئەپریلی ١٩٨٩ ژنێکی تەنیا کە لە سەنترالْ پارکی نیۆیۆرک سەرگەرمی هەڵاتن بوو، لە لایەن پیاوێکی نەناسراوەوە هێرش و دەستدرێژی دەکرێتە سەر و لە دوای ئەو ڕووداوە، پۆلیسی نیویۆرک پێنج گەنجی ڕەش پێست بە تۆمەتی ئەو دەستدرێژییە دەستگیر و ناچار بە دانپێدانان دەکات، لە کاتێکدا کە ئەو کەسانە بێتاوان بوون و تەنانەت دی ئێن ئەی ئەوان لە دی ئێن

ئەی تاوانباری راستەقینە نەدەچوو و لەگەڵی نەدەهاتەوە. ئەو پێنج گەنجە لە ژێر زەخت و گوشاری لێپرسینەوەکانی پۆلیس و بۆ رزگاریی خۆیان لە ژێر فشاری ئەو قسەیەی پۆلیس کە ئەگەر راستی بڵێن لە بەرژەوەندی خۆیان دایە، دانیان بەو تاوانەدا نا کە نەیانکردبوو، هەر کامەیان بە ٥ تا ١٠ ساڵ زیندان سزا دران.

تریشا میلی، قوربانیی ئەو دەستدرێژییەش دوای ئەو رووداوە، زاکیرەی لە دەستدا و هەربۆیە نەیتوانی یارمەتی پۆلیس بدات لە دۆزینەوەی شوناسی راستەقینەی ئەو کەسەی دەستدرێژی کردبووە سەری.

دوای تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ، پیاوێکی نیۆیۆرکی خۆی وەک تاوانباری راستەقینەی ئەو تاوانە بە پۆلیس ناساند و "دی ئێن ئەی"ەکەشی تاوانەکەی سەلماند.

پۆلیسی ئەمریکا دوای سەلمانی بێتاوانیی تۆمەتباران، نەک تەنیا هەڵەکەی قەبوڵ نەکرد، بەڵکو زۆر بە جیدی و راشکاوانە بەرگری کرد لەو کارەی و کۆمەڵگەی ئەمریکاش لە بەرامبەر ئەو نادادپەروەرە ئاشکرایە بێ دەنگ بوو. هیچ کەس هەڵەی خۆی قەبوڵ نەکرد و حەقیقەت و راستی قەبوڵ نەکرد، نە پۆلیس، نە کۆمەڵگەی نیویۆرک و نە میدیاکان. ئەوەش جۆرێک پشتیوانیی رێکخراوبوو لە دەزگای پۆلیس کە چاوپۆشی دەکرد لە هەڵەکانی پۆلیس، یان پاساوی بۆ دەهێنایەوە.

ساڵی ٢٠٠٣، ئەو تۆمەتبارانە بەهۆی بەدواداچوونی نایاسایی، هەڵاواردنی رەگەزی و ئەزییەت و ئازاری رۆحی و دەروونی سکاڵایان لە دژی دەزگای قەزایی و پۆلیسی نیویۆرک تۆمار کرد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

کێن بۆرنز و هاوکارەکانی دەیڤید مەکماهون و سێرا یۆرنز لەو دۆکیۆمێنتەیاندا، دەپرژێنە سەر تاوتوێکردنی ئەو بابەتە پۆلیسییە و ریسوایی گەورەی پۆلیسی نیویۆرک لە پەراوێزی ململانێ رەگەزی و چینایەتییەکانی نیۆیۆرک لە ساڵانی دەیەی ١٩٨٠ و نیشان دەدەن، کە چۆن کۆمەڵگەی ئەمریکا لەو ساڵەدا، تۆڵەی سەندەوە لە تاوانبارانی زەینی و خەیاڵی، واتە گەنجانی رەش پێستی هەژار و بێتاوان و سزایدان، چونکە هەر لەو ساڵەدا، ٣٢٥٤ حاڵەتی دەستدرێژی لە نیویۆرک روویدابوو و پۆلیس و میدیاکانی ئەمریکا، زۆرتر رەش پێستەکانیان بە تۆمەتباری ئەو تاوانانە دەزانی. لە ئەنجامدا، هەموو کۆبوونەوەکانی لێپرسینەوە و دانپێدانانی پێنج تۆمەتباری ئەو دۆسییەیە، ئامادەکردنی بەڵگە لە دژی ئەوان و دادگاییەکانیان، هەموو درووستکراو و ساختەبوون و بە پێی ئەم خواستە گشتییە، کۆمەڵگەی نیویۆرک رێکخرا و قوربانی لێکەوتەوە.

ساڵی ٢٠٠٣ تریشا میلی، ژنێک کە لە سەنترالٚ پارک دەستدرێژی کرایە سەری، بە چاپکردنی کتێبی بیرەوەرییەکانی بە ناوی من "ئەو کەسەم لە سەنترالٚ پارک هەڵدەهاتم"، شوناسی خۆی بۆ خەڵک ئاشکرا کرد، لە کاتێکدا کە بڵاوکراوەکان و میدیاکانی ئەمریکا لە هەوڵێکی ریاکارانە و هاوئاهەنگدا، بۆ ماوەی ١٤ ساڵ خۆیان لە ئاشکراکردنی شوناسی ئەو ژنە بوارد، بەڵام شوناسی تۆمەتبارانی بێتاوان ئاشکرا کرا و شکۆ و هەوڵەکانی پۆلیس و میدیا چووە ژێر پرسیارەوە.

کێن بۆرنز بەهۆی شێوازی دۆکیۆمێنتی مێژوویی خۆی و کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانەی لە وێنە و رەسمە ئەرشیفکراوەکان ناوبانگی هەیە. زنجیرەی تەلەفزیۆنی دۆکیۆمێنتی "جاز"ی ئەو کە لە سەر مێژووی جاز لە ١٩١٧ـــەوە تا ئەمرۆ درووستیکرد، لە بیر نەکراوە. هەروەها دۆکیۆمێنتێکی دیکەی سەبارەت بە شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمریکا و زنجیرەی دۆکیۆمێنتی تەلەفزیۆنیی خۆی سەبارەت بە شەڕی جیهانی دووەم هەیە.

ئەو لە فیلمی "سەنترالٚ پارک فایڤ"، تۆمەتباران و بنەماڵەکانیان لە بەر کامێرا نیشان دەدات، تا بە چاوانێکی فرمێسکاوییەوە قسە لەسەر ئەو زوڵم و ستەمە بکەن کە لێیان کراوە. ئەو گەنجانەی کە بە وتەی خۆیان، باشترین ساڵانی گەنجێتیان لە زینداندا بە فیڕۆ رۆیشت: "هیچ پارەیەک ناتوانێ کاتی رۆیشتوومان بۆ بگەڕێنێتەوە. ژیانمان لێ دەستێندرا".

وتەی مایکڵ جۆزێف، پارێزەری یەکێک لە تۆمەتبارانەش دڵتەزێنە: "من شەرم لە نیویۆرکیبوونی خۆم دەکەم. ئێمە کۆمەڵێک وشە و دێڕمان داهێنا بۆ تاوانێکی خەیاڵی. ئێمە پێنج گەنجی بێتاوانمان بە هۆی تاوانێک کە نەیانکرد، تەنیا بەهۆی رەنگی پێستییانەوە، زیندانی کرد و چەند ساڵ لە زینداندا رامانگرتن".

درووستکەرانی ئەو فیلمە، بە کەڵکوەرگرتن لە فیلمە هەواڵییەکان و ئەو ئەرشیفانەی لە بەردەستدا بوون، دیمەنەکانی دادگا، وتووێژ لەگەڵ مەئمورانی پۆلیس و وتووێژی ڤیدیۆیی ٤ کەس لە تۆمەتباران و دەنگی تۆمارکراوی یەکێک لەوان، کە ئامادە نەبوو لەبەر کامێرا دەربکەوێت، ناوەرۆکی ئەو دۆسییە ئاڵۆزە پۆلیسییە بۆ بینەران ئاشکرا دەکات و لە قاوی دەدات. دیتنی وێنەی ئەرشیفکراوەکان لە تۆمەتباران کە سەردەمی مێردمنداڵییان نیشان دەدات و بەراوردکردنیان لەگەڵ وێنەکانی ئێستایان کە دوای ٢٣ ساڵ گیراوە، زۆر دڵتەزێنە.

تایبەتمەندی ئەم دۆکیۆمێنتە دڵتەزێنە ئەوەیە، کە تەنیا پشتی نەبەستووە بە وتووێژ یان نیشاندانی بەڵگەکانی پۆلیس و لێپرسینەوە و دادگا، بەڵکو بە

کەڵک وەرگرتن لە دیمەنی درووستکراوەوە لە شەوی رووداني ئەو رووداوە لە سەنترالْ پارکی نیویۆرک، بینەر دەخاتە جێی تاکی قوربانی و تۆمەتبارانی ئەو دۆسییەیە و بە وردەکاریی ورد و درووستەوە نیشان دەدات، کە تاوان چۆن روویداوە و دۆسییەی تۆمەتباران چ رێگە و رێچکەیەکی تێپەڕ کردووە.

"سەنترالْ پارک فایڤ"، بەڵگەیەکی بەهێزە لە دژی نادادپەروەری سیستمێک و کەڵکوەرگرتنی خراپی پۆلیس لە دەسەڵات و شایەتیدان لە بەرژەوەندی ئەو کەسانەی کە بوونەتە قوربانی دەمارگرژیی رەگەزی و نادادپەروەری.

رەنگە ئەگەر ئەو فیلمە ٢٣ ساڵ لەمەوپێش درووست کرابایە، بیتوانیبایە ببێتە هۆی سەلماندنی بێتاوانیی ئەو تۆمەتبارانە و رزگاربوونیان لە پشتی شیشەکانی زیندان.



**سەرچاوە:**

www.radiozamaneh.com/culture/silver-screen/201323545/12/01/

دەتوانیت گۆڤاری

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە